ڕۆمان

# ئاشوبی سین
# و
# کۆڕی شین

عومەر سەید

ناوی کتێب: ئاشوبی سین و کوڕی شین
ناوی نووسەر: عومەر سەید
بابەت: ڕۆمان
دیزاینی بەرگ : هەڵگورد ئەحمەد
دیزاینی ناوەوە: محەمەد عەلی قەرەداغی
هەڵەچن:سەلام مستەفا
نۆبەتی چاپ: یەکەم ۲۰۲۰
چاپ : چاپخانەی نەجات
تیراژ: (٥٠٠ ) دانە
نرخ: ( ٥٠٠٠ ) دینار
ژمارەی سپاردنی: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە ( **١٧٨٢**)ی ساڵی (۲۰۲۰)ی پێ دراوە.

دۆخــی جەنــگ، تەنهــا پاســاوێکە بــۆ بەردوامــی ستەمکاریی ناوخۆ

ئەلیکساندەر سۆڵژنستین

## س سەرباز و قادسییە

دوو ڕۆژ بەرلەوەی ڕێکـوڕەوان تەمەنـم ببێـت بە هەژدە ساڵ، باوکم لە شەڕگەوە خۆی گەیاندە ماڵەوە، ئیدی نـازانم چۆن لە سـەروەختی هێرشـی دوژمنـدا، لەکـاتی تەنگـانەدا مـۆڵەتی وەرگرتبـوو، یـان مۆڵەتیـان پێدابوو. بەسمێڵێکی قیتەوە، وا منی داوەتە پێش خۆی، بـۆ بەڕێـوەبەرایەتی تەجنیـدی سـەربازیی و بەوپەڕی شانازییەوە بە ئەفسەرەکە دەڵێت:

"ئەم قارەمـانە کـوڕی مـنە، لە شـەڕگەی پێشـەوە مـۆڵەتم وەرگرتـووە، تـا بە چـاوی خـۆم سـاتی بە

پیاوبوونی توخمی خۆم ببینم. کوڕێکی تریشم هەر ئێستا لە بەرەی پێشەوەی جەنگەکەدایە، بژیی نیشتمان، بژیی سەرۆکی فەرماندە."

لە تەجنیدی سەربازیی، بووم بە خاوەنی دەفتەری خزمەتی سەربازیی، دەفتەرێکی رەنگ قەوزەیی، وێنەی داڵێکی تووڕەی کۆماریی بە سەرەوەیە، لە بیست پەڕەیەک پێکهاتووە. ئێستا کە ئەم دەفتەرەم وەرگرتووە، رێک هەژدە ساڵم و خوێندکاری پۆلی شەشی ئامادەییم.

بۆ شەوەکەی، باوکم برادەر و خزمەکانی خۆی بانگهێشتی خوانێکی رازاوە کرد. شەو ئاهەنگێکی رێکخست، تا نیوەشەو لەبەردەم میوانەکانیدا، منی وەک جەنگاوەری قارەمانی دوارۆژ ناساند، بەردەوام بە دەنگێکی دلێرانەوە هاواری دەکرد:

"ئەمڕۆ ئێمە لە هەموو کات زیاتر پێویستمان بە سەربازە، سەردەمێکی نوێ و زێڕین بەڕێوەیە، سەرەتای قادسییەیەکی نوێیە. رۆژگاری هەڵهاتنی خۆری شانازی و سەرکەوتنە، لە سایە و سێبەری سەرکردەیەکی مەزن و گەلێکی گیان فیدای قارەماندا. ئەمڕۆ لەسەر شەرەفی لەدایکبوون و بە پیاوبوونی کوڕەکەم، گرتنەبەری رێی پاڵەوانانی سوپا و جەنگاوەرانی ئایندە، ئاهەنگ دەگێڕین."

خەڵکیی بەدەست منداڵی خراپەوە گیرۆدەن، منی نەگبەت بەدەست باوکمەوە، باوکێکی کەللەپووتی بەعسی هەمیشە توندوتیژ. تاقە زمانێک کە دەیزانی زمانی جەنگ و پیاهەڵدانی حیزب و سەرۆک بوو. لەوەتەی خۆم ناسیوە، نەیهێشتووە تاوێک بحەوێمەوە. هەمیشە وەک بوکەڵەیەک هەڵیپەڕاندووم. لای ئەو، جگە لە کەرەستەیەکی جەنگ بەولاوە هیچیتر نیم، تا لە قۆناغی سەرەتایی بووم، دەیووت:

"دەبێ ببیتە نمونەی تەلائیعێکی ڕێکپۆش و بەویقار، دەبێ وا لە مامۆستاکانت بکەیت، رۆژانی پێنج شەممان، ئالای نیشتیمان هەر بە تۆ هەڵکەن. دەبێ هەمیشە پێشەنگبیت، لە وتنەوەی سروودەکانی حیزب و نیشتیمان. لە ئێستاوە خۆت وەک سەرباز وەک قارەمانێکی دوارۆژ ببینە."

ئەو، چەندین جار پێی وتووم:

" لە خێڵەکەی دایکت تەنها و تەنها ئەو پەندەیانم بە دڵە کە دەڵێت، بەرخی نێر بۆ سەربڕین باشە."

بە دوایشیدا دەڵێت:" ئەوەشم بە دڵە کە دەڵێن. شەڕ لە بەتاڵی باشترە."

من بۆ ئەو، جگە لە سەربازێکی ئایندە، کە ئەو خەونێتی تا دوا پلە، تا سوپا سالار بڕۆم. وەک منداڵ، وەک جەرگی خۆی لێم ناڕوانێ. تازە فاممکردبووەوە، فێری ڕێوڕەسمی ڕۆیشتنی سەربازیی کردم. وەک ئەرکی

پیرۆز و یاسای بنەڕەتی ژیان، فێری کردم و ناچاری کـــــردم، وەک جەنگاوەرێـــــک وەک ســـــەربازێک هەڵسوکەوت بکەم.

هەر لە منداڵییەوە دایبڕیم لە سۆز و خۆشەویستی دایکــم و مرۆڤگەلــی تــری چــواردەورم، وەک قــوڕە ســـناعەیەک، بە ئـــارەزووی خـــۆی و ویســـتە ئیبلیسـییەکەی، شـتی نـامۆ و شـێوە و شـکڵی سـەیری دوور لە رۆحــی منـداڵانەی تیـا دروسـتکردم. هەر لە منــداڵییەوە کە هێشــتا بــۆنی شــیری خــاو لە دەمــم دەهـات، جـاری تێر نەبووبووم، لە بـاوەش و سـۆزی دایکم، ئێسکم نەرم و ناسک و گۆشتم خاو و خلیچک بـوو. هێشـتا بە باشــی زمـانم نەپژابـوو، بە مەکـتەبم دەگووت مەکەت، ئەو پشتە ملی گرتم و وتی:

"رێک راوەستە، سەرت بۆ پێشـەوە و سنگت بەرز راگرە. قاچەکانت جووت بکە، بە دەنگی بەرز و دلێر سـروودی نیشـتیمان بڵێـرەوە. بەرزتـر هـاوار بـکە، دەنگت با لە دەنگی نەڕە شێر بچێت، نەک پشیلە."

باوکم، پیاوی گوێ لە مشتی حیزبە، پیاوی دەوڵەت و سـەرۆکی دەوڵەتە، جەنگـاوەری سـمێڵ فشـی نێـو جەنگە، جەنگیش هەرگیز کۆتایی نایەت.

رۆحی جەنگـاوەرانەی ئەو، دنیـای منی کـردووەتە دۆزەخ.

لای باوکم، له دایکبوون، ئەو ڕۆژەیە کە دەفتەری خزمەتی سەربازیی وەردەگریت، نەک ئەو ڕۆژەی لە سکی دایکتەوە دێیتە دەرەوە. بۆیە ئەو شەوە، بە نەشئە و دەنگی بەرز، وەک هەور دەیگرماند:

"مرۆڤ هەتا هەژدە ساڵیی، لەناو منداڵدانی نیشتیماندا دەژێت، لە خوێن و ڕۆح و بەروبومی خاکەکەی دەخوات، بە ئاو و خوێنی شادەمارەکانی گۆش و پەروەردە دەبێت. لە سایەی حیکمەتەکانی و بەها پرشنگدارەکانیدا باڵا دەکات. ئەو نۆ مانگە و نۆ ڕۆژەی کۆرپەلە، لە سکی دایکدایە هیچ نییە، شتێک نییە شایەن بە قسە بێت. ئەوەی لە سکی دایکەوە دێتە دەرەوە، مشکە کوێرەیەکە و هیچی تر، تۆپەڵێ گۆشتی خاوە، بێ زمان و بێ شانازییە، گەر نیشتیمان گەورەی نەکات. ڕۆحی جەنگاوەرانە و هێز و توانای پێ نەبەخشێ، هەر زوو لار دەبێتەوە و دەمرێت. لە دایکبوون ڕۆژی ئامادەبوونە بۆ چەک هەڵگرتن، بۆ چوونە بەرەکانی شەڕ و گیانفیدایی لە پێناو دایکە مەزنەکەدا، کە نیشتیمانە، ڕۆڵی دایک کەم و بێ ئەرزشە، ئەو هەمان ڕۆڵی کارگەیەک دەبینێت بۆ دروستکردن. خۆشەویستی، شەرەف و ناموسە پیرۆزەکە، خاکە، خاک. ئیدی کوڕی من، ئێستا یەکێکە لە پاڵەوانەکانی ئەم نیشتیمانە، ئەم گەلە قارەمانە، کە لە مێژەوە خوداوەند، بۆ سەرکەوتن و

بەرەنگـاربوونەوەی دوژمنـانی خـۆی ئـازایەتی بـێ وێـنەی پێبەخشـیوە، سـەرۆکی فەرمانـدەی بلیمەتـی پێبەخشیوە."

لە کاتێکـدا بـاوکم، وەک نەڕەشـێرێک، لە بەردەم میـوانە ورگ زل و گەمژەکانیـدا، بە جـووتێ سـمێڵی فشەوە، دەینەڕاند و چەنەبازی دەکرد. خێرا خێرایش فەرمـانی بەسـەر دایکە داماوەکەمـدا دەکـرد و داوای خزمەتکردنی زیاتری لێدەکرد.

مـن کە بە حیسـاب و کیتـاب، ڕۆژی دوو جـار لە دایـک بـوونمە، کـڕ و بێـدەنگ لە سـووچێکدا وەک تـووتکە سـەگێک هەڵکورمـابووم، چـاوەڕێ بـووم میوانەکـان ملیـان بشـکێنن و بـڕۆن. مـن و دایـکە داماوەکەشم، تاوێک بحەوێینەوە، هەر یەکەمان بڕۆین بە لای کـاری خۆمـانەوە، مـن بـۆ لای کتێبەکـان و سـەعیکردن، دایکیشـم بـۆ نـاو قـاوغە بێـدەنگ و تەنهاکەی خۆی.

هەنـدێ جـار، لە دڵـی خۆمـدا دەڵـێم. بەوەی باشـە هەمیشە شـەڕگەکان هەن، بۆ پیاوە دڵڕەقەکانی وەک بـاوکم، ئەگەر نـا ئـێمە، مـن و دایکـم، دەمێک بـوو لە بەردەم جەبەرووت و دڵڕەقییەکەیـدا، توابـووینەوە و ئەسەرێکمان نەمابوو.

ژیان بۆ ئێمە، تەنها ئەو رۆژانەیە کە ئەو لە ماڵ نییە، ئەو رۆژانەی لە شەڕگەکاندایە، کە زۆرترینی رۆژەکان بوو.

ئاشنا بوون و بەرکەوتنم بە ژیان و دنیا، هەر ئەو کاتانە بوو کە دوور لە چاوی تیژ و پڕ تەلیسمی سام و قینی ئەو بوو. ئەو رۆژانەی لەگەڵ دایک و برا و خوشکەکەمدا، دەچووینە لادێیەکەی باوانی دایکم، لەگەڵ خاڵ و خزم و هاوزمانەکانمدا، ئاوێتە دەبووین. یاخود ئەو کاتانە بوو کە بە تەنها و دوور لە چاودێری و چاو سوورکردنەوەی ئەو، دەچوومە قوتابخانە.

دنیا و ژیانی ئێمە ئاوێتەیەک بوو لە تاڵ و شیرین، لە دیسپلین و عەسکەرتارییەت و خەیاڵ و فەنتازیا، دنیای سەربازیی باوکم و دنیای سادە و خۆشەویستی دایکم. ئەو شەوانەی باوکم لە ماڵ دەبوو، بە زۆر ئێمە و دایکمی، راپێچی بەردەم تەلەفزیۆنەکە دەکرد. بە زۆر، ناچار بە بینینی(صور من المعركة)ی دەکردین. وێنەی کوشتارگەی پاش جەنگ، وێنەی هەلاهەلا بوونی جەستەی مرۆڤ، ئاوێتەبوونی گۆشت و خوێن، پارچەی ماشێن و چەکی سەربازیی. دیمەنگەلێک من و دایکمی، تا دوا سنوور ئازاردەدا. دایکم دەگریا، منیش رشانەوەم دەهات، بە دزیی باوکە دڵ رەقەکەمەوە لەسەر یەک

هێڵـنجم دەدا. دەمبینـی دایکـم، خـوڕ خـوڕ فرمێسـک دادەبارێنێ، لە ژێر کراسەکەیەوە ترس ترپە ترپی دڵی بەرزتـــر دەکـــردەوە. بە بینینـــی تەرمـــی ســـەربازە کوژراوەکان، لەژێر لێوەوە دەیوت:

"ئەی دایکتـــان بمـــرێ رۆڵە، کـــوێراییم دابێـــت بـــۆ گەنجی و جوانیتان، وەی لە ئازاری جەرگ سووتان، وەی دەبـێ ئێسـتە کـوڕەکەم حـاڵی چـی بـێ. خـودایە ئاوێ بکەی بەم ئاگرەدا، خودایە جەرگم نەسووتێنی، خالیـدەکەم مەحفـووز بکەیـت. کـوڕەکەم دەسـپێرمە رەحمەت و گەورەیی تۆ خودایە، کوڕی من و کوڕی هەموو مووسڵمانان، مەحفووز بکە خودایە..."

باوکە دڵ رەقەکەشم، هەمیشە گاڵتەی بە نزاکانی دایکم دەکرد و بە نەبرەیەکی گاڵتەجاڕییەوە دەیوت:

" گەمژە، ئەو کەلاکانە هـی دوژمنە، پیاوی عێراقـی شەهیدیش بێت، تەرمـی ناکەوێتە ژێر چنگی دوژمن، ئەوانەی تۆ دەیبینی. کەلاکی ئەو ئاگر پەرستانەیە، کە بە درێژایی مێژوو چاویان بڕیوەتە وڵاتەکەمان. خۆ ئەوانە شایەنی بەزەیی نین، ئەم لووشکە لووشک و گریـــانەی نـــاوێ. گەمـــژە، تـــۆ دەبـــێ بە بینینـــی ئەم کەلاکـــانە خۆشـــحاڵبیت، شـــانازی بە کـــوڕەکەت و سوپای سەرۆکەوە بکەیت."

پاشان رووی دەکردە منی رەنگ پەڕیو و پێی دەوتم:

"خەمت نەبیّ، ئەم شانازییە پیرۆزە، بەر تۆش دەکەویّت. جەنگی گەڕانەوەی شکۆ و سەروەری هێشتا لە سەرەتادایە، تا دامەزراندنەوەی نیشتیمانی گەورەی عەرەبی، ئەم جەنگە درێژەی دەبێت."

بیرمە پارساڵ ئەم وەختانە، هەمووی حەوت رۆژ بوو، کاکە خالیدم لە زیندان هاتبووە دەرەوە. دەبوایە لە ماوەی هەفتەیەکیشدا، پەیوەندی بە سوپاوە بکات. لە بەردەم دیمەنی کوشتارگەی نێو تەلەفزیۆنەکەدا، بە باوکمی وت:

" باوکە، ئەمە جەنگ نییە، ئەمە کۆمەڵ کوژییە! کەس لەو جەنگە بە زیندوویی نایەتە دەرەوە. باوکە، لێمگەڕێ با نەچم بۆ سەربازیی، بهێڵە با خۆم قوتار بکەم. لە گوندەکەی دایکمدا خۆم حەشار بدەم، من نامەویّ بەشداری ئەم جەنگە بم."

باوکم کە هەرگیز چاوەڕێی ئاوا هەڵوێستێکی نەئەکرد، رەنگی پەڕی و چاوەکانی وەک گا زەق دەرپەڕین. راپەڕی و بە پێڵەقە نیشتە سەر کاکم و وەک درندەیەک، نێچیری بەردەست کەوتبیّ. هەتا توانی مشت و پێڵەقەی پێدادەکێشا. بە من و دایکمەوە، نەمان دەتوانی لە کاکمی بکەینەوە، کە لەژێر چەپۆکیدا خۆی گرمۆڵە کردبوو و دەنوزایەوە.

دایکم پڕ بە ماڵەکە دەیزریکاند، قژیی خۆی دەڕنی، ئەسرا دوور وەستابو، لە ترسا بە دەنگی بەرز

دەگریا. هێندەم پاڵ بە باوکمەوە نابوو تا لە کاکمی دوور بخەمەوە، هەناسەبڕکێم پێ کەوتبوو. باوکم، بە لەرەی خنکاوەوە، بە هەناسەی سوارەوە، لەسەر یەک دەینەڕان:

" ئەم شەو لە ژێر چنگم دەرناچی هەی جەبان، لە مردن دەترسی هەی خوێڕی! دەتەوێ پلە و پایە و شانازی من تێکشکێنی. هەی هیچ و پووچ، دەتەوێ بمکەیتە گاڵتەجاڕی دۆست و دوژمن. سبەی یا بەم دەمانچەیەی خۆم لە خوێنی خۆتدا دەتگەوزێنم، یا ملت دەشکێنی و دەڕۆی بۆ سەربازییەکەت."

ئەو شەوە نە من و کاکم، نە دایکم و ئەسرا، تا بەرەبەیان کەسمان خەو نەچووە چاومان، تا خۆرهەڵاتن، بەدیار یەکەوە دەگریاین و دەردە دڵمان هەڵدەڕشت.

چێشتەنگاو، کاکم بە نابەدڵی و دەموچاوی هەڵئاوساوەوە، دڵ شکست و ناچار ڕێی تەجنیدی گرتەبەر و خۆی ناونووس کرد. سێ ڕۆژ دواتر، ماڵی جێهێشت، بەرەو سەربازیی ڕۆیشت.

ترسی دایکم، ترسێکی ڕاستەقینە بوو، ترس بوو لە گیانی کوڕەکەی، کە نزیک بە ساڵێک بوو سەرباز بوو. لە پێشەوەی بەرەکانی جەنگەوە نامەی بۆ دەناردینەوە. بۆیە هەمیشە و ڕێک بە پێچەوانەی باوکمەوە، کە بوونی کوڕێکی لە بەرەکانی جەنگ، پڕ

نەشـــئە و دڵخۆشـــی دەکـــرد و لە هەمـــوو کـــۆڕ و کۆبوونەوەیەکـدا، شـانازی پێـوە دەکـرد. بـۆ دایکـم، هەمیشە مایەی گریان و ترس و نیگەرانی بوو.

وڵات بە تەواوەتـــی کەوتبـــووە نێـــو جەنگێکـــی درێژخـایەنی فـراوانەوە، بە درێژایـی سـنوور، شـەو و رۆژ زرمەی تۆپبـاران بـوو. رۆژ نەبـوو بە سـەدان و بگـرە بە هەزاران، تـابووتی تەرمـی بە ئـاڵا داپۆشـراو بەرەو شـــــار و گونـــــدەکان نەگەڕێـــــتەوە. بە پێچەوانەشـەوە بە سـەدان و هەزاران لاویـش، رووەو سنورەکانی مەرگ، بەڕێنەخرین.

هەر کە بێژەری تەلەفزیۆنەکە دەیقیڕان:

" یا حوم آتبع لو جرینا"

تـرس هێنـدەی تـر دایکمـی گۆشـەگیر دەکـرد و لە پەلووپۆی دەخست. دایکان و ژنانی رەشپۆش، تۆقیو و ترساو، ببوونە هێما و سومبلی نیشتیمان. هەر کە راگەیاندنی حیزبی سـەرۆک، بانگهێشتی ئەو داڵە لاک خۆرانەیان دەکرد، تـا دوایـان بکەون. وڵات پڕ دەبوو لە لافیـــتەی رەش، لە خـــێمەی درێـــژی تەعزێـــی کۆڵانەکـان. هەر کە باڵەکانیـان دەجـووڵان، سـەدان لاوی نیشـــتیمان، وەک گەڵای داری بەر رەشـــەبا هەڵدەوەرین.

سـەرلەبەیانی، یەکەم رۆژی پاش شـەو ئـاهەنگی لە دایکبـوونم و گەیشـتنم بە هەژدە سـاڵیی و بـوون بە

پیاو. یان وەک باوکم دەڵێت، لە نیشتیمان بوون. لە قوتابخانە، دەفتەری خزمەتی سەربازییەکەم پیشانی هاوڕێکانمدا، هەندێکیان وتیان:

"جا ئەوە چییە! ئێمە دەمێکە هەمانە."

هەندێکیشیان، ئەم دەست و ئەو دەستیان پێدەکرد، بە سەرسوڕمانەوە لێی ورد دەبوونەوە.

تا یەکێکیان وتی:"خەڵکیی لە وڵاتانی تر لە بری ئەمە، دەبنە خاوەنی پاسپۆرت و گەشتی هەموو دنیای پێدەکەن. بەڵام لای ئێمە ئەم دەفتەری خزمەتە سەربازییەمان دەدەنێ، کە تەنها گەشتی بەرەو مەرگ و دۆزەخی پێدەکرێت."

خوێندکارێکی تری هاوڕێشم وتی:

"گوێ مەدەرێ، وا بۆ چوار ساڵ دەچێت جەنگ هەڵگیرساوە و زۆری نەماوە کۆتایی بێت. ڕەنگە تا ئێمە خوێندن تەواو دەکەین، جەنگەکەش کۆتایی پێهاتبێت."

لە وانەی چوارەمیشدا، کاتێ مامۆستا حیزبییە مڕومۆچەکە، ئەوەی وانەی ڕۆشنبیری حیزبی پێدەوتینەوە. خۆی کرد بە پۆلدا، چاودێری پۆل هاواری کرد:"قیام"

پۆلەکە، هەموو هەستاین و پێکەوە بە کۆرس هاوارمان کرد:"قادسية صدام حسين"

"جلوس"

دیسانەوە هاوارمان کرد:"انتصرنا علی فرس المجوس"

خوێندکارێکی چوختی هاوڕێم، هەر زوو هەستا و وتی:"مامۆستا، پیرۆزبایی لە دووڕەگ ناکەیت؟"(هەڵبەت ئەمە نازناوی من بوو لای خوێندکارەکان).

مامۆستاش، رووی تێکردم وتی: "چی بووە؟"

منیش بێدەنگ هەستام و دەفتەری خزمەتی سەربازییەکەم بۆ برد.

لە کاتێکدا، لێی دەڕوانی و ئەمدیو و ئەودیوی پێدەکرد. بە دەستی کێشای بەسەر شانمدا و بە دەنگی بەرز  وتی: " هەر بژیت، پیرۆزە."

پاشان کەوتە زۆر بڵێیی:

"رێگای رزگاربوونمان لەم دەفتەرە بچووکەوە دەستپێدەکات، نەک لە کتێبە قەبەکانی فیزیا و کیمیا و شیعری جاهلییەوە. تەنها لە رێگەی دروستکردنی سوپایەکی گەورە، تۆکمە و یەکگرتووەوە، ئێمە دەتوانین سەروەرییەکانی مێژووی کۆن و پرشنگداری باوباپیرانمان بگێڕینەوە. رۆژگارێک تەواوی دنیا لە بەردەم لەشکری ئێمەدا هەڵدەهاتن و هەڵدەلەرزین، خاوەنی بەهێزترین سوپا بووین. هەر بە تەنها لە سەردەمی فەرمانڕەوایی سەرکردەیەکی وەک عومەری کوڕی خەتابدا، لەشکری ئێمە پتر لە

سی و شەش هەزار، شار و شارۆچکە، قەڵاو ناوچە داگیر دەکات و دەیخاتە نێو قەڵەمڕەوی خۆیەوە.

ئەمڕۆ، ئێمە دەبێ لە ڕێگەی سوپایەکی گەورە و مەشق پێکراو و پڕ ئیمانەوە، جارێکی تر ترس و سام، بخەینەوە دڵی هەموو جیهان. سوپایەک کاتێ پۆستاڵەکانیان دەکێشن بە زەویدا، لەرز و تۆقین پەخشکاتەوە، لە هەموو جیهاندا دەنگ بداتەوە. ئێوە دەبێ شانازی بە خۆتان و بەم سەردەمەی خۆتانەوە بکەن. ئێوە دەبنە گەردێک لەو سوپایەی کە بە ڕابەرایەتی سەرۆکی فەرماندە تۆڵەی هەموو ڕابردووی ژێر دەستەیی و پارچەپارچەکردنمان دەکاتەوە. ڕێگای سەروەری و سەرکەوتنی یەکجارەکی ئێمە، هەمان ڕێگای سەرۆک و حیزبە، هەمان ڕێگای سوپایە، کەواتە هەمووتان پیرۆزبایی لەم قارەمانە بکەن، کە کەوتە سەر ڕێگای گەل و نیشتیمان و حیزب."

ئەم مامۆستایەمان، ئاسەواری سووتانێکی کۆن بە دەستووپلیەوە دیارە، دەڵێن کاتی خۆی لە جەنگی دژ بە ئیسرائیلدا، وەک سەربازێک چووەتە فەڵەستین، لە کاتی تەقینەوەی تانکەکەیدا، بە پەرجوو ڕزگاری بووە، بەڵام بە شێواویی و سووتاویی.

ئەو وانەیە، چل خولەک بێ وەستان، مامۆستای نیوە برژاو، لە بارەی رۆڵ و پیرۆزیی سوپای سەرۆکەوە چەنەبازی بۆ کردین.
شەو، لە کاتێکدا لە ماڵەوە سەرقاڵی سەعیکردن بووم، باوکم هاتە ژوور سەرم، تاوێک لێم راماو و وتی: "خەریکی چیت؟"
وتم: "وەک دەبینی بۆ سبەی سەعی دەکەم."
" سەعی لە چیدا؟"
پێڵوم هەڵبڕی و پێم وت:" لە بیردۆزدا."
بەسەرسوڕمانەوە وتی: " بیردۆز چییە؟"
وتم:" بیردۆزی بیرکاری."
لە تەنیشتمەوە دانیشت، کەوتە تەماشاکردنی ئەو بیردۆزانەی حەلم کردبوون، تاوێک لێیان راما و پاشان پرسی:
" ئەم هەموو سین و سادانە چیین؟!"
" باوکە ئەمە بیردۆزی فیساگۆرسە، گریمانەیە، بووەتە بناغەی زانست و دەبێ بیخوێنین، تا لێی تێبگەین."
بە چاوە زەق و سامناکەکەی، قووڵ لێی روانیم و دیسانەوە وتی:"تۆ لێی تێگەیشتووی؟"
وتم:" کەمێک."
دیسانەوە پرسی:"چی ئەڵێیت؟"

تۆزێ خۆم جوڵان، رووم کردە باوکم و کەوتمە شیکردنەوەی بیردۆزەکە:

" گەر سێ گۆشەیەک، لاکانی بریتی بێت لە سین و ساد و جیم، ئەوا هەر دووجای سینێک، یەکسانە بە دووجای..."

نەیهێشت هیچی تر بڵێم، کتێبەکەی هەڵگرت و تا هێزی تێدا بوو توڕیدا، بەلاقرتێوە وتی:"قسەی قۆڕ، ئەمە کەڵکی چی دەگرێ، ئەم سین و ساد و جیمە؟ مێشکی خۆت بە چییەوە سەرقاڵ دەکەیت؟! لایبە و خۆت فێری بیردۆزەکەی من بکە."

بەسەرسوڕمانەوە پرسیم:" کام بیردۆز؟! بیردۆزی تۆ چییە؟"

بە لەخۆبایی و فیزەوە وتی:" بیردۆزەکەی من خۆماڵییە، هی خۆمانە، بە ئەزموون و ئەقڵی خۆم پێی گەیشتووم، ئاسانە و باشترین رێگاشە بۆ بەختەوەری و ئازادی."

دیسانەوە حۆل و حەپەساو، لێم پرسییەوە:

"خۆت داتناوە؟!"

" نەخێر، لە قوتابخانەکەی سەرۆک و حیزبدا فێری بووم، دەبێ هەموو هاولاتییەک بیزانێت، تۆش لەبری ئەم ناوە قۆڕە بێ کەڵکانە، خوو بدە بیردۆزەکەی سەرۆک."

به شـــێوه وتنێکـــی پـــاڕانەوەوە وتم:"باشـــه بـــۆم شیکەرەوە باوکە گیان؟"

تۆزێ ئحم ئحمی کرد و کەوتە شیکردنەوە:

"گەر **س** سـەرۆک بێت، لە بەرامبەردا **س** سـەرباز هەیە، کەواتە **س** یەکەم سـەرچاوەی **س** دووەمە، **س** دووەمیش، لەو کـاتەدا دەبێتە پاشـکۆ بـۆ **س** یەکەم، کەواتە **س** یەکسانە بە **س**. ئیتـر بەم جـۆرە سـینی گەورە دەبێتە سەرچاوە و یەکسان دەبێت بە **گ** گەل و **ن** نیشـتمان، دواجـار هاوکێشـەکە بە دوا قۆنـاغی خـۆی دەگـات، کە **س** پیـرۆزەکەیە، مەبەسـت **س** سەرکەوتنە."

پاشـان دەسـتی خسـتە سـەر شـانم، بە ئـارامی و هەستی دلێرییەوە وتی: "تێگەیشتی؟"

لە ترسا وتم:"بەڵێ باوکە گیان، هەر لەبەریشم کرد. **س** سەرۆک یەکسانە بە **س** سەرکەوتن."

خۆشحاڵ و پڕ غرور، دەستی کێشا بە شانمدا و وتی:"ئافەرم کوڕی خۆم."

هەستا و پشتی تێکردم، بەدەم ڕۆیشتنەوە دەنگی لێ هەڵبڕی:

"تەنها دوو ڕۆژی تر لە ماڵم، سبەی ئامادەبە بۆ مەشقی سەربازیی."

هـاوارم کـرد: "مـن سـبەی تـاقیکردنەوەی بیرکـاریم هەیە باوکە!"

هەروا بەدەم جێهێشتنمەوە، بە ئەسپایی وتی:

"سبەی یەکەم رۆژی تاقیکردنەوەی پاڵەوانێتی تۆیە، برۆ بنوو."

بەرەبەیان بە دەموچاوی خەواڵووەوە، لە دەشتایی لای ماڵی خۆمانەوە، رەپوراست وەستابووم و چاوەڕوانی فرمانی باوکم بووم. لە پشتمەوە شارێکی خامۆش و نوستوو، لە لای راستیشمەوە، نێڵە نێڵ ئاگری هێما و مێژووی شار بە هەوادا شەپۆلیدەدا، ئاگری هەمیشە داگیرساوی نەوت، نەوتی باوەگوڕگوڕ.

لە لای چەپیشمەوە، ریزە ماڵی خەڵکی داماو و هەژار بە یەکدا چووبوون.

بەرامبەریشم باوکم بوو، بە جلی کەشخە و خاکی سەربازییەوە، بە پۆستاڵی رەشی بریقەدارەوە، مەدالیا شوشەییەکەی سەر سینگی کە وێنەیەکی سەرۆک بوو، بە تیشکی خۆرەکە دەبریسکایەوە، رەپوڕاست وەستابوو. سەرەتا خۆی کەوتە جوڵە و هەڵوەڕە، بە نیگای چاویش، داوای لاساییکردنەوەی لێکردم. منیش وەک سەربازێکی ناو گۆڕەپانی مەشقکردن، کەوتمە هەڵبەزودابەز تا گەرم داهاتم. پاشان بە زمان و شێوازی فەرمانی سەربازیی هاواری بەسەرا کردم: "استعد" " استرح" "الی الامام سر... الی الوراء در..."

ئەو فەرمانانە لە مێژە دەزانم و پێیان ئاشنام، هەموو ساڵێک لە پشووی هاوینەدا، هەرچی خوێندکار هەیە بە زۆر راپێچی خولی هاوینەی سەربازیی دەکرێن. تا ئێستا، کە لە بەردەم باوکمدا وەستاوم، نزیکەی چوار جار بۆ ئەو سەربازگە هاوینانە راپێچ کراوم.

بە شێوەی رێورۆیشتنی سەربازیی کەوتمە هەنگاو هەڵهێنان، ئەویش دوور و نزیک چاودێری دەکردم. ناوە ناوەش دەیقیڕان: "داوم... داوم..."

نزیک بە نیو کاتژمێر، وەک کەری ژێر جەنجەڕ، لە بازنەیەکدا خولاندمییەوە.

وردە وردە هەوا گەرمتر دەبوو، بە هەموو جەستەمدا ئارەقە دەچۆڕا، خەریک بوو بۆ قومێ ئاو کوێراییم دائەهات. بەڵام ئەو تا دەهات مەشقی قورستر و تاقەتپرۆکێنی پێدەکردم. هەر لە راکردنەوە تا شناو، تەقلەی دوابەدوای یەک و لەسەر سک خۆخلیسکاندنی سەر دڕکوداڵ. بە ئاستێک لەگەڵمدا توند و دڵ رەق بوو، تا نەکەوتم بەلادا و لە هۆش خۆم نەچووم، دەسبەردارم نەبوو.

کاتێکیش پێڵۆکانم هەڵبڕی، بینیم دایکم بەسەر سەرمەوە دەگریێ و ئاهوناڵەیەتی، بە پەڕۆیەکی تەڕ نێو چاو و دەست و قاچی فێنک دەکردمەوە. لەژێر لێوەوە دوعای لە باوکە دڵڕەقەکەم دەکرد و نزای

چاکبوونەوەشی بۆ من دەکرد. منی گوناه و گیرۆدەی ژێـر چنگـی داڵە مـرۆڤ خـۆرەکەی سـەر بێـرییەکەی بـاوکم، ئەو داڵەی لە هەمـوو شـوێنێک هەبـوو. لە نـاو تەلەفزیـۆن، لە بـازاڕ، گۆڕەپانەکـان، ماڵەکـان، پەڕەی یەکەمی کتێب و رۆژنامەکـان، سـەر دیوارەکـان، سـەر شـان و نـاو چـاوی پیاوەکـان، لە هەمـوو شـوێنێک ئەو داڵە و وێنەی سەرۆکی فەرماندە هەبوون. داڵێک بوو پیـر و تـووڕە، لەنـاو وڵاتـدا، خەڵکـی بە چـاوە تیـژ و زەقەکـانی دەتۆقـان، لە کـاتی جەنگیشـدا، چڵـێس و برسـی دوای سـوپا دەکەوت، بـۆ خـواردنی گۆشـتی قوربانییەکان.

بۆ سبەی نەمتوانی بچمەوە بۆ خوێندنگە، بـاوکم دیسـانەوە خۆی شـیکپۆش کـردەوە و بۆی دەرچـوو. بەرلەوەی ئاودیوی حەوشەکە ببێت وتی:

"دەچم بۆ خوێندنگەکەت و مۆڵەتت بۆ وەردەگرم."

سـەراپای جەسـتەم، وەک دار رەق هەڵاتبـوو، بە ئاسـتەم دەمتـوانی بجـوڵێم، ملـم وەک ملـی بەراز نە دەسـوڕا. پشـت و قاچەکـانم رەق ببـوون، سـەرم بە ئازار و وڕوگێژ، بێ هێز لەسەر جێگاکەم راکشابووم.

دایکم، دەستمی خستبووە نێو دەستی خۆی و بە دەرزییەک ورد ورد و یەک یەک، خەریکی دەرهێنـانی دڕکە زۆرەکـانی دەسـت و پـل و پێیەکـانم بـوو، کە

نزیک بە وێنەی بێژنگێک پێستی منیان کون کون کردبوو.

چوار رۆژ لە جێگادا کەوتم، هەرچیم دەخوارد هەڵمدەهێنایەوە، تەواوی ئەو ماوەیە دەمنالاند و وڕێنەم دەکرد. داوای کتێب و قەڵەم و دەفتەرەکانم دەکرد، لەبەر خۆمەوە وەڵامی پرسیاری مامۆستاکانی خوێندنگەم ئەدایەوە. هاوکێشە بیرکارییەکانم حەل دەکرد، سین و جیمم بوو. راستە پێشتر هەر لە منداڵییەوە باوکە دڵڕەقەکەم، مامەڵەی سەربازیی لەگەڵ کردووم و بەشداری خولەکانی خوێندنگەم کردووە. بەڵام بە وێنەی ئەو رۆژە قورس نەبوون، ئەو رۆژە بۆ یەکەمجار، بەر قورسی و دڵڕەقی جیهان کەوتم. ئێستا تێدەگەم کە هاوڕێ خوێندکارەکەم مەبەستی چیبوو، کە وتی ئەم دەفتەری سەربازییە ڕێگایەکە رووە و دۆزەخ و مەرگ.

کە چاکبومەوە، باوکم بەرەو جەنگ گەڕابۆوە و ملی خۆی شکاندبوو، خۆم و دایکم ماینەوە، دیسانەوە چوینەوە سەر ریتمی ژیانی ئاسایی خۆمان.

تاقێک دەچوومە دەوام، تاقێکیش لە ماڵەوە سەعیم دەکرد و هاریکاری دایکمم دەکرد. ئێوارە درەنگانیش، ئەو کاتەی پەخشی تەلەفزیۆن، بە مارشی جەنگ و

وێنەی تورە و قێزەونی داڵە مرۆ خۆرەکە دەکرایەوە، سەرەتا بە قورئان خوێندن دەستی پێدەکرد. دایکم هەمیشە گوێی لێدەگرت، لەگەڵیدا تەسبیحات و نزای دەکرد، لەژێر لێوەوە هەمیشە دەیوت:

"خودایە ئاوێ بەم ئاگرەدا بکەیت، رۆڵەی ئەم خەڵکە سەلامەت بکەیت و کوڕەکەی منیش پارێزراو بکەیت."

خۆشترین کاتی من، ماوەی منداڵان بوو، بە شەوق و خۆشییەوە تەماشای ئەفلام کارتۆنم دەکرد. تاکە شتێک بۆ من مایەی خۆشحاڵی و رێگای دەربازبوون بوو، لە واقعی تاڵ و بێزارکەر. قووڵ رۆدەچوومە نێو چیرۆکەکانیان، لەگەڵ کەسایەتییە کارتۆنیەکاندا، ببومە هاورێی گیانی بە گیانی، لەگەڵ نیڵزدا، بەسەر باڵی قازێکەوە و هاوشانی قازوقولنگەکان گەشتی دنیام دەکرد.

لەگەڵ سیندباددا، ئاشنای دنیای جادووکەر و دێوودرنج دەبووم، لەگەڵ ساندی بێڵدا، دەبوومە کارەکتەرێکی نێو شارە گەورە و ئارام و خۆشەکانی دنیا. یان دەبوومە پاڵەوانێکی ناو کەشتییە ئاسمانییەکان، لەگەڵ فلاش گۆردن و هاورێکانیدا گەشتی هەسارەکانی گەردوونم دەکرد. لەگەڵ خێزانی هەمیشە دەم بە خەندە و بەختەوەری بەربەشاترەکاندا، خەیاڵی لەزەت بەخش، وەک باران

دەبارییە نێو دڵ و هەناومەوە. وەک ئەوان شێوە و قەبارە و دەستوپەلم دەگۆڕدرا، بە ئارەزووی خۆم شێوەی سەیر و عەنتیکەم لە خۆمدا دەخوڵقاند. بڕێکی زۆر لە خەیاڵ و ئەندێشە و جوانییەکانی من قەرزاری ئەو فیلم کارتۆنانە و حیکایەتە فۆلکلۆرییەکانی دایکمن. چونکە ئەو سەردەمە هەموو شتێک بۆنی جەنگ و مەرگ، حیزب و سەرۆکی لێدەهات.

پاش ماوەی کەمی بەرنامەی منداڵان، ئیتر تەلەفزیۆن، تەنها سرودی نیشتیمانی و جەنگ و کوشتارگەی بەرەکانی جەنگ بوو. جگە لە قورئان و ماوەی منداڵان، لە داڵەوە بۆ داڵ، هەر وێنە و سرودەکانی سەرۆک بوون. سەدام وەک سەرۆک کۆماری عێراق، سەدام وەک سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، سەدام وەک فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان، سەدام وەک ئەمینداری گشتی سەرکردایەتی قوتری حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی، وەک سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای پلاندانان، وەک سەرۆکی لیژنەی رێکەوتنەکان، سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای کشتوکاڵ، سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای نەهێشتنی نەخوێندەواری...

سەردەمی مردنی گەنج و کوشتنی خەیاڵ بوو. گەرچی من گەورە بووم، بەڵام جگە لە فیلم کارتۆن و

چیرۆکە ئەفسانەییەکانی دایکم هیچی تر نەبوو، (گەر چاو لەو جارانە بپۆشم کە دەچوومە سینەما.)

لە بیـرمە یەکەم جـار، لە یـانزە سـاڵیدا چـوومە سینەما، یەکەم رۆژی جەژنی قوربان، خاڵم هـات. مـن و خالیـدی برامـی لەگەڵ خۆیـدا بـۆ سـینەما بـرد. ئەو رۆژە، بـۆ مـن بـوو بە دوو جەژن، هێنـدەم کەیـف و سەفا کرد، هێندەم سیحر و رەنگ و قەرەباڵغی بینی کە هەرگیز لە یادەوەریمدا کاڵ نەبێتەوە. بینینی یەکەم فیلم لە سینەمادا، هێندە قووڵ کاریگەری لە سەردا جێدەهێڵێت، کە هەرگیز زەمەن ناتوانێت بیسڕێتەوە.

ئەو رۆژی جەژنە، سەدان کوڕوکاڵی هاوتەمەن و هەمەرەنـگ، تێکچڕژابـوونە بەردەم سـینەماکان، لە پۆستەری فیلمەکان ورد دەبوونەوە. تێکچڕژانی گەنج لە بەردەم دەلاقەی بلیـت کڕینـدا، لە ململانێـی و پاڵەپەستۆدا بوون. قریوە و فیکە و هـات و هـاوار و قەرقەشـەیەک بـوو، کەس بە کەس نەبـوو. هەبـوو بەسەر شان و سەری هاوڕێکانیدا، لەسەر سک بەرەو دەلاقەکە دەکشـا و بە دەسـتەیەک بلیـتەوە دەهـاتەوە. بەڵام ئەوەی جلـوبەرگ بێـت بە بەریـیەوە نەئەمـا. هەبوو پێشتر، چەندین بلیتی کڕیبوو، لە دوورتر و بە گرانتـر، بە دوو قـات و سـێ قـاتی پـارەی خـۆی دەیفرۆشـتەوە. ئـێمە ئاوهـا بـووینە خـاوەنی بلیتـی چوونە ژوورەوە. خاڵم بە پارەیەکی زۆر، لە کوڕێکی

کــرپییەوە، ســوک و ئاســان خۆمــان کــرد بە هــۆڵی سینەماکەدا، جمەی دەهات لە خەڵک. هەرچۆنێک بێت ســێ کورســیمان دەســکەوت و بەدەم گــوێگرتن لە دەنگــی ئــوم کەلســومەوە، چــاوەڕوانی دەســتپێکردن بووین. تا لە پڕ دەنگ و رووناکی نەما، پەردەی سپی و ئەفسووناوی کەوتە جوڵە و رەنگ پرژاندن، هۆڵی ســینەما، پــڕ بــوو لە فــیکە، لە هــات و هــاوار و چەپڵەڕێزان.

هەرهێندەی پاڵەوانی فیلمەکە دەرکەوت، پاڵەوانی چــاو گەورە و قــژ پــڕ و رەش، بە هەیــبەت، هەروا کورسی بوو تەقەی دەهات. تێکڕا بینەران هەستانە ســەر پێ، فیکە و چەپڵە، گوێیــان کەڕ دەکرد. خاڵم بەدەم فــیکە و هــاواری درێــژ و بەرزەوە، لە شــێت دەچوو. بیرمە کاتێکیش دانیشتەوە، دەمم بردە بن گوێیەوە، بە کونجوکۆڵییەوە لێم پرسی:

"خاڵۆ ئەو پیاوە کێیە؟!"

بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە وتی:"ئەمیتاب بابەجانە."

پێنج ساڵ دواتر خاڵە ئازەرم، ئەو گەنجە جوان و خۆشەویستە، کە ناوە ناوە ئێمەی دەبردە سینەما و گەشــت و گەڕان، بە شــار و دنیــای شــاری ئاشــنا دەکــردین. لە لایەن پیــاوانی دەوڵەتەوە ســەرنگووم دەکرێت.

مەغریبانێک، لە کاتێکدا لەگەڵ دایکمدا، لەسەر سفرە نانمان دەخوارد. دەستێکی توند، بەردەوام دەرگای حەوشەمانی دەکوتی، هەردووکمان راچڵەکین، دایکم خێرا وتی:

"خودایە بە خێری بگێڕی."

پەلەپەل خۆم گەیاندە دەرگاکە، لە کاتێکدا زرمەی لێدەهات کردمەوە. سەربازێکی ماندووی شڕۆڵ، بە ئەسپایی سڵاوی کرد. بەر لەوەی هیچی تر بڵێ، چاوم چووە سەر تەکسییەکەی کۆڵان کە تابووتێکی بە ئاڵا داپۆشراوی بە سەرەوە بوو. بە دوای مندا دایکیشم خۆی گەیاندە بەر دەرگا، هەر بە بینینی تابووتەکە، لە زریکەیدا، هێندە فریاکەوت بڵێ:

" وای خالیدم رۆ..." بە لادا کەوت.

وەک شێت، پەلاماری سەربازەکەمدا و هاوارم کرد:" ئەمە کێیە لەو تابووتەدا... ئەمە جەنازەی کێیە؟"

سەربازە ماندووەکە، هەردوو دەستی بەرز کردەوە و هاواری کرد:"ماڵی مام کەریم... ماڵی مام کەریم کامەیە؟"

دایکم هەستایەوە و لە ناو کۆڵانەکەدا، بە چنگ، قژە سەری خۆی دەڕنی. وەک کەروێشک دەیزریکاند و قیژەی تا حەوت گەڕەک دەڕۆیشت. منیش وەک شێت، کەوتبوومە گیانی سەربازە شڕۆڵەکە و بە هەردوو دەست یەخەیم رادەتەکاند.

شـۆفێری تەکسـییەکە، هـاتە نێوانمـانەوە و لێکـی دوور کردینەوە. دایکم بەسـەر کۆنکرێتی کۆڵانەکەوە شـینی دەکـرد و بـێ ئاگـا دەیناڵانـد، بـانگی خالیـدی دەکرد. منیش گریان ئەوکی گرتبووم، هەرچی گیانم هەبوو مێرولەی دەکرد.

سـەربازە تۆقیـوەکە، دیسـانەوە و لەسـەر یەک هـاواری دەکرد:"مـاڵی مـام کەریمـم دەوێـت... مـام کەریم... مام کەریم... ئەمە تەرمی ئایدنی کوڕێتی."

بە هێنانی ناوی ئایدن، کەمێک هێور بوومەوە، پرم دایە دایکم، بە پەلە و لەسـەر یەک چپاندم بە گوێیدا: "دایکە... دایکە... دایکە... خالید سـەلامەتە... خالید نییە دایـکە گیـان... دایـکە ئەمە تەرمـی کـوڕەکەی مـامە کەریمی دراوسـێمانە... تەرمـی ئایـدنە، دایـکە ئایـدن... ئایدن... ئایدن."

کەمێـک هۆشـی هـاتەوەبەر، وەک شـێت پەلامـاری یەخەیدام و لەسەر یەک هاواری دەکرد:

"خالیـد نیـیە؟! بلـێ بەخـودا ئەو نیـیە... ئەی کـوا خالید... خالید... خالید... خالید؟!"

بە قوڕگی پڕ گریانەوە، بەردەوام دەمگوت:

" نا دایکە گیان، خالید نییە، ئایدنی مامە کەریمە، پرسیاری ماڵی ئەوان دەکەن. ئایدنە، ئایدن... ئایدن..."

هەسـتا و لارە لار خـۆی گەیانـدە لای تـابووتەکە، پـڕ بە گەرووی کەوتەوە هـات و هـاوار و گریـان، بە

چەپۆک ئەیکێشا بە سەری خۆیدا و شێوەنێکی گەرمی خولّقاند.

زۆری نەبرد دەرودراوسێ، بە ترسەوە کەوتنە سەرەتاتکێ، لە بالکۆنە و بەر دەرگاوە، تۆقیو و ترساو دەیانڕوانی. ئەوانیش چی دایکەکان و باوکەکان، چ کوڕ و کچەکان، هەر هەموو بە ترس و سیمای هەڵبزرکاوەوە، سەرەتا بە جەنازەی کوڕ و برای خۆیان تێگەیشتبوون. کە دایکمیان بەو حاڵەوە بینی، هێورتر بوونەوە و بە جەنازەی خالیدی برام تێدەگەیشتن.

ئەو رۆژگارە، لە تەواوی وڵاتدا ژیان ئاوها دەگوزەرا. بە ترس و سامەوە، چونکە هەموو خەڵک، کەسێک و دوان و تەنانەت هەندێ خێزان، سێی و چواریشیان، لە بەرەکانی جەنگدا بوون. دەرکەوتنی تەرمێکی بە ئاڵا داپۆشراو، رووی لە هەر ناوچە و گەڕەکێک بکردایە، هەموان رەنگیان دەپەڕی، دڵیان دەکەوتە کوتە کوت، لە ژێر لێوەوە دەیان گوت:

"خودایە بە خێری بگێڕی و رۆڵەی ئێمە نەبێت."

ئەو شەوە گەڕەکەکەمان شێوا، پڕ بوو لە ئاخ و ئۆف و گریان، هەموو بۆ ئایدن، شینیان دەکرد. تاقە کەس، تا درەنگ خەبەر و ئاگای لە هیچ نەبوو، باوکە پیرەکەی بوو. مام کەریم، لە کوێوە پێبزانێ. ئەو لە دامێنی گەڕەکەکەدا، تاق و تەنیا، لە کەلاوەیەکدا دەژیا.

چاو کز و تەنگە نەفەس، پڕ دەرد و بەڵا، زەخت و شەکرە هێنابویانە لێواری مەرگ. ئەو هەر کە دنیا تاریک دائەهات، بەسەر بەرماڵەکەیەوە، دوعای خێر و سەلامەتی بۆ تاقە کوڕەکەی دەکرد.

پیاوانی گەڕەک، لە نێو خۆیاندا کەوتنە مقۆمقۆ، کەس نەیدەزانی چی بکرێت باشە، هەموو سەریان لێ هاتبووەیەک. ئەبو جەواد وتی:" چار نییە، دەبێ بیبەین و بیکەین بە حەوشەی ماڵی مام کەریمدا."

مەلا قادر، هەڵیدایە و وتی:" نا کاکە بیبەن بۆ مزگەوت، با تا بەیانی لەوێ بێت، خۆ بەم شەوە هیچ ناکرێت."

تابووتەکەمان بردە مزگەوت، لەگەڵ هەندێ کوڕ و پیاوی تردا، بە دەوریا خۆمان گرمۆڵە کرد. زۆری نەبرد بیست سی کەسێک، لە پشتی مەلا قادرەوە، نوێژی عیشایان بەسەر جەنازەکەوە کرد. پاشان بەدەم وێرد و لاحەولەوەلا قووەتە ئیلا بیلاوە، مزگەوتەکەیان بۆ ئێمە و تابووتەکە جێهێشت.

شەو درەنگ، هەر هێندەمان زانی مام کەریم کە دوو هەرزەکار دەستیان رادەکێشا. خۆی کرد بە هۆڵی گەورەی مزگەوتەکەدا، کە دوو ریز فرمێسک وەک چەمی لاپاڵێک، بە هەردوو روومەتە چرچەکانیدا دەڕژانە نێو ریش و سمێڵە سپییەکەیەوە. ئاخۆ چ خەم ساردێک، بەم شەوە هەواڵەکەی پێوتووە.

به لارەلار، بەدەم لوشکەلوشکەوە هات و خۆیدا بەسەر تابووتەکەدا. تاوێکی زۆر باوەشی بە تابوتی کوڕە کوژراوەکەیدا کرد و قورت قورت، بە دەنگی بەرز گریا و گریا. ئێمەش هەموو کەوتینە گریان، فرمێسکی گەرم، بێ ویستی خۆمان وەک تاوە تەرزە دابارییە کۆش و بەر پێمان.

مام کەریم وردە وردە ئارام بووەوە، لەبەر خۆیەوە کەوتە وڕێنە: "ڕۆڵەکەم هاتیتەوە؟ یاخودا بە خێر بێیتەوە، ئای ڕۆڵە چەن بیرم ئەکردی، وای ڕۆڵە چەن دوعای خێرم بۆ کردی، ڕۆڵەکەم، باوکەکەی باوکم، ئای ئایدنەکەم چەن بیرم دەکردی..."

بە دەستە لەرزۆکەکانی دەیویست سەری تابوتەکە هەڵیداتەوە، بە چنگەکڕێ کەوتە وێزەی تەختەدارەکە. پیاوێک پەلاماریدا و وتی:" مەکە مام کەریم، لە خەوی مەکە."

مام کەریم کە لوشکەلوشک دەگریا، بە لالەپەتییەوە وتی:" با بیبینم، توخوا با بیبینم، لە مێژە نەمبینیوە... وای ڕۆڵە ڕۆ، خۆم ڕۆ..."

لە پڕ مام کەریم لە هۆش خۆی چوو، کەوتە شاگەشکەوە، چاوەکانی دەرپۆقین و هەرچی دەکرد هەناسەی بۆ نەئەدرا. خیزە و نرکەیەکی تۆقێنەری لێبەرز دەبووەوە، هێندەی نەما بخنکێ. لە هێکڕاش دەستی بۆ گیرفانی پاڵتۆکەی دەبرد. تا پیاوێک پەلە و

بروسـک ئاسـا، دەسـتی کـرد بە گیرفانیـدا، پەمپـی هەناسـەدانەکەی دەرکـرد و خسـتییە دەمییەوە. تونـد وەک ئەوەی ژیــان هەوای تێــدا نەمــابێ، جــگە لەو چۆڕەی لە نـاو ئەو ئـامێرە بچووکەی دەمیدا، لەسـەر یەک و بەردەوام پڕ بە سییەکانی، پڕ بە دنیا بێکەس و بەدبەختەکەی هەوای هەڵمژی. چەند جارێک لەسەر یەک، وەک نیـوە مـردوویەک، وەک کەسـێک هێنـدەی تــاڵە دەزویەک نێـوانی لەگەڵ مردنـدا بێـت. خێـرا و شـێواو، لەسـەر یەک ئـامێرەکەی هەڵـدەمژی، سـینگی وەک مەشکەی دۆ هەڵبەزودابەزی دەکرد.

خیزە و دەنگی سینگی قورس و سامناک بوو، بە ئاستێک، ئێمەی مۆڵەق کردبوو.

هەر بەو حـــــاڵەوە، بەدەم نەرمە نـــــوزانەوە و ورتەورتەوە رووە و دەرەوە ملی نا.

دراوسێکەم دەستی خستە سەر شانم وتی:

"لەگەڵیدا برۆ، نەکا شتێکی بەسەردا بێت."

بە دوایـــدا رۆیشـــتم، قـــورس و لارە لار بەرەو ئاودەستی مزگەوتەکە، ملی رێگەی گرتبوو. لە دڵی خۆمدا وتم، رەنگە میزی بێت و سەرئاو بکات. لە بەر هەیـــوانەکەدا، خـــۆم بە تەســـبیحەکەی دەســـتمەوە سەرقاڵ کرد و چاوەڕوانی هاتنەوەیم دەکرد.

زۆری پێنەچـــوو، دەرکەوتەوە، کە لـــێم نزیـــک بـووەوە، بـۆنێکی ناخۆشـم هەسـت پێکـرد. کـاتێکیش

سەرم هەڵبڕی، بینیم سەر و ریشی و تەواوی جەستەی بە گووەوە بوو. دەستەکانی پڕ بوون لە گووی مەیلە و زەرد، بەدەم گریانی بە کوڵەوە، بە سەراپای جەستەی گوواویەوە خۆی کردەوە بە هۆڵەکەدا. زمانم شکا، هەر هێندەم پێکرا وەدووی کەوم، ئەوانی ژوورەوەش هەستانە سەر پێ و ئەبڵەق و بێدەنگ ڕێگەیان بۆ کردەوە. مام کەریم، بەو حاڵەوە، هەردوو دەستە گوواوییەکانی پیشانی ئێمە دەدا و بە نرکە و ناڵەوە، هاواری دەکرد:

"خۆ ئێوە دەزانن، بە پارەی گوو گەورەم کرد!"

چەپۆکی پڕ گووی دەکێشا بە سینگ و دەموچاوی خۆیدا، قورت قورت دەگریا. ئێمەش بە ئاخ و ئۆفی گریانەوە، ئەوەی پێمان دەکرا تەنها دورا و دوور تەماشامان دەکرد. تا بە پرتاو خۆی کێشا بەسەر تابوتەکەدا، بەرزتر لە پرمەی گریانی دایەوە. تابوتی بە ئالآ داپۆشراوی لە باوەش گرت، دەستە گوواوییەکانی دەهێنا بەسەر تابوتەکەدا، لەبەر خۆیەوە، بە نرکە و فیغانی جەرگ بڕەوە دەینالآند:

"ڕۆڵە ئایدن، من بەم گووە گەورەم کردی، نیشتیمان و سەرۆکی فەرماندە، ئەو کات لە کوێ بوون؟"

هەر سێ ئەستێرە سەوزەکە لە گوودا کاڵبوونەوە، بەشــە ســپییەکەی ئــاڵاکە بە گــوو، مەیــلەو زەرد هەڵگەڕان.

"کوڕم ئایدن، من هەموو تەمەن و ژیانی خۆم لە پاککردنەوەی چاڵە گووی ماڵاندا دانا، تەنها بە خاتری گەورەکردنــی تــۆ. ئەم ســەرۆکە گــووە بە چ هەقێــک دەتخـاتە تـابووتەوە، ئەم پەڕۆ گــووابییە چییە تۆیـان پێداپۆشــیوە؟ ڕۆڵە ئایــدن، ســەربازیی مەکە، وەرەوە لای باوکە نەخۆشەکەت..."

ئێمە دەگریاین و لە ناخەوە دەسووتاین، دیمەنەکە قــورس و جەرگبڕ بــوو. یـادەوەری منــی بـردەوە بـۆ رابـردووی دوور، دڵنیـام هاوکـات لە نـاو کەللەســەری دراوسێکانیشـــم، هەمـــان یـــادەوەری، وەک فیلمێکــی سینەمایی نمایش دەکرا.

مـــام کەریـــم، لە گەڕەکەکەدا بە کەریـــم پــۆخچی ناودەبرا، ئەو کاری دەرهێنانی چاڵە گووی ماڵان بوو. بە کەرێکــی ڕەشـــەوە کە هەمیشـــە چــوار بەرمیلــی بچـووکی لــێ شــەتەک دابـوون، بەیـانی تـا ئێـوارە بە گەڕەک و کۆڵانەکـــانی شـــاردا دەگەڕا و هـــاواری دەکرد:"گوو ڕامالینی ماڵان... گوو ڕامالینی ماڵان..."

ســەری چـاڵە گـووەکەی هەڵـدەدایەوە، بە ســەتڵێک گـووەوەکەی هەڵـدەگۆزی و دەیکـردە بەرمیلەکـانەوە. دواجـاریش خەڵـتە چـڕەکەی لەســەرخۆ هەڵدەشـێلا و

ڕەحەتییەکی دەخستە دەمی بەرمیلەکەوە، ورد ورد پڕی دەکردن. پاشان بارە گووی کەری دەبردە دەرەوەی شار، لە تەنیشت کڵپەی هەمیشە گەرم و بەرزی ئاگری شاردا هەڵیدەڕشت. کەریم پۆخچی کە کچۆڵەکانی گەڕەک پێی پێدەکەنین و دورا و دوور بە بینینی لووتی خۆیان دەگرت. پێی دەوتن:

"عەیارانە، ئەمە خەنە و وسمەیە، دەیگرمە قژە سەری دایکتان.!"

مام کەریم، تەنها ئەم کوڕەی هەبوو. هەر زوو هێشتا ئایدن، حەوت هەشت ساڵ بوو. دایکی بە دەرد و بەڵایەکی سەیر و قورس سەری نایەوە. بوو بە منداڵی هەموو گەڕەک، منداڵێکی چاو شینی سپی وەک بەفر، نازدار و گەشاوە وەک گوڵ، لەم ماڵ و ئەو ماڵی گەڕەکدا گەورە بوو. دەمەو ئێوارانیش ئەو کاتی ئێمەی منداڵانی گەڕەک، یاری هەڵماتێن و تۆپێنمان دەکرد. هەمیشە ئایدن چاوێکی لەوسەری کۆڵانەکە بوو، چاوەڕێی دەرکەوتنی باوکی دەبوو. کاتێکیش کەریم، بە خۆیی و کەرە ڕەشەوە دەردەکەوت. ئێمە و یارییەکەی بە جێدەهێشت، بەرە و رووی باوکی غاریدەدا. بە ئامێزی پڕ بۆنی گوو و خۆشەویستییەوە، باوەشیان بە یەکدا دەکرد.

هەمیشە، هەموو ئێوارەیەک کەریمی باوک، پاش ماچ و مووچی کوڕەکەی، دەستی دەکرد بە گیرفانیدا

و بابۆڵەیەکی کەبابی دەخستە مشتییەوە. ئەویش بە بەرچاوی ئێمەوە دەیماشییەوە. بابۆڵەیەک کەبابی بەلەزەت، بە بۆن و بەرامەی گوو. مام کەریم ئاوها بە پارەی گوو دەردان، کوڕەکەی گەورە کرد.

دوای شەکەت و ماندووبوونی مام کەریم، لە گریان و باوکەڕۆ. جەلیلی دراوسێی دەستە راستمان، کوڕێکی تا بڵێی مرۆڤ دۆست و سەلار و سەنگین بوو. قۆڵی لێ هەڵماڵی و پیرە کەنەفتە گوواوییەکەی گرتە ئامێز، بردی لە بەردەم بەلوعەکەدا، رووتی کردەوە و پاک و جوان شۆردی. سەرلەنوێ بەو جلانەی لە ماڵە لانەوازەکەیەوە هێنابوویان، پۆشتەوپەرداخی کردەوە و بردییەوە سەر تابووتەکە، کە چەند گەنجێکی تر ئەویشیان خاوێن کردبووەوە. بەڵام ئیدی تابووتەکە رووت بوو، ئاڵا گوواویەکەیان لێداماڵی بوو، دوور فڕێیان دابوو.

مام کەریم، بە تەنیشت تابووتەکەوە خەوی لێکەوت. جەلیل وتی:"پێویست ناکات لێرە بن، بڕۆنەوە پشوویەک بدەن، من ئاگاداری دەبم."

لەگەڵ دوو هاوەڵی تریدا مانەوە، ئێمەش هەر یەکە و بەرەو ماڵی خۆمان ملمان نا.

دایکم نە نوستبوو، لەسەر جێگاکەی تەسبیحاتی دەکرد. کز و نا ئارام، هێندە گریا بوو، چاوانی سوور هەڵگەڕابوون.

چوومە تەنیشتییەوە، وتم :"دایکە تۆ باشی؟"
بە کزییەکەوە وتی:"باشم، کوڕم باشم."
" ئەی بۆ نانووی دایکە گیان، درەنگە؟"
"ڕۆڵە تۆ هیلاکی و سبەینێش دەبێ زوو بچیتە سەر قەبران، بچۆ بنوو ڕۆڵە گیان، خەمی منت نەبێ."
دایکمم، بە خەم و ترس و چاوە ئاوساوەکانییەوە جێهێشت. چوومە سەر جێگاکەم. مێشکە جەنجاڵەکەم ڕێی نەدەدا بپەڕمەوە دنیای خەو، بەسەر جێگاکەمەوە گێنگڵم دەدا. بیرکردنەوە لە تەرمی ڕاکشاوی ناو تابووتەکە، لە یادەوەرییەکانی منداڵی و هەرزەیی، لە برسێتییەکەی، لە بێ کەسییەکەی. لەو ڕۆژانەی هەر جارەی یەکێک لە دراوسێیەکان دەستی دەگرت و دەیبردەوە سکی تێر دەکرد. لەو ساتانەی لە چاوە شینەکانیدا هێندەی شینایی ئاسمان، تامەزرۆ بوونیم بۆ کڕینی کرێمستییەک دەبینی و لەبەر بێ پارەیی نەیدەتوانی بیکڕێ، چاوەکانی دەبڕییە دەستی منداڵانی تر. کەریم پۆخچی، مافی خۆیەتی هەموو دنیا پڕ بکات لە گوو، نەک دنیا لە گوو پاک بکاتەوە. ڕاست دەکات، ئەو کاتەی ئایدنی بە گوو گەورە دەکرد. نیشتیمان و ئاڵاکەی، سەرۆکەکەی لە کوێ بوون؟ بەم خەیاڵاتەوە لە ساتێک، یا چەند ساتێکدا، کەوتمە ناو تاریکایی قووڵی خەوەوە.

لە هەموو لایەکەوە گوو دەبارێ. هەزاران هەزار قوونی رەش و سپی، پانتۆڵە زەیتونییەکانیان شۆڕ کردۆتەوە، گوو بە هەموو شتێکدا دەکەن. بەردەوام و بێ بڕانەوە، لە کوونی قونیانەوە دەڕژێت بە شاردا. گووی شل و توند، گووی زەرد و سوور و بۆر، گووی لوول پێچ و پتک پتک، شار دەکەوێتە ژێر لرفە و هاژەی گووەوە، بە خاسەدا شەپۆلدەدا. ماڵ و مزگەوت، کەنیسە و پەرەستگاکانی تر، پڕ دەبن لە گوو، قەلا غەرق دەبێت. من و دایکم، ئایدن و جەلیل و خالۆکانم رادەکەین، لە سێلاوی گوو هەڵدێین، کەچی گوو دەگات و داماندەپۆشێ. کەریم پۆخچی، وەک پاڵەوانی نێو فیلمەکان، بەرەنگاری دەکات، هەوڵدەدات، رێڕەوی گووەکە بەرەو دەرەوەی شار بگۆڕێ. ناتوانێ و نغرۆ دەبێت. گوو دەگاتە ئاگرەکانی چوار دەوری شار، گوو ناسرەوێ، حەشامات هەموو گوو دەکەن. بازنەی گووی چڕ و بۆن پیس، هێرش دەبەنە سەر ئاگری هەزاران ساڵە، خەریکە لە شەپۆل و تەوژمی خۆیدا دایدەمرکێننەوە. جەنگەکە لە نێوان گووی ئێستا و کڵپەی مێژووەوە، جەنگی رووناکی و بۆنی پیس. خەریک بوو گوو دایدەپۆشین، هێندەی نەمابوو گوو ئاگرە ئەبەدییەکە بکوژێنێتەوە. دایکم نغرۆ بوو، خالیدی برام، کەوتە گێژاوێکەوە و لەگەڵ خۆیدا لووشیدا. ئەسرای خوشکم خنکا، دەرودراوسێ،

گەڕەک، تەواوی شار لافاوی گوو دایپۆشین. پڕ بە گەرووم هاوارم دەکرد، دەگریام و دەمقریشکاند، دەم و لووتم پڕ بوون لە گوو، خنکام.

بەدەم هاوارێکی بەرزەوە راچڵەکیم، قوڕگم وشک وشک، خەریک بوو دەخنکام. نێو ژوورەکەم و ماڵەکە پڕ بوو لە بۆن کروز و دووکەڵ، بە پرتاو خۆم کوتایە موبەقەکە.

بەسەر ئاگرەکەوە کترییە چای سووتاو، دووکەڵی رەشی لێبەرز دەبووەوە. دایکم بەسەر کورسییەکەوە و بە دیارییەوە خەو بردبویەوە. خێرا تەباخەکەم کوژانەوە، پڕمدایە پەنجەرەکان، هەر هەموویانم خستنە سەر پشت.

دایکم راچڵەکی، بەدەم گریان و ورتە ورتی گلەیی و شەرمەزارییەوە وتی:

"ئەمشەو نەنووستوم، کوێراییم دایە رۆڵە بە دیار چاکەوە خەوم لێکەوت."

چێشتەنگاو، حەشاماتێک لە گۆڕستان بە یەکدا گرمۆڵە ببوین. تا ئەو ساتەی تەرمەکەمان خستە گۆڕەکەیەوە، هەواڵێک لە مام کەریم نەبوو. چاوم بۆ گێڕا، لە هیچ لایەکەوە دیار نەبوو. ئەو کاتەی پیاوی ناو گۆڕەکە، داوای بەردی دەکرد تا تەرمەکە داپۆشێ. مام کەریم لە پڕ بەدەم گریانەوە، دڕی بە حەشاماتەکەدا و خۆی بۆ ناو چاڵەکە دەکووتا. یەک

دوو کەس بەریان پێگرت، نەیانهێشت خۆی هەڵداتە گۆڕەکەوە.

کەریم بە گریانەوە هاواری دەکرد: "بیبەڵن با بگەمە لای... بەرمدەن..." دەستی بە بابۆڵە کەبابی بەرز کردبووە و دەینالاند:

"بیبەڵن با ئەم بابۆڵەیەی بدەمێ... ڕێگای دوورە با برسی نەبێ! ئایدن... ئایدن... ڕۆڵە ئایدن، بابۆڵەکەم بۆ هێناوی..."

خەڵکەکە، هەر هەموو لە پرمەی گریانیاندا.

بە ئاستەم دەنگ و نووزانەوەی دەردەهات. بە سیمای زەرد و نیوە مردووەوە، بە خەڵکەکەی وت:"بیبەڵن، با ئەم دوا بابۆڵەی بدەمێ... برسییەتی...!"

مەلا قادر هاواری کرد:" ڕێگەی بدەن با بابۆڵەکەی بداتێ."

بەو دیمەنە هەموان تاسان و ڕێگەیان بۆ کردەوە.

ئەوەی ناو چاڵەکە، باوەشی بۆ کردەوە، دایگرتە خوارەوە بۆ ناو گۆڕەکە.

ئێمە لە سەرەوە، بە دەوری چاڵەکەدا، بەدەم هەڵڕشتنی فرمێسکەوە، تەماشامان دەکرد.

مام کەریم نوشتایەوە، بەسەر کفنەکەوە ماچێکی کوڕەکەی کرد و وتی:

"کوڕەکەم، ئایدن گیان، ئەوە بابۆڵەکەت ڕەنگە سەفەرت دووربێت، کە برسیت بوو بیخۆ."

دانەوییەوە، بەدەم دانانی بابۆڵەکەوە بە لادا کەوت، بەسەر تەرمەکەوە رۆحی دەرچوو.

کەسێک بە حیرس و گریانەوە هاواری کرد:

"دایانپۆشن، پێکەوە دایانپۆشن."

## س سەگ و خۆشەویستی

پێنــاچێ ئەم رۆمــانە، لە رێــگەی کەســی یەکەمــی تاکەوە، بە تەنها لە رێگەی دوورەگەوە، ئامانجی خۆی بپێکێــت. لە گۆشــەنیگای کــوڕێکی گێــل و نەفــامەوە، گەنجێکــی خەســیو و بــێ ئاگــاوە، بکــرێ مێژوویەکــی دوور و درێژی پڕ لە قوربـانی جەنـگ و ململانێوە، لە رێگەی تاکە کەسێکەوە، کەسێکی گوناە و بێ کاریگەر بنوسرێتەوە.

باشتر وایە لەگەڵ ئەودا. ( گەرچـی سـەرگوزشـتەی ئەو، پـــڕ بە پێســـتی ســـەردەمەکەی خـــۆیەتی، نمـوونەیەکی زەق و بەرچـاوی دنیـای ئەو رۆژگـارەیە تـا ئێسـتا.) بگـوازینەوە بـۆ گێـڕەرەوەی هەمـوو شـت

زان. دوورەگ لەوە کۆڵەوارترە، بتوانێت هەموو ڕۆمانەکەمان بۆ بگێڕێتەوە.

شەش هەزار ساڵ بەر لە ئێستا، بەسەر تاتە قوڕێکەوە، کە لە موسڵ و لە نێوان سەدان تابلۆی بزماریدا دۆزراوەتەوە، چەند دێڕێک نوسراوە. کاتێک ئەو خەتە مێخییە، وەردەگێڕیتە سەر ڕێنووسی ئێستا، دەڵێت:

لە زەمەنێکی دوور بەر لە ئێستا
مار و کولاژدم نەبوون
نە چەقەڵ و نە شێر
نە سەگی کێوی و نە گورگ نەبوون
ترس و توندوتیژی نەبوون
مرۆڤ دوژمنی نەبوو...

لەگەڵ هاتنی ئاشورییەکاندا، هەموو ئەمانە دێن و سەرهەڵئەدەن. لەو کاتەوە تاوەکو ئێستا، ئەوەی دێت و دووبارە دەبێتەوە، چەقەڵ و گورگ و مارەکانن، دوژمنی مرۆڤەکانن، تا ئەوەی بەعسییەکان، حەرەس قەومییەکان دێن. لە پڕ لە ڕێگەی کودەتایەکی سەربازییەوە، عەبدولکەریم قاسمی، سەرۆک، دەکوژن و دەسەلات دەگرنە دەست و دەکەونە گیانی خەڵک. لە ماوەی دە مانگدا، دەیان خەرمان لە کەللەسەری قوربانییەکان هەڵدەچنن. زیندانەکان پڕ دەکەن لە پیاو و ژن. کون بە کون دەکەونە

راوەدوونـــانی نەیارەکانیـــان، بە تـــایبەتی کـــورد و شیوعییەکان. پێشتر مێشێل عەفلەقی بـاوکی رۆحـی و فیکرییـــان، پـــڕی کـــردوون، ئامـــادە و پـــڕ ژەهـــری کردوون. ئەو دەڵێت:

" لە هەر وڵاتێکـی عەرەبیـدا، کاتێـک حزبـی بەعـس جـڵەوی دەسـەڵات بگـرێتە دەسـت. شـیوعییەکان بە تونـدترین شـێوە، رێگریـان لێـدەکرێت و سـەرکووت دەکرێن."

بەئاسـتێک دڕنـدە و بکـوژ بـوون، تەنهـا لە چەنـد رۆژی سەرەتادا، پتر لە پێنج هەزار هاوڵاتییان کوشت و زیـاتر لە چـوار هەزار ئافرەتیـان لاقە کـرد. لەو دە مانگەدا، نزیکەی سەد و بیست هەزار کەسیان ئاخنییە نێـو زینـدانەوە و بە سـامناکترین شـێوە کەوتـنە ئازاردانیـان. هەر لە دامـاڵینی پێسـتەوە، تـا دەرهێنـانی ددان و نینۆک، پچڕاندنی گۆشتی جەستە بە پلایس و ئەتک کردن و سـووتان، دەیـان جۆری تـری قێزەونـی ئازاردانی جەستە و رۆح.

بە جۆرێـــک کە شـــایەدحاڵێکی رۆژانـــی ئەو قەسابخانەیەی زیندانی کۆشکی نیهایە، دەکاتە کتێبێک بە نـاوی "راسـتییەکانی زینـدانیانی باسـتیلی حیـزبییە عەفلەقییەکان" و دەڵێ:

"دەمەوێ ئـاژەڵ بـم، هیواخـوازم خـودا بمکـاتە مەیموون، یان سەگ و پاشان بزر بم. چیتر نـامەوێ

مرۆڤ بم، مادام ئەوانەی لە زیندانی کۆشکی نیهایە بینیمن دەڵێن مرۆڤین، نەفرەت لە مرۆڤ، مادام ئەم دڕندانە لەوانن!"

لە شارە کوردییەکانیشدا، بۆ چاو ترساندن کەوتنە وێـــزەی خەڵــک و دەســـتیان دایە کۆمەڵکــوژی. لە کەرکــوک بیســت و هەشــت کەس و لە ســلێمانیش هەشتا و سێ کەسیان کۆمەڵکوژ کرد. وەک سەگی هار بەربوونە شار و گوندەکان.

هاوکـــات دەکەونە راوەدونـــانی رۆشـــنبیر و نووســەران و کتێبخانەکانیــان دەســووتێنن، ناوەنــدە فیکــری و رۆشــنبیرییەکان، پــڕ دەکەن لە پیـــاوە گەمژەکانی خۆیان.

لەو دە مـانگەدا، بە رادەیەک جەوروســتەم دەکەن. ناوبانگی خوێنرێژییان دەگاتە هەموو جیهان، تەنانەت ژان پـــۆل ســـارتەری فەیلەســـوفی فەڕەنســـی، لەبارەیانەوە دەنووسێت."ئەم دەسەڵاتە نوێیە، هەر لە ســەرەتاوە ســیمای خــوێنینی خــۆی پیشــاندابن کە سیاسەتیان بەرمەبنای تیرۆرکردنی نەیارەکانیانە، تا لەناو بردنی یەک بە یەکیان."

ســاڵی ١٩٦٣ لەگەڵ هـاتنی حەرەس قەومییەکانـدا، خەڵکێکی زۆر لە عەرەبەکانی ناوەڕاست و خوارووی وڵات، بەرەو گونـــدە کوردییەکـــانی دەوروبەری کەرکوک هەڵدێن. وەک پەناگەیەک خۆیانی تێدا ون

دەکەن، لە تیرۆر و تۆقاندنی بەعسییەکان پارێزراو دەبن. کە بە هەموو لایەکدا و دژ بە هەموان، هەڵمەت دەبەن، نەیار و ئەندام و لایەنگرانی حزبەکانی تر دەکوژن.

یەکێ لەو گەنجە عەرەبە هەڵاتوانەی دەگاتە گوندی گۆلباخ، فیراس جبورییە. بنەماڵەی فیراس ساڵانێکی زۆر پێش ئەو مێژووە، بە هۆی ئاڵوگۆڕی بازرگانییەوە، دەبنە ئاشنای بنەماڵەیەکی کوردی گەرمیان، لە رێگەی هاموشۆی بەردەوامەوە دەبنە هاوڕێ و دۆستی یەکتر. حاجی میروەیسی گۆلباخ، گوێز و ترێ و گەنم و بەروبومی کوردستان دەنێرێ. حاجی عەماشیش، لە بەرامبەردا کاڵا و شمەک و خورما دەنێرێ. ئەم ئاڵوگۆڕەش جگە لە قازانج، دەبێتە مایەی ئاشنا بوون و جۆرێک لە خزمایەتی هەردوو بنەماڵەکە. چەندین جار بۆ گەشتوگوزار و سیلەی رەحم و خۆشەویستی بە خاووخێزانەوە هامووشۆی یەکتر دەکەن. هەستێکی گەرم و پتەو لە رێز و خزمایەتی دەکەوێتە نێوانیانەوە. کاتی کودەتاکە، فیراس گەنجێکی جوانی پڕ دلێری و تورەییە، ساڵانێک بوو وەک کادرێکی زیت و وریا لە ریزی حیزبی شیوعی عێراقدا، کاری دەکرد. یەکێک بوو لەو هەزاران هەزار کەسەی لە خەونی بەهەشتی ئیسلامەوە وەرگەڕابوون بەرەو خەونی بەهەشتی ئەم

دنیــا. دەیانویســت لە کــورتترین مــاوە و کاتــدا، بە خێراترین ڕێگا، ئیدی هەر ڕێگایەک بێت، سۆشیالیزم بچەسپێنن و بەهەشتێک وەک بەهەشتەکەی خودا، لە عێراقدا بخوڵقێنن.

ئەو ڕۆژەی حەرەس قەومییەکان، کودەتا دەکەن. ئەم لەگەڵ چەنــد هاوڕێیەکیــدا، کە خەونــی ئەوەیــان هەبوو حزبەکەیان لە پڕ دەسەڵات بگرێتە دەست و فیردەوسە چاوەڕوان کراوەکە بخوڵقێ. نەک کۆمەڵە خەڵکێکی دەشتەکی قەومچی، بێن و بە زەبری چەک و خوێنڕشتن وڵات داگیر بکەن. بۆیە دەکەونە خۆیان و بە چەک بەرەنگاریــان دەبنەوە، نــایەڵن بە ئاســانی شارۆچکەکەیان داگیر بکەن.

ئیدی فیراس دەبێتە داواکراوێکی پلە یەکی کودەتا چییەکان، مــاڵ بە مــاڵ بە دوای خــۆیی و هاوڕێکانیدا دەگەڕێن. باوکی، پلەوپایەی عەشیرەت و کۆمەڵایەتی و دەوڵەمەنــدییەکەی دەخــاتە خــزمەت ڕزگــارکردنی کوڕەکەی. لە دیوەخــانە گەورە و فراوانەکەی خۆیدا چەنــد جارێــک بە مەبەســتی هێــورکردنەوەی ڕق و گەڕانی بەعسییەکان، بە دوای کوڕەکەیدا، دەعوەت و دەعوەت کارییان بۆ دەکات، بە خواردنی چەور دڵ و دەرونیــان نەرم دەکــات. بە پەنهــانیش لە ڕێــگەی برایەکــی کە شــۆفێری ڕێگــای نێــوان پایتەخــت و کەرکوکە، کوڕەکەی بەرەو لای حاجی میروەیســی

هاودۆستی رەوانە دەکات. کە دوو کوڕی لە کەرکوکەوە بە رێگای قاچاخ، دەیگەیەننە گوند، لە مەرگی حەتمی رزگاری دەبێت.

فیراس دەبێتە ئەندامێکی خێزانی حاجی میروەیس، وردەوردە بە ژیان و کلتور و زمانی کوردی ئاشنا دەبێت. خەڵکی ئاوایی وەک هەر کوڕێکی تری حاجی مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، بگرە زیاتریش. چەندین جار لەگەڵ ئەو پێشمەرگانەدا دەکەوێتە گفتوگۆ و چەلەحانییەوە. کە ناوە ناوە و گروپ گروپ دێنە نێو گوندەکەوە. لە گفتۆگۆکانیدا بانگەشەی مرۆڤایەتی دەکرد و دژی نەتەوەپەرستی قسەی دەکرد. دەستی رادەوەشاند و یەکبین هاواری دەکرد:

"نەتەوایەتی، پلانی سەرمایەداری و ئیستیعمارە، بۆ پەرتەوازەکردن و نانەوەی دووبەرەکی و ئاشوب، بۆ لاوازکردنی هێزی لەبن نەهاتووی چینی کرێکاران وجووتیاران، نەتەوەپەرستی شەرمەزارییە بۆ مرۆڤ."

ئەو گەنجێکی بە حەماس، پڕ ورە و چاو نەترس بوو. لە بەرامبەریشدا پێشمەرگەکان دەیانگوت:

"ئەوەی دەبێ شەرمەزار و ریسوا بکرێت، حوکمەت و حیزبە نەتەوەییەکانی بەغدادە، حەرەس قەومییەکانە کە هەڵدەکوتنە سەر گوند و ناوچەکانی ئێمە."

پێیـــان دەوت:" بـــرا، گەر وەک تـــۆ دەڵێیـــت ، نەتەوایەتــــــی و شــــــۆڕش، لە پێنــــــاو نەتەوەدا شــەرمەزارییە، ئەی بــۆ نەتەوەکەی تــۆ ئامــادە نیــیە کەمترین مافی نەتەوەی ئێمە قبوڵ بکات؟"

بە گــوڕ بــوو، خەیــاڵ و دنیــابینییەکەی بە لــرفە و هــاژە بــوو، شــۆڕش و گۆڕانکــاری گەورە و بنەڕەتــی کرێکــاران و جوتیــاران، مێشــکی تەنیبــوو. لە نــاخەوە هێزێــک و ئیرادەیەکــی گەورە، بە تەوژم، پەلوپــۆی دەهاویشــت. هەمیشــە، لەســەر هەمــوو شــتێک قســەی خــۆی هەبــوو. لە ســەریدا، مەودایەکــی کەم، هێنــدەی دووری نێوان جۆگەلەیەکی باریک و تیژ، دوور بــوو لەو بەهەشــتەوە کە دڵنیــا بــوو لە هــاتنی. بەهەشــتێکی خوڵقاو لە هێز و بازووی کرێکاران و جوتیاران.

لە مــاوەی دە مــانگی مــانەوەی لە گونــدەکەدا، بە دنیــای کــورد و کلتوریــان، ژیــانی ســادە و قورســیان ئاشــنا بــوو. چەنــد جارێــک هاوشــانی پێشــمەرگەکان چـــــووە جەنگـــــی بەرەنگـــــاربوونەوەی حەرەس قەومییەکـانەوە، کە بەردەوام هێرشـیان دەکـردە سـەر گونـدەکان و تاڵانییـان دەکـرد. گەرچـی زۆری هەوڵـدا لەگەڵ مەفرەزە چەکدارە شیوعییەکاندا چەک هەڵگرێت و ببێــتە پێشـــمەرگەیان، بەڵام حـــاجی میـــروەیس، رێگەی نەئەدا، بە کادری مەفرەزەکەی گوتبوو:

"ئەم کوڕە، ئامانەتی برایەکی ئەزیزمە، ژیانی لە ئەستۆی مندایە، بە هیچ شێوەیەک وەری ناگریت."

لە ماوەی دە مانگدا، فێری ژیان و کاروباری لادێ بوو، لە دروێنە و گولەبەرۆژە تەکاندن و شوانیدا بەشداری کاری هەرەوەزی دەکرد. بەڵام ئەوەی فێری نەبوو، زمانی کوردی بوو، دوای دە مانگ، تەنها دەیتوانی بڵێ. چۆنن، باشن، ئەویش بە فۆنەتیکێکی خراپ.

شتێکی تر کە لە گوندی گۆلباخ، بۆ یەکەم جار فێری بوو عەشق بوو. هەر زوو کەوتە داوی کەزیەی درێژ و نیگای گەشی بەفراوەوە، کچە ناسک و نازدارەکەی حاجی میروەیس. کە جارجارە و دوور و نزیک، لە نێو حەوشە و دیوەخانەکەی باوکیدا، هەندێ جاری تریش، لە کۆڵان و سەر کانیدا، دەیبینی. خێرا، بێ ئەوەی ببنە جێی سەرنجی هیچ رۆحلەبەرێک، نیگایەکی بروسکە ئاسایان دەگۆڕییەوە. بەفراو لەبەر حەیا و حورمەتی باوک و براکانی دوور، زۆر دوور خۆی رادەگرت. فیراسیش وەک کوڕێکی میوان و دالدە دراو، وەک غەریبەیەک، وەک گەنجێکی پەروەردەی خێڵ و عەشرەت، دەیزانی نابێت سنور ببەزێنێ و رازونیازی دڵی هەڵڕێژێ. دەیزانی عەشق هێڵی سوورە، لە کۆمەڵگای خێڵدا، پێیدەوترێت بێناموسی، ئەو وشەیەش باجی قورسی خۆی

لەسەرە. بۆیە هەردووک دووراودوور، بێ هیچ ورتە و قسـە و وشـەیەک عاشـقی یەک بـوون. پەیمـان و بڕیاری ژیانێکی ئەبەدییان بە یەکدا. پەیمانێک تەنها لە ڕێگـای چـاوەوە، لە ڕێگـای هەسـت و سـۆزی دووراودوورەوە. خـۆ ئەوان تەنـانەت لە زمـانی یەکتـریش تێنەدەگەیشـتن. بەڵام گـڕ و ئـاگری خۆشەویستی، کوا گوێ بە بەربەست دەدات.

پـاش دە مانـگ، کـاتێ بەعسـییەکان بە هەمـان شـێوەی هاتنیـان لە دەسـەڵات دوورخـرانەوە. تـا رادەیەک ژیـان چـووەوە دۆخـی پێشـوتری. فیراسـیش گەڕایەوە شـارۆچکەکەی خۆیـان. بەڵام وەک پەنـدە عەرەبیـیەکە دەڵێـت:"چـوونە حەمـام وەک هـاتنە دەرەوەی نییە." ئیدی ئەو کوڕە سەرکەش و یاخییە نەبوو کە دەیویست لە پڕدا، ژیان ژێر و ژوور بکات. لە ئۆقیانووسـەوە بـۆ کەنـداو، بکـاتە یەک چینـی بـێ چەوساندنەوە. کەمتر دەدوا و کەمتر دەجووڵا. وەک ئەوەی کەفوکـوڵی شـیوعییەت، جـگە لە دمامـک و پەنـاگەیەک بۆ تەنیایی و پووچیی ژیـانی، هیچـی تـر نەبووبێـت. کەمـکەم نـاوی هـاوڕێ لینـین و سـتالین، فەهـد و حـازم، بەسـەر زارییـەوە جێگـای بـۆ نـاوی بەفراو چۆڵ دەکرد.

پـاش دە مانـگ مـانەوە، بەرەبەیانێـک بە کۆڵێـک دیـارییەوە، بە دڵێکی پڕ عەشقەوە، عەشقی بەفراوە

شـۆخ و شـەنگ، ماڵئـاوایی لە گونـدی گۆلبـاخ کـرد. لەگەڵ بـاوک و برایەکیـدا، کە ڕۆژی پێشـووتر بە دوایدا هاتبوون، بەرەو شارۆچکەکەی خۆی گەڕایەوە.

بیست ڕۆژی پێناچێ، بە یاوەری باوک و دایک و خـزم و خوێشـی، لەگەڵ یەک پیکـاب دیاریـدا دەگەڕێـنەوە گۆلبـاخ، داخـوازی بەفـراو بـۆ فیـراس دەکەن.

## س سەعید و بەعس

عەبدولسـەلام عـارف، کە پلەدارێکـی سـەربازیی گەورەیە و هاوکـات سـەرۆک وەزیرانیشـە، وەک یەکێـک لە نەتەوەییـیە توندڕەوەکان، کۆدەتـا بەسـەر بەعسدا دەکات و کۆتایی بە جەوروستەمیان دەهێنێت. لە سـاڵی ١٩٦٤ دا، دەسـتورێکی نـوێ بـۆ عێـراق دادەنێت، کە لە کولەکەی تەڕیشدا باسی کورد ناکات. بە پێـی ئەو دەسـتورە، عێـراق وڵاتێکـی عەرەبیـیە، بەشـێکە لە نەتەوەی عەرەب، لە مـادەی یەکـدا دەڵێـت:(عێراق وڵاتێکـی دیموکراسـی سۆشیالیسـتییە، ئەم دوو چەمکە لە کلتـوری عەرەبـی و ئیسـلامییەوە وەردەگرێت. عێراق یەک خاکە، هەرگیز دەستبەرداری

ئەوە نابێت کە بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب و زمانی فەرمی دەوڵەت تەنها زمانی عەرەبییە.)

هەر لەگەڵ نوسینەوەی ئەو دەستورەدا، لە شارۆچکەیەکی نزیک بە پایتەخت، دوانەیەک دێنە دنیاوە، لە باوکێکی عەرەب و دایکێکی کورد، دوانەیەکی کوڕ و کچ، تێکەڵەیەک لە دوو زمان. بە لەدایکبوونیان درزێکی گەورە دەخەنە دەستورە نوێکەوە.

فیراس چووە کۆلێژی سەربازیی، تەنها رۆژانی پێنج شەممە و هەینی دەکەوتە ماڵەوە. بەفراو، وردە وردە بە زمان و دابونەریتی عەرەبی ئاشنا دەبوو. زۆربەی کاتەکانی بۆ بەخێوکردنی دوو ساواکەی تەرخان کردبوو.

ژیان بۆ خەڵک بە گشتی سادە و بێ کێشە دەچووە پێش. بۆ دەستەبژێری سیاسی و حیزبیش، پڕ شەڕ و ململانێی دەسەڵات بوو. ئەو رۆژەی سەرۆک لە فڕۆکەکەیدا بوو بە خەڵوز، بەفراو بەدەم ژانەوە، دوانەیەکی تری خستەوە. دوو کوڕی قژ رەش وەک باوکیان، جەستە سپی وەک دایکیان. بەڵام ئەوەی بووە جێی داخی هەموو خێزانەکە، مردنی سەرۆک و دارودەستەکەی نەبوو. بەڵکو بە مردوو لە دایکبوونی یەکێک لە کۆرپەکان بوو. نە گریان و نە جووڵەیەکی نەبوو، بەر لەوەی هەوای ئەم دنیایە

هەڵمژێ، بەر لەوەی چاوی بەر رووناکی بکەوێ، مرد و گەڕایەوە بۆ نەبوون.

ئەو رۆژە جگە لەو کۆرپەیە، هاوکات عەبدولسەلام عارفی سەرۆک و هەندێک لە وەزیر و پلەدارەکانی دەوڵەت، لە نێو فڕۆکەکەدا کە بە رێوەبوون بەرەو شاری بەسرە، کەوتنە خوارەوە و تیاچوون. باری قورس و رەشی خەم تەواوی وڵاتی داپۆشی. تا ئێستاش کەس نەیزانی چۆن و بە چ هۆکارێک، یان بە دیاریکراوی کێ لە پشتی رووداوەکەوە بوو!

لە ئاینی ئیسلامدا، کۆرپەلە گەر بە مردوویش لە دایک ببێت. هەر دەبێ ناو بنرێت و بۆ ئەو دنیای پێویستێتی. مردووەکەیان ناو نا سەعید، زیندووەکەیش یاسر، کە دواتر بە درێژایی ژیانی، یاسر هیوای بە سەعید دەخواست، دەیان هەزار جار لە ماوەی ژیانیدا دەڵێت:

" بریا من لە بری برا جمکەکەم بمردمایە، چارەنوسی ئەو هی من و هی منیش بۆ ئەو بوایە."

وڵات لە ئاشوب و بەرەڵاییەکی گەورەدا بوو، هێز و لایەنەکان، بە گشتی لە ململانێی چوونە دەسەڵاتدا بوون.

فیراس بەردەوام بوو لە خوێندنی سەربازیی و بەفراویش لەماڵێکی ئارامدا، ماڵێکی پڕ لە شووبرا و خەسو و خەزور، ژنانی عەبا رەشی خزم و خوێشی

مێــرد، هەمــوو کــار و ژیــانی پەروەردە کردنــی منداڵەکانی بوو. هاوکات هێدی هێدی فێری زمانی عەرەبی دەبوو. هێشتا فیراس خوێندکاری کۆلێژی سەربازیی بوو. جارێکی تر، سەرلەنوێ بەعسییەکان هاتنەوە دەسەڵات، دیسانەوە لە ڕێگای کودەتایەکی ترەوە، جڵەوی فەرمان ڕەواییان گرتەوە دەست.

ساڵی ١٩٦٨ دەبێتە ساڵی سەرەتا و دەسپێکی ڕژێمێکی دیکتاتۆری فاشی، بۆ عێراق. لە ماوەیەکی کەمدا، جەماوەری بەرفراوانی عێراق لە شیوعییەتەوە دەگوازنەوە بۆ بەعس ولێشاوێک لە خەڵک دەچنە ڕیزەکانی ئەو حیزبەوە کە هێشتا کفنی قوربانییە زۆرەکانی پێشوویان زەرد نەبوو بوو.

یەکێک لەو کەسانەی دەچێتە ڕیزی حیزبی بەعسەوە فیراسە، لە خەونی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاوە، دەگوازێتەوە بۆ دیکتاتۆرییەتی حیزب. دوای ئەوەی کۆلێژی سەربازیی تەواو دەکات، هەر زوو پلەوپایەیەکی سەربازیی باڵا دەگرێتە دەست.

بۆ تەفرەدانی جەماوەر، ئەم جارە بەعسییەکان وەک پێشوو، هەڵەکانیان دووبارە نەکردەوە، بە کوشتوبڕ و تاوانی گەورە دەستیان پێنەکردەوە. بەڵکو هەر زوو لە ڕێگای کۆمەڵێک چاکسازی و خزمەتگوزارییەوە خۆیان سەپاند. هاوکات لەگەڵ سڕینەوەی نەیارەکانیان، کەوتنە بنیاتنانەوەی وڵات و

هەمـوو ئەو پـڕۆژانەی پـێش خۆیـان خسـتە بـواری جێبەجێکـردنەوە. بەمەش سـەرنجی هەمـوو تـوێژ و چینەکانیان بۆ لای خۆیان کەمەند کێش کرد. توانییان لە مەودایەکی کورت و کەمدا، بە تەواوەتی کۆنترۆڵی وڵات بکەن.

تاقە کار کە بەعسییەکان، لەسەری بەردەوام بوون و تۆکمە تر و بەرنامەڕێژ تر کاریان لەسەر دەکرد. جەنگـی دژ بە کـورد و مەسـەلەی تەعریـب کردنـی ناوچە کوردییەکان بوو. بە تایبەتی شاری کەرکوک و دەوروبەری، کە هەر لە دروسـتبوونی دەوڵەتـی عێـراقەوە، لە کـاتی مەلەکیـیەوە، بەردەوام و بـێ جیاوازی هەموو حکومەتەکان بە هەمان میکانیزم بە لێشـاو عەرەبیـان بـۆ دەنـارد و خەڵـکە کـوردە ڕەسەنەکەیان بە زەبری هێز لێ ڕادەگواست. ئەمەش بە مەبەستی گۆڕینی باری دیمۆگرافی شارەکە و بە عەرەبکردنی.

هێشتا ساڵێک نەبوو کە جڵەوی حوکمیان گرتبووە دەست، سوپا لە گوندی دێکانی، سەر بە پارێزگای موسڵ، شەست و حەوت ژن و منداڵ و پیری کورد کە لە ترسـی تـۆپ بارانەکانیـان پەنایـان بە بەر ئەشکەوتێک بردبوو. ئاگریان تێبەرئەدەن و لە ناو ئەشکەوتەکەدا دەیانسوتێنن. ئەو سوپایەی کە هێدی هێدی دەگۆڕدرا بۆ گیانداریکی دڕندەی رامکراو و

دەستەمۆی بەعس، ئەو سوپایەی شەڕی ئەبەدی و بەردەوامی لەگەڵ کوردەکاندا بوو.

یەکەم جەنگیش، کە بەعس هەڵیگیرسان. هەر جەنگی دژ بە کورد بوو. ساڵی ١٩٧٤ لە تەواوی چیاکانی کوردستاندا، بوو بە قرمەژنی گوللە و زرم و کوتی تۆپ و دەنگی سامناکی فڕۆکە. فیراس کە پێشتر لە کودەتای یەکەمی بەعسدا، لە گوندێکی کوردانەوە دژیان جەنگا و وەک شیوعیەکی بە بڕوا و ئازا بەرەنگاریان بووەوە. ببووە ئەفسەرێکی جەسوور و ملهوڕی سوپا و لە پێشی پێشەوە شەڕی دژ بە پێشمەرگەی دەکرد. گوندە کوردییەکانی جێ هەواری عەشقەکەی پێشووی بۆمباباران ئەکرد. وەک دوژمنی سەرسەخت تەماشای دەکردن. ئەو خەڵکەی پێشتر داڵدەیان دابوو، کەوتبوونە ژێر ڕەحمەتی تۆپ و تفەنگی سەربازەکانی. تەنانەت دوو دیلی خەڵکی گۆلباخ، کە پێشتر وەک برای خۆیان مامەڵەیان کردبوو، بە دەستی خۆی گوللەباران کرد.

فیراسی کۆنە شیوعی، هەم لە ئەفسەرە لە پێشەکانی جەنگی دژ بە کورد و هەم لە یەکەمەکانی هاوردەی سەر خاکی کەرکوک بوو. خێزانێک بوو لەو سەدان خێزانە عەرەبە هاوردانەی بە مەبەستی تەعریبکردن، گوازرانەوە سەر خاک و ناوچەی کوردان. لە بەرامبەریشدا بەردەوام، ڕۆژانە خێزانە

کوردەکان، خاوەنی راستەقینەی شارەکە، بە زەبری هێز و چەک، دەردەکران. وەک قەرەج، بە خۆیان و پریاسکەکانیانەوە ئاوارەی شارە کوردییەکانی تر دەبوون. عەرەبە هاوردەکانیش، جگە لە پارچە زەوییەک، دە هەزار دیناری سویسریشیان پێدەدرا تا خانووەکانیان بنیاد بنێن. کە لای کوردەکان، ئەو خێزانە عەرەبانە، بە دە هەزاری ناو دەبران.

بەفراو، دڵخۆش بوو بە گواستنەوەیان بۆ کەرکوک، بۆ ئەو وەک گەڕانەوە بوو لە غەریبییەوە بۆ هەوار و نیشتیمانی خۆی. سەرشار بوو بە نەشئە و کەیف و خۆشی. هێندەی غەریبی چەشتبوو، ئاگای لەوە نەبوو، کە گەڕانەوەی بۆ هەوارەکەی، بەشێکە لە بەرنامەی داگیرکاری و پاکتاوی رەگەزیی مەملەکەتەکەی. ئەوەی بۆ ئەو گرنگ بوو، نزیک بوونەوەی بوو لە هەواری خێزان و رەچەڵەکە راستەقینەکەی. گەرچی ئەو عەشق سەری پێهەڵگرت، بەڵام ئەو عەشقە ئیتر خامۆش و سارد و سڕ بوو. یەکەم گورزی بەعس، بەر عەشق کەوت و دڵەکانی وەرگێڕایە سەر توندوتیژی، پیاوەکانی کردە کۆیلەی خوێن رشتن و گورگی دڕی نیشتمان. لە مێژ بوو لە نێوان دڵی خۆی و دڵی فیراسدا، رایەڵێک نەمابووەوە. بەعس پیاوەکەی لە عەشق و خاوەن بەهای مرۆڤایەتییەوە کردبووە دڕندەیەکی بێ هەست و

ڕەگەزپەرســـت و فاشیســـت. ئەوەی بـــۆ بەفـــراو مـــابووەوە، تەنهـــا منـــداڵەکانی بـــوو. تەنهـــا خەم و فرمێســـکەکانی بـــوو بـــۆ کەســـوکار و جـــێ هەواری منداڵی. کەرکوک بۆ ئەو گەڕانەوە بوو بۆ ماڵە باوانی، بۆ لای برا و خزموخوێشی.

پێشـتر بە وریـایی خـۆی منداڵەکانی فێری زمـانی کـوردی کردبـوو. هەسـتی ئەوەی لە نێـو عەرەبانـدا، منـــداڵەکانی زمـــانی دایکییـــان لە دەســـت دەدەن. وایلێکردبوو لە ماڵەوە بە پێچەوانەی دەرەوە، تەنها بە کـوردی لەگەڵیـان بـدوێت، هاوشـانی زمـانی باوکیـان، فێری زمانەکەی خۆیشی ببن.

بە بارکردنیـان بـۆ کەرکـوک، دایـکە بەفـراو، ئەو خەمەشی لە کۆڵ بووەوە. شار و گەڕەک و قوتابخانە پڕ پڕ بـوو لە کـورد زمـان. ئەو کـاتەی گواسـتیانەوە کەرکوک، خالید و ئەسـرا، تەمەنیـان نـۆ سـاڵان بـوو. یاسریش تەنها هەشت ساڵ بـوو. لە قوتابخـانە پۆلێک لە هـاوڕێی نـوێی، لە کـورد و تورکمـان و عەرەب و مەسیحی بۆ پەیدا بوو. هەر زوو بوو بە بەشێک لەو دنیا نوێیە، دڵخۆش و تەبا، بووە قوتـابیەکی گوێڕایەڵ و خۆشەویستی قوتابی و مامۆستاکانی.

یاسـر بـووە هاوکێشـەیەک لە نێـوان سـێ فـیگەردا، نێـوان بـاوکی لە لایەکەوە، بـاوانی بـاوکی لە نزیـک بەغداد، باوانی دایکی لە گۆلباخ لە لایەکی ترەوە. هەر

وەک چۆن ناوەکەشی بووە سێ بەشەوە، خێڵی مامەکانی بە یاسر بانگیان دەکرد. هەرچی رەچەڵەکە کوردییەکەش بوو بە یاس، لە قوتابخانەش نازناوەکەی بوو بە دوورەگ. پاش ئەوەی کە ئاشکرا بوو کە لە باوکێکی عەرەب و دایکێکی کوردەوە هاتۆتە بوون.

یاسر یان یاس، هەر زوو لە منداڵییەوە بەر دوو جۆر مرۆڤی جیاواز کەوت. لە نێو دوو زمان و دوو ژینگەی جودادا. هەر زوو هەستی بە بەخشندەیی و جوانی دنیای پڕ خۆشەویستی نەنکە سەبووحە عەرەبەکەی و نەنکە جەمیلە کوردەکەی کرد. دەیبینی هەردووکیان سیما، بە تایبەتی چەناگەیان بە ریزە خاڵ چنراوە، هەردوو نەنک بەدەم گۆرانییەوە مانگاکانیان دەدۆشن. وەک یەک هەموو رۆح لەبەرێکیان خۆش دەوێت، هەر یەکەیان خۆی بە قوربانی دەکات و شیرینی دەدەنێ. وەک یەک نوێژ دەکەن، وەک یەک خێر و حەسەنات دەبەخشنەوە، لە خزمەتی هەموو کەسێکدان.

هەر زوو هەستی کرد، منداڵ و کچ و ژن و پیرەکانی هەردوو رەگەزەکەی بەشێکن لە سروشتی ئارام و هیچ بانگەشە و بیرکردنەوەیەکی شەڕەنگێزانەیان نییە، کەس بە دوژمن و ناحەز نابینن. تێگەیشت سەرچاوەی ئاشوب و شەڕ، گەنج و

پیاوەکانن، هەستی کرد خودا لای نەنکەکانی، ئەوەیە کە بە لێشاو شیر دەڕژێنێتە گوانی مەڕ و مانگاکان، ئەوەیە بە لێزمە باران دەبارێنێتە سەر کێڵگەکان، ئەوەیە نەوەکـــــــــــان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زۆر و عەمبارەکان پڕ گەنم دەکات. پێچەوانەی گەنجەکان، کە خودایان وەک پاڵپشت بۆ جەنگ و داگیرکاری باس دەکرد. نیشتیمانیش بۆ ئەو جێگایەک بوو کە یاری تێدا دەکرد. هەندێ جار نیشتمانی ئەو، تەختایی بیابان و سێبەری دار خورمای بەرز بوو، هەندێ جاری تریش بەردەڵانی دامێنی چیای بەرز و سێبەری دار بەڕوو بوو.

ئەوەی تێینەدەگەیشت، شەڕی پیاو و گەنجەکان بوو، جنێو و نوکتە سەخیفەکانیان بوو لەسەر یەکتر. پیاوە مل ئەستور و ورگ زلەکان، لە هەردوو نەتەوە، باسی فیداکاری بۆ نیشتیمان و کوشت و بڕی دوژمنیان دەکرد.

دووڕەگ لە قوتابخانەدا، هێمایەکی تەبای نێو بیردۆزێکی گەورە بوو. ساڵ دوای ساڵ نیمچە زیرەکانە قۆناغەکانی دەبڕی. هاوینان پێیەکی لە گوندەکەی باوکی و پێیەکی لە گۆلباخ بوو. تەمەنی نزیکەی نۆ ساڵ دەبوو. کە بۆ یەکەم جار پێشمەرگەی بینی، کە ڕژابوونە نێو ئاوایی. ئەو کات هێندە گێل بوو، بە خاڵی وت:

" خاڵە، ئەمانە چین؟! "

خاڵی ئەو ڕۆژە ماوەیەکی زۆر قسەی بۆ کرد، مێژووی کورد و شۆڕشەکانی، کێشەی خاک و نیشتیمان، کێشەی کورد و هەرەمی دەسەڵاتی عێراق. باسی پێشمەرگە، ئامانجی پێشمەرگە، باسی هەموو شتێکی بۆ کرد.

یاس باش تێنەدەگەیشت، بۆیە بە کونجوکۆڵییەوە لەسەر یەک پرسیاری دەکرد:

"خاڵۆ، ئەمانە لەگەڵ کێدا شەڕ دەکەن؟"

"لەگەڵ دەوڵەتدا، لەگەڵ تاوانبار و کورد کوژەکانی بەعسدا، لەگەڵ ئەو عەرەبانەی خاکەکەمانیان داگیر کردووە، لە نموونەی باوکت."

چەند ڕۆژێک دواتر لەسەر سفرەی نانی ئێوارە، بە باوکی وت: "پێشمەرگەم بینی، ئەوان زۆر ئازان."

باوکی بە بیستنی ناوی پێشمەرگە، وەک بەرازێکی کێوی پرماندی، چاوە زەقەکانی بڕییە بەفراو. پاشان تا هێزی تێدا بوو زللەیەکی کێشا بە بناگوێی یاسردا، زللەیەکی هێندە توند، بە پشتا خستی و چاوەکانی پڕ کرد لە ئاو. لە هێکڕا خالید و ئەسرا، هەر یەکەیان بە لایەکدا هەڵهاتن. بەفراو بەدەم قیژەوە پەلاماری جەرگەکەیدا و گرتییە باوەش، بە پرتەوبۆڵەوە هاواری کرد: "کوڕەکەت کوشت، هەی ماڵتم بە قوڕ گرت.!"

فیراس کە هەمیشە لە نێو ماڵدا، جلوبەرگی فەرمی سەربازی لەبەر بوو. بەدەم جنێو و قریشکەوە، دەستی برد. نیتاقە سەربازییەکەی لە پانتۆڵەکەی راکێشا و هەتا هێزی تێدا بوو کەوتە لێدانی بەفراو، کە خۆی دابوو بەسەر منداڵەکەیدا، لەگەڵ هەر پیاکێشانێکدا ئۆف و ناڵە و گریانی بەرزتر دەبووەوە.

چەشنی وەحشێک، کە پەتی پچڕاندبێ، بە دوو چاوی ترسناک و دەمێکی پڕ جنێوەوە، بە هەموو توانایەوە، بە پشت و سەری ژنەکەیدا دەکێشا و دەینەڕاند:

"هەمووی لەژێر سەری تۆدایە، سەگبابی بێ ئابڕو، هەزار جارم پێ وتی، بەس ئەم منداڵانە بەرە لای ئەو لادێیە تێکدەرە وەحشیانە. دەتەوێ منداڵەکانم لە دەست دەرکەیت، بیانکەیتە موخەڕب، بیانکەیتە تێکدەر و دژە حیزب. چەند ساڵە من هەوڵدەدەم ببن بە پیاو، بە پاڵەوان، بەڵام تۆ دەیانخەیتە بەردەستی برا خوێڕییەکانت تا مێشکیان تێکبدەن."

ئەو شەوە لە ماڵەکەدا، هەموان دەگریان و دەنوزانەوە، منداڵەکان ترس و سام رەنگی بە رووبانەوە نەهێشتبوو. بە دەوری دایکیاندا گرمۆڵە ببون و دەنوزانەوە. دایکیشیان بە لا چاوی شین هەڵگەڕاو و ئاوساوەوە، بە جەستەی پڕ ئازارەوە دەینالاند، بە خوڕ فرمێسکی هەڵدەڕشت. هەرچی

فیراسیش بوو چووبووه دەرەوە بۆ لای ڕەفیقە بەعسییەکانی، لە یەکێ لە یانەکان، بەدەم گوێگرتن لە سەعدی حلییەوە، دەیخواردەوە.

بۆ سبەی بە بەرگی فەرمییەوە، بە باقوبریقی ئەستێرە و دالی سەر بێرییەوە، ڕەپ و ڕاست لە بەردەم منداڵەکان و دایکیاندا وتی:

" ئیتر بە هیچ شێوەیەک بۆتان نییە بچنە سەردانی گوندی گۆلباخ، خەڵکانی ئەوێ خائین و ئینفیسالین، تێکدەر و دژە شۆڕشن، هەموو ژیانیان جەردەیی و پیاو کوژییە."

بەفراو هەڵیدایێ: "جا کوا خۆ تۆیان نەکووشت!"

"منیان نەکووشت، چونکە ئەو کات خەریک بوو دەبوومە یەکێک لەوان، منیش دژە شۆڕش و دژە نیشتیمان و نەتەوەکەم دەجەنگام. لای خزمانی تۆ چەتە و یاخی خۆشەویستن، تۆ دەتەوێ منالەکانم وەک براکانت خوێڕی و ئاژاوەگێڕ دەربچن، ڕێگات نادەم ئەقلیان تێکبدەیت."

بەفراو کەوتە پرتەوبۆلەوە، لە ڕیزەکە چووە دەرەوە و بەدەم پێوەدانی توندی دەرگای ژوورەکەوە وتی:

"خوا ئەقلت بداتێ، ئەم دەبەنگی و مل هوڕییەی تۆ دەستت داوەتێ ئاخیری خێر بێ!"

فیــراس دیســانەوە هــاواری بەســەر منداڵەکانــدا کردەوە:

" ئیتــر بە هــیچ جۆرێــک نــاچنە لای خــاڵۆ بــێ شەرەفەکانتان."

لای ئێوارە خاڵە فەرهـاد، سـەردانی کردن. هەر کە چـاوی بە سـیمای خوشـکەکەی کەوت. راچەڵەکـی و هاواری کرد:

" ئەمە کێ وایلێکردووی؟!"

بەفراو، نەیتوانی هیچ بڵێ و لێوی کەوتە تەتەڵە، بە چاوانیـدا فرمێسـکی گەش و گەرم دابـارین. فەرهــاد دیسانەوە دەنگی هەڵبڕی:" چی بووە، قسە بکە، ناشـێ ئەو خوێڕییە بەعسییەی مێردت وایلێکردبیت؟"

بەدەم هـــــاواری خاڵیــــانەوە، منـــــداڵەکان لە ژوورەکانیـانەوە هــاتنە دەرەوە. مــات و مەلــوول لە خاڵیان دەڕوانی، کە تورە و بەرز دەدوا.

فەرهاد، لە ئەسرا چووە پێشەوە و پێی وت:

"روداوەکەم بۆ بگێڕەوە.؟"

ئەسـرا بەدەم لوشکەلوشـکی گریـانەوە وتی:"یاسـە باسـی پێشـمەرگەی کـرد، باوکیشـم زللەیەکـی لێدا و دوایی بە نیتاقەکەی پشتی کەوتە گیانی دایکم."

فەرهاد دەستی کرد بە پشتوێنەکەیدا، دەمـانچەکەی هــات بە دەســتییەوە، لەگەڵ خــرمەی میـل راکێشــاندا

هاواری کرد: "کوا ئەو سەگبابە پێ پەتییە، لە کوێیە؟ بە گۆڕی شەهیدان، هەر ئێستا وەک سەگ دەیتۆپێنم."

بەفراو غەمگین و کز وتی:" دەمانچەکەت لابە، ئەو منداڵانە مەترسێنە، لە ماڵ نییە ئەم بەیانییە ملی شکان و رۆشتەوە بۆ سەربازگەکەی."

فەرهاد تورەتر وتی:" بە گۆڕی شەهیدان وەک سەگ دەیتۆپێنم."

بەفراو هەستا، هەر دوو دەستی خستە سەر دەمانچەکەی دەستی، بە سۆز و بەزەییەوە پێی وت:" برام وامەڵێ، هەرچۆنێک بێت باوکی ئەم منداڵانەیە، حەواڵەی خودای کە، خوێنی ئەو گلاوە مەخەرە ئەستۆی خۆت."

تورەتر فەرهاد وتی:"ئەوە چ باوکێکە، وەک سەگ بەرببێتە گیانی ماڵ و منداڵەکانی."

بەفراویش دیسانەوە بە کروزانەوە وتی:" قەیناکە برام، تۆ خۆت مەئاڵێنە ئەم دڕندە و پیاو کوژانە، ئەوانە خودا نەناسن، هەموو تاوانێکیان لە دەست دێت، حەواڵەی خودایان بکە."

پاش ئەوەی کەمێک ئارام بووەوە، رووی کردە خالید و لێی پرسی:"ئەگەر هەتە، زەرفێکی نامەم بۆ بێنە؟"

خالید دەرپەڕی، فەرهاد شانەی دەمانچەکەی دەرکرد، یەک فیشەکی چکۆلانەی زەردی لێ دەرهێنا.

خالید گەڕایەوە و زەرفێکی سپی نامەی بۆ خاڵۆی ڕاگرت.

فیشەکەکەی خستە نێو زەرفەکە، زمانێکی بە لا سریێشەکەیدا هێنا و توند دایخستەوە.

نامەکەی بۆ یاس درێژ کرد و وتی:" کە باوکت هاتەوە، ئەم نامەیە بدەرە دەست و پێی بڵێ، لە فەرهادەوە بۆت هاتووە. ئەگەر کەر نەبێ تێدەگات."

یاس بە ترس و شڵەژانەوە نامەکەی وەرگرت. بەڵام هەر دوای ئەوەی خاڵۆیان ماڵەکەی جێهێشت. دایکی زەرفەکەی لێوەرگرت و خستییە کونی زێرابەکەوە.

لەوە بەدوا، شەڕ کەوتە نێو ماڵەکەوە، شەڕ منداڵەکان و بەفراوی کردە دوو لەتەوە، دوو پەلی نێو دوو جەمسەری دژ و ناکۆک بە یەک. لە لایەکەوە فیراسی باوک و مێرد، پیاوی بە هێز و دڵڕەقی دەوڵەت و دەسەڵات. لە لایەکی تریشەوە فەرهادی برا و خاڵۆی جەربەزە، یاخی و دژە دەوڵەتی بەعس.

فراوانتریش، لەسەر ئاستی وڵاتدا، شارەکەیان، کەرکوک، بووە هۆی هەڵگیرسانی جەنگە گەورەکە، پاش نزیکەی چوار ساڵ لە نیمچە ئاشتی و بەیاننامەی یانزەی ئازاری ١٩٧٠ دا. بە هۆی ملنەدانی بەعس و دەرکردنی شارەکە لە ناوچەی

خودموختــاری، دیســانەوە جەنگــی کــورد و بەعــس دەستی پێکردەوە.

ســەرکردایەتی شۆڕشــی کــوردی، مکــوڕ بــوون لەســەر ئەوەی کەرکــوک شــارێکی کــوردییە، دەبێــت بکەوێـتە نێـو سـنوری کوردسـتانەوە. بەڵام پاسـاوی بەعس ئەوە بوو، لە کەرکوک بە تەنها کورد ناژێ. شارێکە دەکرێ وەک بچووک کراوەی عێراق تەماشا بکرێت. هەموو نەتەوە و ئاینزاکانی تێدا هەیە، ناکرێ بخرێتە سەر ناوچەی خودموختاری. بەڵام لەراستیدا مەسەلەکە نەوت بوو. ئەو بەڵا ئەبەدییەی خۆرهەڵات، نە بەعس و نە هیچ وڵاتێکی ناوچەکە، ئامادە نەبوون بە پاسـاوی هەنـدێ بەڵـگەی مێژوویـی شـارێکی پـڕ نەوت و دەوڵەمەنـد، شـارێکی گرنـگ و نـاوچەیەکی ستراتیژی بدەنە کورد. لە بەرامبەریشدا کوردەکان، دەیانزانی خودموختاری بێ کەرکوک، هیچ ئایندەیەک دەستەبەر ناکات.

دواجار کە فیراس و فەرهاد، وەک دوو تینوو بە خوێنی کەللەسەری یەکتر رووبەڕوو کەوتنە بەرامبەر یەک، چەند رۆژێک بەر لە هەڵگیرسانی جەنگەکە بوو. لە نێــو ژووری میوانــدا، بە بەرچــاوی بەفــراو و منداڵەکانەوە، فەرهاد رووی دەمانچەکەی کردە سەر سینگی فیراس و پێی وت:

"دواجار کەوتیتە بەر دەستم، نامەردی ناپیاو."

فیراس بە کەمێک ترس و شڵەژانەوە وەڵامیدایەوە:

"لە نێو ماڵەکەی خۆمدا و بە بەرچاوی ژن و منداڵەکانمەوە، چەکم لێ ڕادەکێشی، هەر بە راستی تۆ خۆفرۆش و بێ شەرەفی."

"هەرچییەک بم، پێڵاوەکانم تۆ ئەهێنێ، تۆ گەر پیاو بویتایە نەئەکەوتیتە گیانی ژن و منداڵەکانت، گەر یەک تۆز غیرەت و کەرامەتت هەیە، ئەوە دەمانچەکەشم لا ئەبەم، وەرە پێشەوە."

فەرهاد دەمانچەکەی فڕێدا، هەڵمەتی بۆ برد.

بەفراو، بەدەم قریشکەیەکی درێژەوە خۆی هاویشتە نێوانیانەوە، بە گریان و پاڕانەوەوە هاواری کرد:

"نا توخودا نا، نەکەی براکەم."

ئەسرا و خالید و یاسریش، بە گریانەوە هاتنە دامێنی دایکییانەوە، زورەزورڕ دەگریان.

فەرهاد هەر هێندە فریا کەوت، دەمانچەکەی هەڵگرێتەوە و رووەو دەرگاکە مل بنێت. بەڵام بەر لە ئاودیو بوون، پەنجەی هەڕەشەی لە فیراس راوەشاند و پێی وت:"خودا بتکا بە قوربانی خێزانەکەت، ئەگینا وەک سەگ ئەمتۆپاندیت. بمێنم بۆ تۆ ئەمێنم."

فەرهاد رۆیشت و فیراسیش لە ژێر لێوەوە وتی:

" ئەمەت بە سەرەوە ناچێت."

هەر بە راستیش بە سەرییەوە نەچوو. سێ ڕۆژ دواتر، لەشکرێکی بێ شومار بە پاڵپشتی تانک و زرێپۆش و تۆپی دوور هاوێژ، لە هەموو لایەکەوە هێرشیان کردە سەر کوردستان. بە پاڵپشتی فڕۆکەی سیخۆ و باجێڕیش لە ئاسمانەوە کەوتنە بۆردومانی شارو و گوندەکان.

شارۆچکەی قەڵادزێ، بە هۆی ناپاڵم و موشەکی فرۆکەوە وێران کرا، نزیکەی دوو سەد کەس لە ژن و منداڵ و پیاو بوونە قوربانی. پاشان تەواوی خاک و شارەکان، کەوتە ژێر ڕەحمەتی ئەو فڕۆکە سۆڤێتیانەی کە گومان دەکرێت تەنانەت فڕۆکەوانەکانیشی هەر رووسی بووبن.

ڕۆژ دوای ڕۆژ جەنگ گەرمتر و فراوانتر دەبوو. نەبوونی چەکی پێویست و ئازوقە، گەورەترین ئاستەنگ و لەمپەری بەردەم شۆڕش بوو. لەوەش تراژیدیاتر ڕێکەوتنی عێراق و ئێران بوو، لە چوارچێوەی ڕێکەوتننامەی جەزائیردا، شکست و کۆتایی پێهێنانی شۆڕشەکە بوو.

شۆڕشی میللەتێک، لە پڕ وەک بلوور هاڕەی کرد و هەموو شتێ بە کۆتا هات، ئاشبەتاڵ کرا.

بە دەیان هەزار پێشمەرگە، چەکەکانیان دانا و بە خۆیان و خێزانەکانیانەوە ئاودیوی سنوری ئێران بوون. دەیان هەزاری تریش بە خۆیان و

چەکەکانیانەوە، تەسلیمی حکومەتی عێراق بوونەوە. کەس نەیزانی بۆچی و چۆن، شۆڕشێکی گەورە، لە پڕ ئاوا ئاشبەتاڵی پێکرا؟

## س سەرۆک و بیبیسوو

مرۆڤ نزیکەی نۆ مانگ و نۆ رۆژی گەرەکە تا پێدەگات و ئامادەی هاتنە ژیانەوە دەبێت. کەروێشک بە چل رۆژ بێچوو دەکات. کۆتر نزیکەی بیست و یەک رۆژ لەسەر هێلکەکانی کڕ دەکەوێت، تا دەتروکێن و دەبن بە بێچوو.

ئەی کۆمەڵگا دەبێ چەن وەخت کڕ و بێدەنگ بێت، تا باشترین و رەقترین دیکتاتۆرییەت هەڵبهێنێ. بە پێچەوانەشەوە، دیکتاتۆرێک پێویستی بە چەند رۆژ، یا مانگ، یا ساڵ، لە کڕ کەوتنی حەشامات دەبێ، تا لە خەم برەخسێ و بێتە بوونەوە.

لەو سـاڵانەی هێمنییەکـی رووکەش، بـاڵی بەسـەر وڵاتـدا کێشـابوو. دکتاتۆرێک ورد ورد لە هەڵکشـان و گەورە بووندا بوو.

لە هەنـاوی کـۆمەڵگەیەکی کـڕ کەوتـوودا، ئەژدیهـایەک بە هەزاران سـەرەوە، بە هەمـوو رۆح و دەمـاری کـۆمەڵگە و وڵاتەکەدا پەلوپـۆی دەهاویشـت. لە پشـتی هێمنـی و کپییەوە، ترسـناکترین دیکتاتۆری سـەردەمەکە لە خۆ بەهێزکردن و خۆ پڕ چەک کردنـدا بـوو. بە گشـتی خەڵـک بە ئاگـا نەبـوون بەرامـبەر ئەو هەمـوو قەڵا و زینـدانە ترسـناکانە کە هاوشانی قوتابخانە و نەخۆشـخانەکان و باڵەخانەکان دروسـت دەکـران. بەرامـبەر بەو سـەربازگە و دامودەزگـا سـەربازیی و ئەمنیـانەی شـارەکانیان گەمارۆ دەدا.

خەڵک نـاوەخن و مەرام و حەقیقەتـی ئەو پیاوەیـان نەدەزانـی کە هێـدی هێدی بە جـگەرە چـرووتەکەیەوە لێرە و لەوێ دەردەکەوت، لە یەک کاتـدا هەم نـوکتە و هەم جنێو و هەڕەشەی بڵاودەکردەوە.

ئەو دیکتاتۆرەی پێنج ساڵ پاش شکستی شۆڕشـی کوردی، پاش مـۆر کردنـی رێکەوتننـامەی جەزائیـر. بە چـرووتە کـوبییەکەی دەسـتی و پێکەنیـنە گاڵتەجـاڕییەکەیەوە، لە بەردەم حەشـاماتێک لە لێبـوک و گەمـژەی کـڕ کەوتـوو، کە بـۆ هەمـوو شـتێک

هەڵـدەپەڕن. بەڵگەنــامەی ڕێکەوتننــامەی جەزائیــری ئیمزا کراوی خۆی دڕی. سەرەتای درێژترین جەنگی سەدەی ڕاگەیاند کە هەشت ساڵ دەخایەنێت. هەر بە تەنها، ژمارەی سەربازە کوژراوەکانی هەر دوو لا، نزیک دەبێتەوە لە یەک ملیۆن سەرباز.

خەڵک لەو هەموو کوندەپەپویەش تێنەگەیشتن کە سپێدەیەک هەراسانی کردن. ئەو ڕۆژەی بە دەنگی کوندەپەپو بێدار بوونەوە.

ژن و پیاو لە نێو جێخەوەکانیانەوە ڕاپەڕین و بە ترسەوە، کەوتنە نزا و وێرد خوێندن: "خودایە بە خێری بگێڕی، خودایە بەڵا و ئافاتمان کەم نییە، لەوە زیاتر موبتەلامان نەکەیت!" بەسەر ئارێڵی سەربان و درەخت و باڵەخانەکانەوە، سەدان پەپوو، وەک ئاژێری ئاگادارکردنەوە سەدایان پەخش دەکرد. سەدانیش بە ئاسمانەوە باڵەفڕەیان بوو. شار خرووشا، ژن و پیاو و منداڵ، بە ڕەنگی زەرد، سیمای ترس و تۆقینەوە، ڕژانە سەر شەقام و سەربانەکان. هاواریان دەکرد، بە مەنجەڵ و سینی و ستوونی کارەباکانیاندا دەکێشا، بەردیان دەگرتە پەپووەکان.

بوو بە فڕکان فڕکان، بە دار و بەرد دەیانویست لە شاریان وەدەرنێن. وەک هێما و ئامــاژەی بەڵا و شوومی دەیانبینین. سەربانەکان پڕ بوون لەو پیاو و

منداڵانەی بە دارلاستیکەوە، شەڕی پەپووەکانیان دەکرد. ئەوانەی چەکیان هەبوو، کەوتنە راوکردن و بە هەموو لایەکدا تەقەیان دەکرد. شار خرۆشا، دەنگی تەقەی مەنجەڵ و سینی و تفەنگ، دەنگی کوندەپەپووەکان کە هەندێکیان وەک مار دەیانفیشکاند، هەندێکی تریان وەک سەگ دەوەڕین، وەک ئەسپ دەیانحیلاند، ئاوێتە ببوون و مرۆڤیان وڕوکاس دەکرد. بە هەر لایەکدا بتڕوانیایە، چاوت دەکەوتە ناو چاوی زەق و زەردی پەپووەوە، بە دوو گوێچکەی قووتەوە زەق زەق و بێ جوڵە دەیانڕوانی و دەنگێکی سامناکی شێوە دەنگی ئاژێریان پەخش دەکردەوە.

خەڵکێکی زۆریش خۆیان کووتایە نێو مزگەوت و کەنیسە و پەرستگاکانەوە، لەسەر چۆک دەستی بەزەیی و فریاکەوتنیان بۆ خودا بەرزکردەوە. لە مینبەرەکانیشەوە، سەدای ئەللهوئەکبەر بەرزبووەوە. سەدان کوندەپەپو، پێکەوە بە یەک ریتم، بەردەوام دەیانخوێند. هەزاران مرۆڤیش وەک شێت و هار، ترساو و رەنگ پەڕیو، هەڵدەهاتن و تێکچڕژابوون بە وێنەی رۆژی حەشر.

خەڵکی پێیان وایە، خوێندنی یەک پەپوو بەسە بۆ کاولبوونی مەملەکەتێک، چ جایی ئەو هەمووە کە رەنگە ئاماژەی روونی کۆتای هەموو دنیا بێت.

ئەو بەیانییە، لە تەواوی شار و ئاوەدانییەکانی وڵاتدا ئەم جۆرە باڵندەیە، وەک تاوەتەرزە باری.

دواتــر خەڵکــی، ئەو ڕۆژەیــان نــاو نــا ڕۆژی کوندەپەپو باران. ئەو ڕۆژەی بۆ دورخستنەوەی بەڵا و موسیبەت، مەڕ و مانگایان کردە قوربانی، خوێنی ئــاژەڵ و پەپووەکــان تــێکەڵ بــوون. پەڵەی خــوێن ســەربان و شــەقامەکانی داپۆشــی. کونــدەپەپوەکان شووم بوون؟ یان دەیانویست وڵات لە هاتنی ئافات و وێرانە و شوومیی، ئاگادار بکەنەوە؟

کە جەنــگ هەڵگیرســا، یاســر تەمەنــی گەیشــتبووە دەوروبەری پــانزە ســاڵ، خوێنــدکاری پــۆلی ســێی ناوەندی بوو. هەرچی برا و خوشکەکەی بوو، بەو پێیەی ساڵێک لەم گەورەتر بوون، هەردووکیان لە پۆلی چواری ئامادەیی بوون.

ئەو ڕۆژگــارە، ســنوری جەنــگ تەنهــا ســەر سنورەکان بوو. شار و گوندەکان، تەنها لە ڕێگای تیڤی و لافیتەی پرسەو و دروشمەکانی سەر دیوار و ڕۆژنامەکان، بەر جەنگ دەکەوتن.

ئەو سەردەمە ژمارەی دانیشتوانی عێراق سیانزە ملیۆن مــرۆڤ بــوو، زیاتر لەو ژمــارەیەش وێــنەی ســەرۆک هەبــوو. بەســەر دامودەزگاکــانی حیزبــی ســـەرکردە و حکومییەکـــانەوە، لە نێـــو بـــازاڕ و گۆڕەپانەکانــدا، بە دیــواری دوکــان و ماڵەکانــدا، لە

هەموو جێیەکی جێ سەرنجدا، وێنە و دیواربەند و پەیکەری سەدام حوسین دەبینرا. وێنەی هەمەجۆر و قەبارە جیاواز. لە وێنەیەکدا بە باڵای بەرز و قیافەتی گونجاو و شیکپۆشەوە سڵاو دەکات. لە یەکێکی تردا بە لا پاڵەوە، بە دەمی پڕ پێکەنینەوە، چا دەخواتەوە، ئەمەیان دەبوو هەموو چایخانەیەک هەڵیواسی بێت. سەرۆک بە بڕنەوەوە، سەرۆک بە جلی شینی کوردییەوە، کە دەستی بەرز کردۆتەوە و سڵاو دەکات. سەرۆک بە جلی عەرەبییەوە منداڵان ماچ دەکات. بە خودە پۆڵای جەنگەوە، لە ناو مەتەریزێکی پێشەوەی بەرەی جەنگدا، بە دووربین دەڕوانێت. بەسەر ئەسپی عەرەبییەوە، وەک دوا شۆڕەسواری بێ نمونەی نەتەوە. سەرۆک لە کاتی هەڵدانەوەی موجەمیدەی ماڵان. سەرۆک بە تاج و نەجمە و مەدالیای ئازایەتی و سەرکەوتنەوە. سەرۆک لە کاتی نوێژدا... سەرۆک... سەرۆک... سەرۆک...

ئەو رۆژگارە، مرۆڤ گەر چەند جارێک دایکی یا برایەکی ببینیایە، ئەوا لەسەر شەقام و نێو تەلەفزیۆندا، بە لای کەمەوە لە شەو و رۆژێکدا، پتر لە سەد جار، بگرە زیاتریش سەرۆکی دەبینی. ئیتر ئەو پیاوە، هەمیشە لە خەیاڵ و ئەقڵی هاوڵاتییەکاندا بوو. هەمیشە سەدام و هاوڕێکانت، سەدام و خانەوادەکەت، سەدام و کتێبەکانت، سەدام و شوێنی

سەر کارەکەت، ئاوێتە دەبوون. جارێک کچۆڵەیەک لە ڕێگـــای قوتابخـــانەکەی ئۆتۆمبیـــل لێیـــدەدات. بە پەلە ئەیگەیەننە نەخۆشخانە، کچۆڵەی بریندار و حەپەسـاو، هێنـدە باسـی سـەدامیان بۆ کردبـوو، هێنـدە وێنەکـانی بینیبوو، بەدەم وڕێنەوە لە بری هـاوارکردنی دایـک و بـاوکی، پڕ بە قاوشـەکە دەیقیـژان، بـابە سـەدام، بـابە سەدام.

کـــــــارگوزاری قوتابخـــــــانەیەک، لە کـــــــاتی خـاوێنکردنەوەی وێـنەی نێـو پۆلێکـدا، لە بـری ئـاو بە تف شوشـەی نـاو چوارچێوەکە خـاوێن دەکـاتەوە. بۆ نەگبەتـــی لەو کـــاتەدا مامۆســـتا ڕەفیـــق بەعســـییەکە، چـــاوی لێـــدەبێت و ڕاپێچـــی بەردەم دادگـــای حیزبـــی دەکەن. هەرچـی بـابەی هەژاری کـارگوزار دەگرێـی و دەپاڕێتەوە و نییەت پاکی خۆی دەردەبڕێ. بەڵام هیچ سـودی نـابێ، بە تـۆمەتی کەمتەرخەمـی و تفکـردنە وێنەی سەرۆکی فەرماندە، خودا بیپارێزێ، لە سێدارە ئەدرێت.

هەتـــا جەنـــگ، گەرمتـــر و تونـــدتر بـــوایە، چـــاوی وێنەکـانی سـەرۆک تیژتـر و زیـاتر دەبـوو بـۆ سـەر هاوڵاتیان. کەس لە دەرەوەی چاودێری چاوی وێنە و چاوی پیاوەکانییەوە نەبوو. لە نێوماڵیشدا، باوک لە منـــداڵ و دایـــک لە بـــاوک، دەرودراوســـێ لە یەک دەترسان.

هەموان دەیانگووت، بێدەنگ بە و هیچ مەڵێ، دار و دیوار، چاو و گوێی هەیە.

مەگەر لە بازنەیەکی زۆر تەسکی خانەوادەدا، یان هاوڕێیەتیدا، خەڵک بیانوێرایە لە ڕێگای نوکتەوە، یان جنێوەوە، دەردە دڵی خۆیان هەڵڕێژن.

نوکتەی باو ئەوەبوو کە خەڵک بە دزییەوە دەیان گووت. پێویست بە داگیرسانی تەلەفزیۆن ناکات. وێنەیەکی سەدام چەسپ بکەنە سەر شاشەکەیی و تەماشای ددانە سپییەکانی بکەن کە پێمان پێدەکەنێت. خۆ لە داڵەوە بۆ داڵ هەر خۆیەتی کە گوو دەخوات.

فیراسی باوک، پاش ئەوەی چەند خولێکی سەربازیی لە وڵاتانی پۆڵۆنیا و ڕۆمانیا دەبینێ. دەبێتە یەکێک لە ئەفسەرە گەورەکانی ناو سوپا و زۆربەی کات و تەمەنی، لە بەرەکانی جەنگدا بەسەر دەبات. ئەو کاتانەشی بە مۆڵەت دەگەڕێتەوە بۆ ناو خێزانەکەی، بێ ماندووبوون باسی بەرەکانی جەنگ و قارەمانێتی، سەرکەوتن و دلێریی، نەبەردی سوپا و پلان و ئەقڵی گەورەی سەرۆک دەکات. شانازی و لەخۆباییبوون، بەری چاو و دڵیان گرتبوو. شەوان بە زۆر، وەک ئەرکێکی ئەخلاقی و نەتەوایەتی، منداڵەکانی ناچار بە تەماشاکردنی دیمەنەکانی بەرەی جەنگ دەکرد.

لە چواچێوەی شاشەیەکی بچوکەوە، سەدان جەستەی هەلا هەلا بوو پیشان دەدرا. خوێن و گۆشت و ئێسک، کەللەسەری پڕژاو، لاق و دەستی قرتاو، گۆمی خوێن، تانک و تۆپی تێکشکاو، بە چوار دەوریدا دەیان تەرمی سەربازی برژاو.

هەموو شەوێ دوای نوێژی عیشا، ئەم کۆمەڵ کوژییە لە ڕێگای تەلەفزیۆنەوە دەرخواردی خەڵک ئەدرا.

ئەو شەوانە یاسر، لەژێر بەتانییەکەیەوە قوڵپ قوڵپ دەگریا، فرمێسک بە لا ڕوومەتەکانیدا دەڕژانە سەر دۆشەکەکەی. هێندە دەگریا، کونە لووتەکانی دەگیرا و لووشکە لووشکی پێدەکەوت. دەگریاو خەیاڵ و بیرکردنەوەی لای ئەو سەربازە کوژراوانە بوو کە دەمی پڕ هاواریان بڕیبووە ئاسمان. دەگریا و لە ترسا، لەژێر جێگاکەیەوە هەڵدەلەرزی. دەگریا و لە ناخەوە وردوخاش دەبوو. دەگریا و دیمەنی کوژراوەکان، تەرمی سەربازە ئێرانییە پارچە پارچە کەوتووەکان، بەر چاو و نێو خەیاڵیان جێنەدەهێشت.

شەوانی پڕ مۆتەکەی تەرم و ترس بوو. زۆربەی زۆری نیوە شەوان، لە خەو ڕائەچڵەکی، بەدەم هاواری، کوا دەستەکانم، کوا قاچەکانم، دەیزریکاند و هاوار و گریانی ماڵەکەی پڕ دەکرد.

ناچار دایکی، دەیبردە لای خۆیی و لە تەنیشت خۆیەوە جێگای بۆ رادەخست.
حاڵی خالید و ئەسراش، لەو باشتر نەبوون، شەوان هەموو دەخزانە تەنیشت جێی خەوی دایکیانەوە.
مانگانە ئەو چەند رۆژەی باوکیان دەگەڕایەوە. ماڵەکە، شێوەی سەربازگەیەکی وەردەگرت. دەبوایە هەموو جوڵە و کار و کاردانەوەیەک ریتم و رێوڕەسمی سەربازیی وەرگرێت. یاسای سەربازیی بە سەردا دەسەپاندن، ناچار بە لەبەرکردنی دروشمەکانی حیزب و وتەکانی سەرۆکی دەکردن.
شەوێک کە بڕیار بوو سەرۆکی فەرماندە، بە بۆنەی سەرکەوتنیانەوە لە هەموو بەرەکانی جەنگدا و پێشڕەوییان بۆ نێو خاکی دوژمن، وتارێکی مێژوویی گرنگ بڵێت. فیراس هەر سێ منداڵەکەیی و بەفراوی بە زۆر لە بەردەم تەلەفزیۆنەکەدا، ریز کردن. خۆشی بە جلی فەرمییەوە لە تەنیشتیانەوە دانیشت.
هەموو چاوەڕوان و مۆڵەقی بەردەم تەلەفزیۆنەکە بوون. سرود دوای سرود، بە شان و باڵی سەدامدا هەڵیدەدا، بە سەرکەوتن و شکۆ و گەورەیی قادسییەی سەدامدا.

تا دواجار داڵە کەلاک خۆرەکە دەرکەوت، لە گەڵیدا مارشــی وڵات لە مــاڵەکە و گەڕەک و هەمــوو شــار و وڵاتدا دەنگی ئەدایەوە.

سەرۆک بە جلی سەربازییەوە، کە سەر شانەکانی پــڕ داڵ و شمشــێر بــوو. بە ســنگی پــڕ مەدالیــای ئــازایەتییەوە دەرکەوت، بە دەنگێکــی گــڕ و ســامناک وتی:"بە ناوی خودا و حیزب و نیشتیمانەوە... "

کەوتە چەنەدان و زۆربلێیی، باسی مێژووی کرد، خــۆی بە نبوخزنەســر و پێغەمــبەر چووانــد. باســی قادســیەی یەکەم و ســەعدی کــوڕی وەقــاس، باســی دوژمنایەتی لەمێژینەی فارسی ئاگر پەرست و رۆڵیان لە شکستی گەورەی ئومەی عەرەبیدا کرد...

خالیــد و یاســر، کە وەک دوو گــوێگری بــاش دەرئەکەوتــــن، لە نــــاخەوە دڵیــــان لای دەرس و یارییەکــانی گەڕەک بــوو. خەیاڵیــان لای هاوڕێکانیــان بوو. ئەسرا لای بوکەڵە و یارییەکانی. بەفراویش بێ هــیچ هەســت و حەوســەڵەیەک، تەنهــا هەر تەماشــای دەکرد و گوێی لە هیچ نەبوو.

هەر بە تەنهــا فیــراس بــوو، کە هەمــوو لەشــی زەبەلاحی ببووە گوێ و چاویشی نەدەتروکاند.

"ئەی جەنگــــاوەران... ئەمە رۆژی جیهــــاد و ســەرفرازیتانە، بە هەمــوو توانــا و هێزتــانەوە لێیــان بــدەن، تەفروتونایــان بــکەن... دڵنیــام ئێــوە شمشــێری

خـودان لەسـەر زەوی، ئەو گەردنانەشـی لێـی دەدەن، گەردنـی ئەو ئـاگر پەرسـتە سـتەم کـارانەن کە شـوێن کەوتەی خومەینین..."

دواجار سەرۆک هێندە تورە بـوو. حیـرس گرتـی و کەوتە هێرش کردنە سەر نەیارەکانی نێو خۆی وڵات، بە دوو چـــاوی زەق و ســـیمای ترســـناکەوە، کەوتە دەست ڕاوەشاندن و هەڕەشەکردن لە دوژمنەکانی:

"هەر کەسـێک دژایەتـی شۆڕشـەکەمان بکـات، گەر یەک کەس بێت، یـان هەزار، یـان دوو هەزار، تەنـانەت گەر ببـنە دەیـان هەزار کەسیش. سـەریان لە لەشـیان جیادەکەمەوە، بێ ئەوەی تاڵێک لە قژم بلەرزێ. دڵێکم هەیە، گەر بە هەڵە پێ لە مێـرولەیەک بنرێت، هەسـت بە خەم و ئــازار دەکەم. بەڵام لەو جــۆرە مرۆڤــانە، ژمارەیـان هەر چەنـد بێـت. هـیچ سـۆز و بەزەیـیەکم بۆیـــان نابێـــت. پێویســـتە هەمـــوو ئەوانەی دژی شۆڕشەکەمان دەبنەوە، لەوە دڵنیابن کە تارمایی ئێمە هەمیشە بە دوایانەوەیە، تەنـانەت لە نـاو خەویشـدا بە دوایانەوەین، گەر لە قاسەیەکی بێ ترسیشدا بن، ئێمە دەستمان پێیـان رادەگـات. ئەوەی لەگەڵ ئێمە نەبـێ لە ریزی دوژمن و خائینانە، دەبێت بمرێت..."

بـۆ سـبەی، رۆژنامەکـان و دیـواری گۆڕەپانەکـان، تەواوی دامودەزگـا فەرمییەکـان، بارەگاکـانی بەعـس، بـوون بە دروشـم و لافیـتەی رەنگاوڕەنـگ. سـەرۆک

پێشـمان کەوە بـۆ پێشـەوە. گەر سـەدام وتـی، عێـراق دەڵێــت. بە رۆح و بە خــوێن فیــداتین ئەی ســـەدام. شاسواری عـروبە. بەڵـێ بەڵـێ بـۆ سـەدام حوسـێن. لە تەمەنمـان بـۆ سـەر تەمەنـت ئەی پـاڵەوان، پـارێزەری دەروازەی خــۆرهەڵات. تــاکە ســـەرکردەی جیهــان. سەرۆک سەدام خودا بیپارێزی، زامنی ئاشتی و یەک ریـــزی و ســـــەرکەوتنە. هەمـــوو شـــتێک لە پێنـــاو سەرکەوتندا...

دوو رۆژ پــاش وتــارە ئــاگرین و مێــژووییەکەی ســـەرۆک، وەک گەڵای دار تەرمــی بە ئــاڵا پێچــراو دابـارییە سـەر شـار و گونـدەکانی وڵات. بە رادەیەک هەزاران لافیـتەی رەش، کە لە سـەرەوەی نوسـرابوو. (ولا تحسبن الذين قتلوا في سبيل الله امواتا، بل احيـاء عنـد ربهـم يرزقـون.) هەزاران لە لافیـتە و دروشـمە رەنگاوڕەنـگ و بە باقوبریقەکـانی پێشـووی داپۆشـی. هەر ئەو کاتــانەش، بە دەیــان کەس لە نەیارەکــانی بەعس، لە تەواوی جیهاندا تیرۆر کران.

یاسر و برا و خوشکەکەی، لە ئاوها دنیایەکدا پێ بە پێ و هێدی هێدی بە نێو ژیاندا گوزەریان دەکرد و باڵایان دەکرد. ژیانێکی قورس و پوچ، بێ رەنـگ و پڕ لە هەواڵی جەنگ و مەرگ. گەر بێت و چاو لەو کەمە رۆژانە بپۆشـین کە ئـازەری خاڵیـان، دەهـات و لەگەڵ

خۆیــدا بــۆ ســـینەما و کــووچە و نــاو قەرەبــاڵغی بازاڕەکانی دەبردن، شوێنانێک سیخناخ لە خەڵک.

بــۆ یاســر ســـینەما، ئەو دنیــا رەنگاوڕەنــگ و بە ئەفسونە بوو کە خەون و ژیانی تێدا دەدۆزییەوە. لە واقعـی تـاڵ و رەش و دروشـم و وێنەی سـەرۆکەوە، دەیگواســتەوە نێــو دنیــای پــڕ رەنــگ و جــوانی و سەرسام بوونەوە. لە فیلمە هندییەکانەوە، فێری مانای عەشق و گۆرانی و مرۆڤایەتی دەبوو. وەک خویەک زۆربەی رۆژانی هەینی، وەک تەرزێکی ئاینی یەک بە یەکی سینەماکانی شار دەگەڕان، هەر فیلمێکیان بە دڵ بــوایە بلیتیــان لێــدەبڕی. ئەو رۆژگــار و ســـەردەمە، بەردەم سینەماکان جمەیان دەهات لە خەڵک، چونکە ژیــان بە هــۆی جەنــگ و دەزگــا ســـیخوڕییەکانی بەعســەوە، شـێوەی دۆزەخـی وەرگرتبـوو. سـینەماش شـێوەی بەهەشـت، بەهەشـتێک لە کەرنەڤاڵی رەنگ و تەلیسـم. خۆشـترین جێگا بـوو، بۆ تاوێک هەڵهاتن لە دۆزەخی دیکتاتۆرییەت.

یاسـر، ئەو کەمە یـادەوەرییە شـیرینانەی هەرگیـز بیر نەچووەوە. ئەو ساتانەی لە نێو هۆڵی سینەماکاندا و بەر لە دەسـپێکردنی فیلمەکـان، هەمـوو جەسـتەی دەبــووە دوو گــوێی زل، دەنگــی ئــوم کەلســووم و عەبدولحەلیم سەرمەستیان دەکرد. یا ئەو ساتانەی کە گڵۆپەکـان دەکـوژانەوە، شاشـە گەورە سـپییەکە، پـڕ

دەبوو لە رەنگ و جووڵە، لە هێکڕا دەبووە هاتوهاوار و فیکە لێدان.

هەر ئەو کات هەستی کرد، شتێک لە جێگەی خۆیدا نییە. کاتێ کە دەیبینی لە دیمەنە ئیرۆتیکەکاندا، لەقتە و دیمەنی ماچ و راموسانەکان دەقرتێ و بینەرەکانیش یەک ریتم دەکەونە هاوار و لورەی درێژ و فیکوهوورِ. بە پێلەقە و مشتەکۆڵە دەکەونە کورسییەکانی ژێریان، لە یەک ساتدا سەدان نێرینە هاوار دەکەن، دزیی دزیی. لە بەرامبەر دیمەنەکانی جەنگ و کوشتن، زوڵم و ستەمیشدا، تێکڕا کڕ و مات و بێدەنگ دەبن.

لای ئێوارانیش، دەگەڕانەوە بۆ لای قەڵا، خۆیان دەکرد بە چایخانە حەسیرەکەی خاڵە فەرهادیاندا.

پاش نسکۆی شۆڕشی حەفتا و پێنج و ئاشبەتاڵ، فەرهاد وەک کوردێکی دۆڕاو و تێکشکاو. دەگەڕێتەوە کەرکوک و لە رێگای چایخانەیەکی بچوکی لا چەپەکەوە، بژێوی خۆیی و ماڵ و منداڵەکەی دابین دەکات. چایخانەیەک کە بە دیوارەکەیەوە دوو وێنە هەڵواسراون. وێنەیەکی گەورەی سەرۆک، کە پیاڵە چایەکی بە دەستەوەیە و پێدەکەنێت. لەگەڵ وێنەیەکی رەش و سپی بچوکی عەلی مەردان، کە بە روویەکی کرژ و خەماوییەوە دەستی خستۆتە ژێر چەناگەیی و دوور دەڕوانێت. فەرهاد پاش نسکۆی شۆڕش،

لەگەڵ هەزاران پێشمەرگەی تردا، لەسەر سنور لە ریزی دریژ دریژدا، کەنەفت و دردۆنگ و بەزیو دەوەستێ. تا خۆی رادەستی حکومەتی عێراق بکاتەوە و لە بەرامبەر چەکەکەی شانیدا، سەد و پەنجا دینار وەربگرێ.

لەگەڵ بەرەو پێش چوونی ریزەکە، بۆ نێو خێمەی رادەست کردنەوەی چەکەکان. فەرهاد لەگەڵ هەر هەنگاو هەڵهێنانەوەیەکدا، گوێی لە دەردە دڵ و ئاخ و پرتەوبۆڵەی ئەو پێشمەرگە پیرە یەخسیرە دەبێت کە لە دوایەوە، بەدەم گریانەوە دەڵێت:

" چواردە ساڵە ئەم بڕنەوەی دەستم لە پێناو کوردستاندا هەڵگرتووە، پەیمانم بە خۆم و ئەم بڕنەوە دابوو، یا کوردستان یان نەمان. ئەوە کوردستان نەما، تیاچوو، هەموو دنیا پیلانیان لێگێڕاین. قوڕ بە سەرمان هەر هەموو تیاچووین. خۆمان و کوردستانەکەمان، تازە بۆچی بژیم. تازە چی لە ژیانی ژێر دەستەیی و یەخسیری ژێر چەپۆکی دوژمن بکەم."

پیرە پێشمەرگە، بەدەم لوشکەلوشکی گریانەوە هەر دەیوت و دانەئەساکا.

فەرهادیش زیاتر و توندتر سەر و دڵی دەگیرا، خەم و شەرمەزاری بەر چاویان لێڵ دەکرد.

هەنگاوێـــک و پیـــرە لە دوایەوە ئـــاخێکی قـــووڵی هەڵدەکێشا. هەنگاوێکی تر و پیرە دەیوت:

" نەفرەت لە دنیا."

هەنگاوێکی تر و کڕوزانەوەی پیرە: "پشتم شکا و کوردستانم رۆ."

هەنگاوێکی تر و فەرهاد بەدەم زرمەیەکی رەق و بەرزەوە راچەڵەکـی، دەسـت بە هەر دوو گـوێیەوە کەوتە سەر ئەژنۆ.

لە هەمـوو لایەکەوە بـووە هـات و هـاوار و راکە راک. سـەرباز و ئەفسـەرەکانی نـاو خـێمەکە، ئەوانەی چەکەکانیـــان لە هێـــزی بەزیـــوی پێشـــمەرگە وەردەگـرتەوە. شـپرزە و دەسـت بە چەک، هـاتنە دەرەوە، بە ترسەوە چاویان دەگێڕا، ریزەکە شێوا.

فەرهـاد تەنهـا سێ هەنگـاوی مـابوو بگـاتە بەردەم خـێمەکە، کە پێشـمەرگە پیـرەکە، لـولەی بـڕنەوەکەی خستە ژێر چەنـاگەیی و پەنـجەی بە پەلەپیتکەکەیدا نـا و سەری پڕ ئازار و پرسیاری خۆی وەک شووتی پێ شـەق کرد. کڵاو و مشکییە پڕ تۆپەڵە مێشک و قژە سـپییەکەی، دوور دوور فڕیبـوو. پیـرە بە خۆکوشـتن، هەستی شکست و شەرمەزاری و یەخسیری لە خۆیدا کوشـت و رزگـاری بـوو. بەڵام فەرهـاد چـی، خـۆ ئەو، لەوە ترسـنۆک تـرە بتـوانێ دەسـتی بچێـتە خـۆی. کـاتێکیش بێ چەک، لە خـێمەکە دێتە دەرەوە. لە رۆخ

چەمەکە، دەکەوێتە سەر چۆک و توند توند سەد و پەنجا دینارەکەی ناو دەستی دەگوشێ. سەر شۆڕ و زەلیل، قوڵپ قوڵپ دەکەوێتە گریان، گریانێکی بەرز و درێژ.

بۆ ئەو، ئەو گریانە بە خەم و بە کوڵە، هەمان مانای خۆ کوژییەکەی پێشمەرگە پیرەکەی هەبوو. بەدەم نرکە و ناڵەی گریانەوە، لە ناخ و رۆحیدا شتێک مرد. ئەوە، خەون و کوردایەتی و هێزی بەرەنگاربوونەوە بوو مرد.

بەدەم گوێگرتن لە عەلی مەردانەوە، (ئارەقی مەمکی یارێ، شیرینترە لە هەنارێ...) دوو چای شیرین و خەستیان نۆش کرد.

ئەو رۆژە یاسر گوێی لێبوو کە فەرهاد بەدەم کۆکردنەوەی پیاڵە چاکانەوە، بە سۆز و پاڕانەوەوە بە ئازەری برای دەڵێت:

" برام واز لەم کەینوبەینە بێنە، کوردایەتی مایە پووچە، هەوڵ بۆ ژیانی خۆت بدە."

وەڵامی ئازەر، تەنها و تەنها بزە پێکەنینێک بوو. گەرچی یاسری هەرزە لەوە کاڵفامتر بوو، بتوانێ بزە و خەندە بخوێنێتەوە. بەڵام ئەو ساتە هەستی کرد خاڵۆ بچوکەکەی، دەیەوێت بە خاڵۆ گەورەکەی بڵێت:

"زەمین لە رەوڕەوەی خۆی ناکەوێت، تۆ هەوڵی خۆتدا و دواجار شکستت هێنا، فرێودرای. ئەم

مەسەلەیە گرنگ و چارەنووسسازە، وەستانی بۆ نییە، ململانێیەکە بەردەوامە تا گەیشتنە ئامانجە گەورەکە."

لە چاوی ئازەردا، هەمان گڕ و بڵێسەی چاوی فەرهادی بینی، کە ئەو کاتەی بەر لە هەشت ساڵ، پەلاماری باوکیدا.

ڕۆژێکی تر، ئەو کاتەی فیراس لە بەرەکانی جەنگ، لە ململانێدا بوو. ئەو کاتەی خالید و ئەسرا لە قوتابخانە بوون. بەفراویش لەگەڵ دوو ژنە دراوسێدا، دەستاڕیان دەسوڕان و گەنمی ساوەریان دەهاڕی.

ئازەر هات، یاسری لەگەڵ خۆیدا برد. هەموو هەوڵی ئازەر، کوشتن و سڕینەوەی ئەو بەشە بەعسیزم و فاشیستەی یاسر بوو. ئەو دەیویست بیکاتە کوردێکی ڕەسەن و عەیار بیست و چوار. دەیویست وەک هەویر هەڵیشێلێ و ئەو بەشە پیسەی باوکی لەوتاندویەتی لە ناخیدا دەربهێنێ وفڕێبدا، ئەوەی لێدروست بکات کە خۆی دەیەوێت.

بردی بۆ سەر قەڵای کەرکوک، ئەو قەڵایەی هەزاران ساڵە، لە نێو ئەو دەشت و پانتاییە فراوانەدا، ماوە و ململانێی زەمەن دەکات. بەسەر خاسەدا دەڕوانێت.

شوێن دەریاچەیەکی وشک، کە بە تەنها لە وەرزی زستانانندا، خوڕەی ئاوی دێت. شارەکەی کردۆتە دوو لەتەوە. کە بە چەند پردێک هەر دوو بەری پێکەوە

بەستۆتەوە. بە چوار دەوری پیرە قەڵاوە، شار بە دەشتەکەدا کشاوە. بە سەر قەڵاوە، سەدان ماڵی کورد، تورکمان، موسڵمان، مەسیحی و کلدانی و ئاشوری، پێکەوە بە سادەیی ژیان دەکەن. کە دواتر بەعس، هەمووی تەخت دەکات و خەڵکەکەی پەرتەوازە دەبن.

ئازەر، لە کۆڵانێکی تەسکی سەر قەڵادا، پێچێکی کردەوە و خۆی کرد بە ماڵێکدا. لەژوورەوە دوو کەسی تری هاوتەمەنی خۆی، بە پیریەوە هاتن و پاش تەوقە و ماچ کردنی یەکتری، یەکێکیان رووی کردە یاسر و وتی:

" ئەم کوڕە کێیە؟!"

ئازەر، خوشکەزاکەی خۆی پێناساندن، پاشان رووی تێکرد و پێی وت:

" هەندێ کارم بەم دوو پیاوە هەیە، تۆ دەتوانی بۆ خۆت بچیتە سەربان و تەماشای شار بکەیت، زۆرم پێناچێ."

لە سەربانەوە بە هەر چوار لادا دەڕوانێت. سەیری شاری کرد کە لە ناو گەرمای نیوەڕۆدا، خامۆش و خەواڵو ئەلەرزی. ئاگری هەمیشە بە کڵپەی چواردەوری شار سەرنجی راکێشا. لە دوور ئەو گەڕەکە نوێیە عەرەبە هاوردانەی بینی کە تا چاو بڕی دەکرد، بە دەشتاییەکەدا کشابوون، زۆر و

پەرشوبڵاو. بینی خاسە، وەک جێ برینی شمشێری غەدر و قین، شاری دوو لەت کردووە، بە هەر دوو بەردا، خەڵک و ئۆتۆمبێل جمەیان دێت. بەسەر پردەکانەوە، وەک شارە مێروولە تێکچڕژاون. لە دامێنی قەڵادا، چاوی کەوتە سەر جێ هەواری سینەما خەیام، گەڕایەوە بۆ یادەوەرییە خۆشەکانی منداڵی. چاوی گێڕا بە بازاڕ و چایخانە و خانووە کۆنەکانی ئیمام قاسم و بازاڕی حەسیرەکە. لە ناو لق و پۆپی دار خورما و تووە بەرزەکانەوە، چەندین کوکوختی دەبینێ. خەیاڵی دەگەڕێتەوە بۆ لای باجی کەلسومی ژنە دراوسێیان، کە چەندین جار و بە زمانێکی کوردی نیمچە تێکشکاوەوە، چیرۆکی ئەم باڵندەی بۆ گێڕابووەوە.

"ئیشتە ئەم کەمۆترە پێی ئێژن بیبیسوو، ئەها کە دەخوێنێ گوێچکت بدە ئێژێ بیبیسوو... بیبیسوو... بیبیسوو. زەمان زوییی بەر لەوەی بوون بە کەمۆتر عەینەن من و توو بەشەر بین. ئیشتە دوو حەبیب یەک بین. کەنیشکەکە، ئەمەنە ناعم و نازدار بی، حەموو عالەم ئەو وەختە شێت و شەیدای بوین. کەنیشکەکە تورکمان ئەم قەلعەیە بی، کوڕە حەبیبەکەش کورد بی. شەبەقێک ئەو حەلەی حەموو خەڵک قەلعە خۆیان بۆ شایی و خۆشی هەڵپەڕکێ، ئەم دوو حەبیبە حازر کردە و یەک حەمکە قازان

گەورە گەورە زنجیر لە مل، وەبان ئاگر ئاش قولْپە قولْپ ئەکات. یەک حەمکە کورٍ و کچ، خەریکی خۆ جوان کردنن. بەو سوبحانە بووک خان، لە حەمام ماڵ خۆیان ئاگر لە گیانی بەر ئەویێت. بە حەیبەت ژان سووتیان وە میمکی هاوار ئەکات:" میمی ئاو... میمی ئاو... بیبیسوو... بیبی سوو... نە میمی و نە عەبدل بەشەر نەجاتی نادەن. لە حەموو ئەو جوانییەی، مشتیٚ خۆڵەکەوە ئەمێنێت. ئینجا خوا ئەیکات وەم کەمۆترە جوانە، حەتا ئەی حەلەش گوێچکی پێبدە ئێژیٚ بیبی سوو.... میمی ئاو... ئاو...سووتام... ئاو... ئاو... ئاو..."

بەڵام لە راستیدا، مێژووی دەرکەوتنی ئەم کوکوختییانە، بۆ بیستەکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە. پێشتر لەم جۆرە کۆترە، نە لە کەرکوک و نە لە تەواوی وڵاتیشدا نەبوون. کاتێک بریتانییەکان عێراق داگیر دەکەن، سەربازگەلێکی زۆری هیندییان لەگەڵ دەبێت. یەکێک لەو سەربازە هیندییانە کە هەڵگری ئاینی سیخییە، پاش گەڕانەوەی بۆ وڵاتەکەی، دەبینیٚ کۆرپە تازە لەدایک بووەکەی قاچەکانی ئیفلیجن و ناتوانیٚ بیانجولێنیٚ. کابرای سیخی روو دەکاتە شاری بنجاب، لە نێو پەرستگای هەیکەلی ئاڵتوونیندا، چل رۆژ و چل شەو لە ناناکی پێغەمبەر، دەپاڕێتەوە کە شیفای کۆرپەکەی بۆ بنێرێت.

لە چلەمـــین شـــەودا، خەونێـــک دەبینێـــت. لە خەونەکەیدا، نانـاک، پێشـەوای رووحـی دەبینێ و پێی دەڵێت:

"چ گونـــاهێکی گەورەت کـــردووە؟ بچـــۆرەوە ئەو شوێنە و کەفارەتی تاوانەکانت بدە و وەرەوە بۆ ئێرە، بۆ لام."

کـابرای سـیخی، بە دوای خەونەکەیـدا، بە پرچـی درێژ و شەرواڵی فش و بازووبەندی ئاسنەوە. لەگەڵ سێ قەفەسی، پڕ باڵندە کە لە هەر قەفەسێکیاندا بیست جـووت کوکـوختی هەیە، بەرەو عێـراق دەکەوێـتەوە رێ. بـــۆ خـــۆ پـــاککردنەوە لەو داگیرکـــارییە و ئەو جەنگانەی دەرهەق بە موسڵمانان کردوویەتی. بۆ خۆ پـاک کـردنەوەی، لە خـوێنی بە نـاهەق رژاوی خەڵـک، ئەو کوکوختییـانە دێنێـت و لە سـێ نـاوچەی جـودا بەرەڵایان دەکات. دەرگـای قەفەسـی یەکەم لە بەسـرە، دووەم لە کەرکـــوک، ســـێیەمیش لە ســـلێمانی واڵا دەکات. شەست جووت کوکـوختی بە ئاسـمانی وڵاتـدا لە شەقەی باڵ دەدەن و دەفڕن. تا دواتر لە نێو تاق و بەر هەیوانی ماڵە شەهید و خانووە هەژار نشینەکاندا، هێلانە چێدەکەن و بێچووی زۆر دەخەنەوە، ئەمڕۆ لە هەموو جێیەکدا دەبینرێن.

دەمەو ئێـوارەش، کاتێـک پـێکەوە و هاوشـانی یەک پلە بە پلەی قادرمەکانی قەڵادا دادەگەڕان. یاسر وتی:

"خاڵە، ئەم قەڵایە لە مێژە هەیە؟"

" تەمەنـــی ئەم قەڵایە، نزیــک دەبێــتەوە لە چــوار هەزار و پێنج سـەد سـاڵ، باپیرە گەورەکانی ئێمە کە پێیان دەگوترا گۆتییەکان کە رەچەڵەک و نەژادی من و تۆشـــــن لە دایکـــــتەوە، ئەوان بـــــۆ بەرگـــــری مەملەکەتەکەیـان لە داگیرکەرانـی ئەو سـەردەمە، ئەم قەڵا گەورە و پتەوەیـــان لێــرەدا رۆنـــاوە. پاشـــان شـاریکیان لێرەدا بنیاتنـا، کە ئەو کـات پێیـان دەگوت ئارابخا."

کاتێـک گەیشـتنە سـەر شـەقامە سـەرەکییەکە، لە دوور، رێـک بەسـەر پـردەکەوە، دەنگـی ئیسـعافێکیان هاتە گوێ. دەنگێک بەردەوام دەبووە مـایەی تـرس و دڵ تەنگی شـار. ئەوانیش وەک خەڵکی تـر بەمبەر و ئەوبەری شەقامەکەوە، لە چاوەڕوانی گەیشتندا بـوون و وەستان. ئیسعافێک بە دەنگە بەرزەکەیەوە گەیشت و بە بەردەمیانــــدا تێـــپەڕی. بە دوایشـــیدا ئەوەی دەرکەوت، سێ تەکسی بـوون، بەسـەر چەمچەی هەر سـێکیانەوە، سـێ تـابووتی بە ئـاڵا داپۆشـراو هەبـوو. سێ تەرم، کە تۆزێکی تر، لە سێ لای شـارەوە، سـەدا و فیزاحی گەرمە شین بەرز دەکاتەوە.

ئـازەر تـا ئەو کـاتە، بـێ جـووڵە بەسـەر راسـتە شـەقامەکەوە، تونـد دەسـتی یاسـری لە نـاو دەسـتی

خۆیدا گوشیبوو. لە پڕ بە ئاگا هاتەوە، بە تۆنێکی غەمگین و پەستەوە، وتی:

"وەرە بچینە چایخانەکەی خاڵت، دوو چا بخۆینەوە."

بە گەشتنیان، هێندەی تر سەرودڵیان گیرا. کاتێک شاگردەکە، بەدەم کۆکردنەوە و خاوێنکردنەوەی دوکانەکەوە پێی وتن:

"کاک فەرهاد لێرە نییە، ئەم بەیانییە، دوو ئەمن هاتن و فایلی تەرحیل کردنیان پێ ئیمزا کرد. پێیان وت، هەر ئەمڕۆ دەبێ ماڵەکەت بگوازیتەوە و کەرکوک بەجێبهێڵی."

ئازەر، بە بیستنی هەواڵەکە رەشداگەڕا، لە ژێر لێوەوە ریزێک جنێوی بۆ سەرۆک و بەعس نارد. پەلە و شپرزە دیسانەوە دەستی یاسری گرت و بە شەقامی جووتقاوەدا، بە نێو دوکانی ئاسنگەرەکاندا تیژ داگەڕان، خۆیان کرد بە قەیسەرییە کۆنەکەی دامێن قەڵادا.

دەمە و مەغریب، ماڵێکی شڕکەوپڕکە بەسەر لۆرییەکەوە، کە بە سەرییەوە فەرهاد و ئازەر کز و دۆش دامابوون. لە شەقامیی سەرەکی رووە و باکور رێیان گرتبووە بەر. لە بازگەکە ئەفسەرێک، بەڵگەی راگواستنی لە فەرهاد وەرگرت، چاوێکی بە بارەکەدا گێڕا و وتی:

"ئەو دەبەیە چی تێدایە؟"

فەرهاد بە بێزارییەوە وتی:

" نەوت."

ئەفسەرەکە وتی:

" دایگرە، نەوت بردن بەرەو شیمال قەدەغەیە."

ئەو رۆژگارە کەرکوک، لە دەریاچەیەک دەچوو. لە سەرەوە لای باشورەوە، ئاوی لێڵ و پیسی تێدەڕژا، لە خوارەوەش رووە و باکور، ئاوی روون و پاکی لە بەر دەڕۆیشت.

## س سوپا و فیراس

پاش ناشتنی ئایدن و باوکی، خەڵکەکە بڵاوەیان لێکرد و گۆڕستانەکەیان جێهێشت. تاقە کەس کە مایەوە، زریان زامداری شاعیر بوو. کە بە پارچە گەچێک، لە سەر کێڵی گۆڕەکە نوسی.

(باخی عالەم پڕ گوڵ و باخی ئێمەش پڕ گوو.)

زریان شاعیرێکی بەدمەستی یاخی بوو، شیعرەکانی پڕ جنێو و سوکایەتی بوو بە سەرۆک و نیشتیمان. پێشتر چەند جارێک لە لایەن دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی بەعسەوە، تاڵاوی زیندانی چێشتبوو، بە توندترین شێواز ئازار و ئەشکەنجەیان دابوو. دوا

جار بە ئەندازەیەک شەکەتی دەکەن، گێڕ و گەواڵ دەبێت، بە ئاستەم دەیتوانی بە ڕێگادا بڕوات.

هەمیشە سەرخۆش بوو، بەردەوام چارەکێ عارەقی لە گیرفاندا بوو. رۆژ و شەو، وەک دێوانەیەک بە شەقام و کوچەکانی شاردا دەخولایەوە، بەدەم هەڵقوڕانی مەیەوە ورتەورتی بوو، شیعری شاعیرە کلاسیکییەکانی لەبەر خۆیەوە دەوتەوە.

بۆ نیوەڕۆ کاتێ یاسر گەڕایەوە ماڵ، بینی ئەسرای خوشکی هاتۆتەوە. لەگەڵ باوەشکردن بە یەکدا، ئەسرا، لە پرمەی گریانیدا، بە کوڵ بۆ ئایدن، فرمێسکی گەشی پڕ یادەوەری هەڵڕشت.

ئەسرا، پاش ئەوەی لە تاقیکردنەوەی بەکەلۆری پۆلی شەشی وێژەیی دەکەوێت و دەرناچێ. فیراسی باوکی بە زۆر ناچار بە شووکردنی دەکات. دەیدا بە هاوڕێیەکی خۆی، کە ئەفسەرێکی چوارشانەی گاردی کۆمارییە و لە نێو یەکێک لە کۆشکە بێ شومارەکانی سەرۆکدا دەوام دەکات. ئیدی لە کۆشی گەرمی دایکییەوە دەیگوازێتەوە بۆ بەغدای پایتەخت، بۆ ماڵی مێردەکەی. پاشتر دەبێتە دایکی کوڕ و کچێک کە پێکڕا، بە شێوەیەکی کارەساتاوی دەبنە قوربانی یەکێک لە جەنگەکانی سەرۆک.

رۆژێک، کاتێک یاسر و چەند هاوڕێیەکی لۆژە لۆژ لە خوێندنگەوە، بەرەو ماڵ ملیان دەنا. لە نێو چوار

ریـــانێکی جەنجـــاڵی شـــاردا، لە لایەن چەکـــداران و پیاوانی دەسەڵاتەوە تەوق دەدرێن. کە سـەرجەم ڕێگا و دەروازەکانیـــان داخســـتووە و بە زۆر و زۆرداری هەمـــوو حەشـــاماتی بـــازاڕەکە، لە بەردەم دیـــواری بەرزی نەخۆشـــخانەیەکدا گرمـــۆڵە دەکەن. پاشـــان حەوت کەسی یەخسیری دەست و چاو شەتەک دراو، لە زیلێکـی سـەربازیی دادەگـرن، لە پـاڵ دیـوارەکەدا ریزیـــان دەکەن. حەوت لاو، دوانیـــان هێشـــتا هەرزە بوون و موویان لێ نەهـاتبوو. لە نـاو یەکێک لە جێبە ســـەربازییەکانەوە، لە بڵنـــدگۆیەکەوە دەنگێکـــی نەڕە ئاسای توند و تیژ، بە زمانی عەرەبی بەرز بووەوە:

"لێرەدا بۆ پەند و عیبرەتی هەڵهاتووانی سـەربازیی و خـۆ فرۆشـانی خـاک و نیشـتیمان، بـۆ چەسـپاندنی یاســـا و دادپەروەری ســـەرۆکی فەرمانـــدە، خـــودا بیپارێزێ..."

دەنگەکە تا دەهات بەرزتر دەبووەوە.

"بە بڕیـاری ئەنجـومەنی ســـەرکردایەتی شـــۆڕش، سزای گوللەباران کردنی ئەم حەوت خـائینە جێبەجێ دەکرێـت. کە چواریـــان، لە بەرەکـانی جەنگـی پیـرۆز هەڵهاتوون، سیانیشیان لە نێو شاردا، بەسەر دیـواری قوتابخـانە و نـاو گەڕەکەکانـدا، دروشـمی جوداخـوازی و دژە شۆڕشیان نوسیوە..."

حەشـاماتی ژن و پیـر و منـداڵ، تۆقیـو و ڕەنـگ هەڵبزڕکاو، بێ دەنگ و بێ جووڵە، بێ دەسـەڵات و زەلیل، وەک قوربانییە چاو بەستراوەکان، سـەری پڕ ئـازار و خەمیـان شـۆڕ کـردۆتەوە بەر پێیەکانیـان. ڕیزێک سـەربازی گاردی کۆماری بە دوای یەکدا، بە نەرمە غـار دێنە نێوان خەڵکەکە و قوربانییەکـانەوە. ڕوو دەکەنە سـزا دراوەکـان و بۆیـان دەکەونە سـەر چـۆک، ڕووی چەکەکانیـان تێـدەکەن. یەکێـک لە مێردمنداڵە دەست و چاو بەستراوەکان، لەگەڵ پرمەی گریاندا خوڕ خوڕ میز بە خۆیدا دەکات، پڕ بە شار هاواری دایک و باوکی دەکات. خەڵکەکەیش لەگەڵیدا دەکەونە گریان و فرمێسک هەڵڕشتن. ئەفسەرێک دێتە تەنیشـتی سـەربازەکانەوە، فەرمـانی ئامادەباشـییان بەسەردا دەکات. حەوت قوربانییەکە دەکەونە لەرزین، وەک گەڵای بەردەم بای پایز هەڵدەلەرزن. دەنگی ئەو مێردمنـداڵەی هـاواری دایکـی دەکـات، لە سـەرووی هەموو نرکە وناڵە و قرمەژنی چەکەکانەوەیە. تا لە پڕ، دەنگی دەسـڕێژی گوللە هەمـوان کـڕ و بێدەنگ دەکـات. حەوت سـینگ بە فیشـەکی گـڕدار، شـەقار شەقار دەبن، خوێن فیچقە دەکات. بۆ چەند ساتێک، حەوت ڕۆح، حەوت خەون و خەیـاڵی تیرۆرکـراو، قـورس و بە عەزاب دەیـانەوێ خۆیـان لە جەسـتە خوێناوییەکانیـان ڕاپسکێنن و بەرەو مەنزڵگایەکی تر

بفڕن. ئەفسەرەکە ئەم هاوکێشەیە بە چەند فیشەکێکی دەمانچەکەی کە دەیخاتە کەللەسەری قوربانییەکانەوە، خێراتر دەکات.

لە ناو خەڵکەکەوە، دەنگێکی بەرز و دلێر پڕ بە فەزاکە هاوار دەکات:

" بڕوخێ بەعس، بڕوخێ سەدام."

جەللادەکان دەکەونە وێزەی خەڵک، دەبێتە فڕکان فڕکان، خەڵکەکە بە چاوی پڕ ترس و فرمێسکەوە بە هەموو لایەکدا هەڵدێن. بەعسییەکان دەکەونە تەقە و دەسڕێژی گوللە بەسەر خەڵکەکەدا دەکەن. هەرچییان بەردەست دەکەوێت، لە ژن و پیاو قۆڵبەستی دەکەن.

ئەوەی دەمێنێتەوە، بازاڕێکی پڕ سەرباز و حەوت تەرمی بە سەر یەکدا کەوتووە، بە پەلە و شپرزە دەیانخەنە پشتی زیلێکەوە و تیژ دەردەپەڕن.

بۆ شەو، یاسر تووشی لەرزوتایەکی توند دەبێ، لەرزوتایەک سەرچاوەکەی هەم ترس و هەم تووڕەییە، پێشتر و لە نێو تیڤییەوە، تەرمی زۆری بینی بوو. بەڵام گوللەبارانکردنی ئاوا راستەوخۆ، بە بەرچاویەوە، بینینی مەرگ وەک خۆی، خوێن وەک خۆی تەڕ و گەرم و بە فوارە، لە ناخەوە رایچڵەکاند و ترسی ئەبەدی تیا رواند و ئیرادەی تێکشکاند. ئەو شەوە لە نێو جێگاکەیدا، وەک حەوت گوللەباران کراوەکان، چۆن لە بەردەم تەوژمی مەرگدا

هەڵدەلەرزین، ئەویش هەڵدەلەرزی و ددانە چۆقەی بوو. لە سەرە گەرمەکەیدا، سەدای ساماناکی مێردمنداڵەکە کە بانگی دایک و باوکی دەکرد، دەنگی دەدایەوە.

نیوەشەو، کاتێک دایکی لە موبەقەکەدا، بەدەم گریانەوە شۆربای بۆ لێدەنا. گوێی بە دەسرێژێک گوللە زرنگایەوە. راچڵەکی و لە بەرخۆیەوە کەوتە نزا و دوعا کردن.

دەسترێژێک لە نیوە شەودا، بەسەر راستە شەقامێکی شارەوە، جەستەیەک شەقار شەقار دەکات. جەستەیەک لەگەڵ خوێندا، لە جێ کونی سەر و دڵییەوە، وشە فوارە دەکات. وشەی نازدار و خوێنی گەش ئاوێتە دەبن، بە جادە قیرەکەدا شۆڕ دەبنەوە. دەیان و سەدان وشەی هیجران، عشق و وەتەن، ئەگریجەی خاو و شەوی یەڵدا و بادەی شەو، دەیان و دەیان غەزەلی نالی و پێنج خشتەکی و چوارینەکانی خەیام، موناجاتەکانی مەحوی، لەگەڵ خوێندا دەرژێن بە شەودا، بە شەوی ئەنگوستە چاوی شاردا.

ئیتر لەو رۆژەوەی ئەو حەوت گەنجەیان بەبەرچاوییەوە گوللەباران کرد. بووە کەسێکی تر، ئەو بەرکەوتنەی بە مەرگ، لە غەفڵەت و بێ ئاگایی بێداری کردەوە. لە کەسێک هەموو دنیای بە یاری

دەزانـــی، گــۆڕی بــۆ کەســێکی تێکشــکاو و بــێ ڕۆح. پێشـتر تەنـانەت شـەڕ و ململانییەکانی نێوان بـاوک و خاڵۆکانیشـــی، وەک جــۆرە یــارییەک، بــۆ خۆشـــی و سەرمەستی دەبینی. یارییەک کە هەرگیز ناگاتە خوێن و مـــردن، یـــارییەک، یـــا شـــەڕێک، وەک ئەوەی لە قوتابخـانە، لەگەڵ دۆسـت و هاوڕێکـانی ڕووی دەدا و پاش چەند سـاتێک، یا ئەو پەڕی دوای چەنـد ڕۆژێک ئاشـــــت دەبـــــوونەوە. وشـــــە و چەمکـــــی، وەک خودموختاری و مافی چارەی خۆنوسین، دیموکراسی و دیکتاتۆری و فاشـیزم... کە لە نـاو ئەو بەیاننامـانەی کە خاڵی بە دزییەوە پێـی دەدا، هەر وەک جۆرێک لە شـەڕە جنێوی منداڵیی تێدەگەیشـت. تـا ئەو ڕۆژە پێـی وابوو، جەنگی خوێناوی تەنها کەوتۆتە سنورەکانەوە، پێـی وابـوو شـــەڕی ڕاســتەقینە، ئەوەی مرۆڤــی تیــا دەکوژرێت. تەنهـا شـەڕی نێوان دەوڵەتەکـانە، شـەڕی نێــــو وڵات و شــــار و گونــــدەکانی وەک گەمە و گاڵتەوگەپ دەبینی. تا ئەو ڕۆژە کە بە ڕێکەوت کەوتە بۆسـەی پیـاوانی دەوڵەتەوە، لەگەڵ سـەدان هاوشـاری تردا، ناچار بە بینینی مەرگ و کوشتن کرا.

لەو ڕۆژە بە دواوە، تــا ئێســتا و دڵنیـام تــا مـردن، دەنگـی زریـکە و گریـانی بە سـوێو و پـڕ ئـازاری ئەو مێردمنـداڵە لە کەللەیـدا، بــێ بـڕانەوە هــاژە و لـرفەی دێـت. ئێتــر لەوە بە دوا، ئەو هەمــان منـداڵە گەمـژە و

ساده بڕواکەی پێشتر نەما، بە روونی درکی بە مەرگ دۆستی و قێزەونی هاوکێشەکەی باوکی کرد. تێگەیشت لە نێوان س سەرۆک و س سەرکەوتندا، دەریایەک خوێن هەیە، لە بەینی ئەو دوو سینەدا، هەرچی پیتی تر هەیە دەمرن و دەبنە قوربانی، دەبنە گاڵتەجاڕ. باشتر و روونتر لە وتە و گفتوگۆکانی خاڵە ئازەری، تێدەگەیشت.

ئەو شەوە موبتەلایەی بە لەرزوتا بۆ ئەو، هاوشێوەی هەمان حاڵەتی لەرزوتای پێغەمبەر بوو ئەو کاتەی وەحی بۆ دەهات. ئیتر ئەو نە ترس، نە رێز، نە خۆشەویستییەکی بۆ باوکی، بۆ حیزب و سەرۆکی باوک نەما. ژیان لەودا مرد، دڵی لە لێدان نەکەوت، بەڵام لە ژیان کەوت. لەوەش زیاتر هیچ نرخ و بەهایەکی بۆ خوێندن و تەنانەت ژیانیش نەما. تەواو دڵنیا بووەوە لەوەی کە لە بەرزەخدایە و ئایندەی چارەنوسیشی هەر دۆزەخە. هەر ئەو شەوە بڕیاریدا، چیتر سەر بەسەر کتێبە بێ رۆحەکانی خوێندنگەدا شۆڕ نەکاتەوە. سەرەتای یاخی بوون و روو هەڵماڵینی لەو دنیا قێزەونە، لە پشت گوێخستنی دەرسەکانەوە بوو. چونکە لە مێژ بوو باوکی مرخی لێخۆش کردبوو. دەیویست پاش دەرچوونی لە شەشی ئامادەیی، بینێرێتە کۆلێژی سەربازیی، تا بیکاتە ئەفسەری گاردی کۆماری، بێ هیچ هەستێک،

کوڕ و منداڵی خەڵکیی بۆ بکوژێ. هەر لە منداڵییەوە، تۆوی رق و قینەی تیا دەچاند، هەنگاو بە هەنگاو بەرەو پیاو کوشتن دەیئاژوو. لە بری پەروەردە کردن، دەیخستە ژێر باری قورسی مەشقی سەربازیی و پەلە پەلی بوو تا بیکات، بەو رمۆزنەی خۆی دەیویست.

گەر بە رێکەوت ئەو رۆژە، ئەو کوشتارگەیەی نەبینیایە، بە دڵنیاییەوە ئێستا یەکێک دەبوو لەو پیاو کوژانە. رەنگە و بە دڵنیاییەوە چارەنوسی لە ئێستا گەلێک باشتر بووایە، بەڵام بە دەستوپلی خوێناوییەوە، نغرۆ لە خوێن و رۆحی قوربانیان. گەر وەک باوکی دەیویست، ببویایەتە گاردی کۆماری، دەبووە جەلـلاد. هەر چۆنێک بێت ئێستای، بەم حاڵەشەوە باشترە، گرنگ بەرپرس نییە لەم دۆزەخە.

دواتر ئەو رووداوە کارەساتاوییەی ئاوا بۆ خاڵە ئازەری گێڕایەوە:

"ئەو نیوەڕۆیە، چەشنی مێگەلێک مۆڵ دراین، بە زۆر ناچار بە بینینی گوللەباران کردنی هاو رەگەزەکانمان کراین. لە نێو حەشاماتەکەدا، چاوم بە زریانی شاعیر کەوت کە خێرا خێرا و شپرزە دەمی دەنا بە شووشە عەرەقەکەی دەستییەوە. بێ ئۆقرە و پڕ جووڵە، سوور سوور هەڵگەڕابوو. لێوی خۆی دەکرۆشت و تژی لە توڕەیی، لە ژێر لێوەوە جنێوی

بە ئەرز و ئاسمان دەدا. من و هاوڕێکانم، سەرەتا مۆڵەق و سەرسام هەر لە خۆمان و خەڵک و ئەو هەموو سەربازە پڕ چەکانەمان دەڕوانی. پێم وابوو وەک هەموو جارەکانی تر، مەبەست لە کۆکردنەوەمان نمایشێکی بەردەم کامێرای تەلەفزیۆنەکانە بە بۆنەی سەرکەوتنمان لە بەرەکانی جەنگدا، یان یەکێک لە بۆنە و رۆژە زۆرەکانی حیزب و سەرۆکە. هەرگیز خەیاڵم بۆ ئەوە نەدەچوو دڵڕەقیی و بێ ئابڕوویی بەعس، بگاتە ئەو جێیەی بە بەرچاوی خەڵکەوە، بە شێوە نمایشێکی ئاهەنگ ئاسا، رۆڵەکان و هاوڵاتییەکانی خۆی بکوژێت. ئێستا تێدەگەم تۆ شەڕ لە پێناوی چیدا دەکەیت و بۆ هێندە رقت لە باوکمە.

لەگەڵ دەستڕێژی گوللەدا، زریان پڕ بە گەرووی هاواریکرد، بڕوخێ بەعس و بژی کوردستان. ئەو لە تەنیشتی منەوە بوو، بە چاوی خۆم بینیم دەنگی لێهەڵدەبڕی. بە دوایشیدا بوو بە فڕکان فڕکان و تێکهەڵپڕژان. چەکدارەکان تێمان کەوتن، لەو یەکەم کەسانەی کە سوک و ئاسان کەوتە نێو چنگیان من بووم. چونکە بە ئاستێک حەپەساو و مۆڵەق ببوم بە دیمەنی مەرگ بارانەکە، وەک بتێکی کۆنە ساڵ، نە دەبزوام و چووبوومە حاڵی کۆماوە. تا لە پڕ یەک شەپازللەی توند بە لادا تەختی زەوی کردم. بە پێلەقە

و تێهەڵدان فڕێیان دامە پشتی زیلێکەوە، کە لە چاو تروکانێکدا سیخناخیان کردبوو لە ژن و پیاو. دوو شەقام ئەولاتر، کاتێک ناسنامەکەیان پشکنیم و زانییان خوێندکارم، دایانگرتم و بە شەقی پۆستاڵ، فڕێیان دامە سەر جادەکە."

ئەو رۆژە و ئەو ساتە، بێکەسترین و گوناهترین گەنجی شار و تەواوی دنیا یاسر بوو. هەرچی بەدەنی هەبوو بە ئازار و تێکشکاو، هەست و رۆحیشی پەرێشانی ژێر کاریگەری خوێن و مەرگ بوو. لە قووڵایی دڵ و دەرونییەوە تورەییەکی بورکان ئاسا هەڵدەچوو، بە ئاستێک توند و خراپ لە پرمەی گریانیدا. شەلەشەل هەنگاوی هەڵدەهێنا، خوڕ خوڕ فرمێسکی لێ دەڕژا. ئەو رۆژە، ئەو شەقە بە جۆرێک دنیای ژێر و ژوور کرد، بە ئاستێک دەستکاری هزری کرد. کە ئێستا پێی وایە ئەوە شەق بوو بۆ پاشەڵی باوکی نەک خۆی. شەق بوو بۆ دنیای باوکی، کە هەژدە ساڵ بوو تیایدا دروستی دەکرد. گێڕوگەواڵ، بەدەم هەنسکی گریانەوە، هەزاران جنێوی رەوانەی باوکی و دنیای سەرۆکەکەی کرد. بڕیاریدا چیتر ئەو منداڵە ترسنۆکە نەمێنێ کە بە ئارەزووی خۆی دەسکاری دڵ و ئەقڵی بکات. نەفرەتی لە خۆیی و لە شان و شەپێلکی گاردی کۆماری کرد. نەفرەتی لە

سەرۆک و لە حیزب و نیشتیمانەکەی، لەو خوێندنەی کە دەیگەیەنێتە پلەی دەستدرێژی و کوشتنی مرۆڤ.

بۆ سبەی، پاش لەرزوتا و گینگڵی زۆری سەر جێگا. کتێبەکانی هەڵگرت و لە بری خوێندنگە، رووی کردە گۆڕستانەکە. پشتیدا بە کێلێکەوە و رۆچووە ئەندێشەکانی خۆیەوە. کەوتبووە نێوان دوو جیهانەوە، جیهانی زیندووەکان و جیهانی مردووەکان. ئەو، لەو کاتەدا سەر بە هیچیان نەبوو. جیهانی مردووەکان بێ خەم و ئارام، جیهانی زیندووەکانیش پڕ شەڕ و مەرگ و سەر شۆڕی. پرسیاری لە خۆی دەکرد، ئەی من چیم؟ دەبێ لە کوێدا بم، دەبێ چیبکەم؟ ترس لە خەونی یاخیبوون لە باوکە دڵڕەقەکەی، لە هەڵگەڕانەوەی دژ بە دنیا بۆگەنەکەی، ئاسان نییە و دڵنیابوو عەزابی گەورەی بە دواوەیە. نا ئارام و بێ ئۆقرە، راڕای کردبوو. لاوازیی و دڵەڕاوکێ، لە ناخەوە لرفەی دەهات. خەریک بوو مل بدات، هەستێ و ملی رێگای خوێندنگەکەی بگرێتەوە بەر.

لەو کاتەدا، لە ناو ماڵە هەژارەکانی خوارووی گۆڕستانەکەوە، کۆمەڵە خەڵکێکی کەم کە دارمەیتێکیان هەڵگرتبوو، ورد ورد بەرەو لای ئەو بە رێوەبوون دەرکەوتن. کەمێک دوورتر لەو، کەوتنە گۆڕ هەڵکەندن. یەک دوانێکیانی دەناسی، بەرەو لایان کشا و پرسیاری مردووەکەی لێکردن.

یەکێکیان بە خەم و قورگی پڕ گریانەوە وتی:

"جەنازەی زریانی شاعیرە، ئەمشەو بە تەورێکەوە هێرش دەباتە سەر بارەگای بەعسییەکان، بیناکەی سەر شەقامەکە، بەر دەستڕێژی گوللەی دەدەن، دەسبەجێ دەیکوژن. "

لە هەموو ژیانیدا، هەرگیز ئەو سات و دیمەنەی بیرنەچووەوە. دیمەنی ئەو دەستەی لە دارمەیتەکەوە هاتبووە دەرەوە. دەستێک توند توند دەسکی تەورەکەی گوشیبوو، هێندە توند و بە رقەوە کە ئەوانەی جەنازەکەیان شۆردبوو. هەرچیان کردبوو نەیانتوانیبوو لە مشتی دەربهێنن. تا بە ناچاری مەلاکە وتبووی وازیلێبێنن، بە تەورەکەوە کفن و دفنی بکەن! دەبێ قین و توڕەیی و پووچ بینینی ژیان گەیشتبێتە چ ئاستێک، تا وا لە مرۆڤ بکات بە تەورێکی کولی ژەنگاوی هەڵمەت بەرێتە سەر مەتەرێزی شەستتیر. بێ دەربەست و ترس، سنگی بداتە بەر دەستڕێژی فیشەک! دەبێ رێژە و قەبارەی ئەو توڕەییە چەندە بێت، کە پاش رۆح دەرچوونیش هیچ کەس و هێزێک توانای لە چنگ دەرهێنانی تەورەکەی دەستی نەبێت؟!

هاوڕێکەی، ئەوەی شەوی رووداوەکە لە یانەکە لە گەڵیدا خواردبویەوە، بە تۆنێکی خاو و غەمگین وتی:

"شەوێ زۆری خواردەوە، حاڵی پەشێو و شپرزە بوو. بە درێژایی دانیشتنەکە، تا ئەو کاتەی جێمهێشت،

دەگریـا و فرمێسـکی گەشـی دادەبـارانە سـەر ئەو وەرەقەیەی لە سەری دەنووسی."

یاسر لێی دەپرسێ:

"نەتزانی چی دەنووسی؟"

دەسـتی بـرد، لە گیرفـانی شـەرواڵەکەیدا، پـارچە کاغەزێکی قەد کراوی خوێناوی دەرهێنا، بۆی راگرت و وتی:

" ئەمە دوا شیعری ئەوە، لە گیرفانیدا دۆزیمانەوە."

پێشتر کە خەریک بوو لە ناخەوە ترس لە یاخی بـوونی بـاوکی لاوازی دەکـرد، پەشـیمانیی هەمـوو جەسـتەی تەنیبـوو. کوشـتنی زریـان و شـیعرەکەی، سـەرلەنوێ پـڕی کـردەوە لە وزە و هێـزی بەرەنگـاربوونەوە. هەر لەو شـوێنەدا، بە تەنیشـت گۆڕەکەی زریانەوە، کتێب و دەفتەرەکانی خستە ژێر گڵەوە. کتێبی پڕ بیردۆزی بیرکاری و زانستی کیمیا و ئەدەبی عەرەبی و ئاینی، وەک تەرمێک چۆن دەخرێتە گۆڕەوە، خستە چاڵەوە و وەک مردوویەک ناشتنی.

لای نیوەڕۆش، کاتێک پەڵە سێبەرێک نەما خۆی تیـادا پەنـا بـدات. لـۆژە لـۆژ بەرەو مـاڵ کەوتەوە رێ. بەر لەوەی بگـاتەوە سـەر شـەقامە سـەرەکییەکەی بەردەم گۆڕسـتانەکە، ئۆتـۆمبێلێکی دووتەنـی کە سـێ پیاوی کـزۆڵەی بە سـەرەوە بـوو. لایدایە سـەر رێگـا خـۆڵەکەی گۆڕسـتانەکە. کـاتێکیش لەو تێـپەڕی، لە

دواوەی دووتەنییەکەدا، حەوت دارمەیتی لەسەر یەک هەڵچنراوی بینی. تەرمی گوللەباران کراوەکانی دوێنێ بوون. پاش ئەوەی کەسوکاریان دەچن و پارەی فیشەکەکانیان لێ دەسێنن. ئەو فیشەکانەی نراون بە سنگ و سەر و رۆحی رۆڵەکانیانەوە. تەرمەکانیان رادەست دەکەن و پێیان دەڵێن، بە بێ دەنگی دەیاننێژن، بە هیچ جۆرێک پرسەیان بۆ دانانێن. ئەگینا ئێوەش بە دەردی ئەوان دەبەین.

بە کوردی و بە کورتی، ئیدی نەچووەوە بە لای خوێندن و خوێندنگاکەیەوە. کاتێکیش دایکی بەمەی زانی، کەوتە سەرزەنشتی و پێی وت:"کوڕم بۆ وا لە خۆت ئەکەی؟ بۆ بە دەستی خۆت گڕ لە ئایندەت بەرئەدەی! بە خودا باوکت بزانێ وازت لە خوێندن هێناوە ئەتکوژێ."

نا بە دڵ وەڵامی دایەوە:

"کام ئایندە؟ باوکم ئەیەوێت لە رێگای ساتع تکریتی زاوامانەوە، بمکات بە گاردی کۆماری، تا خەڵکی بۆ بکوژم. من ئەوە ناکەم و بەرەو رووی دەبمەوە."

دایکی بەدەم گریان و پاڕانەوەوە هەر دەیوت: "کوڕم، کێ ئەزانێ دنیا چی لێدێت، تۆ جارێ شەشەکەت تەواو بکە، خوا گەورەیە رۆڵە."

دایکـی زۆری لەگەڵ وت، بەڵام ئەو کۆتـا بڕیـاری خۆی دابوو.

"کــوڕم گەر نەخوێنیــت دەتــکەنە عەســکەر، وەک خالیدی بـرات دەبێ بچیتە شـەڕگەکان، ئـاخر نـابینی ڕۆژانە، وەک گەڵای دار خەڵکـــــی بەردەبـــــنەوە و دەکوژرێن."

بە خۆشحاڵییەوە وەڵامی دایەوە:" جـا چییە، دەچـم بۆ گوندەکەی خۆمان و دەبمە پێشمەرگە."

دایکـــی بە شـــێوە پـــاڕانەوەیەکەوە دیســـانەوە وتی:"کوڕم پێشمەرگایەتی بە تۆ ناکرێ، تۆ نە ساردی و نە گەرمــات دیــوە و نە برســێتی، پێشــمەرگایەتی پیاوی خۆی دەوێت."

کـاتێکیش بـاوکی هـاتەوە و زانـی بـووەتە کـوڕی بەردەم سینەماکان، پشتی لە قوتابخـانە و ئەرکەکـانی کردووە. شێت و هار بوو، وەک گورگ پەلاماریدا، بە لەقە و مشــتەکۆڵە تێروپــڕی کوتــا، هەزاران جنێــوی سووک و چروکی پێدا.

لە بەر پێیەکانیـدا کەوتبـوو، بە پـێچەوانەی جـارانی پێشـووەوە، نە گریـا و نە لێـی پـاڕایەوە. تەنهـا دایکـی بـوو، بە دەنگـی بەرز دەگریـا و داوای لە مێـردەکەی دەکرد دەستبەرداری بێت لەوە زیاتر ئازاری نەدات.

هەرچی فیراس بوو، توندتر و خێراتر تێی هەڵدەدا، تا پەلی گرت و نەڕاندی:

" پێشم کەوە بۆ قوتابخانەکەت..."

لە کۆڵان خۆی لە دەستی راپسکاند، تیژ غاریدا و هەڵهات.

تا سێ مانگ نەگەڕایەوە ماڵ، لە گوندەکەی باپیری بووە هاودەمی خزمەکانی. بە رۆژ لە ترسی هێرشی سوپا و جاشی بەعس، لەگەڵ فیرار و جووتیار و شوانەکاندا، لە ناو باخ و چەم و دەشتە کاکی بە کاکییەکانی گەرمیاندا دەژیا. لەگەڵ هەڵهاتووانی سەربازیدا خۆی مەڵاس دەدا، بە شەویش لە دیوەخانەکەی باپیری دەنووست. سەرەتا ویستی ببێتە پێشمەرگە، بەڵام باپیر و خزموخوێش نەیانهێشت، وتیان، جارێ تۆ منداڵی و بۆ پێشمەرگایەتی ماوتە.

لەو ماوەیەدا، بە گەلێک کتێب و ژیانی نوێ ئاشنا بوو. لە نزیکەوە پێشمەرگەی ناسی، بۆی دەرکەوت ئەوانیش، وەک دوژمنەکانیان توندوتیژ و مرۆڤ کوژن. تێگەیشت مرۆڤ لە بەرەنگاربوونەوەی دوژمنەکەیدا، بە برِ و ئاستی دڵ رەقی و توندوتیژی بەرامبەر، ئەویش هاوشێوە دەگاتە هەمان پەرچەکردار، بە هەمان شێوەی بەرامبەرەکەی دەستی سوور دەبێت، لە خوێن و بە خەم ساردییەوە دەکوژێت.

تاقە جوانییەک، لە هەردوو دنیاکەدا، دنیای عەرەبی باوکی و دنیای کوردی دایکیدا، نەنکەکانی بوون. ژن و کچەکان بوون، خەڵکە هەژار و سادەکان بوون. ئەوانەی بە لە دایکبوونی گویرەکەیەک، بە درویێنەکردنی باوەشێک گیا بۆ کەرویشکەکان، بە هەڵڕژانی مشتێ گەنم لە بەردەم مریشک و جوجەڵەکانیاندا، کۆڵێک خۆشبەخت و شاگەشکە دەبوون.

بڕیارێدا لە نێوان هەردوو دنیاکەدا، لە نێوان بەعسی باوکی و کوردایەتی خاڵەکانیدا، هیچیان هەڵنەبژێرێ. تاک و سەربەخۆ، بخزێتە قەپیلکەکەی خۆیەوە و بۆ هیچ خوێن ڕێژییەک، نەک هەر بەشدار نەبێ، بەڵکو چەپڵەش لێنەدات.

پاش سێ مانگ کە گەڕایەوە کەرکوک، ئیتر ئەو لە قوتابخانە فەسڵ کرابوو. چیتر سیفەتی خوێندکاریی نەمابوو، ببووە هەڵهاتوویەک لە خزمەتی سەربازیی. خۆ ئەگەر دەستگیر بکرێت، هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە گوێیەکی دەبڕن. ئەمە ئەگەر شانسی هەبێت و گوللەباران نەکرێت. ئەوا ڕاستەوخۆ دەینێرنە بەرەکانی جەنگ. دەیشیزانی ئەرکی سەربازییش هەر جەنگە، هەر کوشتوبڕ و خوێن ڕشتنە. هاوکاتیش بوون بە برغویەکی ئامێرە زەبەلاحەکەی مەرگ و جەنگی بەعسە، بە سەرۆکایەتی دیکتاتۆر. بەڵام

چاری ناچاره دەبێ شانی بداتەبەر. لە هەموو بارێکیشدا، ئەرکێ ناچاری کەمتر ویژدان ئازار دەدات.

هیچ دەرگا و دەرەتانێک بۆ ئەو نەمابۆوە، جگە لە ڕێگای سەربازیی. ڕێگای جەنگ و کوشتارگەکانی سنوور. بۆ ئەو کە هیچ بڕوا و چارەنوسێکی نەبوو، هیچ ئومێد و ژیان کردنێکی تێدا نەمابوو. بە مەبەستی خۆ ونکردن، بۆ هەڵهاتن و دەربازبوون لە دۆزەخی بەعس و سەرۆک و باوکی، بڕیاریدا، ڕێگای سەربازیی بگرێتەبەر. وەک هەر لاوێکی تری ئەم عێراقە نەفرەتییە، بەرگی بۆر و پیسی سەربازیی بپۆشێ.

ئەو بەرگەی ڕاستەوخۆ لە مرۆڤەوە دەتکاتە ڕۆبۆتێکی بێ ڕۆح و گوناه، بە کەسێک هەمیشە چاوەڕێی فیشەکێک، یان گولله تۆپێکە، فڕێیبداتە عەدەمەوە. بە ناچاری و بێ ویستی خۆی، وەک مەلەوانێکی ناو بەلەمێکی بێ سەوڵ لە دەریایەکی بە لرفە و هاژە و شەپۆلدا، خۆی ڕادەست کرد. پاش دوو ڕۆژ بە جانتایەکەوە ملی ڕێگای سەربازگەی گرتەبەر.

## س سەحرا و هەڵبەست

جەنگ هەموو لایەک و هەموو جێیەکی گرتبووەوە، تا دەهات توندتر و بێ ڕەحمانەتر، خەڵکی دەکردە سووتەمەنی خۆی. بە درێژایی هەزار و پێنج سەد کیلۆمەتری سنوری نێوان ئێران و عێراق، دەنگی تۆپ و موشەکەکان نەئەبڕانەوە. فڕۆکە و مووشەکەکانی حوسێن یەک، حوسێن دوو، بابلی نوێ، لە قووڵایی خاک و شارەکانی ئێراندا و بێ گوێدانە هیچ یاسایەکی جەنگ، بە هەزاران خەڵکی مەدەنی، لە ژن و منداڵ دەکوشت. لە نێو شیو و چیاکانی کوردستانیشدا، بەردەوام شەڕ و پێکدادانی پارتیزانانە هەبوو. لە شارەکانیشدا، لە ناو زیندانە قووڵ و

تاریکەکانی بەعسدا، بە لێشاو زیندانییەکان لە ژێر ئەشکەنجەدا دەمردن، یان گوللەباران دەکران.

هەر لە شارەکاندا، بە سەر لقوپۆپی دار و درەختەوە، بەسەر دارتێل و ئاریڵی مالانەوە. لە هەموو شوێنێکدا بە سەدان و هەزاران بیبیسوو، بەردەوام دەیانخوێند. بیبی سوو، بیبی سوو، بیبی سوو... ئاو... ئاو... ئاو...

بە سەدان و هەزاران ژن و کچیش، ئەوانەی مێرد و برا و باوکیان کەوتبووە، بەرەیەک لە بەرەکانی جەنگەوە. دەستی نزایان بۆ خودا بەرز دەکردەوە و هاواریان دەکرد:"خودایە ئاوێ بەم ئاگرەدا بکە. ئاو... ئاو... ئاو... "

هاوکات لە نێو سەربازگەیەکی مەشقدا، یاسر لەگەڵ سەدان سەربازی تردا، بەدەم هەروەڵەوە، یەک دەنگ هاواریان دەکرد:

"التدريب... التدريب... ثم التدريب..."

ئەو رۆژگارە، لەو جۆرە ناوەندی مەشق پێکردنە لە سەدان شوێنی وڵاتدا هەبوون. جێگایەک بوو بۆ ئامادەکردنی مرۆڤ، بۆ بەرەکانی جەنگ.

سەربازگە، بۆ ئەو تەواو جێیەکی باش و لەبار بوو. ئەوێک هەر لە منداڵییەوە مەشقی سەربازیی پێکرابوو، گوێی لە قورسی و ماندوویی مەشقەکان

نەبوو. شتێکی ئاشنا بە جەستە لەڕ و پتەوەکەی بوو، بە رۆحە ماندووەکەی.

شەوانیش، بێ خەم، بێ بیرکردنەوە، دەخزایە ناو یاتاغە چڵکنەکەی و دوور لە چاوی باوکی رۆدەچووە خەوی قـووڵ. وەک کرمێکـی ئاورێشـمین لە کیسـە خەوە رەنگ قەوزەییەکەیدا، خپ دەنووست.

لە چـوارەم مـانگی سـەربازییدا، هەواڵـی شـەهید بـوونی خالیـدی بـرای پێگەیشـت و گەڕایەوە بـۆ لای دایکـی. کـاتێ ئەو گەیشـت، پرسـە نەمـابوو، خـزم و خــوێش بڵاوەیــان لێکردبــوو. لە کــونجی تــاریکی ژوورەکەدا، باوەشـــی کـــرد بە دایـــکە جـــگەر سووتاوەکەیدا و بە کوڵ کەوتە گریان. دایک و کوڕی نەگبەت، هەتا فرمێسک وشکی نەکرد، بەسەر یەکدا گریان و شینیان گێڕا.

ئێـــوارە، هەردووکیـــان پـــێکەوە روویـــان کـــردە گۆڕستانەکە. گۆڕستانێک، نزیک لە ئاگریی دۆزەخی نەوت کە خامۆشـی نازانێت. خۆڵی سـەر گـۆڕەکەی خالیـد هێشـتا تەڕ بـوو. ئـاڵایەکی پـیس و قـوڕاویی عیراقی بەسەردا درابوو. لێرە و لەوێی گۆڕسـتانەکە، دەیـان ژن و منداڵ و پیرە پیـاو دەبینـران، کە بەسـەر گۆڕی ئازیزانیانەوە، مات و مەلوول دۆش دامابوون.

بەسەر گۆڕی براکەیەوە، بە کوڵ لە پرمەی گریانیدا، بە مشت خۆڵی بە سەری خۆیدا دەکرد. برا رۆی لە هەموو گۆڕستانەکەدا دەنگی دەدایەوە.

بۆنی بغورد، خۆڵی تەڕ بە فرمێسک و سەدا و گریانی ئادەمیان، هەوای شاری تەنیبوو.

ئەو چەند رۆژەی مۆڵەتەکەی، بە تەنیشت دایکییەوە بەسەر برد. یا دەگریان، یا باسی یادەوەری و کوێرەوەرییەکانی خالیدیان دەکرد. خالید، گەرچی خوێندکارێکی زیرەک بوو، بەڵام قەدەری بەد رێگای نەدا خوێندن تەواو بکات و لە کولێژێکدا، بۆ چەند ساڵێک دوور لە جەنگ بژیت. ئەو رۆژێک کە هاوەڵی خالۆ ئازەری دەبێت. دەکەونە بۆسەی پیاوانی رژێمەوە، دەگیرێن و بێ سەروشوێن دەکرێن. ئەو رۆژگارە، هەر کەسێک بکەوتایەتە نێو تۆڕی بەربڵاوی ئاسایشەوە، مەگەر دەگمەن، ئەگینا کەس چاوی پێنەدەکەوتەوە.

بە هۆی ئەو بەیاننامە یاساغانەی گیرفانی خالۆیەوە، ئەویش دەکەوێتە کونجی زیندانە پەنهان و ترسناکەکانی ئاسایشەوە و سەرنگووم دەکرێت. پاش شەش مانگ ئەشکەنجە و عەزابی قورس، بە هۆی ئەوەی دەردەکەوێت هیچ پەیوەندییەکی بە رێکخراوە یاساغەکەی خالۆیەوە نییە، لە لایەکی تریشەوە بە هۆی هەوڵ و واسیتەی گەورەی باوکییەوە، ئازاد

دەکرێت. بەڵام چیتر ڕێگای گەڕانەوەی نادەن بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەی، بێ ویستی خۆی دەکرێتە سەرباز و ڕەوانەی بەرەکانی جەنگ دەکرێت. تا بە شێوەی تۆپەڵێک خەڵوز، لە دارمەیتێکی کەبس کراودا دەیگەڕێننەوە بۆ دایکە بەفراوی. کە هەرچی شیوەن دەکات و پرچ و ڕوومەتی دەڕنی و بە دەنگی نووساوەوە دەپاڕێتەوە، تا بۆ دواجار بە مردوویيش بێت تاوێک لە کوڕەکەی بڕوانێت. بەڵام کەس ئامادە نەبوو سەری بزمارڕێژ کراوی بە ئاڵا داپۆشراوی دارەبازێک هەڵداتەوە. کە لە بری تەرم، کیسەیەک خەڵوزی تێدا بێت. هیچ دایکێکیش تا بە چاوەکانی خۆی جگەرگۆشەکەی بە مردوویی نەبینێت. هەرگیز ددان بە مردنیدا نانێت و هەمیشە چاو لە ڕێی گەڕانەوەیەتی.

بەفراویش، تا لە ژیاندا بوو سەبوری خۆی بەوە دەدایەوە، کە خالید ونە نەک مردوو. ئەو ڕۆژە هەر دێت کوڕە گەورەکەی بگەڕێتەوە ئامێزی. ئێستاشی لەگەڵ بێت، پاش ئەو هەموو مەرگەسات و ماڵوێرانی و بە لێشاو مردنی کەسە ئازیزەکانی، پاش پیر بوون و لە دەستدانی بینایی چاوەکانی، هێشتا هەر ئومێدی بە لە ئامێز گرتنی خالید لە دڵ و ڕۆحیدا، وێنە و ئایدیایەکی زیندووە.

ڕۆژێک بەر لە وادەی کۆتایی هاتنی مۆڵەتەکەی، یاسر لای ئێوارە، پاش گەڕانێکی بە شەقامە جەنجاڵەکانی ئەحمەد ئاغا و دکتۆرەکان و بەردەم سینەماکاندا. گەڕایەوە ماڵ تا بۆ سبەی خۆی کۆکاتەوە و بەرەو سەربازگەکەی بگەڕێتەوە. بەسەر قەنەفەی ژووری میوانەوە، چاوی چووە سەر فایلێکی قەبەی رەنگ سوور. کاتێکیش لە بارەیەوە پرسیاری لە دایکی کرد. دایکە بە لەرەیەکی کز و قوڕگی پڕ گریانەوە وتی:

" ئەوە ئەم نیوەڕۆیە باوکت هێنایەوە، میراتییەکەی برا جوانەمەرگەکەتە، عەریزەی وەرگرتنی زەوی و قەمەرەی خوێنی کوڕە شەهیدەکەیەتی."

بۆ ئەوەی ناچار نەبێ باوکی ببینێ، پەلە و خێرا نەکا بگەڕێتەوە، جانتاکەی کردە شانی و بە دایکی وت:" نامەوێ چاوم بە چاوی بکەوێ، خۆیی و سەرۆکەکەی تا سەری هەموومان نەخۆن وازناهێنن."

دایکی دەستی خستە بەرۆکی کوڕەکەی، بە گریانێکی شێوە پاڕانەوە وتی:

"کوڕی شیرینم، با جارێکی تر جەرگ سووتاو نەبم. مەگەڕێوە بۆ سەربازیی، کوڕم ئاقیبەتت هەر وەک براکەت دەبێت، قوربانت بم مەڕۆ."

"دایکە گیان، هیچ ڕێگا و دەرەتانێکم نییە، نەچمەوە دێـــن و لە نـــاوچەوانم دەنووســـن جەبـــان، بە بەر چاوتەوە گوللەبارانم دەکەن."

دایکە، بە زمـانی شـکاو و گریـانی پاڕانەوەوە پێـی وت:"کـوڕم گونـدەکان پـڕن لە سـەربازی هەڵهـاتوو، مەڕۆ پـێکەوە دەگەڕێینـەوە بـۆ گونـدەکەی خۆمـان، لەوێ ئەم زاڵمـانە دەسـتیان پێـت ناگـات. تـا خـودا دەروویەکی خێر لەم عالەمە ئەکاتەوە..."

بە هەردوو لەپـی، ســەری بە هەوری پێچــراوی دایکـی گـرت و مـاچێکی نێـو چەوانـی کـرد. بە پەنـجە کەڵەی فرمێســکەکانی ســڕی و قــووڵ لێـی روانــی، هێواش و نەرم پێی وت:

"ئەویـش ئـازار و مەترسـی کەم نییە، خەمـت نەبێ هیچم لێنایەت، خۆ جارێ من دوورم لە جەنگەوە."

پەرۆشـــتر دایـــکە وتـــی:" مەڕۆ، لێـــرە لەم مـــاڵە دەتشارمەوە، لێرە بمێنەوە و مەچۆ دەرەوە، تا جەنـگ کۆتایی دێت."

بە ئەسـپایی چرپانـدی بە گـوێی دایکیـدا: "ئەم مـاڵە تۆی لێدەرچێ، بۆ مـن قورسـترین شـەڕگەیە، هەمـوو ساڵەکانی ژیانم دۆڕاوی ئەم ماڵەم، هەموو جێیەک بۆ من لێرە باشترە."

کوڕ و دایک، تاوێک یەکیان لە باوەش گرت. پاشان بە خێرایی ماڵی جێهێشت، ملی ڕێگای گەراجی گرتە

بەر. کەمێک لە بەردەم کەلاوەکەی کەریم پۆخچیدا، وەستا. لە دەلاقەی دەرگاکەوە بینی نێو هەیوان و حەوشەکە، یەک پارچە سلە گووی کرێکار و دەستگێڕی مەیدانەکەیە. لەژێر لێوەوە وتی:"ئایدن گیان، ئەوە خالیدی براشم هات بۆ لات. چاوەڕێم بن، منیش بەمزوانە پێتان دەگەم."

لە ناخەوە پڕ بوو لە گریان، پڕ بوو لە بۆشیی و پووچیی ژیان، دەیزانی هەنگاو بەرەو چارەنووسی رەشی خۆی هەڵدێنێ، بەرەو جەنگ و مەرگ. کە چاوانی دەچووە سەر ئەو هەموو بت و وێنە زۆرانەی دیکتاتۆر، ئەو هەموو لافیتە رەشانەی قەد دیوارەکان، لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

"لە سەردەم و شوێنێکی خراپدا هاتمە بوونەوە، گەر مرۆڤ هیچ نرخ و بەهایەکی نەبێ، رێگای مەرگ باشترین رێگایە."

بەدەم هەنگاو هەڵهێنانەوە، خەیاڵی دوور دەڕۆیشت. بە سەری شۆڕەوە رابردووی برا شەهیدەکەی، وەک فیلمێکی سینەمایی لە مێشکیدا خۆی نمایش دەکرد. رۆژانی لای نەنکە عەرەبەکەی، ئەو کاتانەی پێکەوە، باوکە دڵ رەقەکەیان دارکاری دەکردن. رۆژانی چوونە قوتابخانە و ترس و برسێتی، رۆژانی پێکەوە سەعیکردن، شەڕ و دەمەقاڵێیەکانیان. رۆژانی پێدەشتەکانی گەرمیان و راوە سوێسکە و

کوڕکوڕ. هەموو ئەو شەوەی لە پاسەکەدا بوو بەرەو سەربازگەکەی، بۆ تاوێکیش فرمێسکی بۆ براکەی وشکی نەکرد. وێنەکانی رابردووی لە خەیاڵ دەرنەدەچوو. ئەو رۆژەی بە یاد هاتەوە، کە خالید لە پۆلی سێی ناوەندی عەشقبازی لە تەک کچێکی جوانکیلەی پۆلەکەی خۆیان دەکرد. کچە کوردێک ناوی ئارەزوو بوو. کچە چەند رۆژێک نایەتەوە بۆ قوتابخانە، خالید حەجمانی لێ هەڵدەگیرێ و نازانێ چۆن سەروسۆراغی بکات. کاتێکیش بە غەمگینی لە بەردەم ژووری بەڕێوەبەردا دەیبینێ. بە تامەزرۆییەوە بۆ لای دەکشێت و هەواڵی دەپرسێ. ئارەزوو، بە رق و قینێکی زۆرەوە پێی دەڵێت:" لێم نزیک نەکەویتەوە، بەعسییە بێ شەرەفەکانی چەشنی خۆت و باوکە سەگبابەکەت، لەم شارە دەریان کردین."

ئەو رۆژە ئارەزوو، بەڵگەنامەی راگواستنەکەی وەردەگرێت و بۆ ئەبەد ون دەبێت. زۆربەی شەوان خالید لەگەڵ خوێندنەوەی نامە پڕ ناز و عیشوەکانی خۆشەویستە بزرەکەیدا، دەگریاو فرمێسکی دەڕشت.

پاش دوو مانگ، لە کاتێکدا سوپای عێراق لە زۆربەی بەرەکانی جەنگدا شپرزە کرابوو، لە پاشەکشەدا بوو. یاسر و هەزاران یاسری تر، بەرەو سەر سنوورەکان بەڕێخران. تا ببنە قەڵغانی مرۆیی و

بەر بە لێشاوی هێرشی دوژمنە ئێرانییەکان بگرن، دەروازەی خۆرهەڵات لە هەژمون و مەترسی مەجووسەکان بگرن. وەک بەعسییەکان بانگەشەیان بۆ دەکرد و جەنگی قادسییەی سەدامیان ناو نابوو، جەنگی پاراستنی دەروازەی خۆرهەڵات.

لە پشتی زیلێکی سەرداپۆشراودا کە تیژ بە جادە لمەکەدا تێدەپەڕی و تۆزێکی چڕی لە دوای خۆیەوە بە جێدەهێشت. یاسر لە کونێکی بچووکەوە دەیڕوانییە دەرەوە. چاوانی پڕ بوون لە دیمەنی تانک و زیلی سووتاو و تێکشکاو، لە لوول پێچی دڕکەزی درێژی بە بیاباندا کشاو، لە سەربازگە و مەتەرێزی بە فەردە لمی هەڵچنراو. گوێیەکانیشی پڕ لە تەقینەوە و دەنگی دەستڕێژی گوللە و تۆپ و راجیمە، هاوار و ئاه و نالەی سەرباز.

ئیتر ئەو کەوتبووە ناو جەنگەوە، نێو سنووری خوێن و مەرگەوە. سەربازێک بوو لە بەرەی پێشەوەی شەڕگە، دەبوو لە پێناو س سەرۆک و س سەرکەوتندا بجەنگێت. لەگەڵ چوار سەربازی تردا فڕێدرانە ساترێکی پێشەوەی شەڕگەکە. پێنج کەس لە کوونە گورگێکی بە چێنکۆ و لم داپۆشراو، بازنەیەکی هەڵچنراوی فەردە لم. دەبوو بەردەوام شەو و رۆژ ئێشک بگرن، ئاگاداری جمووجۆڵی دوژمن بن. پێنج

کەس لە بەردەم هەڕەشەی بەردەوامی مەرگدا، ترس و بێ کەسیی کردبوونییە هاوڕێی یەکتر.

دوو عەرەب و دوو کورد، یەکێک لە کوردەکان خەڵکی شاری هەولێر بوو، ئەویتریش خەڵکی بناری چیای سماقوڵی و یاسری دووڕەگ بوون. عەرەبەکانیش یەکێکیان، شاعیرێکی بەسڕایی بوو. لە خۆشەویستی بۆ نازک مەلائیکە، نازناوی مەلائیکەی هەڵگرتبوو. بەر لە دوو ساڵ کە ئاداب ئینگلیزی زانکۆی مستەنسرییە تەواو دەکات. راپێچی سەربازیی دەکرێت و لە ژێر گرمە و ناڵەی تۆپەکاندا، کتێبی دەخوێندەوە. بەو هۆیەوە چەند جارێک سزای دەدەن و زیندانی دەکرێت.

دواجار ئامرێک، کتێبەکانی دەسووتێنێ و پێی دەڵێت:"دەستی جەنگاوەر بۆ چەکە، نەک کتێب، یەک جاریتر کتێبت پێبگرم. بە تۆمەتی خیانەت دەتدەمە دادگای سەربازیی."

لەوە بەدوا مەلائیکە، لە دڵی خۆیدا شیعری دەنووسی، هێندەی دەوتەوە تا دەرخی دەکرد. زۆربەی کاتیش بۆ هێورکردنەوە و ئارامیی رۆحی، بە دەنگی بەرز شیعرەکانی، رامبۆ و شیللی و موتەنەبی و ئەبوو عەلای موعەڕی و سەیاب و نازکی دەوتەوە.

لە رووبەرێکــی ســێ بە ســێ مەتــردا، مەحکــووم بوون بە پێکەوە ژیان کردن. زۆربەی کات چ بە شــەو و چ بە رۆژ، یاسر و مەلائیکە پێکەوە پشتیان دەدا بە فەردە لمەکانەوە و قسەیان بۆ یەک دەکرد. ژیان و یادەوەری خۆیان بۆ یەک دەگێڕایەوە. زۆر جاری تریش مەلائیکە، باســی ئەدەب و فیکر و فەلسەفەی دەکرد، هەڵبەستی خۆی و شاعیرانی تری دەوتەوە.

زۆر جار کاتی سپێدە کە خۆری سوور لە ئاسۆی دوور هەڵدەهات. مەلائیکە دەیڕوانییە تابلۆی سروشت، بە رەزمێکی شاعیرانەوە دەیوت:

بیابان تەنها پانتایی لم نییە
جێیەکە بۆ هەستکردن بە گوناه
جێیەکە بۆ مردن
بۆ شوشتنەوەی ئەو خوێنەی
باپیرەکانی ئێمە رشتیان بە باخدا
ئەوان بکوژ بوون و
ئێمەش لە ئێستادا کوژراو

بەردەوام زرمەی تۆپ و هاوەن، هاژە و فیشکەی راجیمەکان، گیزەی فیشەک دەهات. لە ناو ساترەکەشدا، بەردەوام مەلائیکە باسی ئەدەب و فیکری دەکرد. جار جارەش لەگەڵ سەربازە کوردە هەولێرییەکە، ئەوی پاش دوانزە ساڵ پیشەی مامۆستایەتی، راپێچی شەڕگەیان کردبوو. گفتوگۆی

گەرم و ئاڵوگۆڕی دیدگا و شەڕە شیعریان دەکەوتە نێوانەوە. شەوێک مەلائیکە باسی ئەبوعەلای موعەڕی دەکرد:

" حەوت سەد ساڵ بەر لە کانت و دیکارت، ئەم شاعیرە نابینایە، باسی عەقڵانیەتی کردووە و دەڵێت، رابەرایەتی و پێشەوایەتی تەنها بۆ عەقڵە. شاعیرێکە دژ بە خورافە و ئاینە. یەکەم کەسە کە شوێنی شاعیرەکان لە دۆزەخەوە دەگوازێتەوە نێو بەهەشت، بەر لە هەزار ساڵ و زیاتریش لە خۆرئاواییەکان، باسی پووچگەرایی ژیان دەکات. تەنانەت ژنی نەهێناوە و هیچ وەچەیەکی نەخستۆتەوە، لەسەر گۆڕەکەی ئەم دوو دێڕە هەڵبەستە نووسراوە.

هذا جناه ابي علي

وما جنيت على احد

گەر باپیرە گەمژەکانمان، گوێیان لەم شاعیرە، لەم پیاوە نابینایەمان بگرتایە، لەم پێغەمبەرە، ئێستا ژیان جوانتر و بەرچاویشمان روونتر بوو."

شەوێکی فێنکی بێدەنگ، مەلائیکە و یاسر، بە تەنیشت یەکەوە. لەسەر پشت راکشابوون و لە ئاسمانی پڕ ئەستێرەیان دەڕوانی. مەلائیکە لەسەر خۆ دەیوت:

رەنگە ئەم ئەستێرە تێکچڕژاوانەی ئاسمان

نەخشەی جوگرافیایەکی فیردەوس ئاسا بێت

بەم جەستە و بەرگە سەربازییەوە هاوڕێ
بەم چاوە کزانەوە و بەم رۆحە ماندووەوە
ناتوانین پەی بە ڕێگاکەی بەرین و هەڵبێین
رەنگە ئەم نەسیمی بەرەبەیانەی سەحرایە
نەشئەی هەوارێکی دوورە دەست بێ
بێ باڵ ئەستەمە هاوسەفەری بین
رەنگە ئەم گەردی هەموو لمەی بە خوێن سوورە
ئەو دۆزەخە بێت کە ئێمە دەسووتێنێت

دەمە و عەسرێکی ئاڵۆز و تەپوتۆزاوی، چاو چاوی نەدەبینی. تۆز و لم، دنیای تەڵخ و تاریک کردبوو. هەر پێنجیان، دەست بە چەک و سەرشۆر، خۆیان مەڵاس دابوو. لە پڕ پیاوە هەولێرییەکە، لە پرمەی گریانیدا، بە دەنگی بەرز و قورت قورت بەر هەنسکیدەدا، بانگی باوک و برا کوژراوەکانی دەکرد. لە پێنج برا و باوکی، تەنها خۆی و برایەکی ماون. باوکیان، لە جەنگی شۆڕشی ئەیلولدا، دەبێتە قوربانی و براکان بە هەتیوی و کولەمەرگی گەورە دەبن. کە گەورە دەبن و لە خەم دەڕەخسێن، جەنگە بەردەوامەکان سەری سیانیان دەخوات. برا بچووکەکەشی، لە ئێستادا پێشمەرگەیە و کەوتۆتە نێو چیا سەختەکان. ئەمەش خۆیەتی لە ناو ئەم لم بارانەدا، نە کەس ئاگادارییەتی، نە ئەمیش ئاگاداری ماڵ و منداڵ و کەسوکارێتی. هەر هێندەی نووکی

دڕکێـک، لە مـردنەوە دوورە. ئەوەتـا بـۆ نەگبەتـی و ماڵوێرانی خۆی دەگری، تف لە سەرۆک و جەنگەکانی دەکات. ئەو بەخـوڕ دەگریـا، مەلائیکەش بەرزتـر لەو، بە ئاوازێکی غەمگین دەیوت:

جەنگ ئاڵۆز بیرناکاتەوە
هەمووممان وەک جەنگاوەر
وەک تەرم دەبینێت
ناپرسێ کێ تاقانەی حەوت خوشکە
کێ دەسگیرانەکەی چاو لە رێیە
کێ فەرمان پێکراوە و
کێ فەرمانی مەرگ دەدات
دایکی کام سەرباز هەمیشە
روو لە خودا و
دەم بە نزایە
جەنگ هەر جەنگە
دەشێ دایکێک دوو جار جەرگی بسووتێ
دەشێ باوکێک هەموو کوڕەکانی بنێژێ
دەشێ جەنەڕاڵێکیش هەردەم پێبکەنێ
جەنگ دادپەروەری نازانێ
نە ماتماتیک
نە یەکسانی
نە پەشیمانی

باوکــت و بــراکەت و بــرای بــراکەت و خــۆت دەکوژێت

سەرۆک و براکەی و کوڕەکانی و جەللادەکانی
سەگ و تووتی و ئەسپەکانی
دەوەڕن و دەڕێسن و دەحیلێنن

لە یەک کاتـدا و هاوئـاواز، لـورەی بـای ترسـناکی بیابان و دەنگی بە سوێی گریانی هەولێریی و سـەدای شیعری مەلائیکە ئاوێتە ببوون. لە کات و شـوێنێکدا، لە دووری مەتـــرێکەوە، کەس کەســـی نەدەبینـــی. مەلائیکە وتی:

"گەورەترین تاوانبار باوکەکانن کە نەوە دەخەنەوە بۆ ئەم دۆزەخە!"

کوڕە سماقۆڵییەکە بە روویەکی گەشـەوە پێی وت: "هەر باشە، لەو رووەوە ئێمە بێ تاوانین."

مەلائیکە بە سەرسوڕمانەوە لێی پرسی:

"ئێوە کێن؟!"

کـوردەکە وتــی:"ئێمە ئـاینزایەکی تــایبەتین، پێمــان دەوترێت، حەقە، یـان حەمە سـوورییەکان. بنەمـایەکی پـتەوی ئاینەکەمــان، نەخســتنەوەی وەچەیە. مــن دوا نەسـلی بنەمـاڵە و ئـاینەکەمم، جەنگیش نەبێت زۆری نەماوە رەچەڵەکمان کۆتایی پێ بێت و رزگار بین."

مەلائــیکە، کەمێــک تێرامــا و بە سەرســوڕمانەوە وتــی:" پــێم ســەیرە، لەم چــاخەدا و لە نێـو ئەو چیـا

دووره دەســـت و ســـەختانەی کوردســـتاندا، ئاوهـــا ئـاینزایەک هەبێـت. ئەمەی ئێـوە دەیـکەن، فەلسـەفە و دنیابینییەکی زۆر قووڵی لە پشتەوەیە! هەر بە راستی ئاینەکەی ئێوە، رێگای منداڵ خستنەوەتان نادات؟!"

کوردەکە بەدڵنیابوونەوە وەڵامی دایەوە:

" بەڵێ ئاسوودە و بێ خەم دەمرین، چونکە هیچ رۆحێکـی پـڕ ئـازار بـۆ ئەم کاوڵاشـە دۆزەخیـیە جێناهێڵین."

مەلائـیکە، قـووڵ لە بیرکـردنەوە رۆچـوو، تەمـی خەمێکی سـەیر کەوتە سـەر سیمای، مت و بێدەنگی کرد. پاش کەمێک روانییە هـاوڕێ کوردەکەی، بە بزە و خۆشحاڵییەوە، پێی وت:

" ئەزانی ئەم دیدگا فەلسەفییەی ئاینەکەت، رەگێکی زۆر قـووڵی لە هـزری مرۆڤایەتیـدا هەیە! پێغەمـبەری ئێـــوەش وەک بـــودایە، لە ئەدەبیـــاتی ئەویشـــدا لەدایکبوون سەرچاوەی یەکەمی شەڕەکانە. پێی وایە، جەوهەری ژیـــان ئـــازار و تەلەزگەیە. ئەنکراتێوکـــان، کۆمەڵەیەکی مەسیحی گنوسین، دەڵێن، تاکە رێگای مـرۆڤ بـۆ بەرەنگـاربوونەوە و تێکشـکانی مـردن، وەسـتانە لە منـداڵ خسـتنەوە، بەلای ئەوانەوە زیـاد بوون چ نییە جگە لە ئامرازێک بۆ تێرکردنی مەرگ. بابلییەکان خودایەکیان هەیە بە ناوی مانی، خۆی لە وەچە خســتنەوە پاراســتووە، پێــی وایە ئەوە تــاکە

ڕێگای دەرباز بوون و کۆتایی هاتنی ئازاری مرۆڤە. گەورەترین تاوان، منداڵ خستنەوەیە."

لەو کـــاتەی مەلائـــیکە بە حەماســـەوە دەدوا. گوللەتۆپێـک کەوتە نێـو مەتەڕێـزەکەی لای دەسـتە ڕاسـتیانەوە، بە دوای تەقینەوەیەکـی بەرزدا، هـاوار و ناڵەی ئادەمیان بەرز بووەوە. ئەمـانیش زیاتر خۆیان تەختـی زەوی کـرد و هەناسـەیان لە خۆیـان بـڕی. تـا کوردە حەمە سوورییەکە کە هەروا تەختی زەوی بوو وتی:

"تاکە شتێ جێی شانازیم بێت، ئەوەیە کە دەمرم و وەچەم نەخســتۆتەوە. نازنــاوی بــاوک قێزەونتــرین نازناوە."

لەگەڵ نـاڵەی سـەرباز و دەنگـی تـۆپ و لـوورەی ســامناکی بیابانــدا، مەلائـیکە بەرز و شـێوە نـاڕازی هاواری کرد:

" هەمـــوو ئەم تەرمە هەڵئاوســـاو و داڕزاوانەی دەوروبەرمان، بەرهەمی ئەو باوکە تاوانبارانەن کە بۆ ساتێک لەزەتی خۆیان ئێمەیان خستە ئەم ژیانەوە. کە وەک کونە ڕەشـەکانی گەردوون هەڵمـان دەلووشـێ و پێشـوازیمان لێدەکات، تـا وەک جەسـتەیەکی سـارد و بۆگەن فڕێمان دەداتە دەرەوەی ئەم بوونە. باوکەکـان لەو بوونەوەرانەی نێو تـووکی سـەگێک دەچـن، کە بە دوای ڕووناکیدا وێڵن. بەڵام لە کۆتاییدا بە هیچ ناگەن،

جگە لە مەرگ." دووڕەگیش، کە توێژاڵێکی ئەستووری لم و تۆز سیمای داپۆشی بوو، لە دڵی خۆیدا و هەر بۆ خۆی وتی:

"نەفرەتت لێ بێت، فیراسی باوک، نەفرەت."

ئەو سەردەمە، هەزاران هەزار لاو و پیر، لە بەرەکانی جەنگدا، لە ئاوها حاڵێکدا بوون.

لە ناو شارەکانیشدا، دوو هێندە لە واعیزە زۆربڵێیەکان، هاواریان دەکرد:"هەموو شتێک بە هۆکارێک روودەدات، بەها و حیکمەتێکی گەورە و پیرۆز، لە پشتی هەموو شتێکەوەیە."

یا ئەو ستەمگەرانەی بە ناوی نیشتیمان و پیرۆزی خاک و سەرۆکەوە، گەنجی خێر لە خۆ نەدیویان فڕێدابووە ئەم جەنگە بێ ئامانجەوە، ئەوانی خۆیان لە کۆشکەکانیاندا رایانئەبوارد، سەربازیش، وەک مشک و جرج، لەم کوونەوە بۆ ئەو کوون، سەرەتاتکێیان بوو لەگەڵ فیشەکی چارەنووسدا.

پاش پانزە رۆژ، ئەم پێنج سەربازە دەگەڕێنرێنەوە بۆ سەربازگەکە، تا پێنجی تر جێگایان بگرێتەوە. بەڵام لە جەنگدا، هیچ جێیەک لە دەرەوەی مەترسیدا نییە. جەنگ بازنەیەکە لە هەر پنتێکیدا بیت لەژێر هەڕەشەی مەرگدای، تۆپ و فیشەک هەتا خودا حەز کات دوور دەڕوات و قوربانییەکانی دەپێکێت.

نیـوەڕۆیەک چەنـد گـوللە هاوەنێـک دەکەونە نێـو سـەربازگەکە، چەنـدین سـەرباز دەکوژێـت و برینـدار دەکات. یاسر یەکێک دەبێت لە بریندارەکان.

## س سینەما و گۆڕستان

چەنـد زۆڵە جەنـگ، ئەو هەمیشــە هەر ڕۆح نابـات. زۆر جـار بەشـێک، یـان بە تەنهـا ئەنـدامێک دەبـات و مرۆڤێکی شەلوشێت، بەو جۆرەی خۆی دەیخوازێت دەخــولَقێنێ. کە تــا لە ژیانــدا بمێنــێ، وەک شــەرم و نەنگیی، وەک بار بەسەر ئەوانی ترەوە خۆی دەبینێ.

ڕێدەکەوێ لە بری ڕۆح، باڵێکت، یان هەردووکیان دەبـات. قاچێکت، یان هەردووکیـان دەبات. یـان پڕت دەکــات لە ژەهــر، بــۆ ئەبەد ڕۆحــت ئــازار دەدات و چەندین ساڵ دوای جەنگەکەش تۆ هەر دەتلێیتەوە و برینت نوێ نوێیە.

تۆ منداڵی و باوکت دەبات، هەموو تەمەنت هەتیو دەکەویت. کوڕت دەبات و بۆ ئەبەد دەبیتە دایکێکی ڕەشپۆشی گرینۆک، برا و مێردت دەبات. هەرچی بەردەست کەوێت، وەک گەڵای بەر ڕەشەبا لووشی دەدات. ژیان بە هەموو ڕەهەندە جوانییەکانییەوە دەبات. وێرانە و مرۆڤی نیوە مردوو بە جێدەهێڵێت.

چەند زۆڵە جەنگ، کە دێت. یەکەم شت چاو دەبڕێتە کێڵگەکان و بیر لەوە دەکاتەوە، چۆن بیانکاتە خاکی سووتماک، یان سەربازگەی تانک و تۆپ. چاو دەبڕێتە شار و گوند، پلان دادەنێت چۆن پڕیان بکات لە کەلاوە و تەرم و برسێتی، لە زریکە و ناڵە و فیزاحی ئادەمییەکان. بیر دەکاتەوە چۆن قوتابخانە و خەستەخانە و پارکەکان، بکاتە گۆڕستان. چۆن پێدەشتەکان، بکاتە کێڵگەی مین و دنیایەک مرۆی بێ قاچ بەرهەم بهێنێ.

لە هەر جێیەک سواڵکەر و منداڵانی سەر شەقام و باڵەخانەی داڕووخاو، ئاوارە و بێ لانەت بینی. مرۆڤی سەراپا ڕەشپۆش و غەمگینت بینی. دڵنیابە جەنگ بەوێدا تێپەڕیوە.

جەنگی نێوان خودا و شەیتان، هەرگیز ناکرێ حەقیقەت بێت. مێژووی جیهان ململانێیەکی بەردەوامە لە نێوان جەنگ و ژیاندا. نێوان پادشا، جەنەڕاڵ و دیکتاتۆرەکان و خوداکانی جەنگ لە لایەک، ژیان و

ئەو مرۆڤــانەی هەمیشـــە قوربــانی و ســـووتەمەنی جەنگن لە لایەکەی تـر. کەچـی کتێبەکـانی مێـژوو پـڕ پــــڕن لە قارەمـــــانێتی و پیرۆزیـــــی جەنەڕاڵ و هەڵگیرسێنەرانی جەنـگ، ئەوەی لە باسـدا نییە، خـوێن و عارەقە و گریان و ئازاری قوربانییەکانە.

گەر گەنجێکت بینی لە بەردەم سینەمایەکی شـاردا، لاقێکی لە دەست دابوو. ئەوە یاسەیە، بۆ لە بیرکردنی خـۆی، پـاش ئەوەی قـاچێکی جەنـگ دەیبـات. خـوو دەداتەوە سـینەما. بە ئومێـدی گەڕانەوە بـۆ دەخـیلەی یــادەوەری بەلەزەتــی منــداڵیی، بــۆ راکــردن و خــۆ بزرکردن لە جەنگ و هەواڵەکانی جەنگ.

پاش ئەوەی لە پشتی زیلێکی پڕ تەرم و برینداردا دەیگەیەننە نەخۆشخانەیەکی سـەربازیی. بە پەلە و بۆ رزگار کردنی لە مەرگ، بە ناچاری ئەو قاچەی لە بندا دەبڕنەوە، کە پارچەی گولله هـاوەن وەک خەیـار دوو لەتی کردووە.

لە گەڕانەوەشیدا دایکی کە بە شێوەیەکی ترسـناک، خەم و ئــازار چــرچەڵ و وێرانــی کــردووە. تونــد لە باوەشی دەگرێ، بە دەم بەرنسکی گریـان و فیغـانەوە دەڵـێ:" خـۆزگە خالیدیش، هەردوو قـاچ و دەسـتەکانی لە دەسـت بـدایە، بەو مەرجەی وەک تـۆ بـگەڕایەتەوە ناو باوەشم...!"

کـــاتێکیش دەرودراوســـێ، هـــاتنە خزمەتـــی بـــۆ هەواڵپرسـین و هـاوخەمیی، مەلا قـادر هەر زوو پێـی وت:" دڵگـران مەبە کـوڕم، خـودا تـۆی خۆشـدەوێت و ڕەحمـی پێکـردووی کە قـاچی ڕاسـتت پەڕیـوە. ئەگینـا هەموو چوونە سەر ئاوێک گوناهبار دەبوویت!"

هەر یەکە و جۆرێک قسەیان کرد. مامۆستا بیجامە خەت خەتەکەش وتی:

"قاچێک هیچ نییە، هەزاران ڕۆح، هەموو جەستەیان لە دەستدا. بەس نییە زیتوزیندوو ماوی."

"دووعـا بـکە جـارێکیتر نەتگەڕێنـنەوە سـەربازیی، ئەگەر نـا، کێشـەی تـۆ بە یەک دار شـەق چارەسـەر دەبێت."

"دڵ خۆشـبە کە لە پێنـاو نیشـتیماندا کەم ئەنـدام بوون، ئێوە گەورە و سەروەری ئێمەن، خۆشەویستی حیزب و سەرۆک سەدام حوسێنن خودا بیپارێزێ."

ئەمەی دواییان کە قسـەی کـرد، ڕەفیق بەعسییەکە بوو، کە هاوکات موختاری گەڕەکیش بوو.

ڕۆژی دواتـر دەمەو نیوەڕۆ، مارسیدسـێکی نـوێی ڕەش، لە بەردەم ماڵەکەدا وەستا، ژنێکی قەد و قامەت ڕێکـــی ڕێکپۆشـــی لـــێ دابەزی، کە ســـاوایەکی بە باوەشـــەوە بـــوو. بـــووە جـــێ ســـەرنجی هەمـــوو دراوسێکان، چونکە هاوکات لەگەڵ ئەودا، دوو گەنجی چەکـدار، بە جلـوبەرگی سـەربازییەوە لە ئۆتـۆمبیلەکە

هاتنە خوارەوە. ئەوان پاسەوان و شۆفێرەکەی بوون. ژنە لە دەرگای حەوشەوە کە لاو نیو کرابۆوە خۆی کرد بە ژووردا، لە نێو حەوشەکەدا کچە و دایکە بە گریـــان و فیـــزاحەوە یەکیـــان لە بـــاوەش گـــرت. کۆرپەکەش لە سام و ترسدا لە زریکەی گریانیدا. یاســـر بە دار شـــەقەکەیەوە خـــۆی گەیانـــدە بەر هەیوانەکە. ئەسرا کۆرپەکەی خستە کۆشی دایکی و بە روومەت رنیـــنەوە لە بەردەم براکەیـــدا کەوت بە زەویدا. بە چەپۆک و چڕنووک کەوتە وێزەی خۆی و پڕ بە ماڵەکە دەیقیژاند. یاسر، خۆیدا بە سەریدا خێرا خێـرا مـاچی دەکـرد. دەسـتەکانی دەگـرت و داوای هێوربوونەوەی لێدەکرد. برا و خوشک تاوێکی باش لە باوەشی یەکتردا گریان و دڵی یەکیان دایەوە.

کـــاتێکیش هەر ســـێکیان، گریـــان شـــەکەت و مانـــدوویان دەکـــات. ســـەر دەنێـــنە تەنیشـــت یەک و دەکەونە نەرمە گفتوگۆی خێزانیی. لەبارەی باوکیان و خالیـدی جـوانەمەرگ، لە هەواڵ و باسـی پایتەخـت و جەنـگ دەدوێـن. جـار جـارەش یاسـر دەکەوێـتە یـاریکردن لەگەڵ کـۆرپەکەدا. کە بـاوکی نـاوی نـاوە عودەی، یاسر بە دەستی دەیگلێنێ و دەڵێت:

"خەپۆلە، وەک عـودەیەکەی سـەرۆک بێ قـیمەت دەرنەچیت."

ئەسرا، دەست دەبات و سەفتەیەک دە دیناری لە جانتاکەی دەردەهێنێت، لە تەنیشت سەرینەکەوە دایدەنێت. یاسر هەڵیدەگرێتەوە و دەیەوێ بیخاتەوە نێو جانتاکە.

ئەسرا، دەستی دەگرێت و دەڵێت:" ئەمە پارەی ئەو خاکەیە کە تۆ لە پێناویدا کەم ئەندام بوویت، لە دەمی ئەو سەگانەی سەرۆکم فڕاندووە، با تۆش هێندەت بەرکەوێت."

لای ئێوارە، ئەسرا، رووی کردە دایکی و وتی:

"هەر هێندە ئیزن دراوم، دەبێ بگەڕێمەوە."

دایکی بە سەرسوڕمانەوە وتی:

"بۆ وا بە پەلە کچم، ئەمشەو لای ئێمە بمێنەرەوە؟"

بەدەم خۆ کۆکردنەوەوە، بە دایکی وت:

"قەیناکە دایە گیان، خەمت نەبێ، لەمەولا زوو زوو سەردانتان دەکەم."

یاسر، زۆربەی رۆژەکان دەچووە سینەما، یان لە کتێبخانەی گشتی دەیخوێندەوە. لای ئێوارانیش، لەگەڵ چەند برادەرێکیدا، دەچووە یانەیەکی خواردنەوەی سەر خاسە و تا درەنگانی شەو دەیخواردەوە.

ساڵێک بەم جۆرە ڕۆتینە ژیانی بردە سەر. تا ئەو کاتەی بانگهێشتی نەخۆشخانەی شەرحەبیل، کرایەوە. بۆ لای لیژنەیەکی سەربازیی و تەندروستی، بە مەبەستی گەڕانەوەی بۆ ریزی سەربازیی یا تەسریح

کردنی. چووە ریزێکی درێژ لە مرۆڤی کەمئەندام و پیر و پەککەوتە و نەخۆش و شێتەوە کە چاوەڕێی چارەنووسی رەشی خۆیان دەکرد. کاتێکیش نۆرەی هات. کز و لانەواز لەسەر کورسییەک دایاننا، دوو دکتۆر و سێ پلە داری سەربازیی ورد و درشت لێیان روانی. پاش چەند پرسیار و وەڵامێک، هەر پێنجیان وەرەقەیەکیان ئیمزا کرد و لە زەرفێکی رەنگ قاوەییدا دایانە دەستی، پێیان وت:

"ئەم کتابە بەرەوە بۆ فەوجەکەت."

جارێکی تر و سەرلەنوێ، بەرگی سەربازیی بە بەردا کرایەوە، کە دەرلنگی راستی پانتۆڵەکەی لە دواوە بە دەرزییەک شەتەک درابوو.

راستەوخۆ گواستیانەوە بۆ سەربازگەیەکی نزیک دەریاچەی حەبانییە، لەوی خستیانە بەشی نوسینگەی قەڵەم و ئارام و هێمن، بزر لە دنیا، ژیانی سەربازیی بەڕێ دەکرد.

جەنگ تا دەهات توندتر و بەربڵاوتر دەبوو، لە سنورەوە دەکشا بۆ نێو شار و شارۆچکەکان. هاوکات لافیتە رەشەکانیش زیاتر دەبوون، بەڵام دنیای ئەم، لە جەنجاڵی شارەوە گوێزرا بە سەربازگەیەکی دوور لە جەنگ. لە نێو سەربازگەکەشدا، بە تاقە ژوورێک، لە پشتی مێزێکی ئاسنەوە. کە بە ژوور سەرییەوە و لە ژێر وێنەیەکی

گەورەی سەرۆکدا، بە خەتێکی گەورە ئەم درووشمە نوسرابوو.

"آمة عربية واحدة... ذات رسالة خالدة"

بەردەوام سەرقاڵی نووسین بوو. هەندێ جار گەشتی سەر دەریاچەکەشی تێدەکەوت و لەگەڵ بەرپرسە سەربازییەکاندا، بۆ خواردنەوە و خواردنی ماسی برژاو، تا درەنگانی شەو خۆش رایدەبوارد. چەند مانگ جارێکیش بە مۆڵەت دەگەڕایەوە لای دایکی.

لەو ماوەیەدا، دوو کەڕەتیش چووە زیندانی ئەبووغرێب و چاوی بە خاڵە ئازەری کەوت. کە سزای زیندانی هەتا هەتایی بە سەردا درابوو. بەندیخانەیەک هێندە گەورە و هێندە پڕ مەخلووق بوو، تووشی شۆکی کرد. تا ئەو کاتە نەیدەزانی کە نزیک بە نیوەی وڵات، ئەوەتا لە کونجی زینداندان. لە یەکەم سەردانیدا، لە نزیک خاڵییەوە، یانزە پیاوی زیندانی دەبینێت، کە دەوری تەشتە ئاوێکیان داوە و خێرا خێرا، خاولیەکانی ملیانی لێ هەڵدەکێشن و دەیخەنە دەمیانەوە. ئەو دیمەنەی زۆر لا سەیر دەبێت و پرسیار لە خاڵی دەکات. ئازەریش بە پێکەنینەوە پێی دەڵێت:

"ئەو خاولیانە ئەمڕۆ سەردانکەرانیان بۆیان هێناون، لە عارەق هەڵکێشراون و دراونەتە بەر خۆر

تا وشک بوونەتەوە. بەم جۆرە ئەمان تەڕی دەکەن، کحولەکەی دەمژن و خۆیانی پێ سەرمەست دەکەن!"

لەوە خۆشتر ئەوە بوو، ئەو یانزە کەسە پێکەوە لەسەر خەونی یەکێکیان گیرابوون. ئازەر دەڵێت:

"ئەو یەکەیان دەبینیت، سەر سپییە قەڵەوەکەیان؟ ئەوە رۆژێک دەچێتە لای مەلای مزگەوتەکەیان و پێی دەڵێ. مامۆستا ئەمشەو لە خەونمدا ببوومە سەرۆکی وڵات، دەبێ مانای ئەم خەونە چی بێت؟ بۆ نەگبەتی پیاوێکی ئاسایش، گوێی لێ دەبێ و خێرا هەواڵی لێدەدات و دەستگیر دەکرێت. ئیتر لەژێر ئازار و ئەشکەنجەدا، دان بە خەونەکەیدا دەنێت. بەڵام بەوەش وازی لێناهێنن و داوای ناوی وەزیرانی کابینەکەی لێدەکەن. ناچار لەژێر هەڕەشە و تەعزیبدا، لە راپورتێکدا، تەواوی ناوی وەزیرانی کابینەکەی پێشکەش دەکات کە ئەم برادەرانەیەتی وەک دەیانبینی. دادگا بە توومەتی کودەتا هەموویانی لێرە پەستاوەتە زیندانەوە. جا لەوەش خۆشتر ئەوەیە، بەردەوام شەڕیانە و پێکەوە ناسازێن، رۆژ نییە چەند جارێک، سەرۆک وەزیران، هاوار بە سەر یەکێک لە وەزیرەکاندا نەکات و نەڵێت، کەرێتی خۆمە پیاوی وەک تۆ دەکەمە وەزیر."

ئەو سەردەمە، بە پێی دەستور و یاسای سەرۆک، هەر کەسێک، هەوڵی ئەوە بدات، یان بیری لێبکاتەوە،

یان تەنانەت خەونیشی پێوە ببینێت، کە بچێتە سەر تەختی دەسەڵات، ئەوا خائین و تاوانبارە، دەبێ بە سزای خۆی بگات.

جارێکیش، لە سەردانەوەی بۆماڵەوە، لووتی تەقی بە لووتی باوکیدا. تەنها سڵاوێکی سارد و سرپیان لە یەک کرد، بێ هیچ گفتوگۆیەک لە یەک دوور کەوتنەوە. بەڵام ئەو دوو شتەی دواتر بۆ هەمیشە لە یادەوەریدا نەسڕایەوە. باقوبریقی ئەو مەدالیای ئازایەتیە بوو کە بەسەر سینگی باوکییەوە بوو. لەگەڵ قەمەرە سورە بەرازیلیەکەی بەر دەرگا، کە نرخەکەی خوێنی خالیدی برای بوو.

بۆ ئێوارەش، لەگەڵ دایکی دەچێتە گۆڕستان کە جمەی دەهات لە خەڵک. چەشنی شارە مێرولەیەک تێکچڕژابوونە نێو گۆڕەکان، بە دیار مردووەکانیانەوە دۆش دامابوون. هاتبوون تا بە بۆنەی جەژنی ڕەمەزانەوە، پیرۆزبایی لە مردووەکانیان بکەن. یاسر لاو نیو لەسەر گۆڕی هەڵبەستراوی براکەی دانیشتبوو، هەر دوو دەستی خۆی دابوو بەسەر دارشەقەکەیدا و کز و مات دەیڕوانییە بەر پێی خۆی. بێ جووڵە و بێ دەنگ هەر وەک کێلی گۆڕەکان. دایکی گەرچی هەمیشە و تا دەمرێت، بە گومانە لەوەی کە ئەمە گۆڕی خالید بێت، بە گریانێکی جەرگ بڕ کوڕەکەی دەلاواندەوە.

پێش دوو ساڵ، ئەم شوێنەی خالیدیان تیادا ناشت دامێنــی گۆڕســتانەکە بــوو. بەڵام ئێســتا کەوتــۆتە ناوەڕاستەوە، لە سەردەمی جەنگدا، هیچ شتێک وەک گۆڕستان ناکشێ و فراوان نابێت.

ئەو سێ منداڵە، لەگەڵ نەنکیانـدا هـاتوونەتە سـەر گۆڕی باوکیان، سێ مانگ پێش ئێستا کە باوکیان لە بەرەکانی جەنگ دەکوژرێ. دایکیان شوو دەکاتەوە و هەر سـێ منـداڵەکەش بەســەر خەسـووە پیرەکەیـدا جێـدێڵێت و دوور دەڕوات. ئەو کـۆمەڵە ژنە ســەراپا رەش پۆشــەیش کە شــین و واوەیلایــان جەرگ و هەنـاوی مـرۆڤ دەپسـێنێ. هـاتوونەتە سـەر گـۆڕی باوکیــان، کە مانگێــک بەر لە ئێســتا و لە بەردەم ماڵەکەیـدا و بە تـۆمەتی سـیخوڕی و جاشـایەتی بـۆ پیـاوانی بەعـس، دەکـوژرێ. حەوت کچـی جـوانی بـێ کەس و بێ دەرەتـانی لە پاش بەجێ دەمێنـێ. ئەوەتـا هێنـدە کـاریگەر دەگـرین، کافریـان پـێ مووسـڵمان دەبێـت. ئەو ژنەش کە لە نێـو حەسـاری پێـنج گـۆڕدا فرمێســکی گەش دادەبــارێنێ. دایکــی چــوار کــوڕی شــەهیدی کــوردایەتییە، چــوار کــوڕی نــازدار و جوانەمەرگ، کە دوانیان پاش چوار ساڵ زیندانی، لە قەسـابخانەکەی ئەبووغرێـب سـزای لە سـێدارەدانیان بەســـــەردا جێبەجـــــێ دەکەن. دوانیشـــــیان لە

پێشمەرگایەتی شەهید بوون. هەر پاش چەند مانگێک باوکیشیان لە خەم و خەفەتدا سەر دەنێتەوە.

دوو گۆڕی ئەولاتر، هی ئەو باوک و کوڕەن، کە لەسەر پارەی کوڕبرایان، ئەوەی دەبێتە قوربانی جەنگی قادسییە، دەبێتە شەڕیان و یەکتر دەکوژن. ئەو ژنە دوو گیانەش، کە هاوتەریب بە تەنیشت ئەو قەبرەوە راکشاوە، بۆ باوکی مەڵۆتکەکەی هەناوی دەگرێت، هەمان شکڵ و شێوەی قەبرێکی وەرگرتووە. قەبری نوتفەکەی هەناوی. ژنانیش جۆرێکی ترن لە قەبر، لە خۆیاندا مردنێک پەروەردە دەکەن.

پێ بە پێ لەگەڵ گۆڕەکاندا هەنگاو هەڵبێنە و حیکایەتی مەرگە بە سوێکان ببیستە. کە کەمیان، زۆر کەم، بە مەرگی خودایی مردوون. بە گشتی گەنج و جوانکەی قوربانییانی جەنگن. لەم خاکەدا، منداڵدانی دایک دەردەپەڕێنێ و جەنگی سەرۆکیش لە گۆڕیان دەنێت. وابڕوات نێو شەقام و سەر سەربانەکانیش دەبنە جێ قەبر، لە بری نەمام، باخچەکانیش تەرمیان تیا دەنێژرێت.

وەک وەفایەک بۆ هاوڕێ مردووەکانی، کەوتە گەڕان بە دوای گۆڕی ئایدن و زریاندا. زیکزاک و خێرا بە نێو گۆڕەکاندا کەوتە هەنگاو هەڵهێنان. بەسەر گۆڕی زریانەوە، نەو نەمامی بەڕویەکی بینی کە لە دەسکی تەورەکەوە روابوو. بە تەنیشت گۆڕی ئایدن

و باوکیشییەوە، تۆپەڵێ گووی بینی. لە دڵی خۆیدا وتی:"لە گۆڕیشدا گوو واز لە مرۆڤە هەژار و پاکەکانی ئەم وڵاتە ناهێنێ!"

ئیتر خودا زۆڵی دانابێت ئەم جەنگەیە، ئەو کە نزیک دەبێتەوە لە کۆتایی، دەبێتە سەگێکی هار و دڕ و بە هەزاران کەڵبە و چەپۆکی کوشندە هەڵمەت دەبات. لە ئاخر و ئۆخردا، وەک ئەوەی ئەو هەموو خوێن و شەلوشیتە، ئەو هەموو ماڵوێرانییە، ئەو هەموو منداڵە هەتیوە بەس نەبێت. خێراتر و دڕندانەتر پەلامار دەدات. هەوڵدەدات لەو ماوە کەمەی ماوێتی بە کۆ و بە لێشاو خەڵک بکوژێت و شار و گوندەکان بسووتێنێت. بە تەنها لە شارێکی وەک هەڵەبجەدا، پتر لە پێنج هەزار مرۆڤی مەدەنی لە ژن و منداڵ و پیر، بە چەکی کیمیاوی کە فڕۆکەکانی عێراق دەیرێژن بە شارەکەدا، شەهید دەبن و دە هەزاری تریش بریندار دەبن، شارەکە تەختی زەوی دەکرێت. هاوتەریب لەگەڵ کۆتا مانگەکانی جەنگەکەدا، نیوەی سوپا و جاش لە پرۆسەیەکی بە ناو ئەنفالدا، هێرش دەبەنە سەر تەواوی گوند و شارۆچکەکانی کوردستان، لە ماوەیەکی کەمدا، پتر لە چوار هەزار گوند و دەیان شارۆچکە لە نەخشەی ژیان و ئاوەدانیدا دەسڕنەوە و سەد و هەشتا و دوو هەزار لە خەڵکی ئاسایی، کە زۆربەیان ژن و منداڵن، راپێچی

بیابانەکـــانی باشــــور دەکەن و لەوێ زینـــدەبەچاڵیان دەکەن.

لە لایەکـــی تریشــەوە، هێــزی گــاردی کۆمــاری و ســوپا، هێرشــێکی بەربــڵاو دەکەنە ســەر دوژمــن، بە مەبەســتی رزگــار کردنـــی نــیمچە دورگەی فــاو کە نــزیکەی دوو ســاڵ بــوو، لە لایەن ســوپای ئێــرانەوە داگیرکرابوو. لەو هێرشــەدا، کە هەمووی سی و پێنج کاتژمێری خایاند، فاو لە چنگی ئێران دەرهێنرایەوە، بەڵام بە خوێنی هەزاران سەربازی هەردوو لا.

پاش هەشت ساڵ، کاتێ جەنگ وەستا. لە هەردوو وڵاتــدا، یەک ملیــۆن کــوژراو هەبــوو، دوو هێنــدەش بریندار و کەمئەندام، سێ هێندەش منداڵی بێ باوک و مــاڵوێران و ئــاوارە. لە هەمــوو مــاوەی جەنــگەکەدا، سەربازانی عێراق هەمیشــە دوو پەنجەیان لە شــێوەی ژمـــارە حەوتـــدا بەرز دەکـــردەوە، وەک ئامـــاژە و هێمایەک بۆ سەرکەوتن. بەڵام لە کۆتاییدا، لە هەشتی هەشــتی ســاڵی هەشــتا و هەشــتدا، هێمــاکە پــێچەوانە بــووەوە و لە شــێوەی دوو پەنــجەی رووەو خــوار بە دۆڕان کۆتایی هات.

پاش ئەو هەموو زەرەر و زیانە، پاش ئەوخوێنە بە بەلاش رژاوە، جـــارێکی تـــر، لە هەمـــان گۆڕەپـــانی پێشــوودا. بە ئامــادەبوونی هەمــان خەڵــک، ســەرۆکی فەرمانــدە، لە بەردەم هەمــان خەڵکــی گەمــژەی پــڕ

هەلــهەلە و دروشـــم و ڕێــژنەی چەپــڵەدا. هەمـــان ڕێکەوتننـــامەی کە پێشـــتر دڕی و خســـتییە ژێـــر پێیەکانی، جارێکیتر ئیمزای کردەوە. ڕێک وەک فیلمێک کە بە پــێچەوانەوە دەیگەڕێنیــتەوە. پــارچە کــاغەزی ڕێکەوتننـامەکە، لە ژێـر پێـیەوە دەگەڕێـنەوە بـۆ نـاو دەســتی ســەرۆک، وەک ئەوەی زەمەن لەو هەمــوو مــاوەیەدا وەســتا بێــت و هــیچ رووی نەدابێــت. حەقـیقەتەکە ئەمە بـوو. گاڵتەجـاڕییەکەش ئەو هەمـوو لافیـتە رەنگاوڕەنگـانە بـوون کە بە دیوارەکـانی وڵاتـدا هەڵواســران. لافیــتەی پــڕ دروشــمی ســەرکەوتن و گەورەیـــی ســـەرۆکی فەرمانـــدە، دروســـتکەری ســەرکەوتن و عێراقـی نـوێ، سـەدام حوسـێن، خـودا بیپارێزێ.

لە ئاوها حاڵێکدا کە ژیـان نرخـی تەپاڵەی نەمـابوو. کەچـی لە تەلەفزیـۆنەکەی بەعسـەوە، کۆمەڵە کیژێکـی کورد، بە بەرگی ئـاڵووالاوە، بە کۆرس سـروودیان بـۆ سەرۆک دەوت:

"زێڕە، زێڕە، سەدام زێڕە..."

ئــاخۆ ئەمەی هــاتۆتە پــێش ئاشـتییە، یـان هێشـتا قەفەکــانی جەســتەی جەنــگ، زۆر چــڕ و ئــاڵۆز، بە هەمـوو وڵاتـدا پێچـی داوە. ئـاڵۆزتر لەوەی ئەندێشــە بکرێت.

پاش شەش وەرز لە جەنگ، دیکتاتۆر بۆ خۆ رزگارکردن لەو هەموو ئاستەنگ و کێشە و مەترسیانەی ئابلۆقەیان دابوو. بۆ دەربازبوون لە ئیفلاسی مادی و مەعنەوی، دیسانەوە جەنگێکی تری بەرپاکرد. جەنگێکی ترسناکتر و بەربلاوتر، بە پەلاماردان و داگیرکردنی وڵاتی کوێت، جەنگی دژ بە هەموو جیهان ڕاگەیاند.

گەر پێشتر جەنگ هەر لەسەر سنورەکان بوبێت. ئەوا ئاگری ئەم جەنگە نوێیە، هەموو وڵاتی گرتەوە. بە تایبەتی پایتەخت و هەموو شارەکان.

لە بەرامبەر داگیرکاری و ئامادە نەبوون بۆ مەرجی هاوپەیمانان، لە کشانەوەی سوپاکەی لە وڵاتی کوێت، جەنگ سووک و ئاسان گەڕایەوە. شەوێک بە سەدان فڕۆکەی ئەمەریکا و وڵاتانی تر، هاتنە ئاسمانی عێراق و مووشەک بارانیان کرد. چل ڕۆژ وەک داڵی لاک خۆر، وڵاتیان کرد بە کەلاکێکی تۆپیوی نێو کەلاوەیەک. بە ڕێژەی هەزار بۆردومان لە شەو و ڕۆژێکدا، هەرچی دامودەزگا و پرۆژەی ئاو و کارەبا و پرد و کۆگای چەک و تەقەمەنی و ناوەندی سەربازیی و هەواڵگری و لۆجستی هەبوو، بە مووشەک و بۆمب تەخت و خاپوورکران. بە گشتی هەشت هەزار و دوو سەد و سی دامەزراوەی حکومی بە تەواوەتی خاپور کران، دوو هەزاری

تـریش نیـوه وێـران، بەدەر لە بیسـت هەزار خـانووی نیشتەجێبوون و مۆڵی بازرگانی.

عێـراق لەسـەر زەوی و دوژمـن لە ئاسـمان، وڵات چەشنی شارە مێرولەیەک، ورچ تێی بەربووبێ داری بەسەر بەردییەوە نەما. بێ ئەوەی سوپا ملیۆنییەکەی سەرۆک، تەنانەت یەک سەربازی ئەمەریکی و دوژمن ببیـنن. لە مـاوەی تەنهـا چـل ڕۆژدا، جەنـگەکەی بەو پەڕی سەرشۆڕییەوە دۆڕاند.

لە چل ڕۆژدا، سەد هەزار تەن موشەک و بۆمـب و یۆرانیـۆمی پیتێنـدراو، هەڵـدرانە عێـراقەوە، نزیـک بە سەد هەزار سەرباز کوژران، جگە لە خەڵکی سڤیل.

لە یەکێــک لە ڕۆژەکــانی ئەو چــل ڕۆژەدا، دوو فـرۆکەی جـۆری ( ئێـف ١١٧) لە ڕێـگەی بـۆمبێکی زیـرەکەوە، پەنـاگەی عـامرییە، بۆردوومـان دەکەن و چـوار سـەد و سـیانزە ژن و منـداڵ دەکـوژن. لە نێـو کوژراوەکانــدا، ئەســرا و هەر دوو منــداڵەکەی کە دووەمیان، تەنها حەوت ڕۆژی تەمەنە دەبنە قوربـانی. لە نـاو ئەو سـێ سـەد هەزار سـەربازە بریندارەیشـدا، یاسـر، یەکێکیـانە و بـۆ جـاری دووەهەم بە خەسـتی دەپێکرێت.

لە دوو ڕۆژی کۆتــایی ئەو چــل ڕۆژەشــدا، ئەو کـاتەی هێرشـی دەرپەڕانـدنی سـوپای عێـراق دەسـت پێدەکات. سوپای عێراق ئاگر لە حەوت سەد و بیست

و پێنج بیره نەوتی کوێت بەردەدات. دووکەڵی رەش و خـــوێن و ئێسکوپروســـک، رۆحـــی پەشـــموردەی ســـەرباز، بـۆنی بـاroووت، هەڵمـی ئاسـنی تـوواوە، بە زەویی و ئاسمانی ناوچەکەدا پەنگ دەخواتەوە.

دیمەنـی هەڵهـاتنی بە لێشـاوی سـوپای تێکشـکاو و بۆردومانی فڕۆکەی هاوپەیمانـان، دیمەنـی سـووتان و تـوانەوەی ئێسـک و ئاسـن. هـاوار و نـرکەی گریـان و نـاڵەی برینـداران، دوکەڵـی رەشـی پەنـگ خـواردووی ئاسمان. بیابـانی پڕ ئـامێر و تۆپ و راجیمە و تـانکی تێکشکاو، دەستەودامێنی سەربازانی عێراق و کڕنۆش بردنیان بۆ مارینزەکانی ئەمەریکا، دەبێتە دوا وێنەی قێزەونـی جەنگی سـەدەی بیسـتەم. سـەدەی جەنـگ و نەمانی هەستی ئاسودەیی لای مرۆڤ.

جەنگـی گەردەلـوولی بیابـان، بە جۆرێـک وڵاتـی خاپوور کرد. هیچ بەها و دەسەڵاتێکی بۆ حکومەت و حزبی بەعس نەهێشتەوە. سەرۆک و پیـاوانی حـزب و سوپا، لە ترسی فڕۆکە، هەر یەکە و خۆیان لە کونێکدا شاردبووەوە. دیواری ترس رووخا و سوپای ماندو و تێکشـــکاو، خەڵکـــی قـــین لە دڵـــی دژ بە بەعـــس، بە مەبەســـتی کۆتـــایی هێنـــان بەو هەمـــوو شکســـت و مەرگبـــارانەی بەعســـییەکان بەســـەر خۆیـــان و وڵاتەکەیانـــدا هێنابوویـــان. لە پـــڕ هەڵـــگەڕانەوە و شۆڕشـیان راگەیانـد. لە مـاوەیەکی کەمـدا، هەرچـی

شــارەکانی باشــوور هەبــوو لە پیــاوانی رژێــم پــاک کرانەوە و کەوتنە دەستی خەڵکی شیعەی راپەڕیوەوە.

لە باکووریشــەوە، کوردەکــان ئەوانــی لە مێــژ بــوو چاوەڕێی هەلومەرجێکی لەم شێوەیان دەکرد. راپەڕین و لە پــڕ نیــو ملیــۆن جــاش، هەڵــگەڕانەوە و رووی چەکەکانیــان کــردە دەوڵەت. لە مــاوەی دە دوانــزە رۆژدا، تەواوی کوردســـــتانیان لە رژێمـــــی بەعـــــس پاککردەوە.

پێشــتر کە پیــاوانی بەعــس خەڵکیــان دەکوشــت، پــێچەوانە بــووەوە، ئیــدی خەڵکــی راپەڕیــو پیــاوانی بەعســیان دەکوشــت. خەڵکــی داخ لە دڵ بە لێشــاو هێرشـیان دەبـردە سـەر دامودەزگـا داپڵۆسـێنەرەکانی رژێــم و هەرچیــان دەکەوتە بەردەســت تێکوپێکیــان دەشـکاند. هەر بە تەنهـا لە شـاری سلێمانی، نـزیکەی چوار سـەد بەعسی لە نێو دەزگای ئەمنە سورەکەدا کوژران. ئەو ئاسایشە عەرەبە بەعسییانە لە مێژ بوو مرۆڤــی کوردیــان بە دڕنــدەترین شــێواز ئــازار و ئەشکەنجەدەدا، لەوەش زیاتر ستەمکار و بێناموس بوون کە خەیاڵ وێنای بکات. ئەوان تەنها بە شێوە لە مرۆڤ دەچوون. ئەگەر نا ئامێرێک بوون بۆ کوشتن و ئەتــک کردنــی لاوان و کچــانی کــورد هێنرابــوونە شارە کوردییەکان.

دوا شار کە کوردەکان خۆیان بۆ رزگار کردنی ئامادە دەکرد، شاری کەرکوک بوو. ئەو شارە گرنگ و ستراتیژییەی کە بە هۆی نەوتەکەیەوە بە دەوڵەمەندترین شاری جیهان ئەژمار دەکرێت. ئەو شارەی لە هەموو رابردوودا، ببوە هۆکاری ئاستەنگ و تەلەزگەی نێوان کورد و دەوڵەت. تەنانەت گرنگترین هۆکاری شکستی رێکەوتنی یانزەی ئازاری نێوان رژێم و بارزانی، بە هۆی کەرکوکەوە بوو. ئەو کات شۆڕشی کوردیی دەیانویست شارەکە بکەوێتە نێو ناوچەی ئۆتۆنۆمییەکەوە، بەڵام رژێمی بەعس ئەوەیان بۆ قبووڵ نەکراو و جەنگیان دژی کورد بەرپاکرد.

## س سەربەستی و دراوسێ

سەرلەنوێ جەنگ هەڵگیرسایەوە. ئەم جارەیان جەنگی ناوخۆ، نێوان دەوڵەت و گەل. ئەمەریکا بە ئاستێک بەعسی لاواز کرد. لە هەموو لایەکەوە جەماوەر هەڵمەتیان دەبردە سەریان.

کوردەکان لە مێژبوو خەونی گەورەیان ئازاد کردنی شاری کەرکوک بوو. هەر بۆیە لە دوو قۆڵی چەمچەماڵ و هەولێرەوە خۆیان ئامادە دەکرد. ناوە ناوە هەڵمەتیان دەبردە سەر ناوچە نزیکەکانی شارەکە. لە بەرامبەردا، بەعس بۆ رێگری کردن لە راپەڕینی خەڵک، پێشتر هەرچی پیاو و لاوی کورد هەبوو، رەشبگیری کردبوو. زیاتر لە چل هەزار

کەسی بەرەو شوێنێکی نادیار بردبوو. هاوکات بۆ چاو ترساندن، لە گەڕەکی شۆرجە و لە یەک جێدا، سی و سێ لاوی کوردی شارەکە، بە فەرمانی خودی عەلی حەسەن مەجید، گوللەباران دەکرێن. جیا لەوەش هێزێکی زۆری وەک دوا هێڵی بەرگری بە دەوری شاردا بڵاوە پێکردبوو. بۆ ترساندن و دوور خستنەوەی هێزی خەڵک و پێشمەرگەش، ناوە ناوە هێرشی بچوکی بەرپەرچدانەوەی دەکرد. یان بە فڕۆکە و هەلیکۆپتەر، بە موشەک و ناپاڵم لە شارەکانی دەدا و خەڵکی دەکوشت. خەڵکیش لە ترسی چەکی کیمیاوی، کە پێشتر چەندین جار دژی ناوچە کوردییەکان بەکاری هێنابوو. هەروا خەڵک بوو نایلۆنیان دەکڕی و دەرگا و پەنجەرەی ماڵەکانیان پێدادەپۆشی. یان خەڵوز و خوێیان دەکووتی و لە تورەکەیەکی بچووکی خامیان دەکرد. چەشنی دەمامکیان لێ دروست دەکرد! گوایە بۆ کاتی کیمیاباران دەیانپارێزێت لە ژەهری مردن.

بەیانییەک هەشت تانک، بە یاوەری چەکدارانی موجاهدینی خەلقی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی، هێرش دەکەن و هەر کەسێکیان بەردەست دەکەوێ، بە قەمە چاوی دەردەهێنن و خەڵکێکی زۆر دەکوژن. بە تۆپی تانکەکانیشیان چەمچەماڵ بوردومان دەکەن و بەردەوام هەڵمەت دێنن.

دەمەو مەغریـــب، هێزێکـــی پێشـــمەرگە لە دواوە پەلامـــاری ئەو تانکـــانە دەدەن و تێکیـــان دەشـــکێنن. سەرکردەی هێزەکەش بە دیلی دەگرن.

شـــەوەکەی پـاش شـــەڕی ڕۆژێکـی ســـەخت و پـڕ کوژراو، ڕۆژێکی پڕ ئـاوارە و هەڵهاتنی خەڵک، تـرس ئەوکـــی شـــار دەبێـت. هەمـــوو شـــتێک کـش و مـــات، بێـدەنگی و تـــاریکییەکی خەســـت و ســـامناک شـــار و خەڵکـــی شـــار دادەپۆشـــێت. وەک ئەوەی ژیـــانیش بە ترس سڕ بوبێت.

لە نێو ماڵەکاندا، چ دەنگێک یا جووڵەیەک نەبوو. ئەو مـــاڵانەی دەرگـــا و پەنجەرەکانیـــان، کـــون و کەلەبەرەکانیـــان، تونـد و هەوا بـڕ لە ترســی گـــازی ژەهـــراوی بە نـــایلۆن داپۆشـــرابوون. تەنـــانەت بە تەنیشـــت ســـاوای نـــاو بێشکەشـــەوە، کەمـــامەیەکی چکۆلانەی لە خوێ و خەڵوز هەبوو.

ئەو شـــەوە، لە یەکـێ لە بارەگاکـانی پێشـمەرگەدا، ســـەرکردە یەخســـیرەکەی بەعـس، کە ئەفســـەرێکی نێـو گاردی کۆماری بوو. لە سوچێکدا و سەر کز بەسـەر کورســـــییەکی پلاســـــتیکییەوە دانیشـــــتبوو. لە دواوە دەستەکانی شـەتەک دراو، دەیڕوانییە بەر پێی خۆی. بە لا چـــاویەوە هێڵێکـــی بـــاریکی خـــوێنی قەتمـــاغە بەســـتوو، تـــا ژێـر ملـــی کشـــا بـــوو. پیـــاوێکی کەتەی چوارشـانە، دوو چـاوی قەترانـی گەورە، سمێڵی پڕ و

ڕەش، بەرگە موغـــاویریەکەی بەری بە ڕادەیەکـــی سەیر جوان و سەرنج ڕاکێشی کردبوو. ئەو شەوە، چاوەڕێی دوا چارەنوسی خۆی بوو.

نیوەشەو، سێ پێشمەرگە دەستیان دایە ژێر باڵی و بەرەو دەرەوە، بۆ نێو مێکزەمینێکیان ڕاپێچ کرد. سێ چەکداری تووڕە و پڕ ورە، ئەملا و ئەولایان لێگرت. تیـژ بە شـەقامە چـۆڵەکەدا بـۆی دەرچـوون. هەوای ساردی نیوەشـەوی بەهـار، یـاری بە جامانەکانیـان دەکرد. جگە لەوان هیچ ئاماژەیەک بە ژیان بوونی نەبوو. شارەکە لە شاری خێو دەچوو، بێ چرپە و بێ دەنگ و سامناک، بۆنی خوێن دەهات. لە خوارووی شاردا، لە تەنیشت شیوێکی پڕ لاشەی هەڵئاوساوی بەعسییەکان، لە جێگایەکی چۆڵ، سەیارەکە وەستا و یەخسیرەکەیان داگرت.

یەکێـک لە پێشـمەرگەکان پێـی وت:" بە تـۆمەتی کوشـتنی خەڵـک، منـداڵ و ژن، سـزای گوللەبـاران کردنت دراوە."

ئەفسەرەکە، دڵنیابوو لەوەی کە دەیکوژن، بۆیە بێ ترس وتی: "هۆکاری ئەوەی ڕوو دەدات ئێوەن، من وەک ئەفسەرێک ئەرکی سەربازیی خۆم ئەنجام داوە، ئەرکی پاراستنی نیشتیمان لە خائین و خۆفرۆشان."

" ئەو منداڵانەی ئەمڕۆ بە فەرمانی تۆ، بە تۆپی دوور هاوێژی تانکەکانت کوژران، خائین بوون؟"

" ئەوان قوربانی دەستی ئێوەن، ئێمە لە جەنگداین و ئێوە لە پشتەوە پەلامارمان دەدەن. ئێوە بە درێژایی مێژوو جاشایەتیتان بۆ دوژمنەکانمان کردووە و لە دواوە خەنجەری ژەهراویتان لێداوین. ئێوەن سەرچاوەی ئەم جەنگە، خوێنی ئەوانەی دەکوژرێن لە ئەستۆی ئێوەیە."

پێشمەرگەکە دەکێشێ بەسەر سینگیدا و لە خۆی دوور دەخاتەوە، بە گاڵتە جارپییەوە پێی دەڵێت:

" ئێرە خاکی ئێمەیە گەمژە، تۆ داگیرکار و فاشیت، حزبەکەت دەیان هەزار ژن و منداڵ و خەڵکی بێ گوناهی ئێمەی کوشتووە."

ئەفسەرەکە، وەک ئەوەی لە ناو تاریکییەکەدا، بە دوای فریشتەی رۆحکێشی خۆیدا وێڵ بێت. دوور دوور دەیڕوانی و چاوی نەدەترووکاند، لە سەرخۆ وتی:"ئێوەش دەیان هەزار سەربازی ئێمەتان کوشتووە، ئێوە خائینن."

پێشمەرگەکە خێرا و دەستوبرد، میلی دەمانچەکەی هێنایەوە. فیشەکێکی نا بە سەری ئەفسەرەکەوە و کوشتی. بکوژ فەرهاد بوو، لەگەڵ راپەڕینی جەماوەردا، ئەویش رۆحی کوردایەتی بۆ دەگەڕێتەوە و دیسانەوە دەبێتەوە چەکدار. کوژراویش ساتع تکریتی بوو، مێردی ئەسرا.

فەرهـاد بـێ ئەوەی بزانێـت، ئەو شـەوە، زاواکەی خۆی بە فیشەکێک سارد دەکاتەوە.

هەشـت رۆژ دوای ئەو شـەوە، هێـزی پێشـمەرگە هەمـوو بەربەسـتەکانی بەعـس تێکدەشـکێنن و دەچـنە نـاو شـاری کەرکـوک و ئـازادی دەکەن. پـانزە سـاڵ دواتـر، فەرهـاد لە کتێبـی یادەوەرییەکانیـدا، ئـاوا لە بارەی رۆژی رزگارکردنی کەرکوکەوە دەنووسێ:

"بەرەی کوردسـتانی، وایـداناوە ئـاگری نەورۆز لەسـەر قەڵای کەرکـوک بکـاتەوە. ئێسـتا لەگەڵ سـەدان پێشـمەرگەدا، لێـرەوە لە قەرەهەنجیـرەوە، هەست بە گڕی باوەگوڕگوڕ دەکەم. باوەگوڕگوڕ بە گوڕ هـاتم بـۆ کوڕ هـاتم. بـۆ ئـازاد کردنت لە چنگی ئەژدیهای حەفتا ساڵەی دوژمنت، گڕمان گرتووە و بۆ ئاوێتە بوونی گڕت هـاتین. تەڕ و سـەرما بردەڵەین و دێین خۆ دەدەینە بەر گڕت. شاری شێخ رەزا و عەلی مەردان، واهاتین.

هێزی جەماوەر و پێشمەرگە هەڵمەتیان برد و شار ئـازاد بـوو. لەگەڵ نەورۆزدا، جەژنـی ئازادیمـان گێـڕا. شـۆرجە و ئـازادی و ئیمـام قاسـم و رەحیمـاوا، رژانە سـەر جادەکـان و پڕ بە شـار هاواریـان دەکرد. بـژی پێشـمەرگە، بـژی کوردسـتان. ژنـان و کچـان هەڵدەپەڕین. بەڵام ئـاخ، هێـزی شـڕەخۆرە و تـاڵانچی خەریـکە مەسـەلەکە بە ئاقـارێکی تـردا دەبـات. ئەم

هەمـوو تەقەی خۆشـییە چییـیە؟! دڵـم بـاش ناڵێـت. وا بڕوات، ڕەنگە دیسانەوە لە ڕیزێکدا و مل شۆڕ، ناچار بە فرۆشتنی چەکەکەم بکرێم..."

لە پەرەگرافێکی تردا، نووسیبووی:

" ئـازادی کەرکـوک، تەنهـا هەشـت ڕۆژی خایانـد، بەعـس بە هێـزی زۆر و تـۆکمەوە گەڕایەوە، ئـێمەش هەڵهاتین. لەگەڵ ئێمەشـدا و لە ترسـی تۆڵەکردنەوەی بەعـس، تێکـڕا خەڵکـی کوردسـتان هەڵهـاتن و چـوار ملیۆن پیاو و ژن و منداڵ، کەوتنە سـەر سنورەکان و بە سـەدان کەس لە برسـا، یـان لە سـەرمادا، گیانیـان سـپارد. لەسـەر سـنور، ئەو کـاتی لە قـافڵەی درێـژدا وەسـتابووین تـا وڵاتـی ئێران، دەرگامـان بـۆ بکـاتەوە. گـوێم لێبـوو، پیرەژنێکـی سـیما خـاڵاوی کەرکـوک دەیـوت، ڕۆڵە چـووزانین وامـان لێـئەکەن، هەڵـهەلە و چەپڵەمان پێ لێدەدەن. دوایی سووک و ئاسان جێمان دێڵن و فڕکان فڕکان، ڕادەکەن. کورە گویی وە قەور بـاوک پێشـەمەرە، وا مـاڵ ئێمەیـان ڕمـان. ڕۆڵە لەو حەمکەی ماڵوحـاڵە، ئەهـا بەس خـۆم و ئەم کراسـەی بەرم بۆ دەرچوییە، حەمووی بییە قوربان کـوردایەتی. قوڕ عالەم وەبان سەرمان..."

هێندە بێ نامووسـە جەنگ، بە ئاسـانی نـاڕوات. کە ڕۆیشتیش برسێتی و قـاتوقڕی وەک شـارە زەردەواڵە دەورژێنێـتە سـەر خەڵـک. وەک ئەوەی ئەو هەمـوو

کاولکاری و مەرگە، بەس نەبێت و تەسکینی دڵی نەدات. گەر خۆی لە دەرەوە، یان لە سەر سنورەوە هەڵمەت بێنێ، ئەوا بە دوای خۆیدا و لە ناوەوە لە شێوەی سەگێکی برسی و هار دەگەڕێتەوە. برسێتی لە ساتی بە نوتفەبوونەوە پەلامار دەدات. رەحمی ئارام و گەرم و تێروپڕ دەکاتە هاوشێوەی سەلاجەیەکی بۆش. برسێتی لە منداڵدانەوە هێدی هێدی دەکوژێت. کورپەیەکی نیمچە مردووی لەڕ و لاواز دەخولقێنێت، ئیفلیج و نەخۆش. لە دایکێکی برسی و ماندوو، هەر بەرهەمێکی نا کامڵ دێتە بوون. منداڵانێک بەر لەوەی بێنە نێو دنیاوە، تۆوی داڕزان و مردنیان تێدا چێنراوە.

جەنگ جارێکی تر رۆیشت و ملی شکاند. رۆیشت و وڵاتەکەی سپاردە گەمارۆی ئابوری، کە وەک تەوقی ئەژدیهایەک خۆی لە ملی وڵات پێچا و لە جەنگ سامناکتر و بکوژتر، لە جەنگ بێ رەحمتر.

جارێکی تر، وێرانتر و ماندو و برسی، یاسر گەڕایەوە لای دایکی، دایکێکی جەرگ سووتاو کە رۆژ دوای رۆژ وەک کلوە بەفرێک هێدی هێدی دەتوایەوە. گەڕایەوە نێو ماڵێکی رەقوڕووت، ماڵێکی لە بێخەوە دزراو. لە ژێر پاڵتۆکەیەوە دەستی راستی کردە ملی دایکی و سەری نا بە سینگی خۆیەوە. بێ دەنگ و پێکەوە فرمێسکی گەرمیان داباراند بە یەکدا، بۆ ئەسرا

و منداڵە بێ تەرمەکانیان گریان. تا ئەو ساتەی دایکە دەستی راستی بردە ژێر پاڵتۆکەوە، ویستی توند دەستی چەپی کوڕەکەی بخاتە نێو دەستی و بیگوشێ و هەست بە گەرمی و زیندویەتی بکات. دەستی کوتا و گەڕا، گەڕا و گەڕا. بەڵام هەرگیز دەستی راستی دایک و دەستی چەپی کوڕەکەی پێک ناگەن، جەنگ دزی و بردی.

لەگەڵ راچەڵەکینی دایکەدا، پاڵتۆ شۆڕەکە داکەوت. دەستی چەپی یاسر لە بن باڵییەوە قرتابوو. دایکە لە زریکەیدا، کەوت بە زەویدا و لە هۆش خۆی چوو. پیاوێکی یەک لاق و یەک دەست، پتر لە داهۆڵ دەچوو نەک مرۆڤ، داهوڵێک بە یەک لاق و یەک دەستەوە. داهوڵێکی سەر و ریش درێژ و تێکچڕژاو وەک تۆپەڵە پووشێک دەستی زەمەن پرژاڵ پرژاڵی کردبێت.

دیسانەوە دەرودراوسێ بۆ سەرەخۆشی و بە خێرهاتنەوە، هاتنەوە لای و کەوتنەوە چەنەبازی.

مەلا قادر وتی: "بە داخەوەین بۆ حاڵت، بەڵام خۆزگە دەستی چەپت نەبوایە! شەرع عەیبی نییە، هەر چوونە سەر ئاوێک و تاراتێک بە دەستی راست، تووشی گوناهێک دەبی. بەڵام قەینا کوڕم خودا بە رەحمە."

مامۆستا بیجامە خەت خەتەکەش، ئەوەی دنیا بە بەر چاوییەوە ئاو بیبات. باکی نییە و هەمیشە وەک

هاوکێشـــەیەکی نەگـــۆڕ، لە قـــاتە بیجـــامەیەکی خەت خەتدایە و رادیۆیەکی لە بن گوێدایە وتی:

" مـرۆڤ بـوونەوەرێکی خـۆ گـونجێنە، بە دەسـت و قاچێکیش ژیان دەکرێت و ئاسـاییە، بەس نییە ماویت و زیتوزیندووی."

وەک هەمیشـــەش قسـەکانی بە پەنـدە گرنـگ و دڵخـــوازەکەی، ئەوەی بـــێ گوێـــدانە گونجـــان و نەگونجانی بۆ بابەتی مەجلیسەکە بە کۆتا هێنا:

"گەر دیوارەکە رووخـا، بچۆرە سێبەری دیوارێکی تر."

دراوسێ بەعسیەکەش، پاش ئەو هەموو کاولکاری و شکسـتە گەورەیە، وەک ئەوەی هـیچ رووی نەدابـێ و لە لووتکەی سەرکەوتندا بن، کەوتە چەنەبازی:

" وا نبوخزنەســـر دیســـان لە نێـــو کۆشـــک و تەلارەکـانی بـابلەوە سـەر بەرز دەکـاتەوە. رێـز لە ئازایەتی و قارەمانێتی نەوەکانی عێراق دەگرێت. ئەو عێراقیـــــانەی لەگەڵ گزنگـــــی هەڵاتنـــــی یەکەم شارسـتانییەتی مرۆڤایەتیـدا، یەکەم پیتـی نووسـینیان دارشـــت و یەکەم تـــۆوی گەنمیـــان چانـــد و یەکەم داستان و شیعریان نووسـی. ئێمە بووین خەڵکی ئەم سەر زەمینەمان خستە سەر رێی ژیـان و ئـاوەدانی و مانـــای پێشـــکەوتنیان فێرکـــردن. بـــۆیە وا هێرشـــمان دەکەنە سەر. ئێستا گیانی پیرۆزی ئەوانە لە دەماری

ئێمە دەگەڕێ و زیندوو دەبێتەوە. ئەفسانەی جەنگی ئـێمە دژ بە ئەمەریکـا و هاوپەیمانەکانیـان زینـدوو دەمێنـێ، جەنگـی شـەرەفمەندانە و بە گـژدا چـوونی گەورەتـرین شـەیتانی ئەم سـەردەمە، مێـژوو لە یـادی ناکـات. چـونکە توانیمـان لە سـایەی سـەرکردایەتی بلـیمەت و کەڵە عاشـقی گەورەی عێراقـی مەزن، سـەرۆک سـەدام حوسـێن خـودا بیپـارێزێ، سـەر بڵند و مەزن بگەیـنە تروپکـی سـەرکەوتن و شـانازیکردن. بە قوربـانیی ئێـوە و بە شمشـێری دەسـتی سـەرۆکی مەزن و بـڕوای بەتینـی، پشـتی هەمـوو نـاحەزان دەشکێنین. ئێوە لە پێناو شتێکی مەزن و پیرۆزدا، قاچ و دەسـتتان لە دەسـت داوە، ئێـوە شـانازین بـۆ گەل و خـاکی پیـرۆز، عێـراق دەسـت و قـاچی گەورەی هەموومانە، هیچ خەمتان نەبێت، شانازی بە خۆتانەوە بکەن."

بەفراو لە پرمەی گریانیدا، بە دەنگی بەرز هـاواری کـرد:" ئـۆە مـاڵی سـەرۆکەکەت بە قـوڕ بگیـرێ، وەک ماڵی ئێمەی بە قوڕ گرت."

لەگەڵیـدا لە پـرمەی گریانیـدا. هاوکـات یاسـریش خۆی بۆ نەگیراو سەری داخست و قورت قورت گریا. دەرودراوسـێش، بـێ ورتە هەسـتان و ماڵەکەیـان جێهێشت.

دوو ملـّـۆزم، تەوقـــی دوو نەگبەتـــی لە عێـــراق ئـالاّبوون. لە لایەکەوە قـاتوقڕی و برسـێتی کەوتبـووە ڕۆح و جەسـتەی خەڵـک. لە لایەکـی تریشـەوە تیمـی نێـــودەوڵەتی کـــون بە کـــونی عێـــراق دەگەڕان و دەیانپشـــکنی. بە دوای چەکـــی کۆکـــوژی و قەدەغە کراودا کە هەرگیـز نەدۆزرایەوە. بە ئـارەزوی خۆیـان کەرامەتی بەعس و سەروەری خاکی عێراقیان پێشـێل دەکرد.

## س ساڵ و برسێتی

ساڵانی دواتر بۆ یاسر، گەلێک سەخت بوو. وەک کەم ئەندامێک، نیوە پیاوێکی یەک دەست و یەک قاچ، ئەرکی بەخێوکردنی خۆی و دایکی کەوتبووە ئەستۆ. دەبوایە نانی خۆی و دایکە کزۆڵەکەی دابین بکات، لە رۆژگار و سەردەمێکدا، کە نان، تەنانەت نانی وشکیش بە زەحمەت پەیدا دەبوو. گەمارۆی ئابوری، بە ئاستێک کەمەر شکێن بوو. وەک پایز چۆن دار و درەخت رووت دەکاتەوە. ئاوا مرۆڤی رووت و رەجاڵ کردبوو. خۆراک بە ئاستێک گران ببوو، کەس بە ئاسانی بۆی نەدەکرڕدرا. بە ناچاری، کەوتە گەڕان بە دووی کارێکدا. بەڵام هەوڵەکانی مایە پووچ بوون.

مرۆڤـی بـازوو ئەسـتوری سپوسـاغ، کـاری دەسـت نەدەکەوت. چ جـای کەمئەنـدامێکی نـیمچە مـرۆڤ. خەیاڵی بۆ سینەما، بردییەوە بۆ شـەقامی سینەماکان و لە دڵی خۆیدا وتی:

" تاقە شوێنێکی ئارام و جوان مابێت، سینەماکانە، بەڵکو لای ئەوان کاری بلیت بڕینم بە نسیب بێ. هەم کار و هەم بینینی فیلم، چ بەختەوەرییەکە."

خەونەکەی نەهـاتە دی، نەک کـار، تەنـانەت هەر چوار سینەماکەش، حەمرا و عەلەمەین و ئەتڵەس و سـەلاحەدین، بە هـۆی سـاڵانی جەنگ و برسـێتییەوە، ببـوونە گەراجـی ئۆتۆمبێـل و جێگـای عەرەبـانە دەسـتگێڕەکان. یـان ببـوونە کەلاوە و مشـک شـریتی فیلمە پڕ ڕەنگەکانی دەقرتـان و تەونـی جاڵجاڵۆکەش، پەردە سـپییەکەی بە تـۆڕی پـڕ مـێش و مەگەز لەوتانبوو!

تـا ڕۆژێـک نـامەیەکی لە لایەن خـاڵە ئـازەرییەوە، پێـدەگات. کە تیایـدا داوای لێـدەکات خـۆی بگەیەنێـتە نـاوچە ئازادەکانی ژێر دەسـەڵاتی پێشـمەرگە و هێـزە سیاسـییەکانی کوردسـتان، تـا لای خـۆی بیکـاتە پێشـمەرگە مـووچەیەکی باشـی بـۆ ببـڕێتەوە. ئـازەر پـاش ئەوەی لەگەڵ کۆمەڵێـک لە هـاوڕێ و هاوزینـدانییەکانی، بە ڕێکەوتنێـک و پرۆسـەیەکی ئـاڵوگۆڕ، لەگەڵ ئەو ئەفسـەر و پلەدارە یەخسیرانەی

که لە راپەرینەکەدا کەوتبوونە لای هێزە کوردییەکان، ئـازاد دەکرێت. وەک کـادرێکی سیاسـی پەیوەنـدی بە حیزبەکەی دەکاتەوە.

بەدەم نــامەکەوە دەچێــت و لەگەڵ دایکیــدا روو دەکەنە کوردســـتان، لە قەڵەمــــڕەوی بەعســــەوە، دەگوازنەوە بۆ ناوچەکانی ژێر دەسـەڵاتی کوردەکـان. ئەو ناوچانەی کە حکومەت لە ژێر فشـاری جەمـاوەر و بڕیاری نێو دەوڵەتیدا، سوپا و دامودەزگاکانی خۆی لێ کشاندبووەوە.

دەبێــتە پێشــمەرگە لای خــاڵی، وەک رۆژانــی سـەربازیی لە قەڵەمـی فەوجـدا دایـدەنێن و کاروبـاری نوسـینی پێ رایـیدەکەن. دایکیشـی لە کەلاوەیەکـی نێـو ئۆردوگایەکـدا، نیشــتەجێ دەکەن کە پــڕە لە ژنــانی رەشپۆشـی هاوشـێوەی خـۆی. ژنانێـک لە پاشـماوەی ئەنفـال، ژنـان و کچانێـک کە چـوار سـاڵ بـوو بەعـس پیاو و براکانیانی بێ سەروشـوێن کردبوون، ژیانیـان تەنها شین و رۆڕۆ بوو.

زۆری نەبـرد، هێـزە کوردییەکـان لە نێـوان خۆیانـدا بـوو بە شـەڕیان و کەوتـنە گیـانی یەکتـری. سـەرباری برسـێتی، جەنگی براکانیش رۆژ لە دوای رۆژ قورسـتر و بەربڵاوتـر دەبـوو. تـا گەیشـتە ئەوەی لە جەنگێکـدا هەردوو خــــاڵی بەرەو رووی یەکتــــر ببــــنەوە، لە ئەنجامدا، پتر لە بیست کەس لە هەردوو لا دەکوژرێن

و چەندینی تریش بریندار دەبن. بۆ نەگبەتی، یەکێک لە کوژراوەکان خاڵی دەبێت و بێ پشت و پەنا دەمێننەوە.

ئازەر، ئەو کوڕەی هەموو ژیانی نەزری کوردایەتی کردبوو، ئەو کوڕەی بە هۆی کوردایەتییەوە، چەندین ساڵ لە ژێر ئەشکەنجە و ناو زیندانی بەعسدا بوو. سەرەنجام و قەدەری ژیانی کۆتایی هاتن بوو بە دەستی برا کوردەکانی. بەفراو سەرلەنوێ برینێکی قووڵتر و سەختتری تێدا روا. تا نزیک بوونەوە لە مردن، شیوەنی گێڕا و روومەت و پرچی خۆی ڕنی. هێندەی تر تووایەوە، بووە کڵۆ بەفرێکی بچووک بچووک، چارەنووسی رێک هاوگونجاوی ناوەکەی بوو. بەردەوام وەک بەفر دەتوایەوە.

خاڵە فەرهاد، لە رێگای پەیامێکەوە، داوای لێ کرد. پەیوەندی پێوە بکات. ریزی خاین و خۆفرۆشان بەجێ بهێڵێت و بێتە ریزەکانی ئەوانەوە، کە سەنگەری کوردایەتی و مەردایەتییە. بەڵام یاسر، بە جۆرێک دڵی شکابوو، بێ ئەوەی وەڵام بداتەوە. نەفرەت لە هەموان و کوردایەتییەکەیان دەکات. دایکی بۆ کۆڕی شینی ژنانی رەشپۆشی گەرمیان جێدەهێڵێت و سەری خۆی هەڵدەگرێت. لە دڵی خۆیدا بە خاڵۆی دەڵێت:"ئازەر

هەم مەرد و هەم کورد و هەم برات بوو، کەچی کوشتتان، هەمووتان لە باوکم دەچن."
بە تەنها دەگەڕێتەوە کەرکوک، دایکی لە نێو ئاپورای ژنانی رەش پۆشی ئۆردوگاکە بە جێدەهێڵێت. لە رێگای هاوڕێیەکی رۆژانی سەربازییەوە، دەچێتە بەغدای پایتەخت و لەوێ لای دکتۆرێکی منداڵان دەچێتە سەر کار. لە پرسگەکەدا و لە پشت مێزێکی شڕەوە، وەرەقەی نەخۆش دەبڕێت. رۆژانە، لە پاش نیوەڕۆوە دەچێتە نۆرینگەکە و لە نێو ژاوە ژاو و زریکە و نوزانەوەی دەیان منداڵ و ژندا، مژۆڵی وەرەقە بڕینە. ژنانێکی عەبا بەسەری رەقەڵە، بە کۆشی منداڵی نیمچە مردووی بەدخۆراکەوە، کە گەمارۆی ئابوری تەنها پێست و ئێسکی پێوە هێشتوون. رۆژانە بە بەر چاوییەوە چەندین ساوا و منداڵی دەبینی کە بە هۆی برسێتییەوە، وەک چۆلەکە بە باوەشی دایکیانەوە، ئەو دایکانەی لە بێ خۆراکیدا چۆڕێک شیر لە مەمکە سیسەکانیاندا نەبوو تا کۆرپەکانیانی پێ تێر بکەن، ملیان بەلادا دەهات و رۆحیان دەردەچوو. شەوانیش ماندو و پەرێشان، دەگەڕایەوە نێو ژووره تەقوڕەقەکەی لە ئوتێلێکی پیس و لاچەپەکی شەقامی سەعدوون. تەنانەت لە ترسی چاوی خەڵک بۆ یەک ساتیش نەیدەتوانی بچێتە نێو بازاڕ و قەرەباڵغییەوە، دەسەڵات بە تۆمەتی دزی

کردن. هێندەی بازرگان، بە چەرداغی دوکانەکانیانەوە لە سێدارە دابوو، (ئەوانەی جەنگ دروستی کردبوون و ئێستاش لە ئاشتیدا لە سێدارە دەدران.) هێندە دەست و قاچی خەڵکی بڕیبوو، لەگەڵ ئەواندا جیانەدەکرایەوە و هەر وەک دزێک تەماشایان دەکرد.

حەوت ساڵێکی بەم شێوەیە، برسی و بێ هیچ گۆڕانێک بەرێکرد. لەو ماوەیەدا، تاکە تەسکینی دڵ و رۆحی جگەرە بوو. زۆرترینی مووچەکەی دەدایە جگەرە و عارەق، وەک ژیان و تەمەنی خۆی بە بای دەدا. بزر و دورەپەرێز لە هەموو کەس و شتێک، هاوتەریب لەگەڵ مەرگی منداڵاندا دەژیا. لەو ماوەیەدا شێوەی بە تەواوەتی گۆڕا.

حەوت ساڵ بۆ ئەو وەک سەد ساڵ بوو، سەر و ریشی تەواو سپی هەڵگەڕا، دەموددانی بە هۆی بەدخۆراکی و نانی بۆری پڕ زیخەوە، کەل و رەش داگەڕان. سیمای قووپاو، پڕ چرچ و لۆچ بوو. تاقە دەستەکەی وەک شەقشەقە دەلەرزی، ئازاری گەدە کووڕ و بێ حەوسەڵەی کردبوو.

پاش ساڵانی نەهامەتی، ساڵانی برسێتی و تێکشکانی مرۆڤ بە کەرامەت و رۆحەوە. مردن وەک سەردەمانی کۆلێرا، خەڵکی لاڵوپاڵ دەخست و دەیکوشتن. منداڵان بە لێشاو دەمردن. پیر و پەککەوتەکان بێ پەناوپەسێو کەوتنە سەر جادە،

سـوالکەر و لەش فـرۆش رۆژ دوای رۆژ لە زۆر بووندا بوون. عێراق لە وڵاتێکی نەوتی دەوڵەمەندەوە بوو بە وڵاتی لات و برسی و هەژاران، هەموو شتێک ریسوا و دارزاو بوو. لانکی شارستانییەت بوو بە تابووتی مەرگ و هەژاریی. پاشان کۆتا دیمەنی فیلمەکە ئەوە بوو، ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی، بە بیانووی بوونی چەکی کۆ کوژی و یارمەتیدانی تیرۆری جیهانی، هاتنەوە و لە ماوەی سێ هەفتەدا، کۆتاییان بە رژێمەکەی سەدام هێنا. دیسانەوە لە رێگای فرۆکە و مووشەک بارانەوە، کەوتنەوە وێزەی عێراق. جگە لە دەیان هەزار کوژراو و برینداری مەدەنی، هەر بە تەنها لە نێو فرۆکەخانەی بەغدادی نێو دەوڵەتیدا، بە هەزاران گاردی کۆماری و فیدایی سەدام، بە چەکی نیوترۆنی و مووشەکی دە تەنی، کوژران و وەک پەشمەک تووانەوە. کە ئەبوویاسر، یەکێک دەبێت لە تواوەکان.

## س سەرەنوێلک و چارەنووس

وەک هەمیشـە لە ڕێگەی ئەو تیشـکە ڕوونەوە کە لە دەلاقەی کـونی مـاڵەکەمەوە دەڕژێ بە سـیمامدا، هەسـتم بە سـپێدە کـرد. وەک نەریتێکـی دووبـارە ڕادیۆکەم داگیرسان، خۆم ڕادەستی دەنگ و میوزیک کرد. لەگەڵ سەدای عەلی مەرداندا، ئاوێتە بووم.

"شەرتە وەک مەجنوونی بێ کەس
دەشت و کێو بێ مەسکەنم
تا بە یادی لەیلا
دەمنێنە قەبری تەنگم"

بەدەم گـۆرانییەکەوە، فرمێسـکم چـۆڕاوگەی بەسـت. مەگەر مـن کەی نەگریـاوم، یـادەوەری ئەو مـاوەیەی

بەر لە فڕێدانم لێرە، چەشنی فیلمێکی سینەمایی لە ئەندێشە و هزرمدا خۆی نمایش دەکات. گێڕامییەوە بۆ ئەو قەدەرە تاڵەی منی هێنایە ئەم سەرەنویڵکە بۆگەنە، نێو ئەم کونە گورگە تاریکە. ئاخ دایکە گیان، بیرم ناچێ تۆ هەمیشە دەتگووت. بەرە لای تەنکییەوە دەدرێ، منیش بەردەوام جەنگ دایدەدرپیم. هەر جارە، بەشێکی لێ دەکردمەوە. وەک ئەوەی هەر بە تەنها من دەست و قاچم هەبووبێت. دوا جەنگی کەنداو، ئەو جەنگەی کۆتایی بە فەرمانڕەوایی سەدام و دارودەستەکەی هێنا و ئەمەریکا عێراقی داگیرکرد.

به هۆی مووشەکێکەوە کە بەر ئەو باڵەخانەیە کەوت تیایدا نیشتەجێ بووم، قاچی چەپیشم لەدەستدا. نازانم بۆ نەمردم، تا لەم ژیانە سەخیفە رزگارم بێت.

نازانم چارەنووس و قەدەر بۆ کوێم دەئاژوێ! خۆزگە وەک سەعید، منیش بە مردوویی دەهاتمە ئەم دۆزەخەوە، خۆزگە من کۆرپە مردووەکە دەبووم. نەک ئاوا بە بێ قاچ و بە تەنها دەستێکەوە لەم خەستەخانە پیس و پڕ ژاوە ژاو و بریندارەدا، بێ کەس و پڕ ئازارە بتلێمەوە. ئەو موشەکە، ئەو فیشەکە کوا کە دەبێ رۆحم بەرێت. من بۆ چی دەهێڵیتەوە خودایە؟! بۆ نامکوژی، بۆ رۆژم تەواو ناکەیت؟ لەوە

زیاتر مەمکە بە پەندی زەمانە، لێت دەپاڕێمەوە رۆحیشم بەرە، پەلووپام جەنگ بردی، تکایە تۆش رۆحم بەرە. تەنها مەگەر بە مردن لە جەنگ رزگارم بێت.

لە ژوورێکی خەستەخانەکەوە، بەسەر قەرەوێڵەیەکی چڵکنەوە، گوێم لە هاتوهاواری سەر شەقامەکەیە، لە رێپێوان و دروشمی بەرزی جەماوەر. هەموان دەقیژێنن، وڵات پڕ پڕ بووە لە ئاڵای رەنگاوڕەنگ و دروشم، لە لافیتە و وێنەی جۆراو جۆر. خەڵک خۆشحاڵن بەوەی دیکتاتۆریەت نەماوە و ئازادن. گوێیەکانم پڕن لە هەلهەلەی خۆشی و رزگاربوون لە دیکتاتۆرییەت، شەقامەکان جمەیان دێت لەو خەڵکانەی گۆرانی بۆ ئازادی و دیوکراسی دەڵێن. چاوەکانم پڕ دیمەنی حەشاماتە کە فڕکان فڕکانی دزینی شمەک و کاڵای دامودەزگا حکومییەکانن. لەو خەڵکە داخ لە دڵانەی بە پێڵەقە و تف باران، نیشتوونەتە سەر وێنە و بتەکانی سەدام. لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە، کە دەڕوانێتە سەر شەقامێکی درێژ، چەندین تانک و سەربازی ئەمەریکی دەبینم کە خەڵک پەیتا پەیتا گوڵیان بۆ هەڵئەدەن. بەسەر دووکان و باڵەخانەکانەوە ئاڵای رەش و سور و سەوز دەشەکێنەوە. منیش لە ئازاری جەستەمدا نغرۆم، لە بێکەسیدا بێ دەنگ فرمێسکی گەش و

درشت دەڕێژم. خۆشحاڵی جەماوەر، بە دنیای پاش سەدام زۆری نەخایاند و کوشتن و تیرۆر بووە دیاردەیەکی ڕۆژانەی بەربڵاو. سەرەتا بە کوشتنی پیاوانی ڕژێمی پێشوو شەقام و کۆڵانەکان پڕ بوون لە پەڵەی سوور. دواتر بوو بە شەڕی ئاین و مەزهەب. شیعە و سوننە کەوتنە گیانی یەک، ڕۆژانە سەدان لە یەکتر دەکوژن. بەغدای پایتەخت بووە ناوەندی جەنگی گرووپگەلی جیاواز جیاواز. عێراق کەوتە نێو جەنگی ناوخۆوە و ڕۆژانە چەندین ئۆتۆمبیلی بۆمب ڕێژکراو لە شوێنە جەنجاڵەکاندا دەتەقنەوە، بە لێشاو خەڵک دەبنە قوربانی.

هەر زوو منیان لە خەستەخانە فڕێدایە دەرەوە. ڕۆژانە دەیان مرۆڤی کەلەپاچە دەهێنران، جێیەک بۆ ئەو هەموو قاچ و دەست پەڕیوانە نەئەبووەوە. مارینزەکانی ئەمەریکا، لە ترسی تیرۆر و تەقینەوەی مین و ئۆتۆمبێلی مین ڕێژکراو، بە هەموو لایەکدا دەستڕێژیان دەکرد. ڕۆژ نەبوو چەندین خەڵکی مەدەنی و داماو نەکوژن. ئەوجا ئەوان بە تۆمەتی تیرۆر، خەڵکیان دەپەستایە نێو زیندانی ئەبووغرێبەوە.

بێ دەست و بێ قاچ، دیسانەوە کەوتمەوە سەر شەقامەکان، وەک کرم بە زەویدا دەخشام. نەمدەزانی بەرەو کوێ بڕۆم. منی بێ ڕەگ و بێ ناسنامە، منی باوک عەرەب و دایک کورد، دەبێ سەر بە چ لایەک و

چ دنیایەک بم. ڕوو لە کام بەرەیان بنێم باشتر و سەلامەت تر دەبم؟ یان هەر دوو لایان بێ هیچ لێپرسینەوەیەک وەک گای قۆچی قوربانی سەرم دەبڕن و تەوێڵم بە مۆری کوفر و گومڕایی دەسوتێنن. کەوتمە هاوشانی سەدان مرۆڤی خۆم ئاسای بێ لانە و ماڵ، شێت و تێکشکاو، ئەوانەی لە زیندانە قووڵ و تاریک و ترسناکەکانەوە، یان لە شێتخانەکانەوە هاتبوونە دەرەوە. پاش ئەو هەموو ساڵە هیچ شوێن و دەرەتانێکیان نەبوو ڕووی تێبکەن.

تا ئەو کاتەی گروپێکی شیعە منیان گرتە خۆیان، خزمەتی زۆریان کردم، منیان بە حوسەینی ژێر چەپۆکی زوڵمی بەعس چوواند. کردمیانە ئارمی مەزڵوومیەت و مێژووی درێژی قوربانی مەزهەبەکەیان، وەک هێمای بێ مافی و یەخسری و برینداری خۆیان پیشانی هەموو دنیایان ئەدام. دەیانخستمە سەر مینبەری مزگەوتەکان، وەک نەوەی غەدر لێکراوی "اهل البیت"، بە دەم لاوانەوەی جەرگبڕەوە بۆ حوسەین، هۆن هۆن لە بەرامبەرم دەگریان. لە ڕێپێوان و خۆپیشاندان و یادە پیرۆزەکاندا، منیان لە پێشی پێشەوە دەخستە سەر شان، بە دوامدا هوتاف و دروشم و جنێویان بە دەنگی بەرز و پڕ قین و تووڕەییەوە دەوتەوە. جەستەیان بە ڕەنگی خوێن سواغدەدا و بە دوامدا

حەشاماتی زۆر و ریزی دریژ دریژ لە پیاوی پشت و سینگ رووت، بە زنجیر و چەپۆک لە خۆیان دەدا و دەگریان. دەگریان و نمایشەکە وابوو کە منیش بە تاقە دەستەکەم، بە ریتمێکی هونەرییانە بە سینگە رووتەکەمدا بکێشم و شڵپەی بگاتە گوێی ئەو خەڵکەی بەمبەروئەوبەری شەقامەکە کە هۆن هۆن دەگریان.

شەو و رۆژ من لە کونجێکی بچووکی حوسێنییەکەدا ژیانم بەسەر دەبرد. مجێور و سەردانکەران خواردن و خواردنەوەیان بۆ دەهێنام . تەنانەت بۆ ئەوەی بێزاریش نەبم، نێرگەلەیەکی گەورە و زۆر باشیان بۆ هێنابووم. منیش شەو و رۆژ وەک شەمەنەفەر دووکەڵم لێبەرز دەبووەوە. هێندەم هەریسەی خێر و بۆنەکان هەڵقوڕاندبوو، خرت و قەڵەو ببووم. خزمەتی باشیان دەکردم. لە بەرامبەردا تەنها هێندەم لەسەر بوو لە رێپێوان و یادەکاندا لە بەرز بگریم و شیوەن بکەم و بە خۆمدا بکێشم.

جار جارەش، پاک و جوان دەیانگۆڕیم، دەیانخستمە بەردەم کامیرای تیڤێکان و پیشانی تەواوی وڵات و جیهانیان دەدام. باسی خوێنڕێژی و ستەمکاری رژێمی پێشوویان دەکرد. منیان وەک قوربانییەکی دەستی زوڵم و ستەمی ئەوان پیشاندەدا. تەنانەت ناویشیان گۆڕیبووم بە ئەبوو حوسەین. بە

کـورتی وەک بـووکەڵەیەک بە ئـارەزووی خۆیـان و چۆنیان بویستایە ئاوا هەڵیان دەپەڕاندم.

ڕۆژێک چەند عەمامە بەسەر و جبە پۆشێک هاتنە سـەردانم، زۆریـان پیـادا هەڵـدام. پێیـان وتـم تـۆ لە مەرتەبەی پیـاو چـاک و ئەولیاکـانی، تـۆ یەکەم کەس دەبـی کە ئیمـام مەهـدی، چـاوەڕوانکراو دەبینـی. ئەو کـــات بە دوو قـــاچی تـــۆکمە و پیـــرۆزەوە، دوای دەکەویـــت و دژی زوڵـــم و نـــاعەدالەتی جیهـــان دەجەنگیـت. لەگەڵ ئەوەشـدا خەمـت نەبێـت، ئـێمە ناردوومـــانە لە خۆرئـــاوا، دوو قـــاچ و دەســـتێکی دەســـتکردی ئاڵتوونیـــت بـــۆ بێـــت. خەمـــت نەبێـــت دەتکەینەوە بە پیاوێکی سپوسـاغ، وەک جاری جاران دەتکەیـنەوە خـاوەنی دوو قـاچ و دوو دەسـتی پـڕ جووڵە.

ڕۆژ دوای ڕۆژ جەنگـــی نـــاوخۆ و تەقیـــنەوەی ئۆتـۆمبێلی بۆمـب ڕێژکـراو تونـدتر و زیـاتر دەبـوو. بەردەوام دەنگی ئەمبۆلانس دەهات. تیرۆر و تۆقاندن و فڕاندنی خەڵک، دۆزینەوەی تەرم و سـەر و دەست و قاچی بڕاو، ڕۆژانە و بەردەوام بوو. کەس لە سـەر و ماڵ و حاڵی خۆی ئەمین نەبوو. ئەوەی دەیتوانی لە وڵات هەڵدەهات و سەری خۆی هەڵدەگرت، ئەوەشـی دەمایەوە، لە هەموو چرکەیەکدا چاوەڕێی مەرگ بوو. خەستەخانەکان پڕ ببوون لە تەرمـی هەلا هەلابووی

بێ خاوەن، پڕ ببوون لە برینداری دەست و لاق پەڕیو.

جەنگی ناوخۆ دار و بەردی پێکەوە دەسووتان، وەک ماشێنێکی زەبەلاح، وەک دەڕاسە ڕۆحی مرۆڤی دەدوریەوە. هەر بە پێی سەرژمێرییەکی گۆڤارێکی بریتانی، لەرۆژی داگیرکردنی ئەمەریکاوە تا ساڵی ۲۰۰٦، ٦٥٥٠٠٠ هەزار عێراقی کوژراون و بوونەتە قوربانی.

بەیانییەک، لە ڕێوڕەسمێکی گەورە و فراواندا، لە قافڵەیەکی درێژی ماتەم گێڕیدا کە رووە و مەزارگەی ئیمام کازم بە گریان و لەخۆدانەوە دەجماین. حەشاماتێکی زۆرمان لێ کۆببووە و بەمبەروبەوبەری شەقامەکەوە لێیان دەڕوانین. لە پڕ لە نزیکمانەوە ناڵەیەک هات. هەر هێندە و ئیدی من چوومە حاڵی بێ ئاگاییەوە.

سێ رۆژ دواتر کاتێ لە خەستەخانە بەخۆهاتمەوە، وتیان بە ئەعجووبە رزگارت بووە. گرنگ نەمردووی، لە دەستدانی چاوێک هێندە کێشە نییە و چاوێک سەروزیادە بۆ ژیان کردن. وتیان تۆ پیاو چاک و ئەهلی بەیتی، خۆشەویستی ئیمامی دوا رۆژی بۆیە نەمردی، ئەگینا ئەوانی لەگەڵ تۆدا بوون هەموو گەیشتە دوا پلەی باڵای خۆیان و شەهید بوون.

دیسانەوە مامەوە بۆ سەگە سەگەی ژیان، بە تاقە چاوێک و تاقە دەستێکەوە و بێ قاچ، بە سیمایەکی قێزەون و ترسناکەوە، تەنانەت زاتی ئەوەم نەبوو لە ئاوێنەدا تەماشای خۆم بکەم. ریش و سمێڵێکی پڕ و سپی، سەرێکی ساف و لووسی بێ موو، لووتێکی زل و جێ چاوێکی کوێرەوە بوو، لە هەموو شتێک دەچووم تەنها مرۆڤ نەبێت. سەگ و بەراز و کەمتیار لە من زیاتر هەست و شعووریان دەجوولان. بە جۆرێک کەڵکی باخچەی ئاژەڵانیشم نەبوو، چونکە دەبوومە مایەی شەرم و قێزلێهاتنەوەی تەماشاکەران. کەچی بەو حاڵەشەوە هێشتا نە خودا و نە عەبدەکانی دەستبەردارم نەبوون. لە جەنگی بە ناو دژ بە تیرۆردا و بۆ ورە بەرزکردنەوە و هاندانی خەڵکی زیاتر بە چەک هەڵگرتن، دژی گرووپە چەکدارەکانی بەرەی بەرامبەر راپێچی بەرەکانی جەنگی بە ناو دژە تیرۆریان کردم. گەرچی من بە کەڵکی جەنگ نەدەهاتم و دەست و قاچی بەشداریکردنم نەبوو. بەڵام ئەوان وتیان، وەک ئاماژە و هێمای حەقیقەتی مەسەلە رەواکەمان، وەک بەڵگەی ئەو هەموو ستەمەی بە درێژایی مێژوو دەرهەقمان ئەنجامدراوە، تۆ دەبێت لەگەڵماندا بیت. بوونی تۆ وەک قوربانییەکی پیرۆز بۆ ئێمە هێز و تینە، پشت و پەنایە، گڕی

بەرگریی و قارەمانیەتیمان تیادا گەورەتر و زیاتر دەکات.

خستمیانە سەر عارەبانەیەکی کەمئەندامیی و ئاڵایەکی گەورە و ڕەشیان خستە تاقە دەستەکەمەوە. وتیان کە تەقە دەستی پێکرد، ئاڵاکە بەرز ڕاگرە و با بشەکێتەوە. هێزەکەی ئێمە دەبوایە هێرش بەرنە سەر گوندێک کە کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی ئەو تیرۆریستانەی بەردەوام لەوێوە ئۆتۆمبیلی بۆمب ڕێژکراو یان خۆکوژییان لێوە دەناردە ناو پایتەختەوە.

گوندێک بوو کەوتبووە نێو باخی چڕ و بێ پایانی دار خورماوە. شەڕ دەستی پێکرد، لە هەموو لایەکەوە دەنگی دەسڕێژ و گوللە دەهات. لە سەرەوە هەلیکۆپتەر بۆردوومانی دەکرد. لە خوارەوەش بە گوللە هاوەن نێو گوندەکەیان داگرتبۆوە. منیش هاوشانی دەیان سەرباز و چەکدار، بەرەو پێشەوە هەڵمەتمان دەبرد. کاری من لە نێو ئەو فیشەک بارانەدا، تەنها بەرز ڕاگرتنی ئاڵا ڕەشەکە بوو. زۆری نەمابوو بە خۆمان و تانک و مێکزەمینییە دۆشکەکانەوە بگەینە نێو گوندەکە، کاتێ لە پڕ تانکێکمان بە هۆی مینێکەوە چوو بە ئاسماندا وهەپروون بە هەپروون بوو. لەگەڵیدا و لە ماوەی چاو تروووکانێکدا، لە نێو ماڵ و باخە خورماکانەوە،

سەدان چەکداری دوژمنمان لێ هاتە دەست و ئاگر بارانیان کردین.

ئێمە شکاین و ئەوەی کوژرا کوژرا، ئەویشی هەڵهات هەڵهات. تەنها خۆم مامەوە، بەسەر عارەبانەیەکی کەمئەندامانەوە کە بەرز بەرز ئاڵایەکی رەشم بە تاقە دەستەکەم گرتووە. خۆ من قاچی هەڵهاتنم نەبوو، بە ناچاری ئاڵاکەم فڕێدا. لە جێگەی خۆمدا بێ جووڵە چاوەڕێم کرد تا فیشەکێک بێت و رزگارم کات لە ژیان، فیشەکێک نێو چاوم کون کات و پشتە سەرم هەڵتەکێنێت.

ئیتر تەواو ئەوە مردن گەیشت، دەگەڕێمەوە بۆ لای سەعید، بۆ لای برا جومگەکەم، ئەو برایەی هەر لە سەرەتاوە جێی هێشتم و ئامادە نەبوو وەک من هەزاران جار بمرێت. بارتەقای هەموو دنیا ئازار بچێژێت لە پێناو ژیانێک و هەناسەیەکدا بە تامی ژەهری تاڵ. ئۆخەی وا مەرگ گەیشت، بۆ ئەبەد رزگار دەبم. مردن چییە؟ تەنها ساتێکە، ئازارێکی تیژ تێپەڕە و گەڕانەوەی یەکجارەکییە بۆ لای سەعید. بە خەیاڵی مەرگەوە، سەرم بەرز راگرتبوو بۆ فیشەکی رەحمەت. بەڵام لەو هەموو فیشەکە هیچی بەر من نەکەوت. لەو هەموو تەقە و دەسڕێژە، لە فیشکە و گیزەی فیشەک، هیچی بە نسیبی من نەبوو. لە بری مەرگ، دیلی هات. زیتوزیندوو کەوتمە نێو چنگی

دوژمن. بووم بە دیل، دیلێک کە پڕ بە گەروویان بە دەورمدا پێدەکەنین و هاواریان دەکرد:

" ئەمە چ جەنگاوەرێکە، چ یەخسیرێکە تەنانەت دەست و قاچیشی نییە کەلەپچەی بکەین؟!"

وەک شتێکی عەنتیکە لێیان دەڕوانیم، بە سەرە نیزەی چەکەکانیان تیوەیان دەژەنیم و قسەی سووک و جنێویان پێدەدام، قەشمەرییان پێدەکردم. هاواریان دەکرد:"وەرن تەماشای سەربازی ئیبلیس بکەن!"

لەگەڵ مندا، چەند دیلێکی تریش هەبوون کە هەر زوو، لە مەیدانی جەنگەکەدا، گوشاو گوش وەک ئاژەڵ سەریان بڕین. گەرچی من لە مێژە حەزم لە مەرگە، بەڵام بینینی ئەو سەر بڕینانە و تەوژمی خوێن و لرخەلرخی دوا هەناسەی خوێنینی قوربانییەکان، زمانی لاڵکردم. لە سامناکی و ترسناکی دیمەنەکەدا کە سەری منداڵی سپی دەکرد. دانە چۆقەم پێ کەوت و بەر تاقە چاوەکەم رەش داگەڕا، لە هۆش خۆ چووم.

نازانم چەند بێ ئاگا بووم، کاتێک بە تەوژمی ئاوێکی سارد کە رژا بە سەروگوێلاکما، لەگەڵ لەتر و هەناسەیەکی ساردا، بە ئاگا هاتمەوە. هەر بەسەر عارەبانەکەمەوە لە ژوورێکی گەورەدا، خرابوومە بەردەم پیاوێکی ریش درێژی بە ویقار، پیاوێکی کەتە و زل، ناوشان پان، چوارمشقی دانیشتبوو. پشتەوەی

یەک پارچە کتێبی قەبە قەبە بوو، کە بەسەر یەکەوە هەڵچنرابوون. قورئانێک لە بەردەمیدا والا بوو، بە دیوارەکەشەوە ئالایەکی سەوز هەبوو. کەتیایدا شمشێرێک و لە ژێر شمشێرەکەشدا بە خەتێکی گەورە نووسرابوو.

" دولة موجاهدين الله".

پیاوە سامناکەکە، کەوتە قسە کردن. بە دەنگێکی گڕ و ریتمێکی خاو، بە پرسیاری زۆر دایگرتمەوە. منیش بە شەرم و ترسەوە، کز و سەر شۆڕ وەڵامم دەدایەوە. سەرەتا پرسیاری ناو و شوێنی لەدایک بوون و خێڵ و عەشرەتی لێکردم، پرسیاری هۆکاری لە دەستدانی قاچ و دەست و چاوم، پاشان وتی:" تۆ چی دەکەی لە نێو سوپای رافزی و مورتەد و مونافقیندا؟"

وتم" نازانم، ئەوان منیان خستە سەر ئەم عارەبانەیە و ئالایەکیان دایە دەستمەوە و خستمیانە پێشی خۆیان، بێ گوناهم، بێ ویستی خۆم بۆ ئێرەیان راپێچ کردووم."

بە گاڵتەجاڕییەوە پێی وتم:" نا هێندەش بێ گوناه نیت، بەڵام جارێ نازانم و بۆم روون نییە بۆ کەسێکی وەک تۆ و بەم حاڵەوە، شەرعی خودا چ سزایەکی داناوە. سەرمان نەبڕیویت چونکە حوکمەکەت جارێ روون نییە، کەسێک بەم حاڵەی

تۆوە و بە ئالآی کوفرەوە دەبێ چۆن مامەڵە بکرێت! دەبێ ئەمشەو بە هەموو ئەم کتێبی فیقە و شەرعانەدا بچمەوە، تا بە پێی ویست و ئیرادە و شەرعی خودا حوکمت بدەم."

شەوەکەی هەندێ خواردنیان پێدام و لە ناو ژوورێکی بچکۆلانەدا دەرگایان لەسەر کڵۆم دام. لە نێو تاریکیدا هەتا توانام هەبوو، هەتا دڵ و دروونم خواستی، بە دەنگی بەرز بۆ کڵۆڵی و نەگبەتی خۆم گریام. هێندەی سەد چاو، لە تاقە چاوەکەمەوە فرمێسک هاتە خوارێ. سەرەتا لە ژوورەکانی تەنیشتمەوە، چەند دەنگێک هاواریان لێ بەرز بووەوە. بە جنێو و قسەی ناشرین داوایان لێکردم کە کڕ بم و چیتر بە گریانە بەسوێکەم ئازاری ڕۆحیان نەدەم. بەڵام من باکم پێیان نەبوو، بۆ خۆم دەگریام، کەفوکوڵی ئازاری ناخم بوو هاواری دەکرد. وەک لێدانی دڵم، هەناویشم خۆ بە خۆ لرفە و هاژەی دەهات و نەمدەتوانی بەریان پێ بگرم. جگە لە شین چیم هەیە و چی دەزانم، جگە لە گریان چ ئاماژەیەک هەیە تا ببێتە بەڵگە بۆ زیندوویەتیم؟!

زۆری نەبرد دەنگی زیندانییەکانی تر لە سەرزەنشت و جنێوەوە گۆڕا بۆ نوزانەوە، پاشان وەک من بوون بە گریانی بەرز و بە کوڵ.

سات دوای سات دەنگەکان زیاتر و زیاتر دەبوون، دەیان گەرووی زیندانی نێو تاریکی پڕ بە زیندانەکە دەیاننالاند. کوڕ و ژن و دایک و باوکی خۆیان دەلاواندەوە. نرکە و ناڵەمان، زریکە و هاوارمان، وەک هەورەگرمە بەرز و تۆقێنەر بوو.

بۆ دووەم جار، راپێچی بەردەم قازییەکەیان کردمەوە. بەدەم یاری کردن و دەستهێنان بە ڕیشە درێژ و خەناوییەکەیدا، پێی وتم:" تا ئێستە کەس هێندەی تۆ ماندووی نەکردووم، ئەمشەو بە هۆی مەسەلەی تۆوە نەنوستووم، تا بەرەبەیان لاپەڕەی ئەم کتێبانەم ئەمدیوودیو کردووە. بۆ دۆزینەوەی حوکمێک، یان جۆری سزاکەت. بەڵام لەوە دەچێ بۆ بڕیاردانی تۆ پێویستمان بە ئیجتیهاد بێت."

بە بێ ترس پێم وت:" پێویست بە خۆماندوو کردن و ئیجتیهاد ناکات، سەرم ببڕن و تەواو."

هەر هێندەم وت، بەرزە پێ بۆم هەستا و نەڕاندی بەسەرما:" هەی کافری مەلعوون، رافزیی بێ ئابڕوو، بێ شەرەف، بۆ کوشتنمان هاتوویت و گووی زیاد دەخۆیت. تۆ وائەزانی ئێمە بە ئارەزووی خۆمان مرۆڤ سەر دەبڕین؟ وائەزانی ئێمە پیاو کوژین؟! ئێمە تەنها عەبد و موجاهیدی خوداین، شەرع و یاسای خودا چی دانابێ، ئێمە ئەوە جێبەجێ دەکەین. هەرچی دەیکەین شەرعی ئیسلامە، تۆ دەتەوێ هەر لە

خۆمانەوە سەرت ببڕین و خوێنت بکەوێتە ئەستۆمان. دەتەوێ بمانکەیتە پیاو کوژ، هەی ناپیاوی گلاو، بۆمان روون بوایە شایستەی سەر بڕینی هەر دوێنێ و لەگەڵ دیلە کافرە شەڕکەرەکانی تردا، سەرمان لە لاشەت جیا دەکردەوە."

خۆمدا بەسەر پێیەکانیدا، کەوتمە ماچ کردنی پێڵاوەکانی، بە خودا و پیرۆزییەکانی سوێندمدا، گریام و پاڕامەوە، پێم وت:

"تکایە، بۆ خاتری خودا، بۆ خاتری پیاو چاکان، فەرمانی کووشتنم بدە. فەرمان بدە سەرم ببڕن، کووت کووت و هەپروونم بکەن، توو ئیمانت بڕیار بدە فیشەکێکی رەحمەتم پێوە بنێن. دەمەوێ بمرم، من بێ ئیمانم، کافر و بێ نرخ و لە خودا عاسیم، ئەو هەموو گەنجە جوانانەتان سەر بڕی منیش سەر ببڕن، دەمەوێ بمرم..."

هەتا هێزی تێدا بوو، شەقێکی هەڵدا لە دەمم و خەڵتانی خوێنی کردم. سێ ددانی زەرد هەڵگەڕاو لەگەڵ کڵۆ خوێنی ناو دەممدا، کەوتنە بەردەمم. دانەوییەوە و سەر سینگی گرتم، لە چاوە زەقەکانی خۆی نزیکی کردمەوە و بە توڕەییەکی لە رادەبەدەرەوە وتی:" مەرگی تۆ بەدەست من نییە، هەتا خودا رۆژت تەواو نەکات، دەبێ بژییت هەی بەرازی لە بەراز بوو."

به گریان و دەموپلی پڕ خوێنەوە وتم:

"ئەی حوکمی من چییە، خودا هاوار؟"

کەمێک هێور بووەوە و وتی:

"مەترسە، لە هەموو حاڵێکدا شایەنی مردن نیت، رەنگە بە دەست بڕینێک رزگارت ببێت."

هەر واشبوو، دوو رۆژ دواتر و بە تۆمەتی هەڵگرتنی ئالای کوفر و رافزی و لایەنگری حوکمی تاغووت، بە بەرچاوی خەڵکەوە، ئەو تاقە دەستەی کە مابووم، لە ناوەڕاستەوە قرتاندیان. هەرچی گریام و پاڕامەوە، کە هەر ئەو تاقە دەستەم هەیە مەیبڕن. بمکوژن لەوە باشترە، ئاخر ئیتر چۆن ئاو و نان بخۆم؟ چۆن تارات بگرم؟ زۆرم وت، بەڵام کەس گوێی پێنەدام، وەک خۆیان وتیان. یاسا و شەرعی خودایان بەسەرمدا جێبەجێ کرد. دەستمیان لە ئانیشکەوە، بە تەورێکی گەورە و تیژ بڕییەوە. دوای بڕینەوەکەیش هێندەی پێشتر و زیاتر دەستەودامێنیان بووم، تیمارم نەکەن و لێگەڕێن بە ئازار و خوێن لەبەر رۆشتنەوە دوا هەناسە بدەم و بمرم. ئەوەشیان پێ ڕەوا نەبینیم و رێگەی مردنیان لێ بەستم. لە دواییشدا، لەگەڵ چەندین سەری بڕاو و لاشەی بۆگەندا، فڕێیان دامە پشتی پیکابێکەوە و لە دوور، نێو ئەم سەرەنوێلکە گەورەیەدا هەڵیانڕشتم.

رادیـۆکەم نـووزەی تیـا نەمـا و خـۆم کووتـا بـۆ دەرەوە. هەر کە لە کـونەکەم سـەرم هێنـایە دەرەوە، چـاوم کەوتە سـەر شـتێکی سـپی، کە بە زەویـیەکەدا رژابـوو. زەنـدەقم چـوو و خێـرا و پاشـە و پـاش کشـامەوە دواوە. تەزووی ترسـێک، هەناسـەی سـوار کردم و خۆم کڕ و مات کرد.

پاش قەدەرێک، لە قاقای پێکەنینمدا، بە دەنگی بەرز کەوتمە گفتوگۆی خۆم:" باشـە گریمـان خوێیش بێت، خۆ من کرمە لیقە نیم تا بتوێمەوە!"

هێندە بە زەویدا خشـاوم، بۆ چەند سـاتێک خۆمم لـێ بـووە ئەو کـرمە لیقـانەی بە منـداڵی دایکـم لە نێـو حەوشـە و حەمـامەکەدا خـوێی پێـدا دەکـردن و کرمەکـانیش لە جێگـای خۆیانـدا، وەک پەشـمەک دەتوانەوە.

مـن چ بەد حـاڵم، چ ترسـنۆکم، بە هەمـوو عـومرم هێنـدەی ئەم چەنـد سـاڵە شـاد و دڵخـۆش نەبـوومە. کەچی خەریکە لە خۆمی تێک دەدەم. هەموو عـومرم تەمەنـای مـردنم کـردووە، سـەدان جـار لە قـووڵایی نـاخمەوە هیـوای مەرگـم خواسـتووە و نەمـردووم. ئێستا کە لە نەشئەی عەشقدام، ترس خەریکە تەفرەم دەدات. نەگبەتی تەواو، من بە هۆی سـەلواوە، پڕ پڕم لە ژیـان، لە خۆشەویسـتی، ئیتـر دەسـت و قـاچی مـن ئەوە، هیوا و شادی من ئەوە. ئیدی من بنیادەمێکی بە

زەوق و بە ورە و بە بەختم، ئارام و ئاسوودە و پڕ عەشقم، دڵم هێندەی سەد قاچ و دەست و چاو بە گوڕ و تینە. سەرشار و کەیفساز، یەکەمین و گەورەترین عاشقی نێو ئەم سەرەنوێلکە منم.
شاد و بە کەیف، بەرەو دەرەوە خۆم کووتا. عەموو رەزوان دەنگی لێهەڵبڕی:" بەیانیت باش دوورەگ، ببورە تۆزێ بەر لە ئێستا سەلوەی کچم، ئەم شەکرەی رشتە بەر ماڵەکەت، گوناهی ئەویش نەبوو، فەقیرە عەلاگەکەی دڕا."
" گوێ مەدەرێ عەموو گیان، کێشەیەک نییە، گەرچی چاک ترسام و وامزانی خوێیە، قەینا شەکر شیرینییە."
بۆ ئەو وام وت و لە دڵی خۆشمدا وتم:
" قوربانی ئەو پاتە لاستیکە دڕاوانەی بم کە بە بەردەم کەلاوەی مندا تێپەڕیون. قوربانی ئەم بەرەبەیانە هاوینەیە بم کە بە ناوی یار دەست پێدەکات." عەموو رەزوان دیسانەوە وتی:
"چایەکی دوو غەزالی خۆشم دەم کردووە، نزیک بەرەوە با دوو چای گەرم و دوو سیگار بە با کەین، ژیان هەر ئەو دووەی تیا ماوە." چمکی دزداشە سپییە چڵکنەکەی خستبووە نێو قایشە ئەستورەکەی کەمەری کە شلێپەی دەهات لە ئاودا، کاتێک ئاوڕم بۆ لای چەپی خۆم دایەوە راچڵەکیم. تەرمێکی باریکەلەی

ڕەقهەڵاتوو بەسەر کەوڵە مووجەمیدەکەوە بوو. ئەوی عەموو ڕەزوان وەک تەختەشۆر بۆ شووشتنی تەرم بەکاری دەهێنا. تەرمی پیاوێکی باریک و درێژ، هەر دوو قاچی لە سەرووی ئەژنۆیەوە ڕێک و ڕەق لەسەر مووجەمیدەکەوە هاتبوونە دەرەوە، لە بۆشاییدا ڕەپ وەستابوون.

رووم کردە عەموو، بە سەرسوڕمانەوە لێم پرسی:"ئەوە جەنازەی کێیە؟!"

بەدەم چا تێکردنەوە وەڵامی دامەوە:"عەوادە شێت، ئەم بەرەبەیانە بە مردوویی دۆزیویانەتەوە. "

ئای خودا عافووت کات عەوادی نەگبەتی کوڕی نەگبەت، خوات لەگەڵ عەواد گیان، ئەی داماو. خەڵکی دەڵێن دەمێک ساڵ بوو عەواد، لێرە دەژیا. لە نێوان ئەو دوو بۆڕییە زەبەلاحەی نەوتەدا کە تا چاو هێزی بینینی هەبێ بە سەرەنوێلکەکەدا کشاوە. هەندێ چینکۆ و تەنەکەی سەر یەک نابوو، شەوان لە ژێریدا دەنووست. بە ڕۆژیش بەردەوام بە پارچە ئاسنێک دەیکێشا بە بۆڕییە ئەستورەکەدا و تەق... تەق... تەق... هەر تەقەی دەهات. بە چاویش دەیڕوانییە تاوەری زەبەلاحی کارەباکە و لەبەر خۆیشییەوە لەسەر یەک جنێوی دەدا.

ڕۆژانە خێرەومەند، لەوەی بە دەستیان دەهێنا لە زبڵەکەدا، کەمێکیشیان بەو دەدا، ئیتر ئەمە حاڵی بوو.

ئەوەتا بووەتە جەستەیەکی رەقی بێ رۆح و بە یەک جارەکی لەم دنیا پیس و بۆگەنە رزگاری بوو. رۆژێک خزمێکی ئەم عەوادە، تاوێک لای دایە ژێر ساباتەکەی عەموو رەزوان و حیکایەتی ئەم شێتە مردووەی لە نووکەوە بۆ گێڕاینەوە. عەواد لە مێردمنداڵیدا، رۆژێ بەو ئەندازیارانەی کە ناوە ناوە دێنە گوندەکەیان و خەریکی نەخشەدانانن و گوایە شوێنی عاموودی کارەبا دیاری دەکەن. تا هێڵی کارەبایان بۆ رابکێشن دەڵێت، ئێوە ئەمە سێ ساڵە نەخشە دەکێشن. تا ئێستا چاومان بە کارەبا نەکەوتووە، ئێوە درۆ دەکەن، کارەبا بگاتە ئەم کێرەی من، ناگاتە ئەم گووندە! دە ساڵ دوواتر عەواد لە لایەن دەزگای ئاسایشی بەعسەوە، بە تۆمەتی ئەندام بوون لە ریزەکانی حیزبی شیوعیدا دەستگیر دەکرێت و بێ سەروشوێنی دەکەن. خزمەکەی دەیوت، لە زیندان دەیخەنە ژێر ئەشکەنجەی قورسەوە، بەڵام ئەو هیچ نادرکێنێ. دواجار ئەمنەکان پەنا دەبەنە بەر درندەترین ئەشکەنجە، کارەبا، لە کێری دەدەن. جەللادەکان تووشی شۆک دەبن، کاتێ دەبینن لە بری هاوار و ناڵە، قوربانییەکە بە دەنگی بەرز، قاقا پێدەکەنێ. جەللادەکان بەسەرسوڕمانەوە دەوری دەدەن و پێی دەڵێن. بەچی پێدەکەنی، خۆ تۆ خەریکە

دەمریــــت؟! عەواد هەر بەدەم پێکەنیــــنەوە دەڵـــێ. وا کارەبا گەیشتە کێرم و نەگەیشتە ئاواییەکەمان.

هێندە کارەبای لێ دەدەن، تا ئەقڵی لە دەستدەدا و بە شێتی بەڕەڵای سەر جادەی دەکەن.

پـــاش چـــا خـــواردنەوە، عەمـــوو چـــووەوە لای تەرمەکە و بە چەنـد لافیتەیەکـی پـڕ دروشـمی مـافی مرۆڤ، کفنی کرد و دای بە کۆڵیدا، بردی بۆ ناشتن.

منـــیش بەدەم چـــا خـــواردنەوە و بە بـــا کردنـــی دووکەڵـــی جـــگەرەوە، چـــاوم بـــڕییە پێشـــی خـــۆم. سـەگوردانێک هەتـا چـاو بـڕی بکـردایە بە دەشـتاییدا کشـابوو. لە دەیـان لاوە دووکەڵی سـپی و رەش ملـی ئاسـمانیان گرتبـووە بەر. گـرد و تەپۆڵکەی زبـڵ وەک چیـای بەفرینـی جەمسـەری بـاکوور هەڵکشـابوون، سـەدان و بگـرە هەزاران قەلەڕەشـکە قـاغە قـاغ و بـاڵە فڕەیـان بـوو. روو بە هەر لایەکـدا وەرگێـڕی، چەنـدین سـەگ و پشـیلەت بەرچـاو دەکەوێـت، ئەوانـیش وەک مرۆڤەکـان وێڵـن بە دوای شـتێکدا خۆیـانی پـێ تێـر بـکەن. ملیۆنەهـا مێشـوولە و مـێش و مێـرووی هەمە جۆر، هەمە قەبارە تێکچـڕژاون. سـەدان گێژەڵوکەیـان لە هەوا بۆنـــدارەکەدا خولقانـــدووە. بـــۆنی نـــایلۆن و پلاستیکی سـووتاو، هەوایـان قـورس کـردووە. بەسـەر بـــورجی بەرز و زەبەلاحـــی تـــاوەری کارەبـــاکەوە،

سەدان باڵندەی هەمە چەشن، لە قەلەڕەشکە و کۆترە باریکە و داڵی لاک خۆر هەڵنیشتوون.

بەو بەیانییە، سەدان کیژ و کوڕ و منداڵ و پیر، پەرشوبڵاو بە نێو زبڵی تەڕ و پڕ بۆندا، وروژابوون و دەگەڕان. توێژاڵێکی چڕ و پیس ئاسمانی ناوچەکەی داپۆشی بوو، ژاوە ژاوی دەنگی زۆر و غەڵبەغەڵب و قەرقەشە، گوێی کەڕ دەکرد.

ئێرە دنیایەکی ترە، دنیایەک هاوشێوەی دنیای قالۆنچەکان، ئەوانی لە ئەزەلەوە گوو خڕدەکەن، هانکە هانک و تەپاوتل پاڵی دەنێن. ئێرە رەنگە گەورەترین زبڵدانی دنیابێت، تا چاو بڕ بکات هەر زبڵ و پیسییە. شوێنی فڕێدانی ماشێن و تانک و جبەخانەی تێکشکاوی جەنگەکانە کە تا دوور دەبینرێن. شارێکە یا وڵاتێکە بۆ خۆی.

چوار ساڵ بەر لە ئێستا، کاتێ منیان لێرە فڕێدا، ئێرە هێندە گەورە و فراوان نەبوو. عەموو رەزوان دەڵێت:" پێشتر تا سەردەمی بەعس، رۆژانە یەک دوو سەیارە دەهاتن و زبڵیان دەڕشت. بەڵام لەگەڵ هاتنی ئەمەریکییەکان، وردە وردە بژێوی ئێمەش باشتر بوو. رۆژانە دەیان سەیارەی خۆڵە عەمەلە دێن و زبڵ دەڕێژن. بڕوانە نیوەی زیاتری ئەو زبڵەی ئێستا دەڕێژرێت، بوتڵە ئاو و کۆلا و شووشەی مەشرووبات و کارتۆنی جگەرە و شمەک و ئامێری

کارەبایی ماڵانن. وڵاتەکە بۆ خۆی بووەتە زبڵخانەی دنیا، لە هەموو لاوە پیسیی تێفڕێ دەدرێت. وابڕوات زبڵ هەموو عێراق داگیر دەکات."

چوار ساڵە من گیانێکم بەم پیاوە عەگال بەسەرە پیرەیە، هەتا بڵێی بۆم باشە، سەر راست و بە تەقوا و لە خودا ترسە، خۆی و هەر چوار کوڕ و سێ کچەکەی هەموو رۆژێک لەبەرەبەیانەوە دێنە ئەم سەگوردانە و تا دەمە و مەغریب بە نێو زبڵەکاندا دەگەڕێن. شت کۆ دەکەنەوە و سەرلەنوێ دەیبەنەوە نێو بازاڕ و دەیفرۆشنەوە بە خەڵکی هەژار. بەم جۆرە رزقورۆزی خۆی و ماڵ و منداڵی دابین دەکات. هەمیشە دەڵێ:

" خودا نەیبڕێ، مرۆڤ نابێ زۆر داوا بکات، کەم و حەڵاڵ بۆ ئەم دنیا و ئەو دنیاش نیعمەتە، زۆر و حەرام، مایە پووچییە و ریسوایی لەدوایە. خودا ئێرەمان بۆ بهێڵێت، لە هیچمان کەم نییە."

هەموو درەنگانی رۆژێک، لێرە لە بەردەم کونە گورگەکەی مندا، پێکەوە فەردە چڵکنە گەورەکانیان لەسەر ئەم کەر و عارەبانەیە شەتەک ئەدەن و ملی رێی ماڵەوە دەگرنە بەر. بەیانیان دەیان سەیارە دێن و بارەکانیان لێرە رۆ دەکەن. ئێوارانیش دەیان کەر و عارەبانە و تیکتۆک و لۆری و کۆڵەبەر، لێرەوە فەردە بار دەبەنەوە بۆ ناو شار و نێو بازاڕەکان. جگە لە

هەینی، هەمیشە ئێرە جمەی دێت لە خەڵک، لە قاووقیژی منداڵە ورتکە و کوڕ و کاڵ، بازاڕێکە بۆ خۆی. دەڵاڵەکان هەر لێرە، قووتوی بیرە و فافۆن و پاتەی لاستیک و پارچە ئاسن و هەندێ شتی تریان بە کیلۆ لێ دەکڕنەوە، باری دەکەن و دەڕۆن.

ئێرە جگە لەوەی شوێنی کەسابەتە بۆ زۆر کەس، شوێنی نیشتەجێ بوون و داڵدە و پەناگەی ژیانیشە بۆ زۆری تری وەک من. بە دەوروبەری ماڵەکەمدا، دەیان کەسی تر هەن و دەژین، بە چینکۆ و لەوح و تەنەکە و خڕە بەرد، کوخێکیان بۆ خۆیان چێ کردووە و لەسەر پاشماوەی زبڵەکان دەژین. هەموو نیوە مرۆڤی شەلوشێتن، یا تێکشکاو و دەروون بیمارن، لەو مرۆڤانەن کە پێشتر لە نێو زیندانە تاریک و ترسناکەکاندا هاتوونەتە دەر. یان بە بەرچاویانەوە کەس و کاریان هەموو کوژراون، یان وەک من جەنگ و تەقینەوە بەشێک یا چەند بەشێکی جەستەی بردوون.

سەدان هۆکار هەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ تاک و تەنیا بکەوێتە ناو ئەم دنیای زبڵەوە، بۆ ئەبەد پشت بکاتە ئاوەدانی و مرۆڤەکان.

خۆشبەختانە لێرەدا بە مەلائیکەی کۆنە هاوڕێی رۆژگاری سەربازییم ئاشنا بوومەوە، مەلائیکە ئەو کوڕە شاعیرە بەسڕاییەی پڕ بوو لە شیعر و

ئەدەبیات. بڕوانە ئەو تایە زەبەلاحانەی خستونیتە سەر یەک، ماڵی ئەوە، لەسەرەوە خۆی تێدەهاوێ و لەژێرەوەش زەوییەکەی هەڵکەندووە، ژوورێکی خۆش و پاکی تێدا دروست کردووە. ئێستا ئیتر ئەو نە دەخوێنێتەوە، نە شیعر دەنووسێت. رۆژێک لێم پرسی:

"بۆ وازت لە شیعر هێنا؟"

بە تەوسەوە وەڵامیدامەوە:

" بۆ وازی لێ نەهێنم؟ هەزار رۆمان و دیوانە شیعرم خوێندەوە، کەچی لە ژیانمدا، جگە لە پرسیاری جەنگ و چەک و شتی تورەهات، کەس لەبارەی ئەدەبەوە پرسیارێکی لێنەکردم. کەسێک گوێی لە شیعرێکم نەگرت!"

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کەمێک لە من خۆشبەختترە، ئەو تەنها قاچێکی لە دەستداوە، بە دارشەقێکەوە بەم رۆژگارە بە پێچ و پەنای زبڵی هەڵشاخاودا دەگەڕێت و کەیف دەکات.

جگە لەو، هەر بە ریزی ماڵەکەیدا، خانوویەکی تر دەبینرێت. ئەو برێک جوانتر و سەرنج راکێشترە. جۆرە تەلارسازییەک و هارمۆنییەتێک لە رەنگ و قەبارەیدایە. ئەوەیان، ماڵی دوو هونەرمەند و ئەندازیارێکی تەلارسازییە. بەم رۆژگارە دەڕوانن و گفتوگۆ دەکەن، خەون و بەرنامەی ئەوەیان هەیە،

سـەرەنوێلکەکە بـکەنە مۆزەخـانەیەکی هـونەریی. لە کەرەسـەی پێکـدا هەڵپـڕژاو، لە لەتە ماشـێن و ئاسـن، قەبـارە و شـێوە و شـکڵی هـونەریی سـەرنج راکـێش بخـولْقێنن، (ئەمە پـاش ئەوەی زبـڵە کەڵەکە بووەکـان تەخت دەکەن و لە شێوەی باخچە دەیڕازێننەوە.)

عەموو رەزوان، جگە لەو پارچە پلێتە لووسـەی کە بۆ بەر سنگمی دروست کردووە، تا لە کاتی خشـاندا سـنگم نەڕوشـێ. بە تەل و ئاسـنیش دەسـتێکی بـۆ کردووم، لە خواردن و خواردنەوە و جگەرەکێشـاندا، زۆر خزمەتم پێدەکات. ئیسپرینگێکی لەحیم کردووە بە شیشـێکی ئاسـنەوە و لە قـۆڵە تیـژە بڕاوەکەمـی هەڵدەکێشـێت، بە قایشـێک تونـد شـەتەکی ئەدات. سـەرەکەی تری، لە شـێوەی پەنجە، چوار بەشـی بۆ دروستکردووە، هەموو کارێکی خۆمی پێڕایی دەکەم. پەنجەیەکـم موگناتیسـێکی شـێوە کەوانەی پێـوە لکاندووە. بۆ چەسپکردنی لە پەرداخ و قاپە ئاسنەکان و بردنیان بۆ دەمم. هاوکات بە تەلی نەرم ئەلقەیەکی بچووک، هێندەی جێ فلتەری جگەرەیەکی بۆ کردووم، ئەویـان بـۆ جگەرەکێشـان. پەنجەیەکـی تـرم، شـێوە قولاپێکە بۆ هەڵگرتنی شتومەک، دوا پەنجەشم بریتییە لە بزمارێکی تیژ، ئەمیان بە کەمی بەکار دێنم. مەگەر چۆنها، کارتۆنێک یا شتێکی لەسەر رێ پێ لابەرم. بۆ خوراندنی جێ پێوەدانی مێشولەش هەر زۆر نایابە.

ڕۆژانە بەدەم چا خواردنەوە و کێشانی جگەرەی ئێکسپایەری دۆزراوەی نێو زبڵەکانەوە، لەگەڵ ڕەزوان، وەک دوو پیاوی بەختەوەر دوور دەڕوانین. بێدەنگ و ئاسوودە، خۆشحاڵ وەک دوو پادشای مەملەکەتێکی گەورە و ئارام، وەک دوو سەرکردە و سەروەری زبڵخانەکە، کە لە ژێر خۆری گەشدا، پڕ پڕ بوو لە درەوشانەوەی ئاڵتوونینی شووشەی بەتاڵ، پڕ پڕ بوو لە ڕەنگی عەلاگە، هاوشێوەی باخچەی گوڵزار. لە مرۆڤ و پەلەوەر، مێرو و ئاژەڵ، هەموو پێکەوە تەبا و ئارام دەژین.

عەموو ڕەزوان، خۆشحاڵە بەوەی خاوەنی مەملەکەتێکە، کەس چاوی لەسەری نییە، ڕۆژ دوای ڕۆژ دەکشێت و فراوانتر دەبێت. هیچ سوپایەک تەماحی تێدا نییە و پەلاماری نادات. خەونی ئەو، کشان و فراوانبوونی قەڵەمڕەوییەکەیەتی تا نا کۆتا، تا هەموو سەر زەمین.

خەونی منیش، گەیشتن بوو بە سەلوای کچی، فریشتەکەی ڕۆحم، شاژنی ئایندەی ئیمپراتۆرییەتی هەموو سەرەنوێلک.

پاش دوو کاتژمێر عەموو لە ناشتنی تەرمەکە گەڕایەوە، تۆزێک چەفتە و عەگالەکەی جولان، لەگەڵ مژی قووڵی جگەرەکەی نێو پەنجەی و نیگای قووڵدا، بێ ئەوەی تەماشام بکات وتی:

"ئەزانــی دوورەگ، کێشــەی مەمـلەکەتەکەی تـۆ لە دایکتەوە چییە؟ من زۆر لەگەڵیاندا ژیاوم. ئەوان هەتا بڵێی خەڵکی باشـن، بەڵام کەوتوونەتە نـاو زبڵدانەوە، لە هەمـوو لایەکەوە زبـڵ هێرشـیان دەباتە سـەر. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زبڵ قووتیان دەدات و بچوکتر دەبنەوە. ئەزانــی بـۆ؟ چـونکە باووباپیرەکانـت، ئەوەی دەبـوو بیکەن نەیانکرد، ئێسـتاش هیچ ناکرێت تـازە خۆشـیان پڕ بوون لە زبڵ."

موگناتیسەکەم چەسپی پەرداخەکە کرد و بردم بۆ دەمـم، قـومێکم لێدا، هـیچم نەوت. لە دڵـی خۆمـدا پـێم وت: "مەملەکەتی دڵخوازی من سەلوای کچتە، تۆ پەلی ئەوم بـدەرێ، خـودای دەکـرد هەمـوو دنیـا دەبـوو بە زبڵ."

دیسانەوە وتی:

" چییە ئەمڕۆ رادیۆکەت دەنگی نییە؟!"

پێم وت:" ئەمشـەو پاترییەکـانی مـردن و نووزەیـان تیا نەما."

ڕووی تێکردم، بە شێوە سەرزەنشتێکەوە وتی:

" ئەی بۆ قسە ناکەی؟" هەر هێندە و دەستی برد و لە گیرفــانی قــووڵی دشداشــە ســپییە چڵکــنەکەی، مۆبایلەکەی دەرکرد و نای بە گوێیەوە.

" ئەلوو، حەمودی، چاو بگێڕە و چەند دانە پیلی گەورە بۆ رادیۆکەی دووڕەگ پەیدا بکە، بە برا و خوشکەکانیشت بڵێ کە پاترییان بینی هەڵیگرنەوە..."

ئەم پیاوە هێندە چاکەی بۆم بووە، لە بەردەمیدا هەست بە شەرمەزارییەکی زۆر دەکەم. چ دڵ و دەروونێکی گەورە و پاکت هەیە عەموو رەزوان، ئای بۆ ئەو رۆژەی کچەکەشتم دەدەیتێ، بە یەکجارەکی دەمکەیتە کوڕی خۆت، خۆزگە دەمتوانی و زاتم دەکرد. ئەو داوایەشت لێ بکەم و پڕ بە گەرووم هاوار بکەم:

"ئەی هاوار من شێت و شەیدای سەلوام، لە ناخەوە وەک دۆزەخ بۆی دەسووتێم. ئیلهام بەخشی ژیانم تەنها چاوەکانی ئەوە، تەنها نیگاکانێتی، من بکە بە کوڕی خۆت و سەلوام لێ مارەکە، هەتا ماوم وەک خودایەکی مەزن دەتپەرستم. ئەم چاکەیەشم لەگەڵ بکە، دڵت بە دڵم بسوتێ عەموو گیان، لەم دنیایە هیچ خەون و حەزێکم نەهاتوونەتە دی. خۆت لە هەموو کەس باشتر، لە حاڵم تێدەگەی و دەزانی. بە دڵە گەورەکەت بمخەرە ژێر سۆز و بەزەیی خۆتەوە. کچەکەت بۆ من، مایەی سەرلەنوێ ژیانەوەیە، سەرلەنوێ بە دەست هێنانەوەی دەست و چاو و پێیەکانمە. مامە فریامبکەوە، خەون و خولیای کچەکەت بە رادەیەک داگیری کردووم، مەحاڵە بێ

ئەو بتـوانم بـژیم. وزەی دەنـگ و جـووڵەی مـن هەر ئەوە، سەلوا پاتری رۆحەکەمە لەم تۆپەڵە گۆشتەدا."

هەرگیـز مەحـاڵە بـوێریی ئەم قسـانەم هەبـێ، لەوە نـاچێ بەم زووانە بـێ ئـۆقرەیی و ئـازاری دڵـی مـن کۆتایی بێت. کێ ئامادەیە کچی خۆی بە پیاوێک بدات، لە کونە سەگێکدا بژی. پیاوێک بێ دەست و بێ قاچ، دزێـو و ناشـیرین وەک جنـۆکە. عەمـوو رەزوان، گەر فریشـتەش بێت زەحـمەتە ئەمە بکـات و بە مـن رازی بێت، مەحـاڵە. تـاقە ئومێد سـەلوا خـۆیەتی، مەگەر ئەو خۆی عاشقم بێت و پێی لێ بکاتە کەوشەوە و بڵێ یا بـۆ یاسـر، یـا بـۆ گـڵ. وەک شـازادەی نـاو فـیلم و چیرۆکەکـــان، شـــەرم لەســـەر بکـــات و لە پێنـــاو پێکگەیشـتنمان هەمـوو رێگـایەک بگـرێتە بەر. تـۆ بڵێـی ئەو ئاگـــای لە ســـووتانی مـــن بێـــت؟ بڵێـــی رۆژێ لە رۆژان هەسـت بە خۆشەویسـتیم بکات؟ بڵێی ئەویـش خۆشـی بـووێم؟ خـۆ زۆر جـاران نیگـام دەکـات و بە دەممەوە پێدەکەنێت.

هەمیشە لەو شـیرینی و میوەیانەشـم بەش دەدات، کە لە نێو زبڵەکەیا دەیاندۆزێتەوە.

چەنـــدین جـــار بە رێـــکەوت کە تـــاکە چـــاوەکەم کەوتـۆتە سـەر چاوەکـانی، پەشـۆکاوە و خێـرا نیگـای لەسەر هەڵگرتووم. باشـە گەر عاشـقم نییە، بۆ هێندە لـێم دەڕوانـێ و چـاوی دەخـاتە سـەرم؟ بەدڵنیـاییەوە

دەزانم وەک چۆن من  وەک کازیمۆدۆ، شێت و شەیدایم، ئەویش بۆ من وایە. ئەویش وەک ئەزمیراڵدای فیلمەکەی پشت کوڕەکەی نۆتردام، کە بە هەرزەکاری لەگەڵ خاڵمدا بینیم شەیدای منە. خودای من، خۆ تۆ لە هەموو کەس باشتر حاڵی من دەزانی، لێت دەپاڕێمەوە، کڕنووش بۆ گەورەییت دەبەم. تەنها ئەم جارە دڵ شکستم مەکە و موورادم حاسڵ بکە. خۆ کوفر نابێت بۆ تاقە یەکجار هەست بە سەرکەوتن و دڵخۆشی بکەم. ئاخ، ئەزمیراڵداکەم، کەی بێت بە خۆتەوەم شەتەک بدەیت و هەناسەی گەرمت ئاوێتەی هەناسە ساردەکەم بکەیت؟ نیگای تۆ عەشقە، یا بەزەیی؟ من چیم بۆ تۆ؟ سەگێکی بێ چوار پەل، یان یار و دڵدار؟ خۆشت دەوێم و دەتەوێ هاوژینم بیت؟ یا نیگات، نیگای بەزەیی پێداهاتنەوەیە؟ خودا هاوار لە ناڕوونیی نیگای تۆ! بە قسە بێ و شتێ بڵێ، من بۆ تۆ چیم؟"

لە کاتێکدا سەرم داخستبوو، لە خەیاڵی قووڵدا نغرۆ بووم.

لەپڕ دەستێک کەوتە سەر شانم، حەمودی برا گەورەی بوو، چوار پیلی خستە بەردەمم. هاوکات بە دەستی خۆی چاویلکەیەکی خستە سەر چاوم و وتی:

" ئەم عەینەکە یەک چاوەم بۆ تۆ هێناوە، رێک فیتە لەگەڵ چاوە ساغەکەتدا."

به دەنگـــی بەرز سوپاســـم کـــرد. لە عەیـــنەکە ڕەشەکەوە، دنیا کەمێک جوانتر و تـاریکتر دەرکەوت. هەســتێکی خــۆش و ئــارامی تیــا وروژانــدم، لەوەش گرنگ تر، ئیتر بە کامی دڵم دەمتوانی لە سەلوای یارم بــڕوانم. چــاویلکەکە بە ئاســتێک ڕەش بــوو، کەس ئاراستەی چاومی نەدەبینی. لە نـاخی دڵەوە سوپاسـی حەمـوودی و خـودام کـرد، بـۆ ئەم دیـارییە گرنـگ و جـوانە. ئیتـر چـاوی ژێـر چـاویلکەم هەمیشـە ڕوو لە فریشــتەکەم بــوو، بــێ هــیچ تــرس و شــڵەژانێک لــێم دەڕوانــی، لێــی ورد دەبــوومەوە. وای خــودایە، چەنــد جوان نـان دەخـوات، چ پەلە و خێرا نـان و تەمـاتەکە، دەپەســـتێتە دەمـــیەوە. خـــۆزگەم بەو مێشـــانە، کە وروژاونەتە چەوری لا لێو و چەنـاگەیەوە و دەیمـژن. خــۆزگە دەبــوومە ئەو دڵــۆپە ڕۆنــانەی لە تــیکەکەی دەســتییەوە دەکەونە ســەر ترۆپکــی مەمــکە بەرز و زلەکــانی. خــۆزگە ئەو فــووەی لە پەرداخە چــاکەی دەستتی دەکەیت، لە دڵ و ڕۆحی گەرمی منت دەکرد و کەمێــک هەناومــت فێنــک دەکــردەوە. چەنــد بە دەسـتوبردە، سـەرباری مانـدوویەتی هەمـوو سفرە و خـوانەکەی لە چاوترووکانێکدا کۆکردەوە. هاوسـەری ئایندەی من، شۆڕەژنی بە سەلیقە و بە تەدبیرە، سڵاو لەو ڕۆژەی پێکەوە لە ژێر سەقفێکدا دەژین.

هیچ کات هێندەی ئەمڕۆ، بە کەیف و بەختەوەر نەبووم. بە هۆی عەینەکە تاک چاوەکەوە، بە کەماڵی ئیسراحەت لە یارم ڕووانی. ورد و بە سەرنج و بێ ترس. بە لاچاو تەماشام دەکرد... لەشولاری ڕەقوتەق بوو، باڵای مەتر و نیو دەبوو، لاواز و لەڕ، لۆقی درێژ و هەنگاوی گەورە، هەمیشە توڕە و تەوسن، کەمترین دنەدان بەس بوو تا توڕەیی بتەقێتەوە. هەمیشە چەند دانە خاڵێکی ڕەشی گەڕۆک بە سیمایەوە بوو، مێشەکان هەر جارە و بە شوێنێکییەوە دەنیشتنەوە. دەبوونە نەخش، دەبوونە خاڵی ڕەش. بەهۆی باهۆز و گڕەی گەرمی زبڵدانەکە، پێستی زەرد و ڕەنگپەڕیوە. عەزێیەکی جەرسەی شەپۆلداری سووری پڕ ئەستێرەی سپی لەبەردا بوو، پڕ لە پەڵەی چڵک و پیسیی، دەست و پێ قڵێشاو، چاوەکانی ڕیپۆقاوی.

تا ئەو کاتەی هەر یەکە، بە لایەکدا ڕاکشان و چوونە خەوەوە. چاو و ناخم پڕ پڕ بوو لە دیمەن و سیما و جوانی سەلواکەم.

منیش، پاشەوپاش کشامەوە کونەکەم، وەکو هەموو ڕۆژێک کپ و ئارام لێی نووستم.

هەمیشە ئێواران، بۆ من مایەی غەم و هەستی قووڵی تەنهاییە، ئەو کاتی عەموو ڕەزوان، عارەبانەکەی شەتەک ئەدات لە فەردە پیسی

هەڵئاوساو و لەگەڵ منداڵەکانیدا لۆژە لۆژ، بە لا تەنیشتی کەرە سپییەوە ملی ڕێگایماڵەوە دەگرنەبەر. دەبمە گوناهێکی بێ ئیرادە و دۆڕاو، دەبمە عاشقێکی جێماوی لە عێڵ دابڕاو، ئیفلیج و کۆڵەوار دەڕوانمە هەنگاوی دوور کەوتنەوەی یار و هیچم پێ ناکرێت. لەگەڵ هەر هەنگاوێکیدا، دڵم خاوتر و کزتر لێدەدات. هەتا لە چاو بزر دەبن، دەڕوانم و ئاهوناڵەمە. پاشان وەک بتێکی دەست و قاچ شکاوی سەر سەگوردانێک، بێ جووڵە و بێ ڕۆح دەچمە حاڵی کۆماوە، تا بەتەواوەتی تاریکی دێت، هەموو شتێک دادەپۆشی. تا ئەو کاتەی دەنگگەلی زۆری سەگ و چەقەڵ و باڵندە دەگمەن و فرە جۆرەکان، فەزاکە پڕ دەکەن لە قریشکە و نووزانەوە و لوورەی درێژ و سامناک.

لە تاریکی چڕ و خەستدا بە کوڵ دەگریم. دەنگی پڕ سۆز و ئازاریشم ئاوێتەی شەو و نوزانەوەی هەموو ڕۆحلەبەرانی شاری سەرەنوێلک دەبێت. ئاوێتەی دەنگی کز و غەمگینی ڕەبابەکەی حەمدوونە دێوانە دەبێ. ئەو کوڕەی هەموو شەوێک تا بەرەبەیان گۆرانییەکی بەسوێ و پڕ لەرەی خنکاو و ماتەم ڕیتم، ئاوێتەی دەنگی ڕەبابەکەی دەکات. هەر کە سەدای ئەویشم بە گوێ دەگات، ئیتر کڕ و بێدەنگ

گوێ دەگرم، دەچمەوە تێفکرینی خۆمەوە. برادەرە ئەندازیارە پیرەکەم، دەڵێت:

" حەمدوون قوربانی عەشقێکی ناکامە، ئەو گۆرانی ناڵێت، ئەو بۆ عاشقە مردووەکەی دەناڵێنێ، بۆ کچە ئامۆزاکەی."

بە پێی گێڕانەوەکەی ئەو بێت، مامی کچەکەی ناداتێ، بە زۆر و ناچاری دەیداتە کوڕە دەوڵەمەندێکی گوندەکە. بەڵام کچە بە شێوەیەک شێت و شەیدای حەمدوونی پس مامێتی، بە جلی سپی بووکێنییەوە خۆی دەهاوێتە رووباری دیجلەوە و خۆی دەکوژێت. تا بە ئێستاش دەگات، تەرمی دیجلە بردووی نەدۆزراوەتەوە. لەو رۆژەوە ئەم کوڕە، وەک شێت دەکەوێتە دەشتودەر. تا دواجار لێرە، لەم سەگوردانە دەگیرسێتەوە. هەموو رۆژ دەنوێت، هەموو شەویش دەناڵێنێ و بانگی غەزالەی خۆشەویستی دەکات. هاودەمی رەبابەکەی، داوا لە دیجلە دەکات، خۆشەویستەکەی بۆ بگێڕێتەوە.

خودایە، ئەم هەموو چارەنووسە بەد و تراژیدیایە چییە دەیخەیتە سەر شانی عاشقەکان؟ بۆ هەمیشە تێکیان دەشکێنی و بە خەم و دەردەوە دەیانکوژی؟ خودایە ئەوە لەگەڵ من مەکە، چاوێک و چوار پەلت بردم، کردمت بە پەندی زەمانە قەینا، بەڵام لێت دەپاڕێمەوە سەلواکەم نەبەیت. خودایە ڕێگام واڵا و

کورت و ئاسان بکە، تا بە عەشقەکەم بگەم و ئەو تەمەنەی ماومە بە ئارامیی و بەختەوەری لە باوەشی ئەودا بژیم. خودای من بەزەیی، بەزەیی...

پێدەچێ خودا بۆ خۆیشی عاشقێکی گرینۆک و دڵ شکاو بێت، رەنگە باران، فرمێسک وناڵەی ئەو بێت.

زستانان ئەو شەوانەی باران دەبارێت، دەنگی حەمدوون ناگاتە گوێ. دەنگی باران دەبێتە سەمفۆنیای بوون. دڵۆپە بارانی سەر زبڵدانەکە سەیر و سامناکە، دەنگی بەرکەوتنی دڵۆپە باران بە ئاسنی ژەنگاوی و موقەبا و پلاستیک و شووشە و عەلاگەکان، تێکرا دەبنە ئاواز و ریتمێکی سەیر و سامناک. دەبنە سەمفۆنیای پووچی ژیان، دەنگی باران و بۆنی زبڵ، ئاوێتە دەبن و هەست دەکەیت هەموو زەمین بریتییە لە دڵێکی گەورە، دڵێک بۆ جاویدانی و عەشق، بۆنکرۆزی سووتانی لێدێت.

دەنگێک لە دوامەوە، لە ناو تاریکییەکەوە بانگی لێکردم:

" دوورەگ لە کوێی؟"

ئاورمدایەوە و هاوارم کرد:

"ئەوەتام لێرە."

چوار تارمایی دەرکەوتن، مەلائیکە و دوو هونەرمەندە شێوەکارەکە و ئەندازیارە پیرەکە بوون.

دڵخۆش و بە کەیف بوون، تێکڕا، لە شێوەی کۆرس، جدیی و بڵند هاواریان کرد:

" جەژنی لەدایکبوونت پیرۆز."

یەک یەک ماچیـــان کـــردم. خێـــرا چەنـــد ڕۆژنامەیەکیـان، وەک سـفرە ڕاخسـتوو و کەوتـنە ڕازاندنەوەی. چەند دانە مۆمێکیان پێکرد. من هەروا سەرسام تەماشای دەستوپل و جووڵە و ئەو هەموو شووشـە عـارەق و ویسـکی و مەزە هەمەجۆرانەم دەکرد کە دەیانخستە سەر سفرەکە. کوشنەکەمیان، ئەوەی عەمـوو، لە نێـو قەمەرەیەکـی بەرازیلـی فڕێدراوی ناو سەرەنوێلکەکە، بۆی هێنابووم. هەڵگرت و بردیانە بەردەم سفرە ڕازاوەکە، فەرموویان لێکردم. من هەروا هێڕ و حەپەساو تەماشام دەکردن، بزەی تاڵی گاڵتەجاڕییم بۆ دەکردن. ئەندازیارە پیرەکە، چەند دانە مۆمێکی تری داگیرساند و چەسپی کردە سەر سـفرەکە، دوو هونەرمەنـدەکە، هەروا خەریکـی ڕێکخستنی پەرداخ و جێکردنەوەی مەزەکان بوون. مەلائیکەش، لەژێر لێوەوە گۆرانی دەوت.

پاشان دوانیان منیان هەڵگرت و خستمیانە سەر کووشنەکەم. پێکیان تێکرد، پەرداخە ئاسنینە پڕ عەرەقەکەی منیشیان چەسپی موگناتیسەکە کرد. مەلائیکە وتی:

" دەی پێکەکانتـــان بەرز بــکەنەوە، بە خۆشــیمان، جەژنی لەدایکبوونی هەموومان شاد و پیرۆز."

پێکیـان هەڵدا و پـێکەوە فوویـان لە مۆمەکـان کـرد.

سـەباح دلێمـی هونەرمەنـد، بە دەنگـی بەرز هـاواری کرد:" بڕوخێ شار و هەر ئاوەدان بێت زبڵخانە."

بە دوایـدا مەهــدی ئەلــوان، هەســتایە ســەرپێ و قریشکەیەکی درێژ و بەرزی کرد و وتی:

" پێکەوە لە دایکبوون و پێکەوە مردن، چ قەدەرێکی گاڵتەجارە!"

مـن هـیچ حـاڵی نەبوبـووم و نەمـدەزانی مەسـەلە چییە، هێواش و سەرسام لێم پرسین:

" مەسەلە چییە هاوڕێیان؟"

مەلائــیکە وتـــی:" مەگەر نـــازانی ئەمـــڕۆ یەکـــی تەمموزە."

وتم:" جا چییە، با یەکی تەمموز بێت."

مەهــدی ئەلــوان، دەســتی بــرد، تەســکەرەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و خستییە بەرچاوم وتی:

"چۆن چییە، بڕوانە بە پێی ئەم ناسنامەیە بێت، لە یەکــی حەوت هــاتوومەتە دنیــاوە. ئەم برادەرانەشــم ڕۆژی لەدایکبوونیـان هەر یەکـی حەوتە، دڵنیـام تـۆش لە تەســـکەرەکەت هەمـــان ڕۆژ نووســـراوە. ئــێمە هەموومان نەوەی یەکی تەمموزین، ئەمڕۆ بە خۆشـی

و پیرۆزی ئەو رۆژە مێژووییەوە، ئاهەنگی خۆشی هاتنە نێو ئەم زبڵدانەی پێی دەڵێن ژیان دەگێڕین."

مەلائیکە رووی تێکردم و پرسی:"بۆ ناخۆیتەوە؟"

سەرم داخست، بە بێزارییەوە وتم:

"تاقەتم نییە، حەزم لە خواردنەوە نییە."

کەوتەوە قسە و وتی:"چوار پیاو لە بەیانییەوە کەوتووینەتە نێو زبڵ و بە دوای سیگار و مەشرووبدا وێڵین، تۆش دەڵێی حەزم لێی نییە، دەی پێکەکەت هەڵدە. ئێمە بە خۆشی یادی لەدایکبوونی تۆوە، ئەم ئاهەنگ و سفرەیەمان ساز و ئامادە کردووە، بخۆرەوە دەی."

پێکەکەم هەڵدا، بە دوایدا جگەرەیەکیان خستە پەنجە ئەلقەکەمەوە. پیرە ئەندازیاریش، پاش هەڵپچڕینی قوتووە ماسییەکەی دەستی، خستییە بەردەمم و وتی:

"دەی ماسی بخۆ، تەنها یەک مانگ وادەی بەسەر چووە، ئاخر بوغرایی و پارە زۆری خەڵک نەبێت، مانگێکی حیز چییە ئەم خواردنە پاکە فڕێ بدەیت!"

سەباح دلێمی، خێرا خێرا پێکی هەڵئەدا، دیسانەوە دەنگی لێهەڵبڕی:

"بە شەرەفم هەرچی دێتە ئەم وڵاتەوە ئێکسپایەرە، ئەوەی لە شارەکانیشدا دەخورێ هەر هێندەی ئەم گەڵا کاهووە پاکە."

لەگەڵیدا کاهووەکەی تەپانە دەمە زلەکەیەوە. پێک دوای پێکمان بەدەم گوێگرتن لە دەنگی حەمدوونە دێوانە و ڕەبابەکەیەوە هەڵئەدا. جگەرەمان بە جگەرە دادەگیرسان. پێنج کەسی دەردەداری ناو تاریکیی، بێ ئەوەی باش سیمای یەک ببینین، بەرەو دنیای مەستی دەڕۆیشتین.

پاش ئەوەی لاڵوپاڵ لێیکەوتین، هەر یەکە و لە رابردو و دنیای خۆیدا بە ورتە ورت، گۆرانی دەگووت. رووە و ئاسمان لە ئەستێرەمان دەڕوانی.

لە ژێر کاریگەری عارەقەکەدا، گەرم و پڕ خەیاڵ ببووم. خەیاڵی سەلوا، وەک شانە هەنگ، لە مێشکم وروژابوون و پڕ پڕیان کردبوو لە هەنگوین. لە شێوەی کۆرپەیەکدا توند لە باوەشی گرتبووم و رایدەکرد. بە باخچەی هەمەڕەنگی زبڵدا هەڵمەتی دەبرد و ماندوو نەدەبوو. پرچی خاوی بە هەوادا شەپۆلیدەدا، منی توند لە مەمکەکانی چەسپ کردبوو، هەردووکمان لە ناخەوە دەتریقاینەوە. بەسەر گردە زبڵەکاندا هەڵدەکشا و بە خلیسکانێ دەهاتە خوارەوە. پڕ بە گەرووی هاواری دەکرد. خۆشمدەوێی ئەی پیاوی بێ پەل، ئەی دوورەگی پڕ رەگ، رایدەکرد و من لە باوەشیدا، گۆرانیم دەوت. رایدەکرد و بە دوامانـدا، هەزاران قەلەڕەشکە قیغە قیغیان بوو. رایدەکرد و عەزێ سووره پڕ گوڵەکەی بەردەوام

دەکشا و ڕەشەبای بەهێزی دەخوولقاند. بەدوایدا ملیۆنان عەلاگەی سوور و شین و زەرد و سپی، ملیۆنان پارچە مقەبا و کاغەزی هەمەڕەنگ، ملیۆنان گوڵ و گەڵای نایلۆن، گەرد و غوباری پیسی، ملیۆنان تەنی نامۆ و هەمەقەبارە بە کاریگەری کراسە ئاوریشمینەکەی بە دوامانـدا کەوتبوونە ئاسمان و شەپۆلیاندەدا. ملیۆنان مێش و مەگەز و مێشوولە، لە شێوەی گێژەڵوکەی بچووکدا، بە تەنیشتمانەوە هورژمیان دەبرد. هەزاران کتێبی پڕ شیعر و جوانی و فەلسەفە، کە کەس نەیخوێندبوونەوە و فڕێدرابوونە ناو حاوێی خۆڵەوە، تا دواجار لێرە گیرسابوونەوە. بە دواماندا دەفڕین. بە نێو ئەو هەموو ژاوەژاو و تێکچڕژانەدا، سەلوا هەتا هێزی تێدا بوو بەرەو ئاسمان، وەک کۆترێک هەڵیدام و قیژاندی، بفڕە، دەی لە شەقەی باڵبدە ئەی خۆشەویست. دوو باڵم لێڕوا و ویستم بفڕم. دەستێک، کە دەستی پیرە ئەندازیار بوو، گەڕاندمیەوە بۆ دانیشتنەکە.

"گوێ بدەرە من، با چیرۆکێکی خۆشی خۆمت بۆ بگێڕمەوە."

وای وت و پیرە هەستایەوە، یەکێک لە مۆمەکانی داگیرسانەوە. دەستی کوتا بە بووتڵەکاندا، گەڕا تا لە یەکێکیاندا کەمێک عارەقی دۆزیـیەوە، کـردییە

پەرداخەکەیەوە و کەوتە قسە کردن. هێندەی خواردبووەوە بە ئاستەم دەنگی دەردەهات:

" لە هەشتاکاندا، ئەو کاتی لە ئەڵمانیا دەمخوێند. لەگەڵ کۆمەڵێ برادەری عێراقیدا، بە شەو لە ریستورانتێکدا کارمان دەکرد. بە خاتری ئەوەی بتوانین درێژە بە خوێندنەکەمان بدەین و بژێوی ژیانی خۆمان دابین بکەین. خاوەن ریستۆرانتەکە پیاوێکی مەکسیکی بوو، کردبووی بە نەریت، هەر کارمەندێک یادی لەدایکبوونی هەبوایە، ئەو شەوەی بۆ دەکردە پشوو. رۆژی پێشتر ئێمە هەر حەوت عێراقییەکە داوای مۆڵەتمان کرد. حەوت کرێکار چووینە بەردەمی وتمان. سبەی ساڵرۆژی لەدایکبوونمانە! کابرا، سەرەتا وایزانی پێی رائەبوێرین و تورە بوو.

کاتێ دڵنیامان کردەوە کە بە راستمانە. ئەوجا لە قاقای پێکەنینیدا و وتی. یانی ئێوە هەر حەوتتان خەڵکی یەک وڵاتن، هەر حەوتیشتان لە یەک رۆژدا هاتوونەتە ژیانەوە؟! چۆن شتی وادەبێت؟ بڕوا ناکەم! یەکێک لە برادەرەکان پێی وت. دەتوانی بڕوانیتە پاسپۆرتەکانمان؟ کابرای مەکسیکی پاش ئەوەی دڵنیا بوو لە راستگۆییمان، دیسانەوە بە سەرسوڕمانەوە پێی وتین. یانی چی هەمووتان لە یەکی حەوتدا لەدایک بوون؟! منیش بەگاڵتەجاڕییەوە پێم وت.

قوربــان، ئــێمە لە وڵاتــێکەوە هــاتووین کە هەمــوو پیاوەکـانی بە فەرمـانی سـەرۆک لە یەک ڕۆژدا دەبـێ ژن بێـنن. تـا هەمـوو ژنەکـانیش لە یەک ڕۆژدا منـداڵ بــخەنەوە. دواجــاریش تــا هەمــوو نەوەکــان لە یەک جەنگـدا و بە یەکەوە بکـوژرێن، یـا لە یەک گـۆڕی بە کۆمەڵـدا بنێـژرێن. خـاوەن کـار، دیســانەوە لە قاقـای پێکەنینی دایەوە، ئەوجا وتی:

" وڵاتێکــی ســەیرە! کەوابێــت ســبەی شــەو بــۆ هەموومان دەبێتە پشوو، خۆ بێ ئێوە ئێمەش هیچمان پێناکرێت."

بە نەرمە پێکەنیــنەوە مەهــدی ئەلــوان، بە دوایــدا وتی:"تا هەمووشمان پێکەوە، لە سەگورداندا بخۆین و بخۆینەوە."

سەباح دلێمی، کەوتە سەر لا، خۆیدا بەسەر شانیدا و لێی پرسیم:"ئەوە کوا رادیۆکەت؟ بۆ نایهێنی هەندێ گوێ بدەینە گۆرانی، خۆ تازە ئەمشەو خەو نییە؟"

پــــێم وت:"واز لە رادیـــۆ بێـــنە، لە رۆژگـــاری سـەربازییەوە، گـوێم لە شـیعری مەلائیکە نەبووە، بـا ئەو شیعرێکمان بە دەنگە خۆشەکەی خۆی بۆ بڵێ."

مەلائــیکە ســـەری بەرز کـــردەوە، دەســـتی دایە دارشەقەکەی، هەستا و چووە تـاریکییەکەوە، خوڕەی میـزەکەی و گـرمەی تـڕ و بـۆنی گـووەکەی ئـاوێتەی رەبـابەکەی دێـوانە بـوون. کـاتێکیش لارەلار گەڕایەوە،

به زمانێکی شکاوەوە کە لە ژێر کاریگەری مەیەکەدا باش قسەی بۆ نەدەکرا وتی:

"منننننن دەمێکە وووازم لە شششششیعر و میعر هێناوە، هیچم نییییە بیڵێم، هههههاوڕێیان"

سەباح، کە لە هەموومان بە ئاگاتر و وریاتر بوو، پێشتر یەک دنیا منجڕی بۆ کردبووین، لەسەر بە مۆزەخانە کردنی سەگوردانەکە. کە چۆن لەگەڵ ئەلوان و پیرەدا، ئێرە دەکەنە کارێکی هونەریی گەورە و ئەفسووناوی، بە شێوەیەک لە هەموو سەرەنوێلکە گەورەکانی جیهانەوە بێنە تەماشاکردنی.

نیو سەعات زیاتر وەک سیحربازێک باسی ئەو باخچە و دەریاچە و ئەستێڵە پڕ پلاستیکە شلانەی بۆ کردبووین کە لە خەیاڵیدایە. باسی ئەو کۆشک و ڤێلا و دینگە پڕ زەخرەفانە و دیوارە بەرزانەی بە خۆڵوخاشاک دەیانخولقێنێت. یا ئەو درەختانەی قەدیان لە ئاسن و گەڵایان لە بتڵە شووشە و بەریان لە قووتوی بیرەیە. بە شێوە و لەرەی کوڕوزانەوە رووی کردە مەلائیکە:

" دەی توخودا دڵی مەشکێنە، با ئەمشەو دنیا بە دڵی هەموومان بێت."

دیسانەوە مەلائیکە لەسەر پشت راکشا، هەردوو دەستی خستە ژێر سەری، بە دەنگێکی گڕ و ریتمێکی خاوەوە وتی:

" هیییچم لە یاد نەمممماوە، بببورە یاسر گیییان."

خەیاڵ گەڕاندمیەوە بۆ رابردووی دوور، بۆ لای مەهدی زریان، بۆ ئەو شیعرەی کە شەوی پێش کوشتنەکەی نووسیبووی. ئەو شیعرەم هێندە خوێندبووەوە، دەرخم کردبوو، زۆر جار لەبەر خۆمەوە دەموتەوە.

بە دەنگی بەرز و غەمگینەوە، ئاوێتە بە دەنگی دووری رەبابەکە تێهەڵچووم:

ڕەسیدێکی بێ بەهای باوکم بووم
لە دەخیلەکەی دایکمدا نوستبووم
لەو بەرەبەیانە پڕ ناڵەی ناپاڵمدا
قەدەرێکی تاڵ و مامانێکی نەزۆک
لە درزی دەخیلەکەوە
هاویشتمیانە ئەم زبڵخانە تاریکەی زەمەنەوە
لە بێشکەکەدا شەتەکیاندام لە قۆناغەکانی تەمەن
گایەکی عەودالی بوغرایی
بە لچی درێژ و زمانی پڕ لیکی ژەهراوی
وەک چکلێتی جەژنانە جویمی
لە دەمی چلێسیدا بوومە بنێشتی کاوێژ
منداڵیی و هەرزەکاریی و لاویمی ژاکان
تەنها پیریی بۆ هێشتمەوە
چ پیرێکی کەنەفت و ساوام
ناسنامەی تەمەنی خۆم بزر کردووە

یان ڕەنگە مامانەکەم
لە گەڵ بڕینی هێڵی پەیوەنی نێوان من و دایکمدا
چەقۆی لە ناسنامەکەم دابێ و
بۆ باوکی زارۆکمی کردبێتە کۆلارە
ئەشبێ و لەوانەیە تاتەی گەورەم
لەگەڵ شوشتنی پەڕۆوپاتاڵی من و دایکم
بێ ئاگا ژمارەی ساڵەکانمی لە پیسیدا خنکاندبێ
لە نێو تەرمدا و هاوشانی تەرم ژیانم بە هەدەردا
لەم سەگوردانەوە بە ئێمە چی گوڵەکانی دەریا گەشن
بە ئێمە چی نەوڕەسەکان بەرزە فڕن و
ماسییەکان بە پوولەکە ڕەنگاڵەییەکانیان
چاوباشقێی عەشقیان لەگەڵ دەکەن
بە ئێمە چی کەفە سپییەکانی کەنار دەریا
شیرینترە لە لێوی کەنیشکی دوای ژوان
ئێرە ماڵی تەرمە و تەرمیش شۆڕش ناکات
نە ماچ و نە خەندە و نە شەرم ناکات
تەرم پیاوە بازووە بەهێزەکانی هۆزەکەمە
پیاوە پیرە بێ حیکمەتەکانی خێڵەکەمە
ئەوانەی هەر نوێژی سەر تەرم و فاتیحا دەزانن
ئەوانی سواری ژنە زۆرەکانیان دەبن و
دیسانەوە گەرای زۆری تەرم دائەکەن
لێگەڕێن با ژنە زۆرە ڕەش پۆشەکانی وڵات

بە سەر تابووتی تەرمەوە شین و واوەیلا بکەن
که چوو، شین و گریان کەڵکی چییە
که چوو، کێلی بەرز و رازاوە کەڵکی چییە
تەرم تەرم تەرم تەرم، دوای تەرم بەرێکەن
تەرم و جەنــگ تەرم و نـــانی رەق تەرم و پێکـــی ژەنەراڵ
تەرم تەرم تەرم، تەرمی پاش و تەرمی پێش
تەرم تەرم تەرم، تەرمی راست و تەرمی چەپ
تەرم بە ریشــەوە تەرم بە خـۆڵەوە تەرم بە ئـاڵای سوورەوە
دەرگاکان داخەن ئەمە لەشکر کێشی گۆڕستانە
ئەوەی ویژدانی وەک قوڕ بۆ سوڵتان بشێلێ
تەرم نایخوا
ئەوەی فۆنەتیکی زمانی تووتی بزانێ با دڵنیا بێ
هەرگیز تەرم خۆشی ناوێ

پیـــرە و ســـەباح، چووبـــوونە خەوی قـــووڵەوە، پرخەیـان دەهـات. ئەلـوانیش، خـۆی گرمـۆڵە کردبـو.لە خەیاڵی خۆیدا نغرۆ بووبوو. وەک کەسێک تـازە بەنـج بەریدابێت وڕێنەی دەکرد:

"ئێوە، ئئئئەی ئەوانەی ئێمەتتتتـان فڕێداوەتە ئەممـم سەگورررردانەوە، ئێوە کە دەمرن لە کۆشکەکانننتانەوە ددددەچـــنە زبڵـــدانی مێـــژووەوەوەوە، زززززبڵـــدانی تاوانەکانتان، دززززی ووو خخخخیانەتەکانتان، زبڵدانی

ئێوە ئەبەدیی و نەبڕاوەیە. بببەڵام ئێمە کە دەمرین، لێـــرەوە دددددەچیـــنە بەهەشـــتی ویـــژدانننن و ئاسوودەیییەوە، ئێوە ئەیییی..."

بە ئەســپایی، بــێ ئەوەی هێمنیــی نیوەشــەوەکە بشــێوێنم، بەرەو دوور خــۆم بە کــێش کــرد. تــا گۆڕستانی کەللەسەر و کەرتە مرۆڤەکان، ئەوانەی لە چەنـــد ســـاڵی رابـــردوودا، عەمـــوو رەزوان لە ســەگوردانەکەدا دۆزیبــوونیەوە و لێــرە ناشــتبوونی. مەســـت و کەنەفـــت، لەســـەر ســـک و لە نـــاو گوڕســتانەکەدا، لە نێــو تــاریکی شــەودا، یــادەوەری هەڵیپێچـــامەوە بـــۆ ئەو رۆژەی لەگەڵ چەنـــدین کەللەسـەردا، لێـرە لەم سـەگوردانە هەڵیانڕشـتم. ئەو رۆژەی عەمـــوو رەزوان، لە زبڵـــی تەڕ و بۆگەنـــدا دۆزیمییەوە، باوەشی کردم و تا ئێرەی هێنام. پاشان لە دوو گونیەدا، خۆیی و کوڕەکەی کەللەسـەرەکانیان لێرەدا خستنە ژێر گڵەوە.

عەمــوو رەزوان، بەدەم گریــان و نــاڵەی بەرزەوە هاواری خودای دەکرد:

" خــودایە ئەم زووڵــمە قبــووڵ نەکەی، خــودایە نەزیفی خوێنی ئەم خاکە کەی کۆتایی دێت؟! خودایە بۆ ڕێگا دەدەیت و تاکەی سەری ئەم عەبدە پاکانەت ئاوا بە بڕین بچێت."

ئەو دەگریا و منیش دەگریام. پڕ بە دنیا هاوارم دەکرد:"منیش سەر ببڕە، توخودا سەرم لە لاشەم جیابکەرەوە و لەگەڵ ئەم سەرانەدا بیاننێژە. عەموو گیان، ئیتر توانای هەڵگرتنی ئەم سەرە پڕ ئازارەم نییە، منیش بنێژە عەموو گیان."

بەڵام ئەو وەک باوکێکی میهرەبان، ئەو میهرەبانییەی کە لە هەموو تەمەنمدا لێی بێ بەش بووم. لە باوەشی گرتم و توند بە سینگیەوە نووساندمی. بەدەم دابارینی فرمێسکی گەشەوە، کە وەک بارانی بەهارە بە سەرمدا دەڕژا، وتی:

"رۆڵە، ئێمە گەر سەربڕ بووینایە، لێرە نەدەژیاین، ئێمە عەبدێکی زەلیلی خوداین، کەمێک ئارام بەرەوە کوڕم، خودا گەورە و بە رەحمە."

لە ژێر ئەم بستە خاکەدا، سەدان کەللەسەر نووستوون و خەون بە دەست و قاچیانەوە دەبینن. سەدان و رەنگە هەزارانیش بێت، کێ چووزانێت، رەنگە هەر عەموو رەزوان و خودا بزانن چەندن.

عەموو رەزوان بوو بە فریادڕەسم، گەڕاندمییەوە بۆ ژیان، ئەو هەم فریشتە بوو، هەم فریشتەی پێ بەخشیم. هەر ئەو رۆژە، کاتێ چاوم بە چاوی کچەکەی کەوت، وەک پیرە درەختێکی وشکەوە بوو، سەرلەنوێ ناخم چەکەرەی کرد و سەوز بوومەوە.

چوار ساڵە، بە هەوای عەشقی سەلواوە ماوم و دەژیم، چوار ساڵە ئاگرێکی وای تێدا هەڵگیرساندوم کە بە ئاسانی بتوانم بەرگەی ئەم دۆزەخە پیسە بگرم. هەر لە یەکەم بینینەوە، کە تازە وەک نەونەمامێک هەڵدەچوو، ئارەزووی ژیانەوەی لە دڵمدا جۆشدایەوە.

چوار ساڵە، جوانی و عیشقی پاکی ئەو، وەک بوومەلەرزە دەمهەژێنێ. لە چاوەکانیدا لە دایک دەبم و لە باڵایدا هێزی خۆم دەبینم. ئێستا دڵم کە وەک منداڵ دەگری، سەر هەڵدەبڕم و لە خودا دەپاڕێمەوە، وەک عەموو رەزوانم لەگەڵ بکات:

"خودایە، چارەنووسی عەشقی بێ گەرد و پاکی من، بە دەردی عەشقی حەمدوونە دێوانە مەبە. تۆش هێندەی عەموو رەزوان، بەرامبەرم، ئەم جارە بە بەزەیی بە، خودای گەورە، تەنها هەر تۆی بە دەردی دڵم دەزانی. تۆ شاهیدی کە بە کەسم نەوتووە و باسم نەکردووە، خۆت بەو ئاسمانەوە دەزانی، من چەند بەدبەخت و ریسوا و ترسنۆکم، چوار ساڵە دەسووتێم و هێشتاش نەموێراوە بە ئەزیزی دڵم بڵێم خۆشمدەوێیت. خودایە تاقە ئومێدم هەر تۆی، تا بمخەیتە سەر ئەو رێگایەی لە باوەشی سەلوای هاوسەری ئایندەما کۆتایی دێ."

له گەڕانەوەدا، بینیم  پیرە ئەندازیار هێشتا بێدارە. سەری شۆڕکردبوو، لەبەر رووناکی کزی مۆمەکەدا رۆژنامەی دەخوێندەوە. قاقا پێدەکەنی، دەتووت شێتە. کاتێک هەستی بە من کرد. هەر بە پێکەنینەوە وتی:

"گـــوێ لەم هەواڵە عەنتـــیکەیە بگـــرە هـــاوڕێ، هههههههههـه دەڵـێ دوو تیمـی مەشـقی سـەربازیی هۆڵنـدی و سـویدی، بە مەبەسـتی راهێنـانی سـوپا گەیشـتنە عێـراق هههههههههـه. لە ئـادەم و حەواوە، ئـێمە شـەڕ دەکەیـن و یەک دەکـوژین و ئەتکـدەکەین. لەبـری ئەوەی ئـێمە تیمـی راهێنـان و مەشـقکردنی پیـاوکوژی  بنێرینە هەمـوو دنیـا. کەچـی لەو وڵاتـانەی کە نازانن جەنگ مانای چییە، تیمـی فێرکردنـی مرۆڤ کوشـــتنمان بـــۆ دەنێـــرن! ئەی گـــوو بەشـــەرەفتان ئەرێوەڵڵا هههههههههە...

## س سەمەندەر و کەللەسەر

لە کونە تاریکەکەمدام و خەوم زڕاوە. گوێم داوەتە کرتەکرتی ددانی تیژی مشکەکان. دەڵێی شارە زەردەواڵە لە سەرم ئاڵاوە، خەون و خولیای لە رادەبەدەر نایەڵن بنووم. هەوای عەشق ماندو و شەکەتی کردووم، خەو و خۆراکی نەهێشتووم. بەردەوام نیگای سەلوا، بە پێش تاقە چاوەکەمەوەیە، دەمەوێ قەناعەت بە خۆم بهێنم، بۆ بەرەنگاربوونەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی خۆی و باوکی، دڵم هانم دەدات تا لە بەردەم هەردووکیاندا، دلێرانە عەشقی خۆم دەربڕم و هاوار بکەم. من شێت و شەیدای کچەکەتم، داواکارم پێشکەشمی بکەیت. من عاشقتم

ئەی کچی نازدار، شووم پێ بکە و ببە بە هاوسەرم، دەستت بێنە و بیخەرە سەر ناوچەوانم. لە ناخەوە ئازایەتییەکی دڕندانە پەل دەهاوێ، دەیەوێ بێتە دەرەوە و هەموو ئاستەنگەکان تێکبشکێنێ، تا ئاوێتە بوونی باوەشی گەرم بمئاژوێ.

کەچی هەمیشەش لە بەرامبەردا، سەرم، ئەوەی دەبوایە بە بڕین بچێ و بۆ نەگبەتی هەر ماوە. دەبێتە لەمپەر، ناهێڵێ دوای دڵ کەوم. خۆزگە مرۆڤ بیتوانیایە بە بێ سەریش بژێت. خۆزگە لەبری قاچ و دەستەکانم، ئەم سەرم بە بڕین بچووبایە کە هەمیشە نەرم و لەسەرخۆ، هێدی و جوان دەمگێڕێتەوە بۆ دۆخی پڕ عەزاب و چاوەڕوانی، لە مەترسی و کەرێتی هەر سەرچڵییەک پەشیمانم دەکاتەوە. لە نێوان شەڕی هەمیشەیی ئەو دوو بەرەیەدا، ئەوەی باشە هەمیشە خەیاڵ فریام دەکەوێ. خەیاڵ هەمیشە دوور ئەمبات، باڵم پێ دەبەخشێ، دەفڕم. لە فەزای شینی بریقەداردا، لە هەوری سپی چڕدا، بەسەر ئۆقیانووسی شینی پڕ پوولەکەی تیشکدا، بە نێو دارستانی سەوز و تەڕدا. دەفڕم و هاوشان و هاوسەفەری هەمیشەییم سەلواکەمە، پێکەوە لە شەقەی باڵ دەدەین، بەرز بەرز دەبینەوە. لە ناو هەورەکاندا، بە تۆپەڵی سپی کەف گەمە دەکەین. لە ناو تاڵە تیری خۆردا، یەک رادەمووسین، پرچی یار و

پرچـی خـۆر تێکـدەئاڵێن، پەلکەزێـڕینەی هەزار ڕەنـگ دەردەکەوێ. بە قەوسـی پرچـی هەردووکیانـدا، وەک هەرزەیەکـی سـەر خلیسـکانە تیـژ دادەگەڕێـم. دەبیـنم سـەرەنوێلکەکە یەک پـارچە بـووەتە بـاخچەی گـوڵ و گوڵزار، پڕ پەپوولەی زیوین، پڕ بولبولی دەنگ خۆش. بەڵام تـاکەی بە خەیـاڵ بژیم، تـاکەی؟ چـوار سـاڵە، بە وەهـم دەیگـوزەرێنم، چەنـدی تـر وابـژیم؟ چەنـدی تـر وەک قەقـنەس بسـووتێم؟ یـان وەک سـەمەندەر، ئەو گیاندارە ئەفسانەیەی هەمیشە لە ئاگردا دەژی، منیش لە ئاگری عەشقدا بسووتێم؟ عەشـقێکی یەک لایەنە کە تەنانەت خۆیشمی لێ بزر کردووم. بە ئاسـتێک نـازانم کێم و چیم، بە خەیـاڵیش دایکمـم نـایەتەوە یـاد، ئـاخۆ مـاوە، یـان ئێسـتاش چاوەکـانی بە فرمێسـکی گەش و سـەیر دەبریسـکێنەوە؟

دڵم پڕە، دەمەوێت بگریم، خۆ من جگە لە گریان، هـیچ کارێکی تر نازانم. سۆز و نوستالۆژیایی دنیای دایکـم، دەستە ئاسنینەکەمی خستە سـەر دوگمەی رادیـۆکە و هەڵم کرد. لە سەرخۆ بامدا، گەڕام بە دوای پەخشێکی کوردیـدا. لە بەختـی مـن چـووە سـەر گـۆرانییەکی حەسەن زیرەک، سیحری میلۆدی چیا بردمییەوە بۆ گونـد و پێدەشـتەکانی کوردسـتان، بـۆ سـەردەمی منداڵیی و هەرزەکـاریی، بـۆ ژیـان و خەڵکـی سـادەی

کوردەواری. لەگەڵ دەنگی چیایی حەسەندا، ئاوێتە بووم، خەم و ئازارەکانمم لە یاد کرد.

"لە دووری تۆیە رەش پۆشم
مەست و خومار و سەرخۆشم
بە ماچت دێ فەرامۆشم
کۆڵوانە و بۆ گرێ دەدەم
چارۆکەت بۆ گرێ دەدەم
کچێ ئەگەر دایکت رازی بێ
دەستێ لە مەمکت ئەدەم"

ئەی خۆ من دەستم نییە، چۆن دەستێ لە مەمکی بدەم؟!

حەسەن لە بری دڵدانەوەم، دیسانەوە گەڕاندمییەوە بۆ ئازارەکانم. بەم چەند کۆپلەیەی بە ئاگای هێنامەوە لە غەفڵەت و ناتەواوی جەستەم، هەرچی خەونێکیشم هەبوو تێکیشکان و بێ رێگای کردم. بە دەنگە سیحرییەکەی و ئەو دێڕە ئیروتیکییانە، لە خەوی خۆش و قووڵ بێداری کردمەوە. هەر بەراست مەمکی پڕ و توند و قوتی سەلوا، پڕە لە تامەزرۆیی گووشین، خۆ من دەستی گووشینم نییە؟ خۆ من ناتوانم پرچی شانەکەم، یان سنگ و سمتی بگووشم؟ حەسەن دەیگووت و من دەگریام. ئاخر بێ دوو دەستی گەرم و بەهێز، دوو دەستی میهرەبانی، عەشق چۆن دەکرێت؟ سەلوا، دڵی بە چ شتێکی من

خۆشبێ، منێک سەرباری ئەوەی هەژار و نەدار، بە خێر و سەدەقەی باوکی و خەڵک دەژیم و ئەم کونە سەگە ماڵەکەمە؟! باشە گریمان هاوڕێکانم لە خۆڵ و خاشاک، کۆشکێکیان بۆ بنیادنام، لە قەرەوێڵە شکاو، تەختە و فۆرمیکای سەگوردانەکە شازی ماڵ و سیسەمیان بۆ دروست کردم. گریمان ئەویش بۆ خودا، لە سۆنگەی سۆز و بەزەییەوە خۆی کردە قوربانیی و رازی بوو شووم پێبکات. ئەی دوایی چی؟ مەگەر من پیاوم تا شووم پێ بکات. من تەنانەت منداڵیش نیم، پیرێکی پەککەوتە، لە من گەلێک چاکترە، جگە لە پارچە گۆشتێکی داڕزا و بۆگەن، هیچی تر نیم. تەنها بۆ مردن باشم، ئەویش نایەت. ناشتوانم خۆم بکوژم، خۆکوژیی ئازایەتی گەرەکە، بۆ نەگبەتی ئەویشم نییە.

کە دەستم نەبێ چۆن باوەشی کەم، چۆن قاچی بەرز کەمەوە؟ ئەی گەر خۆم قاچم نەبێ، چۆن جیماعی لەگەڵدا بکەم؟ گەر لووتکەی چێژ و دڵنەوایی مەعشووق، باوەشی گەرم و پڕ سۆز بێت؟ خۆ من توانای باوەش کردنم نییە.

خودایە بۆ نامکەی بە بەربەشاتر، تێر بە دڵی خۆم دەست و قاچ لە خۆمدا بڕوێنم. بە سەدان دەست یاری لەگەڵ بکەم، دەستێک لە نێو قژی، دەستێک لە نێو مەمکی، دەستێک بۆ نەرمە چڕنووکی ڕوومەت و

دەستێک بۆ گووشینی نێو ران، دەستێکی نەرمیش بۆ مەساجی پشتی. تو گەورەیی و توانای بێ سنوری خۆت ئەی خودا، بمکە بە بەربەشاتر، بەڵێن بێت هەمیشە بە دەیان دەست نزات بۆ بکەم. یا هەر هیچ نەبێ بمکە بە هەزار پێیەک، خۆ من ئێستا کرمە لیقەیەک زیاتر نیم، هەر هیچ نەبێ لە کرمەوە با ببم بە هەزار پێیەک.

لەم کاتەدا کە لەگەڵ خودای خۆمدا دەدوێم، دەنگی بە لرخەی عەموو رەزوان، لە دەرەوە توند و شپرزە، لە سەر یەک بانگم دەکات. بە پەلە بە دەنگییەوە دەچم. تیشکی خۆر، تاقە چاوە سوور هەڵگەڕاوە بە فرمێسکەکەشم پێ دادەخات.

"کوڕەکەم تەلەفوونی بۆ کردم، دەڵێ فریامکەوە، من دەڕۆم بۆ لای بزانم چی بووە، ئاگاداری ئێرەبە تا دێمەوە. "

ئەمەی بە پەشۆکاوییەوە وت و بە پرتاو رۆیشت. چووم، بە قولاپی دەستە ئاسنییەکەم چایەکم تێکرد، بەدەم چا خواردنەوە و جگەرەکێشانەوە بە تەواوی سەگوردانەکەدا رووانیم. پڕ بوو لە خەڵکی ورووژاوی نێو زبڵ و سەگ و باڵندەی لاک خۆر، لە دووکەڵی رەش و سپی، لە ژاوە ژاوی دەنگگەلی نەشازی ماشێن، هاتوهاواری مرۆڤ، قیغەقیغی قەلەڕەشکە، بۆڕەی مانگا و حوشتر، مەڕومالاتی

گوونـــــــدییەکان. لە لای راستیشـــــــمەوە و دوور، برادەرەکانم، سەرقاڵی کارێکی هونەریی بوون. کز و بە ئاســـــتەم دەنگـــی چەکـــووش و مشـــــارەکانیان دەگەیشتنە گـوێم. لەولاشـیانەوە مەلائـیکە، سـەرقاڵی مامەڵەکردنی عارەق و ویسکی و جگەرە بوو، لەگەڵ ئەو منـــــدالانەی کە رۆژانە هەرچـــی لەو بابەتــــانە دەدۆزنەوە بـــــــۆ مەلائـــــــیکەی دەهێـــــــنن. ئێرە شارێکە بۆ خۆی، ناوەندێکی گەورەی بازرگانی و ئـابووریيە، هەزاران کەس بژێـوی خۆیـان لێـرە بە چنگ دەخەن.

عەموو رەزوان، کەڕەتێک پێی وتم، خەڵک هەبووە بەخـت یـاوەری بـووە، لێـرە پـارە و ئـاڵتوونی زۆر و گەوهەری گرانبەهــــای دۆزیـــــوەتەوە و ئێســـــتا دەوڵەمەنــــدن. خێـــزان هەیە بە کەســـــابەتی ئێـــرە، منداڵەکانی پێگەیاندووە، ئێستا دکتۆر و ئەندازیار و پیاوی گەورەی دەوڵەتن!

بەو هەمـــوو فڕکـــان فڕکـــان و دیمەنـــانە، بــزەیەک نیشتە سەر لێوم، بە دەنگی بەرز وتم:

"چ سەیرە ئەم ژیانە.

چی سەرەنوێلکێکە ئەم دنیایە، چ ماندو و گوناهە ئەم ئینسـانە، خەم و ناسـۆر هەرگیـز کۆتـایی نـایەت. "

گەردەلـولێکی خێـرا لە دوور هەڵیکـرد. خـۆی کـرد بە سەگوردانەکەدا، سات دوای سات بەرزتر و زەبەلاح

تـر دەبـوو. لەگەڵ خۆیـدا دنیـایەک لە خۆڵوخاشــاکی هەڵگـــرت، لەنێـــو خۆیـــدا دەیخولانـــدنەوە. هەزاران عەلاگەی رەنگاوڕەنـــــگ و کـــــاغەز و مقەبـــــای هەمەچەشـن، وەک پۆلە باڵندە دەفڕین. ئاسـمان یەک پارچە بوو بە تێکچڕژانی رەنـگ و تۆز، بە کەرنەڤاڵی باقوبریق و بریسکە.

هەمیشـــە یەکێــک لە سەرمەســتییەکانی مــن، ئەم گەردەلولە لە ناکاوانەیە. دەکەومە سەر پشت و بە دڵ و دەروونـی خۆشـحاڵییەوە، دوور دەڕوانـمە قـووڵایی ئاســـمان. لەگەڵ عەلاگە فڕیـــوە هەرە بەرزەکانـــدا دەکەومە پێشبڕکێ. سـۆز و یـادەوەری دەمباتەوە بـۆ ئەو فـــیلمە هینـــدیانەی پـــڕ بـــوون لەو ژن و پیـــاوە رەنگاڵەییـانەی بەدەم گـۆرانییەوە، بە مشـت رەنگیـان دەڕشتە هەواوە، پەردەی سینەماکە دەبووە بەهەشـتی خەیـاڵ و هارمۆنیـایی رەنـگ و جـوانی. یـان لە دڵـی خۆمـدا، رەنگـێکم هەڵـدەبژارد و دەمکـردە ئەسـپ و کـۆتری خـۆم، هـانم دەدا خێراتـر بفڕێـت. بەرز بەرز ببێـتەوە، پێشـی هەمـوان بـداتەوە و خەڵاتـی یەکەم بەرێتەوە.

هەتا چاو بڕی بکردایە، هەتا عەلاگەکان لە قووڵایی ئاسـماندا، دەبـوونە پنتـی بچـووک بچـووکی رەش، بە تاقە چاوەکەم لێم دەڕوانین. وەک چـۆن ئێسـتا، چـاوم بڕیوەتە عەلاگەیەکی بەرزەفڕی شین.

لەوسەری سەرەوە عەموو رەزوان، بە پشتی کوورەوە بە دیارکەوت. بە هەنگاوی قورس و باری زۆرەوە گەیشت، بینیم رەنگ بە روویەوە نەماوە. گونیە بۆرەکەی لە بەردەم مندا کێشا بە زەویدا و ناڵەیەکی کرد. خۆیشی لە هیلاکیدا، هانکە هانکی پێ کەوتبوو، بە تیلەی چاو هەر لە گونیەکەی دەڕوانی.

لێم پرسی:"ئەمە چی تێدایە عەموو، پێدەچێ ئەمڕۆ دەسکەوتی باشتان هەبێت؟"

بە تەوسەوە وتی:

" دەستکەوتی چاک!"

پاش قەدەرێک هەستایەوە، دەستی دایە خاکەنازەکە و خستییە سەر شانی، ئەوجا چمکێکی گونییەکەی گرت. بە دوای خۆیدا بەکێشی کرد و وتی:"دوامکەوە بۆ گۆڕستانەکە."

لەسەر سک بۆی خشام، دوای کەوتم تا شوێنی ناشتنی کەللەسەرەکان. کاتێ گونیەکەی هەڵڕشت، شەش کەللەسەری خوێناوی و دەستێک کەوتنە سەر خۆڵەکە. بە سام و ترسەوە، پاشەوپاش کشامەوە، بە چاوە ئەبڵەقەکەم لێیانم دەڕوانی.

شەش کەللەسەری تۆزاوی و ترسناک، کە دوانیان قژ گڤن و ریش درێژ بوون. سیانیشیان سمێڵ پڕ و بێ ریش، ئەوی تریان تازە مووی لێهاتبوو. پەرچەم درێژ و قەترانی، لا تەنیشتەکانیشی بە شێوەی مۆدیلی

حەفر تەنک کرابوون. هەموویان گوێچکە و لووتیان، جێ قەپاڵی سەگ و جرج و جڕوجانەوەریان پێوەدیار بوو و خورابوون. دوانیان قەلەڕەشکە، چاوەکانیانی هەڵکۆڵیبوون. هەرچی دەستەکەش بوو رەنگ تاریک و پڕ ڕێ ڕێی دەماری رەش بوو، لە بندا بڕابووەوە، بەسەر نەرمایی خوار ئەنیشکییەوە بە خەتێکی ناشرینی تاتۆ نووسرابوو.

" بعد عسر يسرا"

یەکێ لە کەللە ریش درێژەکان، هێشتا زەقزەق دەیڕوانی. بەڵام ئەوانی تر هەموو یا بێ چاو بوون، یا دەتووت تازە خەویان لێکەوتووە. عەموو رەزوان کەوتە چاڵ هەڵکەندن.

پێم وت:"ئەی لەسەر مووجەمیدەکە نایانشۆیتەوە؟"

بەدەم فشارکردنە سەر خاکەنازەکەوە وتی:"سەرچاوەی پاکیی و پیسیی بەنی ئادەم، ناو سەرێتی، ئاو پێی ناگات و پێویست بە شۆردن ناکات."

کەمێک دوور، چاوم بڕیوەتە چاوی ئەو کەللەسەرەی ئامادە نییە چاو لێکنێت و وەک هاوڕێکانی بنوێت! بە زمانی چاو، پێی دەڵێم. "کوڕی باش بۆ نانویت؟" ئەویش هەر بە نیگای چاو دەڵێت. پیاو بە و مەهێڵە بمنێژێت، دەمەوێ لەگەڵ جەستەمدا

به رێورەســـمێکی شایســـتەوە، بچـــمە گـــۆڕێکی شایستەوە.

رووم کردە عەموو، لێم پرسی:

" بۆ چاوەڕێ نەکەین، بەڵکوو جەستەکانیشیان بدۆزرێنەوە؟"

لە وەڵامدا وتی:"زۆر گەڕام جەستەیان نەبوو، هەمیشە کەللەســـەرەکان بـــێ جەســـتە بـــوونە، خـــۆ گەر جەستەکانیشیان بدۆزینەوە، کێ دەتوانێ بزانێت، کام جەســـتەیە هـــی کـــام کەللەســـەرەیە؟ "

دیسانەوە پرسیم:

"ئەی ئـاخۆ جەسـتەکانیان دەبـێ لە کـوێ بـن؟ "

عەموو بەدەم خۆڵ دەرکردنەوە وتی:

"کـــێ دەزانـــێ، رەنـــگە لە ســـەگوردانێکی تـــردا فڕێدرابن، کورم تەنها خودا دەزانێ."

رووم کـردەوە دوو چـاوە زەقەکە، دیسـانەوە هەر بە نیگای چاو پێم وت.

"ببورە ناتوانم هیچت بۆ بکەم، دەبێ بە چارەنووسـی خۆت رازی بیت، دەبێ بێ جەستە بچیتە گۆڕەکەتەوە مەترســـە و خەم مەخـــۆ. بعـــد عســـر یســـرا."

عەمـوو رەزوان، بـێ خەم و هەسـت وەک ئـامێرێکی ئۆتۆمـاتیکی، یەکە یەکە سـەرەکانی لەگەڵ دەسـتەکەدا، خسـتە چـاڵەکەوە و داپۆشـین. وەک ئەوەی شـووتی

بێ کەڵک، یا سەری گوێرەکە بن. ئەوجا هەر دوو دەستی بەرز کردەوە، بە دەنگی بەرز وتی:
" ئەلفاتیحە."

هەندێ وێردی خوێند و دەستی بە سمێڵ و ریشە سپییەکەیدا هێنا، دیسانەوە هاواری کرد:
"انا لله وانا الیه راجعون" خودا عافووتان کات و لێتان خۆش بێت."

بێڵەکەی خستەوە سەر شان، بە روویەکی پڕ خۆشحاڵی و ئارامییەوە وتی: "دەی با بڕۆین. " پێشکەوت و منیش کە پێشتر هێندە بۆ حاڵی خۆم گریا بووم، تاقە دڵۆپە فرمێسکێکم نەبوو بۆ کەللەسەرەکان، خشەخش وەک ئەوەی هیچ نەبووبێت بەدوای کەوتم. لە ژێر ساباتەکە، لە کاتێکدا ئەو خەریکی چێشتلێنان بوو، دیسانەوە لێم پرسی:
"عەموو هەندێ لە گۆڕەکان تەواو و کاملن، وەک هەر گۆڕێکی تر، ئەوانە گۆڕی کێن؟ "
بەدەم تێوەردانی کەوگیری ناو مەنجەڵە رەشەکەی سەر ئاگرەکەوە، هێمن و لەسەرخۆ وەڵامی دامەوە:
" ئەم گۆڕستانە، دوو بەشە، بەشێکیان ئەو سەرانەن تیرۆر بڕیونی، وەک ئەوانەی ئێستا ناشتمن. بەشەکەی تریشی کە گۆڕی تەواون، یا هی ئەو مرۆڤە بێ کەسانەی چەشنی عەوادە شێتن. یا هی ئەو

ئافرەتانەن، کە لەسەر شەرەف، پیاوان کووشتویانن، لێرە لەم سەرەنوێلکە، تەرمەکانیان فڕێداون."

بەر لەوەی هاوسەری ئایندەم، فریشتەکەی رۆحم، لە نێو زبڵانەوە بەدەرکەوێت. گەڕامەوە کونەکەم، چاویلکە یەک چاوەکەم و رادیۆکەم هێنا. لەسەر عەرشەکەم، رۆنیشتم روو بە رێی یار و گوێم دایە گۆرانی. وەک هەر نیوەڕۆیەکی تر، لە یەکەم ساتی دەرکەوتنییەوە، تا نان و چا خواردنی و بەلادا کەوتنی بۆ پشوو، چاوم بۆ چرکەیەکیش لێ غافڵ نەکرد. رۆح و دڵی خۆم، پڕ پڕ کرد لە نەرمە جووڵەی، لە نیگا و قەد و قامەت و دەنگە بە سۆزەکەی، لە پرچی ئاڵۆزکاو، سینگی بەرز و پڕ، لە جێ برینی مێش و مەگەزی سەر باسک و مەچەکی، بێ ئەوەی کەس هەستم پێ بکات. لە ژێر چاویلکەی رەشەوە، خۆم پڕ کردەوە لە وزەی عەشق و جوانی.

هەست دەکەم، خەریکە پەی بە راز و نیازم دەبات!

ئەمڕۆ، جیا لە هەموو رۆژانی تر پێدەکەنێ و دڵ خۆشە، بێ ئۆقرەیە و جێ بە خۆی ناگرێ. عەزێ و لەچکی سەری کەمێک پاکتر و بە رەونەق ترە. کراسەکەی لە رەنگی پایزە، پڕ گوڵی کانزایی زەرد، گوڵی تێکچڕژاوی بە ناو یەکداچوو. لەچکەکەی لە رەنگی بەهارە، سەوزێکی کاڵ، پڕ میتکەی بازنەی وردی تۆخ.

ئەمڕۆ زۆر تەماشام دەکات، چەندین کەڕەت نیگامان یەکانگیر بوو. هەست بە شتی خۆش دەکەم! ڕەنگە گریان و نزاکانم لای خودا گیرابێ. ڕۆح و هەناسەی پڕ عەشقمی بە شێوەی وەحی خستبێتە ئەشکەوتی ناخییەوە، تا لە دڵیدا وەک نەمام شین ببم. سوپاس و ستایش بۆ خودای مەزن، سوپاس ئەی یار کە منت بە خۆشەویستی خۆت قبووڵ کرد. دەی وەرە ئەی پەرستراو، وەرە، عەشقی تۆ هێزی هەزاران دەست و قاچم پێدەبەخشێ. ئیتر من کامڵ و تەواو و پڕم، پڕم لە چاو، لە دەستی بەهێز و قاچی پتەو، لەم ساتەوە سەرلەنوێ لەدایک دەبمەوە. لەمڕۆوە تەبا و گونجاوم لەگەڵ هەمـــوو سروشـــت، هەمـــوو نهێنـــی و پیرۆزییەکـــــــــانی گەردوونـــــــــــدا.

ئەوەتا عەشق، ئەویشی وەک خۆم هەراسان کردووە. چاوەکانی گەرچی بچووکن، بەڵام هەمیشە تیشکیان لێ دەبارێ. هەست و هێزێک پەخش ئەکاتەوە کە زمـان نـاتوانێ پەی پـێ ببـات، ئەقڵـیش لە ئاسـتیدا دەستەوەستانە.

هەموو چاوەکان، چاوی باوک و برا و خوشک، هەموو نوستوون، هەموان سیمایان لە ترسی مێش و مەگەز بە کڵاوە حەسیرەکانیان داپۆشیوە. بە تەنها چاوی سەلواکەم نەبێت. گەر هەوای عەشق لە کەللەی نەداوە، ئێ بۆ وەک ڕۆژانی تر، بە هەمان شێوەی

خێزانەکەی نانوێت و پشوو نادات؟ ئەو جووتە چاوە پڕ جوانییە، پڕ زیرەکییە، بۆ ئارام و خامۆش نابێت؟ مەگەر جگە لە تیری عەشق، ئەوە چییە، خەو لە چاواندا ناهێڵێ؟

پاش چوار ساڵ لە سووتان، ئەمڕۆ لە ئەوجی یەکانگیریی و تەبابیدایین. من لێی دەڕوانم، ئەویش هەر دوو ئەژنۆی لە کۆشی گرتووە و چەناگەی خستۆتە سەر دەستەکانی، قورس و نیگەران دوور دەڕوانێ. دڵنیام بیر لە من، عەشقی من و خۆشەویستی من دەکاتەوە. گەرچی رووی لێرە نییە، دڵنیام خەیاڵ و ئەندێشەی هاوتەریب و هاوئاوازی خەیاڵ و ئەندێشەی منە. بێ ویستی خۆم، فرمێسکی بە خوڕ لە چاومەوە جۆگەلەی بەست. لە ناخەوە گریانم قوڵپیدا، وای لەم بەختەوەرییە، ئەمە یەکەم جارە لە ژیانمدا، فرمێسکی شادی دەڕێژم. یەکەم جارمە بگەمە ساتێکی وا کە نە لە واقیعدام و نە لە خەیاڵ.

چوار ساڵە، بە نهێنی لە رێگای تاقە چاوەکەمەوە، لە رێگای تەزووی رۆحمەوە، پەیامی عەشقت بۆ دەنێرم سەلوا گیان. لەبەر پێیەکانتا، وەک سەگ دەناڵێنم و دەقورسکێنم، چوار ساڵە هاوارت لێ دەکەم. دڵم ئای لە دڵم وای دڵم، تازە پێی دەزانی. بەڵام قەینا، بەختەوەریش ماوەیەکی دەوێت تا دەگات. باکم نییە

گەر هەموو تەمەنیشم قوربانی تۆ بێ، رۆحیشم هی تۆیە. وەک چۆن جەنگ پەلوپۆی بردم. تۆش دەتوانی سەر و رۆحم بەریت، بیخەیتە ژێر پاتە لاستیکەکانت. ماڵەکەم خۆ دەبینی عەشق چ خۆشییەک دەهاویژێتە سەر سیمامان؟ خۆ دەبینی چەند جوان، پڕمان دەکات لە رازیبوون؟ لە مێژە ماڵی تۆ لەم دڵەی مندایە، سوپاس گیانەکەم کە رێگات واڵا کرد، تا منیش دڵی تۆ بکەمە ماڵی خۆم.

ماڵئاوا ئەی مۆتەکەی خەم، ئیتر من ئەو خاکەم هەمیشە بوومەلەرزەی خۆشی دەیلەرزێنێ، ئەو چیایەم لە ناخەوە گڕکانی ژیان و خۆشەویستی تیایدا دەتەقێتەوە. لەمەودوا هەمیشە دڵم وەک منداڵێکی بێ ئاگا لە خەم و ئازار هەر پێدەکەنێ، قاقا لە تریقەی بەختەوەری دەدات. وەک ئەو مەلە ئازادەی دوای چوار ساڵی نێو قەفەس، دەجریوێنم. عەموو ڕەزوان، لە خەو رابوو، بە دەوری خۆیدا ڕوانی و تەماشایەکی کاتژمێرەکەی دەستی کرد، ئینجا وتی:

"کچم سەلوە درەنگە، ئەو چایە بخەرە سەر. "

یار لە خەیاڵی من ڕاچڵەکی، دەستوبرد کترییەکەی خستەوە سەر پشکۆ خامۆشەکە، خۆی مژۆڵی ئاگرەکە کرد. منیش بە بزە و شادییەوە وتم:"عەموو خەوی چاکت کرد، ئەمڕۆ باش ماندوو بووی. "

دوو جگەرەی پێکرد، یەکێکانی خستە ئەلقەکەمەوە و هەستا. چوو سەتڵێ ئاوی خستە بەردەم کەرە سپی، گەڕایەوە یەک یەک منداڵەکانی لە خەو بێدار کردەوە.

لە پڕ حاجی عەلوان، دەرکەوت. وەک هەمیشە بە گرمە و ناڵە، ئارامییەکەی شێواند، بە دەنگە بەرزەکەی کەوتە گلەیی و گازندە. حاجی عەلوان، بە هەمانشێوەی عەموو ڕەزوان، لەو بەری کەندڕەکەوە کەپرێکی چێکردبوو. ئەویش لەگەڵ ماڵ و منداڵەکانیدا هەمان کاری نێو زبڵیان دەکرد. دەمێک بوو لەگەڵ ڕەزواندا، هاوەڵی یەک بوون و ناوە ناوە سەردانی یەکیان دەکرد. بە گەیشتنی، بەر لە سەلام و کەلام شیرانی:

"بە شەرەفم ئەوەی لەم دەسەڵاتە نزیک بکەوێتەوە، مووی پیاوەتی و ئینسانیی تیا نامێنێ!"

عەموو، دەستی خستە سەر شانی و پێی وت:

"دیسانەوە چییە، بۆ وا تووڕەی؟ وەرە جارێ دانیشە و با چایەک بخۆینەوە، ئەوجا چی دەڵێی بیڵێ."

سەلوا گوڵ، ڕیزە چای دانا، دوا کەسیش بە نیگایەکی گەرم و دڵ بزوێنەوە چاوی تێبڕیم. لە بەردەممدا نووشتایەوە، پەرداخە پڕەکەی خستە بەردەمم. بۆ چەند ساتێک، بۆنی کەوتە سەرووی هەموو بۆنی زبڵدانەکە، پڕ بە سییەکانم هەناسە و

بـۆنی ئـارەقەی سـنگ و بەرۆک و پـرچیم هەڵمـژی.
لە ژێر لێوەوە پێم وت:
"سوپاس خانم گیان. "
بزەیەکـی کـرد و سـەری هێنـایە بـن گـوێمەوە، بە ئەسپایی وتی:"دووعای خێرم بۆ بکە."
وای خــودایە، ئەو چەنــد وشــە کەمە چ هەســتێکی خۆشـی تیـا وروژاندم! خـوێنم شـڵەقا و هەسـتم کـرد هەموو دنیا بە دەورمدا دەخولێتەوە.
لە دڵی خۆمدا وتم:
" با هەرچی فریشتەی ئاسمان و زەوی هەیە، نـزا و کــار بــۆ خێــر و بەخــتەوەری تــۆ بــکەن، ئــازیزە جــــوانکیلەکەم. نەک دووعـــا، بە رۆح و گۆشـــت و ئێســـکەوە دەبـــمە نـــۆکەرت، دەبـــمە قوربانـــت."
بە ئاستێک رۆچووبوومە گفتوگۆی خـۆم و ئەو دێڕە سیحرییەی یارەوە، ئاگام لە دنیا نەبوو، تا ئەو کاتەی عەموو هاواری کرد:
"یاسـر بـۆ کـوێ رۆیشـتووی؟ چـایەکەت سـارد بووەوە."
سەلوا و برا و خوشکەکانی دەستیان دابووە گونیە و قولاپەکانیـــــان، بەڕێ کەوتـــــن بـــــۆ کـــــار.
حاجی عەلوان، هاواری دەکرد:
"خودا بێ شـەرەفی دانابێ ئەم برازایەی منە!"

عەموو رەزوان دەیوت:"ئاخر بۆ حاجی، برازات کێیە و چی کردووە؟"

حاجی بە پەلە و بەرزتر، بەردەوام دەیوت: "خۆ لەبیرتە ساڵی رابردوو هاتە ئێرە و کۆی کردینەوە و وتی، دەنگم پێبدەن لە هەڵبژاردندا، عەهد و پەیمان بێ کە دەرچووم کاری شایستەتان بۆ دابین ئەکەم، لەم سەرەنوێلکە رزگارتان ئەکەم. لەبیرتە خۆ؟"

" بەڵێ لەبیرمە، ناوی چی بوو؟ "

"عەباس ئەلعاسی، خۆ لەبیرتە هەر ئەوە نەبوو دەست و پێمان ماچ بکات، تا دەنگی پێبدەین. کەچی شەوی رابردوو لە تەلەفزیۆن بینیم، لە نێو پەرلەمان هاواری دەکرد. ئەم وڵاتە خەریکە زبڵ دەیخوات. وابڕوات عێراق دەبێتە سەرەنوێلکێکی گەورە، دەبێ بە زوویی کارگەی ریسایکلین هاوردە بکەین. سەرلەنوێ ئەو خۆڵ و خاشاکانە بگەڕێنینەوە بۆ بەکارهێنان. "

عەموو بە سەرسوڕمانەوە وتی:

"ریسایکلین یانی چی؟ "

لە شوێنی خۆمەوە، خێرا وەڵامم دایەوە:

"یانی جارێکی تر گەڕانەوەی زبڵ بۆ کارگە و دروستکردنەوە و ئامادەکردنەوەی، بۆ دووبارە بەکارهێنانەوەی."

عەموو رەزوان، کەمێک سەری بادا و وتی:"یانی چاویان بڕیوەتە ئێرەش، ئەمەشمان پێ رەوا نابینن؟! ئەمانە کەی تێر دەخۆن؟"

حاجی تفێکی رۆکردە زەویەکە، دیسانەوە تێهەڵچووەوە:

"تف بێ شەرەف، ئەوە باوکە مەلعوونەکەشی تا مرد، ئاوا خێری کەسی نەئەویست. ئاخر هەرچی خێروبێری ئەم وڵاتەیە، لە نەوت و سەروەت و سامان، هەموویتان بۆ خۆتان دزی. ئەوەی بۆ ئێمە ماوەتەوە و پارووە نانێکی لێ پەیدا ئەکەین ئەم زبڵەیە، ئەمەشمان پێ ڕەوا نابینن. ئەی هاوار ئەمانە چ جۆرە حوکمڕانێکن! داخم ناچێ خۆم و هەر چوار ژنەکەم و سی و پێنج لە نەوەکانم دەنگمان بۆ دا."

عەموو رەزوان، لە ژێر لێوەوە، بە دەنگێکی کز و غەمگین وتی:

"لا حەولەوەلا قووەتە ئیلا بیلاە، وابڕوا ئەم سەگوردانەش وەک نەوتەکە دەخۆن!"

ترس لەوەی سەرچاوەی رزق و کەسابەتیان نەمێنێ، رەنگی بە روویانەوە نەهێشت، خەریک بوو دەگریان.

لە دوور مەلا جەبار، بە "آللە آکبر" دەنگی لێ هەڵبڕی. کاتێکیش هەستان بۆ نوێژ کردن. عەموو رەزوان، بە هاوڕێکەی وت:"با بچین بە لای نوێژەکانمانەوە،

قسـەکردن بە دەرد نـاخوات. بـۆ ئەبەد سیاسـەت، لەم وڵاتەدا، لە ڕەشمەی کەرەکەی من دەچێت."

ڕووەو گـردە زبـڵەکە، ئەوەی کەوتبـووە نێـوان خۆیـان و قیـبلەوە، چـوونە کڕنووشـەوە. پاشـانیش دەستی دووعایان هەڵبڕی و هاواریان دەکرد:

" خـودایە ئەم سـەگوردانەمان بـۆ بهـێڵە، خـودایە بەرەکەت بـخەرە ماڵەکانمـانەوە و خۆمـان و مـاڵ و منـداڵ و بژێویمـان بپـارێزە. شـوکر و سـەنا بـۆ تـۆ خـودایە لە نـاز و نیعمەتێک کە بە ئـێمەت بەخشـیوە. سوپاس و ستایش بۆ گەورەییتـان، ئەی پەروەردگار، بۆ ئەم پارووە پاک و حەڵاڵەی لەم زبڵە پیسەوە، بۆت فەراهەم کـــردووین. لە چـــاوی بەد و تەماحکـــار مەحفوزمان بکە..."

منـیش خەیـاڵم گەڕایەوە بـۆ پیـرەی ئەنـدازیار کە دەیـوت:"مـرۆڤ لە ترسـی خـودا، نـوێژ و ئیتـاعەت دەکـات، تـا بێدار نەبێتەوە. چونکە ئەم ژیـانە خەونـی خـودایە، هەر کاتێـک لە خەوی خـۆی بێـدار بـووەوە، ژیان کۆتایی دێت."

گەڕامەوە بـۆ کـونە تـاریکەکەم، بیـرم لە وتەکەی سەلوای ڕۆح و دڵم دەکردەوە. ئاخۆ مەبەستی چیبوو کە وتی، دوعای خێرم بۆ بکە! دووعا بۆ چی؟ تۆ بڵێی نەمـانی ئاسـتەنگ و ڕێگرییەکـانی بەردەم بـۆ یەک بوونمانی مەبەست بێت؟ دڵنیام هەر ئەو مەبەستەیە.

خودایە دڵی هەردووکمان رازی بکە و پێکمان شاد بکە، مەرازی دڵی هەردووکمان حاسڵ بکە، خودایە هەر تۆمان هەیت. هەر تۆ ئومێد و هیوامانی.

راچڵەکیم، ئاخخخخخخ مێشولەی سەگباب، ئێوەش دەزانن دەستم نییە، بە ئارەزووی خۆتان پێمەوە ئەدەن. سیمامتان یەک پارچە کردووەتە قنچکەی رەشی پڕ کیم، نەفرەتتان لێبێت. هێندە بەم پەنجە نووک تیژە ئاسنینەم جەستە و چڕوچاومم خوراندووە، وەک پۆرتریێتی ڤان کوخ، پڕ پڕم لە شوختی درێژ و پێچاوپێچ.

## س سیفۆن و ئاسن

مەغریبێک، مەلائیکە هات بۆ لام وتی:

"ئەمشەو دەعوەتی برادەرانین، خۆت ئامادەکە و با بڕۆین، ئەوان چاوەڕوانمانن."

ئەو بە دارشـــەقەکەی و هەنگـــاوی ورد، منـــیش بە لا تەنیشتییەوە خشـەخش، بە ڕێگـای هەوراز و لێژیـی و پێچەڵیدا بەڕێکەوتین. بە ئەسپایی بەسـەر پردی باریک و رزیوی سـەر چڵکـاو و گەنووگـووی زێرابـی شـاردا پەڕیینەوە. ئەو چڵکاوەی هەموو سـاڵێک و بە ڕۆژێـک بەر لە مـــانگی رەمەزان، بە لێشـــاو بـــوتڵە عـــارەق و ویســـــــــــــکی پێـــــــــــــدا دێـــــــــــــت.

شنەبایەکی فێنک، بۆن سووتانی تیژی زبڵی دەکرد بە

لووتماندا. له دوور دەنگی کوندەپەپویەک دەهات. به مەلائیکەم وت:

" ئەم پەپووە چی لەم سەگوردانە داوە، بۆ ناچێت بەسەر ئاوەدانی شارێکدا بخوێنێ. مەگەر ئێرە جگە لە زبڵ چی تری لێیە؟"

له وەڵامدا وتی:"کوندەپەپوو بوونەوەرێکی ئاقڵ و پێشبینیکەرە، گەر خەڵک گوێیان لێبگرتایە، دنیا ئێستا پــــڕ ئـــــارامیی و ئاشــــتەوایی دەبـــوو. "

بەرلەوەی بگەیـن، دەنگـی حەمـدوون دێـوانە و رەبابەکەی گەیشتە گوێمان.

دیجله کوا بووکەکەم
رووبار کوا خۆشەویستەکەم
ئەی مانگ چاو بگێڕە لە ئاودا بۆ غەزالە
گەر دەستی سپی وەک شیرت بینی
گەر چاوی گەشی قەترانیت بینی
پێم بڵێ
گەر...

له بەردەممـــــدا چراخانێـــک دەرکەوت! ئەمە یەکەم جارمە لە نزیکەوە ئەم ماڵە دەبینم، ڤێلایەک بوو بۆ خـــۆی. دیـــواری حەوشـــەکە لە بـــووتڵە شووشـــە بوو، وەک تەنافی درێژ چەند چینێک بەسەر یەکەوە، بەدەم شـــنەباکەوە چەشـــنی دەریـــا شـــەپۆلیان دەدا، دەنگێکـــــی خــــۆش و ناســــکیان بڵاودەکـــــردەوە.

لە بەردەم دەرگـای چـوونە ژوورەوە بە هەردوو لادا، دوو پەیکەری شێوە سەیری لە پارچە ئاسنی ماشـێن و کەرەسـتەی فڕێـدراو، وەک سـەری ئەسـپ بەرز و سـاماناک هەڵکشـابوون. دوو کەڵەکـی بەرز، دوو چەکووشی ئامێری نەوت دەرکردن بوون، لە ژێریاندا دەیـان خودەپـۆلای سـەربازیی کە کـوونی جـێ فیشەکیان پێوە بوو کەوتبوون.

وەک دوو دێـوی زەبەلاح، سـاماناک بـوون. نـاو حەوشـەکەیش، پـڕ بـوو لە درەختـی سـنەوبەر، قەدیـان لە ئاسـن و گەڵایـان لە بتڵە شووشـەی رەنگ سەوزی بیرە. پڕ بوو لە باڵندە و گیانداری کێوی، بە سەرنجی خێرا بۆت دەردەکەوت، لە پلاستیک و ئاسن و وایەری کارەبا و بۆڕی و شتی تری بێکەڵکی نێو سەگوردانەکە خوڵقاون.

لە ناوەڕاسـتی حەوشـەکەدا، چـاوم کەوتە سـەر پەیـکەری برۆنـزی کەللەسـەری سـەدام، بە لـووت و گوێی شکاوەوە. لەولاشییەوە بە دایبی گوواوی، تۆپی زەوییان خوڵقاندبوو.

بە خەتێکـی گەورە لە ژێریـدا نوسـرابوو. مۆنـۆمێنتی هـێلکەی گەنیـوی خـولگەی خـۆر. ئەوەی زۆر لام سـەیر بوو، جێی پرسیارم بووا ئەو گڵـۆپە گەش و پـڕ روونـاکییە کارەباییـانە بـوون کە نەمدەزانی لەم سەرەنوێلکەدا، چۆن و بە چ شێوەیەک

کـــار دەکەن! کـــاتێکیش مەلائـــیکە پەنـــجەی نـــا بە دووگمەیەکدا، لە نـاوەوە دەنگـی مۆسـیقایەکی خـۆش هاتە گوێم و لە پڕ دەرگای سکەی مینی پاس جوڵا و بە لادا هـــات. ئـــاودیو بـــووین و هاوڕێیانمـــان پێشـــــــــوازییەکی گەرمیـــــــان لێکـــــــــردین. چەنـدین پنتـی رووناکی کز و هەمەڕەنـگ لە چەنـدین شـــوێنەوە ســـەرنجی کێشـــکردم و نەمـــدەزانی چـــاو بـخەمە سـەر چ شـتێ. زەوی مـاڵەکە هەمـوو شـووشـە بوو، زەوییەک لە بووتڵ کە بە دەمدا چەقێنرابـوون و وەک بازنەی بچووک بچووک چەشنی کاشی مەڕمەڕ، تەخت و ساف و لووس. سەقفی ناوەنـدیش، لە تەبەقە هێلکەی رەنگکراو دروست کرابوو. دیوارەکەیش یەک پارچە بە وێنەی مرۆڤ داپۆشرابوو.

ئەلـوان کـاتێ بینـی تـاقە چـاوەکەم بڕیـوەتە سـەر پۆرترێتەکـان، هـاتە لامەوە و بە چیچکـانەوە دەسـتی خستە سەر شانم و وتی:

"ئەمانە وێنەی شەهیدانی جەنگی قادسییەن، جەنگی یەکەمـــی کەنـــداو، ئەو بەریـــش شـــەهیدانی جەنگـــی دووەمـــی کەنـــداون، ئەولاتـــریش شـــەهیدانی جەنگـــی سێیەمی کەنداون، شەهیدی هەموو جەنگەکانی تێدایە، ئەو بۆشاییەشـــمان دانـــاوە بـــۆ شـــەهیدانی جەنگـــی چـــوارەم و پێنجەمـــی کەنـــداو، ئەم وێنانەمـــان لە نێـــو

رۆژنامەکـــــــان دەرهێنـــــــاون. "

دلێمی دەنگی لێهەڵبڕی:"فەرموو با بچینە ئەو دیو."

بە ڕێڕەوێکــی بازنەییــدا تێــپەڕین کە چەنــد دانە گونجی گەورەی ئاوەڕۆی ژێر شـەقامەکان، ئەوانەی لە چیمەنتۆ دروستکراون، بە نێو یەکدا تێهەڵکێشـراو بـــوون. وەک رێڕەوێکـــی ئەفســـانەیی دەردەکەوت. دیوارەکانی بە وێنەی کۆلاج لە موقەبای رەنگاوڕەنگ و ســیدی و حەپ و شووشـــە شـــرووب و دەیـــان ماتریـالّی تـر رازێنرابـوونەوە. بەرامـبەر بە یەک، دوو وێـنەی ســەدام هەبـوون. یەکێکیـان وێـنەی سـاتی دەسـتگیرکردنی بـوو کە چڵکـن و ریشـن دەمـی بـۆ دکتـــۆرە ئەمەریکیـــیەکە داچەقانـــدووە و فەحســـی دەمـــوددانی دەکـــات. ئەوی تریـــان، وێـــنەی ســـاتی شـــۆڕبوونەوەی بـــوو بە پەتـــی ســـێدارەکەوە. لەوسەریشـــەوە کەوتیـــنە نێـــو فەزایەکـــی گەورەی روونـاکەوە، لە چەنـدین دەلاقە و سـەقفەکەوە گـوززە رۆشنایی دەڕژا بە جەستەماندا.

ژوورێکی گەورە و رازاوە بە تاقمی قەنەفە و مێز و کورســـــی، تیڤییەکـــــی گەورە بە دیـــــوارەکەدا هەڵواســرابوو، کتێبخـانەیەک کە لە سـندووقی میـوەی لەسـەر یەک هەڵچنـراو دروسـت کرابـوو، پـڕ بـوو لە کتێب، یەک دوو ئینجـانە گوڵی راسـتەقینەی سـەوز و گەش کە لەبەر پەنـــــجەرە گەورەکەدا دانرابـــــوون،

ئینجانەکان خودەپۆلا و قەوانی گولله تۆپ بوون. بە دیـواری مـاڵەکەوە، کـاتژمێرێکی گەورەیـان لە مـین دروسـتکردبوو. لەبـری ژمـارە، دوانـزە جـۆر مینـی ڤالمارایـان دانـابوو. میلەکـانی لە شـێوەی دارشـەقدا بوون کە هێدی هێدی دەجولا. ئەلوان وتی:

"زیـاتر لە بیسـت و پێـنج ملیـۆن مـین لە عێراقـدا چێنراون کە دەکاتە یەک لەسەر چواری هەموو کێڵگە مینەکانی جیهان.

سـەرو ملیۆنێـک قوربـانیی و کەمئەنـدامی مینمـان هەیە و بەردەوام لەگەڵ هەر چرکەیەکـــدا، ئەگەری ئەوەمـان لەسـەرە پیاماندا بتەقێنەوە، چونکە بۆ هەر عێـراقییەک، مینێـک دژ بە رۆح و قـاچی چێنـراوە و تەنهــا لەســەر کـــات و شـــانس وەســتاوە."

ئیتر ماڵێک بوو تەواو، لە هیچی کەم نەبوو. پڕ بوو لە مۆبیلی ئستیل و لالەی کریستاڵ. زەوی ژوورەکە بە فەرشی تیسکن و موکێتی رەنگاوڕەنگ رازێنرابووەوە. لە زبڵ و کەرەسەی فڕێدرا و بەهەشتێکیان بۆ خۆیان خوڵقاندبوو.

بە دیـوارەکەوە، چەنـدین تـابلۆی رۆنیـی و ئـاوی هەبوون کە بە خۆیان نەخشاندبوویان و هەمووشیان گوزارشـت بـوون لە ژیـانی نێـو سـەگوردانەکە. لە سـوچی لای خـوارەوەی هەر تابلۆیەکیشـدا، بە چەنـد وشـەیەک، نـاوی تـابلۆکە نوسـراو بـوو... عەتـری

خاشاک... تابلۆ بزرەکانی بەرزەخ... وڵاتی مەنهۆڵ و حاوییە...

بەسەر فەزا گەورەکەشدا و لە هەموو لایەکەوە، دەلاقەی بازنەیی هەبوو، کە پێدەچوو ئەوانیش هەر لە گونجی زەبەلاحی چیمەنتۆ بن و بۆ نووستن بە کاربهێنرێن. رێڕەوێک دەچووەوە سەر ناندێنەکە و رێڕەوێکی تریش بۆ تەوالێتەکە. بە ئەلوانم وت: "ماڵەکەتان زۆر خۆش و جوانە، بە راستی ئێوە هونەرمەندن! بەڵام ئەوەی لێی تێناگەم ئەم گلۆپانەیە، ئەم کارەبایەتان چۆن دابین کردووە؟" ئەلوان ئەو پەردەیەی کە لە فلێکس بوو، پڕ بوو لە دروشمەکانی هەڵبژاردن لایداو وتی:"وەرە تەماشاکە." سێ دانە پاتری گەورەی لۆری بە تەنیشت یەکەوە دانرابوون و بە چەتاڵ گەیەنرابوونە ئینڤێرتەرێک. پێی وتم"گلۆپەکانی حەوشە بەو غازە کار دەکەن کە لە زبڵی بەرهەم دێنین، ژوورەوەیش لەم رێگایەوە."

بەسەر تەپڵەکێکیشەوە چەند دانە ئەشیعەیەکی پزیشکیی سەر یەک خرابوون، مەراقی ئەوەشم هەبوو بزانم بۆ چی بە کاری دەهێنن. ئەلوان ئەوەشی بۆ روون کردمەوە: "ئەم هەموو تابلۆیانەی بە دیوارەکەوە دەیانبینی لەسەر ئەم ئەشیعانە کێشراون، سەرەتا بە ئاوی پیاز رتووشیان دەکەین و پاشان بە بۆیەی رۆنی و چەقۆ کاریان لەسەر دەکەین. "

وای لە سیحری هونەر، چ جوانیی و نهێنییەکی ناوازەیە، ئەوە تەنها دەست و پەنجەی هونەرمەندە، رۆح بە بەر زبڵ وشمەکی بێ کەڵک و فڕێدراودا دەکات، پڕی دەکاتەوە لە بەها و جوانی. سەگوردان لە نێو تابلۆکاندا دەتوت بەهەشتە، پڕ ئەفسوون و پڕ هارمۆنییەتی رەنگ و خەیاڵ. تەنانەت لە زبڵ تابلۆی دوا خوانی مەسیحیان هێندە جوان و پاک لاسایی کردبووەوە، حەزت دەکرد یەکێک بوویتایە لە یاوەرانی و بە هەردوو چنگ پەلاماری خوانەکە بدەیت! سەر مێزەکەیان بە مەزەی هەمەجۆر و بوتڵە عارەق و ویسکی داپۆشی و فەرموویان لێکردین.

جارێکی تر هەر پێنجمان پێکگەیشتینەوە و بە دەم گوێگرتن لە میادە حەناوییەوە، لە دەوری مێزێکی رازاوەدا رۆنیشتین. بەرلەوەی یەکەم پێک هەڵدەن. دلێمی هاواری کرد:

"ئۆو... جا خۆ ئێمە پەرداخی ئاسنمان نییە بۆ دوورەگ؟!"

هەموو دەستیان کێشایەوە و تەماشای یەکیان کرد. تا پیرە ئەندازیار هەستایە سەر پێی و بەدەم رۆشتنەوە وتی:

"کێشە نییە، ئێستە چارەسەری دەکەم. "

رۆیشتە نانەدێنەکە و پاش کەمێک هاتەوە و سۆندەیەکی سپی و باریکی موغەدی بە دەستەوە

بـــوو، بە جلهەڵگـــرەیەک لە یەخەی قەمیســـەکەمی شەتەکدا، بە جۆرێک کە دەمی سۆندەکە تا سەر دەمم هـاتبوو. ئەوسـەریشـی خسـتە گڵاسـەکەی بەردەمـم و وتی:

"ئێستە ئیتر با پێک هەڵدەین."

بەدەم پێــک هەڵــدانەوە، گفتوگــۆی نەرم و جــدی دەستی پێکرد. دلێمی دەیوت:

"هەمـــوو شـــتێک لەم گەردوونەدا زبـــڵە، تەنـــانەت مــرۆڤیش، رووە و بە زبــڵ بــوونە. ئەوی ئەمــڕۆ بە رەونەق و نوێیە، سبەی زەمەن کۆنی دەکات و فڕێ دەدرێـت، یـان دەمرێـت و بـۆگەن دەکـات. بەڵام بەو پێـیەی کە مـادە لەنـاو ناچێـت، ئەوا مـردن و کـۆن بـوونیش ناکـاتە کۆتـایی، بەڵکـوو لە شـێوەیەکەوە دەگۆڕدرێت بۆ شێوەیەک و بارودۆخێکی تر."

ئەوجا ئەلوانیش وتی:

"یـانی هەمـوو ئەوەی لە بوونـدایە، بێ گوومـان بە ئێمەی مرۆڤیشـەوە، رووە و سـەگوردان مـل دەنێین. چـونکە بـوون گرێـدراوی قـازانج و خـزمەتە، هەمـوو ئەوەی کە هەیە سـوودی لێـدەبینرێت، کە سوودیشـی نەمـا لەبەیـن دەچـێ. بەڵام بە شـێوەیەکی تـر و لە کردارێکـی ئـاڵووگۆڕدا شـتی نـوێی لـێ دێـتە بـوون، چەشـــنی ئەم مـــاڵەی ئـــێمە، ئەم تابلۆیـــانە. "

منیش وتم:

"بۆ نموونە، ئەو هەموو شەهیدانەی وێنەکانیانتان بە دیواردا هەڵواسیوە، چ شتێکی نوێیان بەرهەم هێناوەتەوە؟ "

بە دوای پرسیارەکەمدا، تەماشایەکی یەکیان کرد و بزە کەوتە سەر لێویان. پیرە ئەندازیار، بە فانیلە عەلاگە سپییەکەی و قژ و سەر و ریشە چڵکنەکەیەوە لە خێوی دەکرد. پێکێکی هەڵدا، جگەرەیەکی پێ کرد و وتی:

"پرسیارێکی بەجێیە، ئەم هەموو خوێنەی لەم وڵاتەدا دەڕژێت بە ناوی شەهید بوونەوە چی بەرهەم هێناوە؟ بێگوومان جگە لە وێرانە و برسێتی و دایک و خوشکی رەش پۆش و مرۆڤی تێکشکاوی وەک ئێمە، تا ئێستا هیچی تری لێ سەوز نەبووە. ئێرە پێچەوانەی هەموو دنیایە، ژیانی نوێ دەکاتە قوربانیی دنیای کۆن و بێ کەڵک. قەدەری ئێرە وایە، هەمیشە خوێنی گەش و نوێی دەوێ، تا کەڵتە کۆن و بەدفەڕەکانی سیاسەت و ئاین درێژە بە مانەوەی خۆیان بدەن و نەکەونە زبڵدانەوە."

دیسانەوە دڵێمی تێهەڵچووەوە، بە دەنگێکی گڕ و تووڕەوە وتی:

"ئەو هەموو کتێبانە دەبینی؟"

لەگەڵیدا ئاوڕی دایەوە بۆ کتێبەکان، لە کاتێکدا دەست و پەنجەی هەر رووەو کتێبخانەکە بوو درێژەی پێدایەوە:

"پڕە لە گالیلۆ و داروین و مارکس و فرۆید و ئەنیشتاین، پڕە لە ئەبوو عەلای موعەری و شکسپیر و دۆستۆفسکی و حەللاج، دەیان بیرمەندی گەورەی تر. پڕە لەو ئەقڵ و دنیابینیانەی کە ژیان ریسایکلین دەکەنەوە. بنەما و رێنیشاندەرن بۆ دنیای نوێ و شارستانییەت بنیات دەنێنەوە. رۆژگارێک ئەوانە دەخوێنرانەوە، بەڵام ئەوەتا ئێستا فڕێ دەدرێن و رۆژ نییە لە سەگوردانەکەدا، چەند دانەیەک نەدۆزینەوە.!

بۆیە خوێنی ئەو هەموو لاوانە نابێتە بەرهەمێکی بالا بۆ ژیان. چونکە ئێمە خەڵکانێکین، ئەقڵی نوێ توورِ دەدەینە زبڵەکانەوە و ئەقڵە رزیوە بۆگەنەکانیش بە پیرۆز و موقەدەس دەبینین. خەڵک لەو مەسەلانەی مانایان هەیە تێناگەن و ئەو مەسەلانەشی بێ مانان خۆیانی لەسەر بە کوشت دەدەن!"

مەلائیکە، کە تا ئەو کاتە بێ دەنگ گوێی دەگرت، بە بێزارییەوە وتی:

"سەری خۆتان بە چییەوە دەیەشێنن، پێک هەڵدەن و جگەرە و مەزەی ئیکسپایەری بکەن بە سەردا. حەلی نییە تا هەموو ئەوەی پێی دەوترێت موقەدەس،

نەکەونە ئەم سەگوردانەوە. تا جەماوەر وەک ئێمە، نەکەونە ئێرە و لە حەماس و پیاهەڵدان نەکەون، هەر وادەمێنێتەوە. ڕۆژگارێک بەعس لەبەر جەنگ و بە گەمژە هێشتنەوەی خەڵک، ڕێگایان نەئەدا کتێب بخوێنینەوە.

پاش بەعس، ئەوەتا تەنانەت کتێبێک ئەقڵ بجوڵێنێ بووەتە شتێکی بڤە، ئەو کتێبانەشی پڕن لە وەهم و درۆ، وڵاتیان لێ پڕ کردووە."

پیرە ئەندازیار، سەری بە ئاماژەی نەخێر بادا و وتی:

"پێم وانییە هاوڕێ، خۆ جەماوەر لە مێژە لەناو جەرگەی زبڵەکەدایە، کەچی هەتا دێت توندتر چەپڵە لێدەدات و کوێرانەتر پەلامار ئەدات. "

بە لارە لار هەستا و چوو لە نێو کتێبەکاندا، دەستی دایە یەکێکیان، لەگەڵ خۆیدا هێنای و خستییە سەر مێزەکە. کتێبێکی قەبەی ڕەنگ خۆڵەمێشی، کە شێ و پیسیی بەسەرییەوە قەتماغەی بەستبوو. یەک دوو جار پەنجەی کێشا بە کتێبەکەدا و وتی: "گەرچی من خۆم قوربانی دەستی دیکتاتۆرییەت و دەسەڵاتی توندوتیژ و شموولیم، بەڵام ئێستا، لەم پاشاگەردانییەی وڵات تێی کەوتووە، لە گەندەڵی و شەڕی مەزهەب و گروپ و ئەتنیکی جیاواز و تیرۆر و ترس و تۆقین، تەنها ڕێگا ئەم کتێبەیە. گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتێکی گشتگیر و ڕەهای پیرۆز، چونکە مرۆڤ

بـوونەوەرێکی ئەقڵانــی و کـۆمەڵایەتی نیـیە، پـڕە لە درنــدەیی و تەمــاح و چــاوچنۆکی و تــاوان، دەبێـت یاسایەکی بەهێز جڵەوی بکات."

بە خەتێکــــــی گەورە لەســــــەر کتێـــــبەکە نووســـــرابوو(ئەژدیها) لە خـــــوارەوەیش نـــــاوی نووســـەرەکەی بە کــاڵی دەبینــرا (تۆمــاس هــۆبز) تـا نزیـک بە نیـوە شـەو، خواردمـانەوە و گفتوگۆمـان کـرد، گوێمـان لە گـۆرانی و مۆسـیقا گـرت. دواجـار ئەلوان وتی:

"لە ڕێگـای گەڕانەوەی ئەم پیسـیی و قێـزەونییە و پاشـەڕۆیانەوە، دەمەوێ تـۆڵە لە هەمـوو ئەو بەهـا و بیـرورِا پیـرۆزە سـاختانە بکەمەوە کە ژیـانی ئێمەیـان کـردە دۆزەخ و هـیچ بەهایەکیـان بـۆ مـرۆڤ و ژیـان نەهێشـــتەوە. ئەشـــێ زبڵەکـــان بگێـــڕێنەوە بـــۆ شکڵوشـێوەی ئیسـتاتیکی، بەڵام هەرگیـز ئەو بەهـا و جوانییە سـاختانەی مـرۆڤ فرێو دەدەن. خۆیـان وەک جـوانی نمـایش دەکەن و ژیانیـان کـردووەتە پانتـایی جەنـگ و تونـدوتیژی و دزی، هەر ئاسـتەنگ دەبـن لە بەردەم جوانیدا، هەرگیز دەستبەرداری ستەم نابن. "

دڵێمیش وتـی:"جیاوازی ئەم سـەرەنوێلکە و مـرۆڤ ئەوەیە کە مرۆڤ هەمیشە لە هەمـوو کاتێکدا ئەگەری بە زبڵبــوونی ئامــادەیە، ئەشــێ وەک ســەعیدی بــرا جومکەکەت هەر لە سەرەتاوە بە زبڵیی بێتە بوونەوە."

هەر بەدەم قسە کردنەوە، رووی کردە پیرە ئەندازیار و پێی وت:

"ئەوەی تۆ بە چارەسەری ئەم فەوزایەی دەزانی، هەمان ئەو ستەمکارییەی بەعس و سەدامە، دیسانەوە و سەرلەنوێ گەڕانەوەیە بۆ خاڵی سەرەتا، بۆ ئەو دیکتاتۆری و فاشیزمەی بەردەوام مرۆڤە لاوەکان بە شێوەی تەرمی هەلاهەلا فڕێ دەداتە زبڵەوە."

پیرە بە تووڕەییەوە وەڵامی دایەوە:

"لەوەتەی ئەم وشەی دیموکراسیەش هاتووە، سیاسەت بووەتە زبڵدانی دز و بێ مۆڕاڵ و پیاوکوژەکان. بووەتە سەرچاوەی تیرۆر و ئاشوب و شەڕی ناوخۆ... کەس متمانەی بە کەس نەماوە و وڵات بووەتە دۆزەخ و کەلاوە و سەرەنوێلک."

زۆرمان خواردەوە و زۆرمان قسە کرد.

پیرە هەستا و چوو عوودەکەی هێنا، لەگەڵ ژەنیندا بە مەقامێک دەنگی لێ هەڵبڕی:

اللي مضيع ذهب في سوگ الذهب يلگاه
واللي مضيع حبيب يمكن سنة و ينساه
بس اللي مضيع وطن وين الوطن يلگاه
ولو نمشي طول الدهر ما نلگى كيف تونسنا

پاشان مایکی مۆتۆربۆکەی بۆ راگرتم و وتی:

"دەی ئینجا نۆرەی تۆیە گۆرانییەکمان بۆ بڵێی."

هەرچەندە وتم، دەنگم خۆش نییە و لە بری گۆرانی

چیرۆکی فیلمێکتـان بۆ بـاس دەکەم. رازی نەبـوون و مەلائیکە وتی:

"چیرۆکی هەموو فیلمەکانتمان دەیان جار گوێ لێ بووە، دەی گۆرانییەکەت بڵێ."

ناچـار، سەرمەسـت و پـڕ نەشـئە، بە گـۆرانییەکی سابیر کوردستانی تێهەڵچووم:

سەرلەنوێ کولاوە دڵەکەم
هەموو زام و برینی
بەزەییت بە مندا دێ
تۆ گەر حاڵم ببینی
بۆ وات کرد لە خۆڕایی
جێت هێشتم بە تەنیایی
کچێ غەریبم من غەریبم، خۆم غەریب
عاشق ودڵ بریندار و بێ تەبیب....

لە ژێـر کـاریگەری گۆرانییەکـان و مەیەکەدا کە قەت هێندەم نەخواردووەتەوە، غەرقی فشار و هاژە و لـرفەی شـەپۆلی عەشـقی یـار بـووم، کە لە نـاخەوە بورکان ئاسا کەفچڕینی بوو، هەڵدەچوو.

حەزی لە مێژینەم بۆ ئاشکرا کردنی عەشقە پاک و نهێنیـیەکەم، کـاری خـۆی کـرد و لە پـڕ، دەنگێکـی بەرزم لێ هاتە دەرەوە:

"هههههاوڕێیان... مممن عاشششششقم..."

ئەلـــوان وتی:"هەموومــــان عاشـــقین."
دیسانەوە هاوارم کرد:
" عاششششـــقی سسسسسســـــەلوام... کچچـــچە گەورەکەی عەمممـــوو رەزوان، دەدەدەمەوێ داوای دەستی لەلەلە باوکی ببیکەم... "
هەمـوو بێـدەنگ بـوون، تـاوێکی بـاش لـێم رامـان. تێکـڕا و تونـد، کەوتـنە چەپـڵە لێدان. تەنـانەت ئەلـوان، پەنجەکـانی خسـتە سـەر لێـو و زمـانی، دوو فـیکەی درێژی بۆ کرد. دلێمیش دوو چەقەنەی بۆ کرد و بە قاقای پێکەنینەوە وتی:
"پیرۆزە، دەڵێم ئەم رەنگ زەردی و لێو بەبارییەت بێ موبالات نییە، ئەمە لە کەیەوە؟ "
ئەوجـا هەرسـێکیان لەگەڵ میـادەدا گۆرانییەکەیـان دەوتەوە:
"انا بعشائک انا... انا کولی الک انا..."
پیرە، هەسـتابو و قونی بـادەدا، دانیشـتنەکە بوو بە گاڵتەجـاڕی. وەک تارمـایی، وەک خەیـاڵ بە دەورمـدا دەخولانەوە.
پاشان تاوێک بێدەنگ بوون، هەر سـێکیان سـەیر و بە بزەوە تەماشایان دەکردم.
لەو مـــاوەیەدا، ئەوەی بـــێ دەنـــگ و بـــێ جـــووڵە سـەری داخسـتبو و تەماشـای بەر پێی خۆی دەکرد، مەلائیکە بوو. دلێمی وتی:

"ئیَ قسـەمان بۆ بکە با بزانین لە کەیەوە عەشقی ئەو کچەیت؟ چۆن کەوتیتە داوی زوڵفە رشکنەکەی؟"

بە شەرم و بەزەییەوە، پچڕ پچڕ کە باش قسەم بۆ نەدەکرا، پیێم وتن:

"تکا دەکەم... مەیکەنە گاڵتەجاڕی... خخخخخەونمان هەیە پێکەوە مممماڵێکی خنجیلانە دروست بکەینننن... و پـێکەوە... وەککککـک دوو هاوســەر، دووووووو... عاشق بژێیییین..."

پیرە دەستی برد بۆ پێکەکەی و هاواری کرد:

"پیـرۆزە، پیـرۆزە، پیـروخەڕۆ بـن پـێکەوە... دەی هاوڕێیــان، بە خۆشـــی بـــووک و زاوا، پێکەکانتــان هەڵدەن."

هەموو پێکیان هەڵدا، ئەوجا ئەلوان وتی:

"باشــە ئەم عەشــقە دوو لایەنەیە، یـا جـاریێ هەر تۆۆۆۆی بۆی دەسووتێی" وتم:"نانانانننن... جاریێ بە قسەکردن هیییییچمان لەلەلەلە نێواندا نییییە، تەنها ببببە... نیگا و دڵنیام ئەویش عاشـشـقی منە..."

دلێمـی لە پرمەیدا و هەرچـی لە دەمیا بـوو پڕژاندییە سـەر مێزەکە، بە پرتـاو هەسـتا و بەرز لە پێکەنینیدا. ئەلوان قیژانی: "خواو بیێ هەموو مێزەکەت لەوتان!"

دلێمی کە هەروا پێدەکەنی، پچڕ پچر وتـی:"باشـە... ببـورن... هههههههـە... ئـاخر بـۆم وێنـا نـاکریێ... یـانی چۆن چۆنی گگگگگان، دەکەن... هههههههە."

سەرم داخست و لە شەرما نوزەم لە خۆم بڕی. پیرە ئەندازیاریش شتێکی وت، وەک نەشتەر بڕیمی. وەک ئەوەی بەردێکی گەورە بکێشن بە سەرمدا، ڕاچڵەکیم و بە توڕەییەوە هاوارم بە سەریدا کرد:

"تۆۆۆۆۆ... درۆۆۆۆ ئەکەیت...."

مەلائیکە دوای ئەو هەموو بێدەنگییە، دەستی خستە سەر شانم، بە نەرمییەکەوە پێی وتم:"درۆ ناکات، هەموو ئەوانەی لەم سەرەنوێلکە دەژێن. ئاگاداری کەینوبەینی ئەو کچە و شۆفێری سەیارەی خۆڵەعەمەلەکەن. منیش چەندین جار بینیومن پێکەوە لە پێشی سەیارەکەدا، خەریکی دەستبازی بوون. "

بەو قسانە هێندەی تر گڕم گرت، وەک بەراز کونە لووتەکانم فیشکەیان دەهات:

" ئێێێێوە... درۆۆۆۆ ئەکەن، ئێوووووە بوختانچین، ناوونـاتۆرە دواییی ئەو کچە ئەخخخخەن، ئەووو بە تەنها منییی خۆۆۆۆشدەوێت..."

دیسانەوە پیرە وتی:"تۆ دوای وەهم کەوتوویت. ئەو کچە خۆشەویستی کابرای شۆفێرە، خۆت کەر مەکە، تۆ کوا کەڵکی ژن هێنانت ماوە!"

ئەوان هەر چواریان چاویان بڕیبووە تاقە چاوەکەم کە دڵۆپ دڵۆپ فرمێسکی گەشی لێ دەهاتە خوار. سەرم بە گێژ کەوت و بەرچاوم ڕەش داگەڕا.

هەر هێنـدەی یەک دوو هێڵنجمـدا، ئەلـوان پـڕی پێـدا کردم و بە باوەش فڕاندمی بۆ تەوالێتەکە، بەر لەوەی دامگرێت. پڕمـام بەسـەر سـنگیدا و گیـانیم نەهێشـت. لەسەر سیفۆنەکە هێڵنجم دەدا، یەک بە خۆم دەمنالآند و دەمشـــیڕاند. ئەوەی خواردبـــووم بە ئـــازارەوە هەڵمهێنایەوە. پاشان خۆم هەڵدایە نـاو بـانێو پڕ ئـاوە ساردەکە و کەمێک هۆشم هاتەوە بەر.

بە دیواری ئاودەستەکەوە، چاوم کەوتە سـەر وێنەی سیفۆنێک کە پیـاوێکی ڕەقەڵەی خەمبـار و قـات لەبەر، باوەشـی لێ دابـوو. پیاوێـک، بە قەڵەم جـافێکی سـوور سـمێڵێکی گەورەیـان بـۆ دروسـت کردبـو. لە لا تەنیشـتییەوە نوسـرابوو، مارسـیل دۆشـامپ، لە بەرخـۆمەوە وتـم:"کەواتە ئەمەیە ئەو پیـاوەی کە ئەمشـەو ئەلـوان دنیـایەک چەنەی لەبـارەیەوەدا! "

شـەو لە نیـوە لایـدابوو، کـاتێ بەدەم جنێـوەوە و تەڕ تەڕ لە مـاڵەکە هـاتمە دەرەوە. هێنـدەم ئاگـا لێبـوو، مەلائیکە ویستی بەرم پێ بگرێت و گلمـداتەوە، بەڵام گوێم پێنەدا، بە خشکەیی خۆم کووتـا بۆ دەرگاکە، لە دواوە پیرە ئەندازیار وتی:

"لێی گەڕێن با بڕوات و بە وەهمی خۆیەوە بژێت."

یەکەم هەسـت لە دەرەوە کە بەری کەوتـم، هەوای ساردی پایز بوو. بە ناو زبڵدا دەخشـام و جنێوم بە ئەرز و ئاسمان ئەدا: "سەگگگ بببابینە، بێ شـەرەف

و بـــێ ئەخلاقیـــنە، گـــوو بە شششششـــەرەف و هونەرتـان، درۆزنـی کەزابـانە، ئێـوە بـێ شـەرەفن و بەخخخخیلـی بە عەشـقەکەم دەبەن، سـلللللوا جـگە لە مممممـــن کەســـی تـــری خـــۆش نننناوێـــت... "

لە دوور، بە ئاســتەم دەنگـــی حەمــدوونە دێــوانە و رەبــابەکەی دەگەیشــتە گــوێم کە بەردەوام داوای لە دیجلە دەکـرد، یـارەکەی بـۆ بگێـڕێتەوە. نزیکتـر و لە دوامەوە دەنگـــی میـــادە حەنـــاوی، بە تـــاریکییەکەدا شــەپۆلی دەدا. کذبــة... کذبــة، انــت کذبــة، لکــن احلــی کذبــة... لکــن شــوف الــدمعە و بحــر مــن الاحــزان... لە بەردەم کونەکەمـدا، تێـر بە سـییەکانم هەوای پـاکم هەڵمژی، تێر رووانیمە مانگەشەوە گەشەکە و سـیمای سەلوام تێدا بینی، هاوارم لێ کرد:

"ســـڵاو ئەی یـــاااار، بە کـــوێرایی چـــاووووی دوژژژژمنان، هەر بۆ یەک دەبیننن."

دەیـان سـەگ دوور و نزیـک دەیـان لوورانـد بە شـەوەکەدا، لە هەمـوو لایەکەوە دەنگـی بـێ بـڕانەوەی سیسرکە و بوونەوەرە شەوگەڕەکان دەهات.

لە ئەسـتێڵکە بـۆگەنە پـڕ کەلاکەکەوە، قیـڕە قیـڕی بـۆق نەدەبـڕاییەوە. بەد مەسـت و وڕ و گێـژ، خـۆم کووتایە کونەکەم، هەر زوو چوومە دنیای خەوەوە.

لەگەڵ ســەلوا پیاســـە دەکەیـــن، پـــێم لە زبـــڵ هەڵدەکەوێ و بە دەمدا دەکەومە پیسییەوە، لە پرمەی

گریان دەدەم و هاواری دایکم دەکەم. سەلوا، پەلامارم دەدات، سیمام بە نێو لەپی دەسڕێت و توند لە ئامێزم دەگرێت. هێندەی منداڵێکی چوار ساڵانم، دەمم دەبەم بۆ مەمکی دایکم، تا تێر شیر بم. دایکم نایەڵێ و دەڵێت. تۆم لە شیر بڕیوەتەوە، عەیبە ئیتر تۆ گەورەی. وەک منداڵێکی چەتوون و لاسار، وڕک دەگرم. دەست و پێ رادەوەشێنم، دەزریکێنم. دایکم بەرگەم ناگرێ و شل و خاو دەبێ، دەداتە پرمەی گریان، من دەگریم و ئەو دەگری. لە زبڵەکەدا وڕکاوی خۆم دەگەوزێنم، ئەو قاقا پێدەکەنێ و لێم دوور دەکەوێتەوە، من دەست دەدەمە خۆڵ و خاشاک، بە دووی دایکمدا رادەکەم و پیسیی تێدەگرم.

لەپڕ خاڵە فەرهاد و ئازەرم، بانگم دەکەن. سەعیدی برا جومگەکەم، لە ناو منداڵدانی دایکمەوە بانگم دەکات. ئەسرا و دوو منداڵەکەی، دەستم بۆ رادەوەشێنن و هاوار دەکەن. چەندین منداڵی سەرەنویلک پەیدا دەبن، وەک من، بە دووی دایکم دەکەون. لە پڕ سەلوا، وەک درندەیەک لێمان هەڵدەگەڕێتەوە، ئەویش تویکڵە شووتی و سەلکە پیازی بۆگەنمان بۆ دەهاوێژێ. من و سەدان منداڵ دژ بە سەلواین، لە پڕ عەموو رەزوانیش، دەردەکەوێت و پاریزگاری لە کچەکەی دەکات. لە هەموو لایەکەوە خەڵک دێنە شەڕەکەوە، خوشک و

براكانی سەلوا دێن. ئەلوان و دلێمی و پیرە ئەندازیار، دێـــن و زبـــڵ دەهـــاوێژن. حـــاجی و خێـــزانەکەی و هەزاران مرۆڤی تری نیشتەجێی زبڵەکە دێن. شۆفێری ئۆتـۆمبیلی خـۆڵەکە، دێـت کە دەسـتی پـڕ هـێلکەی گەنیوە. ئێمە بە تەماتەی ئەو جووتیارەی لە داخی بێ بازاڕی و بێ نرخی بەرووبوومەکەیدا، لێرە بارەکەی رشـــتووە. کـــابرای شـــۆفێر، دەدەیـــنە بەر تەمـــاتە. مەلائیـکە، لە دوورەوە هـاوار دەکـات. تکـایە شـەڕ راگرن، با کەس نەمرێت. بەڵام شەڕ تـا دێت قورستر و فراوانتر دەبێت. ئەوان بە هێلکەی بۆگەن، ئێمەش بە تەمـــاتەی رزیـــوەوە تێکـــدەئاڵێین. هەزاران دەســـت هــێلکەی پــیس و هەزاران دەســت تەمــاتە و زبـــڵ دەهــاوێژن. هەموومــان غەرق بــووین لە پیســی، لە گەنووگـــوو، بەڵام هەر شـــەڕمان دەکـــرد. لێشـــاوی خەڵکی زبڵ بەرەو شارەکان کشان.

لەسەر تەپۆڵکەی زبڵەوە مەلائیکە، پڕ بە دنیا هـاواری دەکـرد. کۆیلەکـانی خـودا، دەسـت هەڵگـرن لە شـەڕ، وازبێنن، لێرەوە لەم بەرزاییەوە، یانزە زبڵدانی گەورە، هاوشــــانی دوو وڵات دەبیــــنم هێـــرش دەهێـــنن. منداڵان و ژنان و پیاوە پیرەکانی سـەگوردانی هەمـوو جیهان هێرشیان هێنا و شارەکانیان دایە بەر پیسـی، جـام و رووی پـاکی باڵەخانەکانیـان، بە چـۆڕاوگەی هێلکەی پیس، بە تەماتەی رزیو، بە خۆڵ و خاشـاک

لەوتـــان. زریـــانم بینـــی بە تەورەکەی دەســـتییەوە، هەڵــمەت دەبــات. مامۆســـتا بیجــامە خەتـــخەتەکەی دراوســـێمان، بە رادیـــۆکەی بـــن گـــوێیەوە، خـــۆی دەکووتێ بۆ سێبەرێک. مەلا قادر و باوکم و دراوسێ بەعسییەکەمان، لە نـاو شـەقامەکەدا، قوونیـان رووت دەکەن، گـــوو دەکەن بە شـــاردا، هەزارانـــی تـــر دەرشـانەوە، هەزارانـیش پێیـان لە پیسـیی و لینجیـی هەڵدەخلیسـکا و بە سـەردا نغـرۆ دەبـوون. هەزاران دەکـۆکین و هەوایـان پـڕ ڤایرۆسـی کوشـندە دەکـرد. هەمـوو جیهـان بـوو بە سـەگوردان، سـەگوردانێکی گەورە. شار لە دوای شار دەبوو بە ژێر زبڵەوە.

من دەمەوێ لە نێو زبڵدا سـەلوا بکـووژم، عەمـوو رەزوان دەیەوێ من بکووژێت. شۆفێری خۆڵ رێژەکە دەیەوێ من بکووژێت، باوکم دەیەوێت خـاڵم بکوژێت. خاڵم دەیەوێت خاڵە بچوکەکەی ترم بکوژێت. زریـانی شاعیر دەیەوێت بەعسییەکان بکوژێت. هەموان هەوڵی کوشتنی هەموان دەدەن. سەرەنوێلک پەلامار دەدات و دەیەوێ شـــــــــــار بکوژێـــــــــــــت. جەنگـی جیهـانی نێـوان ســـەرەنوێلک و شـــارە. لەو بەرزاییەوە، لە تروپکی چیـای گەنووگووەوە مەلائیکە بە ریشـی درێـژەوە، بە عاسـاکەی دەسـتییەوە، وەک نووح، هاوار دەکات. هۆ خەڵکینە، هۆ ئەندازیاری پیر، هـۆ ئەلـوان، هـۆ دلێمـی، هـۆۆۆ دوورەگ، ئێـوە هەر

هەمووتـــان، ئەم شـــەڕەتان لە پـــای چیـــیە، ڕاکەن و ســـــەرکەونە ئەم بەرزایـــــیە. لە دوورەوە لێشـــــاوی پلاستیکی دورگەی ئۆقیانووسی ئارام، دەبینم بۆ ئێرە دێـت. خۆتـــان رزگـــار بـــکەن، لافـــاوی ســـەرەنوێلکی زەبەلاحی نیودلهی و لاکۆس و برنس و شیلفۆرد و دریدن... وا زەوی نغرۆ دەکەن و دایدەپۆشن. لێرەوە هەزاران چەکووشی زەبەلاحی نەوت دەبینم، لە دێوی نێو ئەفسانەکان دەچن، لە ئەژدیها و حەزیا دەچن، لە دەمیانەوە زبڵ دەردەپەڕێ. راکەن بەرەو لای من، بۆ ســـــەر لـــــووتکەی ئەم شـــــاخە زبـــــڵە بەرزە. حەشاماتێک تێکچڕژابوون بە وێنەی قیامەت، زبڵ تا ئەژنۆ هـاتبوو، هەروا مرۆڤ بوو لە لینجیی خوێندا، پێـــی هەڵـــئەکەوت و لە زبڵـــدا نغـــرۆ دەبـــوو. زەوی دەقڵێشـــــا و دادەتەپـــــی، لەگەڵ خۆیـــــدا، مـــــرۆڤ و باڵەخانەکـــانی قـــووت دەدا. لە نێـــو ئەو جەنـــگەدا، بە دوای سەلوادا، دەگەڕام. بەڵام هیچ ئەسـەرێکی نەبوو. لە ســـەرەوە مەلائـیکە، هەر بـانگی لێـدەکردم. بە چیـا زبڵەکەدا سـەرکەوتم، زۆرم نەمـابوو بگەمە لـووتکە. دوا ئـاوڕم دایەوە بـۆ دۆزیـنەوەی سـەلوا، مـرۆڤ و لێشـاوی زبڵ، وەک گێژەڵوکەی دەریـا دەخـولانەوە و شەپۆلیاندەدا.

لە چاووتروکانێکدا، سەلوام بینی بە باوەشی شۆفێری ئۆتۆمبیلی زبڵەکەوە پێدەکەنی. لەو بەرزاییەوە، بینیم

هەموو سەر زەوی شێوەی وێنەی سیفۆنی نێو ئاودەستەکەی هاوڕێیەکانمی وەرگرتووە، هەموو جیهان لە ناویدا غەرق دەبێت. لە دوا هەنگاودا، دەستم بۆ مەلائیکە درێژ کرد، داوای یارمەتیم لێکرد. توند دەستی گرتم، ویستی هەڵمکێشێت. حەیف پێم لە توێکڵە مۆزێکی نەعلەتی خلیسکا. لەگەڵ خۆمدا، هاوڕێکەشم لەسەر سەر و تیژ خلۆر کردەوە بۆ نێو چەقی سیفۆنەکە.

بەدەم هاوارێکی بەرزەوە راپەڕیم، جەستەم شەلاڵی ئارەقە و بۆگەنی بوو، سەرم بە ئازار و هەناسەم توند بوو. گوێم بە زەڕەی کەرە سپی زرنگایەوە، روانیمە دەلاقەی ماڵەکەم. بە نا روونییەکەیدا هەستمکرد هێشتا کازیوەیە. بە ئومێدی هەوایەکی پاک، جگەرەیەکم پێکرد و خۆم پەلکێشی دەرەوە کرد. چاوم مەترێک پێش خۆی نەبینی، بە ئاستەم تارمایی عەموو رەزوانم دەبینی، شپرزە دەهات و دەچوو. تەپوتۆزێکی چڕ، مەیلەو سوور دنیای داپۆشی بوو، خۆڵ و لم دەباری. وەک ئەوەی بیابان نیشتبێتە سەر سەرەنوێلکەکە، چاو چاوی نەدەبینی. هاوارم کرد:

"عەموو رەزوان... عەموو رەزوان..."

بەپرتاو، بەرەو لام هات و هاواری کرد:

"بچۆرەوە ماڵەکەت، ئاخر زەمانە، خۆڵ بارینەکە تەحەموول ناکرێ. وا خۆم کۆدەکەمەوە، تەلەفونیشم

بۆ منداڵەکانم کردووە هاکا هاتنەوە و دەگەڕێینەوە بۆ ماڵ. بچۆرەوە ژوورەوە، شتێکیش بدە بە بەر دەلاقەی ماڵەکەتدا، با نەخنکێی!"

لەکاتێکدا ئەو خێرا خێرا و شپرزە قسەی بۆ دەکردم. خەریکی بەستنی کەر و عارەبانەکە بوو، لە پڕ ناڵەیەکی گەورە هات، هەردووکمان راچڵەکین. عەموو هاواری کرد:

"یا ئەڵڵە... ئەوە تەقینەوە بوو! خودایە بەخێری بگێڕی."

بەرەو قولایی سەرەنوێلکەکە، بۆ لای منداڵەکانی غاریدا.

ناوە ناوە، نارنجۆک و بۆمبی چێندراو بە خەڵکی نێو زبڵەکاندا دەتەقینەوە. مانگی رابردوو، پیاوێک دەستی بردبوو بۆ تورەکەیەک، لە پڕ ناڵەی کردبوو. کابرا و کوڕە پێنج ساڵانەکەیان، بە پارچە پارچەی بچووک کۆکردبووەوە و رەوانەی خێزانەکەیان کردبوونەوە. مرۆڤ چ سەرسەخت و نەگریسە، هەمیشە بەشێکی خەیاڵی من نزای پێوەبوونی سەلوا دەکات، لەو تەقینەوانەدا، چەندین جار، یا با بڵێم هەمیشە خەیاڵم، لای ئەوەیە رۆژێک بەو تەقینەوانەوە بێت و هەر چوار پەلی لە دەست بدات. یا هەر هیچ نەبێت هەر دوو قاچی، یا هەردوو دەستی، تا بێتە ئاستی من و بە خۆشحاڵی و ناچاری پێم رازی بێت. گومانم هەیە

کەسێکی تۆکمە و تەندروست، بە من رازی بێت. پێم وایە هاوڕێکانم راست دەکەن، ئەو کچە، هەرگیز نابێت بە خۆشەویستی من. لە کاتێکدا من بۆ ئەو سووتاوم، ئەو خەریکی دەستبازی خۆیەتی، سەلوا، گەر سەقەت نەبێ، مەحاڵە بە سەقەتێکی وەک من رازی بێت. خودایە دووعای مردن و رۆحی ناکەم، خودایە بە تەقینەوەیەک، پەلوپۆی بقرتێنە، وەک منی لێ بکە تا قبوڵم بکات.

بەسەر عەرشە بەرازیلێکەمەوە، رۆنیشتووم و لە ناو تەمومژی چڕی تۆز و خۆڵدا، بەدەم سیگار کێشانەوە، بیر لە کەمئەندام بوونی یار دەکەمەوە. چاوەڕێم کەمێکی تر بێ دەست و قاچ، بە باوەشی باوکییەوە دەرکەوێ و هاوار بکات. من لێرە لای پادشا دڵخوازەکەم جێبهێڵن، ئێوە بڕۆن، من ئیتر دەبمە شازادەی یاسر، پێکەوە درێژە بە ژیانمان دەدەین. عەمووش، سووک و ئاسان لە بەردەم مندا دایدەنێت و دەڵێ. خودا، پشتووپەناتان بێت و پێکەوە شادومان بژێن.

لەم خەیاڵ پڵاوییەدام، عەموو و منداڵەکانی لە پڕ لە ناو تەپوتۆزەکەوە دەردەکەون. شڵەژاو و بێ ئۆقرە دیارن، ترس و سامناکی تەقینەوەکەیان پێوە دیارە. دوو بچکۆلەکەیان هێندە گریا بوون، دوو جۆگەلەی فرمێسک کە بەسەر تویژاڵی خۆڵی

سـیمایاندا رژابـوو، نەقشـیان گرتبـوو. هێنـدە شـلە و برنجـی نێـو زبڵیـان خواردبـوو، دەموپلیـان سـوور دەچـــووەوە. ســـەلوا و حەمـــودی، دەم و لوتیـــان هەڵپیێچابوو، تەنها چاویان دیار بوو کە پڕ بوون لە تـــرس، لەشـــیان بە پەڵەی خـــوێنەوە بـــوو. خێـــرا تورەکەکانیـان هەڵـدایە سـەر عارەبـانەکە و کەوتـنە هەچە هەچەی کەرە سپی. هاوارم لێکردن و وتم:

"چـی بوو؟"حەمـوودی، بەدەم ڕۆیشـتنەوە، کـز و خەمبار وتی:"خێزانێک بۆمبی تیئێنتییان پێدا تەقییەوە. ســـێ کەس بە ســـەختی برینـــدار بـــوون، بە پەلە خسـتماننە دواوەی سـەیارەی خـۆڵە عەمەلەکە، خێـرا بردنـــــــــی بـــــــــۆ خەســـــــــتەخانە."

ئەوان ڕۆیشـتن، منـیش سـەرم شـۆڕ کـرد و لە دڵـی خۆمدا وتم:

"ئەم سـەلوایە، هەرگیـز هیچـی لـێ نـایەت...هەرگیز."

بەڵام هەر زوو لەم داڵــغە و خەیـاڵە پـووچ و نـا مرۆڤانەی خۆم پەشیمان دەبوومەوە. لە دڵەوە دەیان تفم لە خۆم و ئەو هەستانەم دەکرد و نزام دەکرد بە پێچەوانەوە، هەرگیز سەلوا هیچی لێ نەیەت، هەرگیز. بەو حـــاڵەوە چـــوومە تێفکـــرینەوە، لە خـــۆم و لە چارەنووســـی ڕەش، لە نەگبەتـــی و بـــێ کەســـیم. لە گوناهی مەخلووقی ئێرە، لە کەرێتی حەمودی، کە بەو گەنجیی و جوانییەیەوە، بەو هێز و پەلوپۆیە پتەوەوە،

سەری خۆی هەڵناگرێت و ئێرە بەجێ ناهێڵێت. ئەو هەمیشە دەڵێت:

"ئێرە بۆ من نیشتیمانە، دایک و باوکە، بۆنوبەرامەی ئەم سەرەنوێلکەم لێ ببڕێت دەمرم. ئێرە، بە هەموو دنیا ناگۆڕمەوە."

لە ناکاو دەنگی مەلا جەبار، بە ئاستەم گەیشتە گوێم کە دەیگووت، حەیا علی الفلاح. ئەم مەلایە کە لە نەوەدەکاندا، بە تۆمەتی دزی، دەسەڵات قاچێک و دەستێکی دەبڕێت. ئیدی لەو کاتەوە، روو دەکاتە ئاین و پاشان لە ترسی تیرۆر و تۆقاندنی پاش رووخانی بەعس، دێتە ئێرە و پێنج فەرزە دەچێتە سەر تەپۆڵکەیەکی زبڵ و بانگ دەدات.

لە پڕ، لە ناو تەپوتۆزەکەوە، تارمایی مەلائیکە دەرکەوت. لارە لارە هات، لە تەنیشتمەوە دانیشت و وتی: "سلاو"

سیگارێکی پێکرد و لە پەنجە ئەلقەکەمی گیر کرد، پاشان بۆ خۆیشی دانەیەکی تری پێکرد. بەدەم هەڵمژینی تۆز و دووکەڵەوە، بە تۆنێکی گلەیی ئامێزەوە وتی:"ئەوە شەو بۆ وات کرد؟"

وتم "بۆ چیم کرد؟"

" جا چیت نەکرد! هەزار جار حیز و گەواد و بێ شەرەفت کردین، خۆ جنێو نەما پێمانی نەڵێیت!"

بە شەرمەوە وتم:

"خەتای ئێوە بوو، ئێوەش بە بووختان و قسە ڕەقەکانتان منتان عەزیەتدا. منیش زۆرم خواردبووەوە، خۆمم بۆ کۆنترۆڵ نەکرا..."
پاش بێدەنگییەکی زۆر، مەلائیکە وتی:
"بە سەیابیان دەوت شاعیری باران، گەر وازم لە شیعر نەهێنایە، ئێستا ببووم بە شاعیری تەپوتۆز، خۆ باران لەم مەمەلەکەتەدا نەماوە!"
پاشان لە گیرفانی پانتۆڵەکەی، چارەکێ عارەقی دەرهێنا و وتی:
"ها بگرە ئەمەم بۆ تۆ هێناوە. هەر ویستم بتبینم و لە حاڵت بپرسمەوە. وەک دەبینم تۆ هێندە روو قایمی ڕەنگە تا قامی قیامەت، بۆ ئەم سەگە سەگەی ژیان بمێنیت."
بەدەم هەستانەوە، دیسانەوە وتی:"بچۆرە ژوورەوە و دەرگای ماڵەکەت قایم بکە، ڕەنگە ئەم خۆڵ بارینە چەند ڕۆژێک بخایەنێت."
پێم وت:"ئەم عارەقە بەرەوە، هێشتا ئەوەی شەوێ بەری نەداوم، هیچ مەزەیەکیشم نییە پێوەی بخۆم."
بەدەم ڕۆیشتنەوە و بە تۆنێکی گاڵتەجاڕانەوە وتی:
"پێویست بە مەزە ناکات، لەگەڵ هەر پێکێکدا دەمت بکەرەوە بۆ ئەم خۆڵە، پڕە لە تامی خوێن و ئێسکی قوربانییەکان."

بە ددانـم ئـاغزە جـگەرەکەم، لە ئەلـقەکە راکێشـا و بە تەوژمی هەناسەیەکی توند دوور فڕێمدا. لە ژێر باری بەزەیی خۆمـدا، هیـوام خواسـت زوو بمـرم و رزگـارم بێت لەم سەرەنوێلکە پڕ میکرۆبە، لەم هەموو پۆخڵییە. کە نەتـوانم چـاوم هەڵکڵـۆفم، پشـتم بخـورێنم، لەپێکـی تەڕ بهێنم بە تەوێڵمدا، تاوێک یاری بە ریـش و سـمێڵم بکەم، یان پەنجە بتەقێنم، ئیتر ژیـان چ مانـایەکی هەیە. هێندەی هەموو دنیا، بیری نینۆک کردن دەکەم.

## س سەلوا وفرمێسک

کەوتبوومە گومانی قووڵەوە، لە ناخەوە هەپروون بە هەپروون دەبووم. بە خۆمم دەوت، بڕیار بدە کەڵتە کۆنی ئیفلیج، ئەحمەقی هیچ لەبار نەبوو. خۆ هەموو ژیانت بەم ترس و ڕاڕاییەوە نابەیتە سەر، خۆ هەموو ژیانی، سەلوا، چاوەڕێی تۆ ناکات؟ بە دڵنیاییەوە گەر فریا نەکەوم، شۆفێرە پیرەکەش نەبێ، کەسێکی تر هەر پەیدا دەبێت، لێمی بدزێت.

ڕۆژ دوای ڕۆژ دەردەدار تر دەبووم، بە ڕۆژی ڕووناک و شەوی تاریک، هەر دەگریام و خەم و خەفەتم دەخوارد. کەمتر لە کونەکەم دەچوومە

دەرەوە، فێـرە ورک و گۆشــەگیریی ببـووم، بەردەوام هەستم بە سەرما و ئازاری گورچیلە دەکرد. هەستم بە ترس و فەنابوون دەکرد.

لەو شــەوەوە، گومـانی پەیوەنـدی نێـوان ســەلوا و شۆفێری زبڵەکە، بۆ یەک چرکەش لە هزر و خەیاڵم دەرنـاچێ. ســەری دنیـام لێهـاتووەتە یەک و لە هـیچ حاڵی نابم. لە لایەکەوە رۆژانە و بە تایبەتی نیوەڕوان، هەتـا خـوا حەز کـات، ســەلوا، لەگەڵـم بە سـۆز و بە بەزەییە. لە لایەکی تریشەوە، گومانی ئەوەی کەوتبێتە داوی پیـرە شـۆفێرەوە، ئـارامی لـێ بڕیـوم. بڕیارمـدا خۆم بکەومە چاودێری کردنی، تا راستی و دروستی ئەو بوختــان و قســەو قســەلۆکانەی نــاحەزانم بــۆ دەرکەوێت.

بەیـانییەک، بە ســکە خشـکێ و هــانکە هانـک، بە دەریـای زبڵـدا تێـپەڕیم. بەســەر گـردی هەڵـدراوەی پیســـیدا ســـەرکەوتم. لە لــووتکەی بەرزەوە دوور و نزیک روانیم و چاوم گێڕا. تـاک چـاوەکەم، بێ ئۆقرە بە دوای یــاردا دەگەڕا و بــای وشـــکە ســـەرماش هەڵیدەلەرزاندم. ئەمە چ دنیـایەکە خودایە، ئەم هەمـوو مەخلووقە دەبینی چۆن پڕژاونەتە نێو زبڵ و پیسـیی، ئەمەی تاقە چاوە کزەکەم دەیبینێ، تۆش دەیبینی؟ ئەو مندالانە دەبینی؟! هەستی بۆن و جوانیت ماوە؟

ئەو رۆژە تا نیوەڕۆ، بە تایبەت چاوم خستە سەر ئۆتۆمبیلی زبڵەکان، ئەوانەی دوور و ئەوانەی نزیکم هەموو چاودێری کرد. بەڵام یارم پێش چاو نەکەوت و نەکەوت. کەمێک دڵخۆش و ماندوو گەڕامەوە، بەسەر عەرشەکەمەوە و لە ژێر چاویلکەکەوە تێر و پڕ تەماشای سەلوای خۆشەویستمم کرد. لە دڵی خۆمدا هەزار جنێوم بۆ هاوڕێکانم نارد. بێ شەرەفی درۆزنانە، چۆن دڵتان دێت تۆمەت بۆ ئەم فریشتە پاک و بێ گەردە هەڵبەستن. چەند بێ شعور و بێ کەرامەتن، کە پاکیزەیی و رەوشتی بەرزی ئەم پەپوولە ئێسک سووکە، دەڕووشێنن. دەک بەر سزا و نەفرەتی خودا بکەون.

بەڵام شەوی درێژ، بەدەم گوێگرتن لە گۆرانیی و جگەرە کێشانەوە، دیسانەوە گومان هەڵدەچوو و هەراسانی دەکردم. پیاوێکی وەک پیرە ئەندازیار، بە هۆی حەقبێژی و راست گۆییەوە، کەوتۆتە ئەم سەرەنوێلکەوە. پیاوێک ئامادە نەبووبێ ئیمزای درۆ و دزی بکات، بۆ دەبێ درۆ لەگەڵ مندا بکات؟ شاعیرێک، هەمیشە دژی ستەم و دەسەڵات بووبێ، هەمیشە وەک برا و ئەزیزی خۆی مامەڵەی لەگەڵ کردبم، بۆ دەبێ و لەبەر چی درۆم لەگەڵ بکات؟ نا هەر دەبێ شتێک هەبێت، بڕیارمدا تا گەیشتنە حەقیقەت کۆڵ نەدەم.

چووومە دەرەوە بۆ میز کردن، زۆربەی شەوان تارمایی مرۆڤی زۆر دەبینم. یار و نەیار کە ویڵ و سەرگەردان، بە سەرەنوێلکەکەدا دێن و دەچن. عەموو رەزوان دەڵێت، ئەوانە رۆحی ئەو قوربانیانەن کە گۆڕیان نییە و بە دوای جەستەکانیاندا دەگەڕێن. قسەکەشی لە راست دەچێت، چونکە دوێنێ شەو لە دوور تارمایی باوکمم بینی. لە دزداشەیەکی سپیدا کە سەر سنگی پڕ لە مەدالیای ئازایەتی بوو، بە ناو سەگوردانەکەدا دەگەڕا و بەردەوام لەبەر خۆیەوە دەیوت، **س** سەرۆک یەکسانە بە **س** سەرکەوتن، **س** سەرکەوتن یەکسانە بە **س** سەرۆک... منیش لەگەڵ خورەی میزەکەمدا، هاوارم لێ کرد. بیردۆزەکەت هەڵە بوو، **س** سەرۆک، یەکسان بوو بە **س** سەرەنوێلک. سینی سەرۆک، بوو بە شینی شەیتان، سین بوو بە شین، شینی شەڕ و شەوەزەنگ و شەرم و شوورەیی و ئاشوب. بەرزتر و پڕ بە نیوەشەوە کشوماتە تاریکەکە، هاوارم لێ کرد، نەفرەتت لێ بێت فیراس نەفرەت، نەفرەت لەو مەدالیا ئازایەتیانەی سەر سنگت، کە ئێمەت لە پێناویدا فەوتاند، نەفرەت لە سەرۆکەکەت، کە هەموو وڵاتی کردە سەرەنوێلک.

رۆژی دواتر، دیسانەوە چووومەوە قووڵایی سەرەنوێلکەکە، دوور دوور رۆیشتم، تا نزیکی شوێنی هەڵڕشتنی زبڵە تەڕ و تازەکان. لە

بەرزاییەکـدا، لە نێـو خەرمـانی عەلاگەی پـڕ دایبـی و گەنووگوودا، خۆم مت کرد و چاوم گێڕا.

پاش دوو کاتژمێر لە چاوەڕوانی و چاو گێڕان، لە دوورەوە ئۆتـۆمبێلی زبـڵەکەم بینـی، بەهێواشـی و زیکزاک بە ڕێگا پێچاوپێچەکەدا بەرەو لای من دەهات. تـا نزیکتـر دەبـووەوە، دڵـم بەرزتـر لێیـدەدا، هەسـتم دەکرد شتێکی خراپ ڕوودەدات. زیاتر خۆم مات کرد، هـات و لە دامێنی ئەو گردەی منی بەسـەرەوە بووم، وەستا. کەمێک سەرم خوارکردەوە تا ناو ئۆتۆمبیلەکە و شۆفێرەکەی ببینم. ڕاچڵەکیم و تەزوویەکی کارەبا ئاسا، هەموو جەستەی لەرزاندم.

خـودایە، ئەوە چییە دەیبینم؟ سـەلوای پاکیزە، بە سـنگی ڕووتەوە خـۆی هاویشـتۆتە باوەشـی پیـرە شـۆفێرەوە، یەک ڕائەمووسـن، خەریـکە یەک قـووت ئەدەن.

خـۆزگە ئەم چاوەشـم نەدەبـوو، تـا ئەم دیـمەنە قێزەونە ببینم. چاوم کوێر بوایە و ئەو دەستە پیسە گـرنج گرنجـانەم نەبینیـایە لە سـنگ و بەرۆکـی خۆشەویسـتەکەمدا. لە هەمـوو مـاوەی دەسـتبازی ئەواندا، من مەست بووم، بە پرچە ڕەشـە درێژەکەی یـار کە وەک کێڵگەی گەنمی ڕەشـگوڵ شـەپۆلی دەدا. ئەمە یەکەم جـارمە دەیبیـنم. ئـاخخخخخ سـەلوای خائین و داوێن پیس، ئاخخخ چۆن دڵت دێت ئەو دەم

و لێوانەت کە هی منن، بخەیتە ئەو دەموفلّقە پیرە بۆگەنەوە. ئێستا هەموو شتێکم بۆ روون و ئاشکرایە، ئێستا بۆم دەرکەوت. بۆچی ماوەیەکە بە تەنها و لە رێگایەکی جیاواز لە رێگای برا و خوشکەکانت دەگەڕایتەوە لای کەپرەکە. ئێستا روونە، بۆ دەستت بە خۆتا دەهێنا و کەیفساز و هەمیشە تەڕ و دڵخۆش بوویت! من چ گەمژە و کەر بووم، چ پیاوێکی خەڵەفاو، پڕ وەهم بووم کە پێم وابوو هەموو خۆشحاڵیی و نیگای گەرم و خەندەی لێوت، بۆ من و عەشقی منە.

بەسەر سەرمەوە تیشکی خۆر بە ستوونی، خۆم و عەلاگە پڕ پیسییەکانی گەرم دەکرد. بە هەموو جەستەمدا ئارەقەی شەرم و خەجاڵەتی دەچۆڕا. سەلوا و پیرەی بەکەیفیش، لە ناو فەزای فێنکی ئۆتۆمبیلەکەدا، یەکیان دەلستەوە. کەواتە راستیان وت هاوڕێکانم، هەموو ئەوەی سەبارەت بەم بێ حەیایە وتیان، ئەوەتا بە تاکە چاوەکەم دەیبینم. ئەوەتا هەر ئەڵێی تەماشای فیلمێکی پۆڕن دەکەم. دەکوڵێم و هەر دەڵێی لە ناو ساونادام، بە ئاستەم هەناسەم بۆ دەدرێت. هالاوی چڕ و گەرم و بۆگەن، وڕ و کاسیان کردووم. خەم و توڕەییش، لە ناخەوە مەوج دەدات، خواخوامە تا نەتوواومەتەوە، زوو لە یەک تێر بن و ملیان بشکێنن، خەریکە دەپڕوکێم. بە فەردەیەکی

پڕەوە خۆی هاویشتە خوارەوە، ئۆتۆمبیلەکەش پێچی کردەوە و بە هەمان ڕێگای پێشوودا گەڕایەوە.

یەک یەک دووگمەکانی سینەی دادەخست، پرچە پەرشوبڵاوەکەی کۆکردەوە و لەچکەکەی توند لە گەردنی شەتەکدا. هەندێ خۆی ڕێکخست و لەوەدا بوو گونییەکە بدا بە کۆڵدا. ویستم کەمێک سەرم بەرز بکەمەوە و لەگەڵ جووڵەدا، بە سەردا خزام، لەگەڵمدا چەندین تۆپەڵە عەلاگەی پیسیش، وەک بەفری چیا هەرەسی هێنا، تەپاوتل خلۆربووینە خوارەوە بۆ بەردەم سەلوا، کەوتمە ژێر زبڵەوە. هەستم کرد هاتە سەر سەرم، گوێم لە ڕۆچوونی قولاپەکەیەتی کە بە ورگی عەلاگە ڕەشە پڕەکاندا ڕۆدەچێ و بەلایاندا دەخات.

هەر کە چاوی بە من کەوت، ڕاچڵەکی و پاشەوپاش کشایەوە، ڕەنگی سپی هەڵگەڕا، منیش زەق زەق لە نێو عەلاگەکانەوە تەماشام دەکرد. کەمێک لێم هاتە پێشەوە، بە خەشم و قینەوە وتی:"لەو سەرەوە چیت دەکرد؟ چاودێریت دەکردین؟"

بە پاڕانەوەی پڕ گریانەوە، پێم وت:

" لەگەڵ ئەوەشدا من هەر عاشقی تۆم، دەمەوێ هاوسەرگیریت لەگەڵ بکەم، عاشقتم گیانەکەم... بە من ڕازیبە، واز لەو پیاوە پیرە بێنە... هەموو ڕۆح و دڵم تۆی سەلوا گیان..."

زیاتر لێم هاتە پێشەوە، خۆی بەسەرمدا نوشتانەوە و نووکی قولاپەکەی خستە سەر ملە باریکەکەم، ددانی لە جیرە برد. بە تۆنێکی قورس و تورەتر وتی:

"بۆ تۆش مرۆڤی، هەی سەگی لە سەگ بوو؟ هەی نمەک بەحەرام، لە پاداشتی ئەو هەموو چاکەیەی باوکم و خێزانەکەم، جاسوسیم بەسەرەوە دەکەیت و چاوت بڕیوەتە ناموسم؟ شوو بە کوێت بکەم، هەی تۆپەڵە گۆشتی رزیو و بۆگەن!"

تێکشکاو و سووک و ریسوا، لە بەردەمیدا دەگریام و دەپاڕامەوە:

"عاشقتم، تاقە ئومێد و تروسکایی ژیانم تۆیت."

" لەبەر ترسی خودا نەبوایە، ئێستا بەم قولاپە جەرگ و دڵتم هەڵدەدڕی، هەی بێ شەرف."

نوکی قولاپە تیژەکەی نزیک کردەوە لە چاوم و بە هەڕەشەوە وتی:

"یەک وشە ببیستمەوە لەوەی کە بینیوتە، بەم قولابە ئەم چاوە حیزەت هەڵدەکۆڵم."

پشتی تێکردم و جێیهێشتم. وەک هەمیشە گەڕامەوە بۆ پیشە هەمیشەییەکەی خۆم، زوورە زوور بە گریان کەوتم و پڕ بە سەرەنوێلکەکە هاوارم کرد:

"خێروبێرت بەخشییە بێگانەیەکی دوورە ماڵ و منی دراوسێ ماڵیشت بێبەش کرد. نەفرەتت لێبێت."

بـۆ سـبەی ڕۆژ، نیـوەڕۆ، بـرا گەورەکەی لە پـڕ شالاوی هێنایە سەرم، بە شەق تێم بەربوو. تا عەموو ڕەزوان فریا کەوت، ئەو دوو ددانەی مـابووم، کەوتنە سـەر زەوییـەکە، دەمـوپلم پـڕ بـوو لە تـامی سـوێری خوێن. حەمودی پڕ بە سەرەنوێلکەکە، هاواری دەکرد:

"پیـاوێکی بـێ شـەرەفە، سـەرباری ئەو هەمـوو چاکەیەمـان، چاوی بڕیوەتە حەیا و نامووسمان، واز بێنە باوکە، با وەک سەگ بیتۆپێنم."

گومـانم لەوەدا نەبـوو کە سـەلوا، بـۆ ئەم کـارەی هانی دابوو، تـا لە کۆڵ خـۆیم بکاتەوە و دەرم بکەن، هەرواش بوو.

ڕۆژی دواتـر، عەمـوو ڕەزوان هـاتە دیـار کـونە مـاڵەکەم، بـێ ئەوەی یەک ببینـین. دەنگـی هـێمن و ئـارامی وەک تیـغ گـوێمی دڕی:"کـوڕم، بەم ئـاخری عـومرە تووشـی کێشـەم مەکە، وا چـوار سـاڵ زیـاترە وەک جەرگـی خـۆم خـزمەتم کـردووی. بـا منداڵەکانم شـتێکت بەسـەر نەهێنن و خوێنت نەکەوێتە گەردنم. سەرەنوێلکەکە هەتا خودا حەز بکات گەورە و فراوانە، بچۆ بۆ خـۆت لە جێگایەکی تـر، مشـوری خـۆت بخـۆ، گەردنمان ئازاد بکە و با سبەی لێرە نەتبینم."

دیسـانەوە شـین، تـا ئێـوارە درەنـگ گریـام. کاتێـک ئەوان ڕۆیشـــتن، هـــاتمە دەرەوە. هەورێکـــی ڕەش، ئاسـمانی داپۆشـیبوو، نـمە بارانێـک وەک فرمێسـکی

چاوم، لەسەر خۆ دەباری. لە بەردەم کونەکەمدا، چاوم کەوتە سەر بوکەڵەیەکی یەک چاوی بێ دەست و قاچ، وەک خۆم کۆڵەوار، تەنها ئەوە نەبێ قژێکی زەرد و بژ، سەری داپۆشی بوو. دەنکە چکلێتێکی بەرگ شین، لەسەر سینگی دانرابوو. بۆ دوا جار جامە ئاوێکم کردە ژێر نەمامە قەیسییەکە، ئەوی لە بەر کونە ماڵەکەم شین ببوو.

پشتم کردە هەموو شتێک و دوور رۆیشتم. بۆ نێو شیو و شاخ و گردی کۆنە زبڵی بە بەرد بوو، بۆ ئەو شوێنەی کە ئیتر بۆ کەس گرنگ نەبوو. چۆڵ و سامناک، سەرەنوێلکێکی کۆنە ساڵی بە کەڵەکەبووی چوون شاخی بەردین، ئاوەدانی زبڵیشم پێ رەوا نەبینرا. جەنگ و عەشق، سووک و بێ کەرامەتیان کردم.

لێرە کەوتمە هاوشانی مشک و مار و دووپشک، هاوڕێی چەقەڵ و سەگ، کە تێکرا شەوان پێکەوە دەناڵێنین. شەوان دەچمە لووتکەی شاخە زبڵێک و وەک سەگ لمۆز دەکەمە ئاسمان، بەرز و درێژ دەلووریێنم و شین دەگێڕم. بە رۆژیش، لەگەڵ مێرووەکاندا، سەرەتاتکێمە بە دوای خۆراکدا، خۆزگە منیش هەزار پێیەک دەبووم.

وا دیسانەوە شەوە، بارانی ئاوێتە بە قوڕ لە ئاسمانی هەوری چڵکن و چەور بە پیسی بە لێزمە

دەبارێت. سەدای دڵۆپە قوڕاو سامناک و فرە ئیقاعە، تاریکی وەک قیر رەشە، بە نێو چڵپاودا خۆم پەلکێش دەکەم بۆ سەر یاڵی بەرزی خۆڵوخاشاکە کۆنە ساڵە بە بەرد بووەکە، کە هەر دەڵێی کۆنە زامێکە و دەمی داپچڕیوە. نووکی تیژی پارچە شووشە و تیغی ئاسنی ژەنگاوی و شتی تر، جەستە پڕ برینەکەم کە بووەتە لانەی گەرای مێش و کرم، شەقار شەقار دەکات، خوێنی رەشم ئاوێتەی قوڕاوەکە دەبێت. ریشم درێژ و پەرشوبڵاو، گرێ گرێی، لینجە لە چڵک و چڵمدا.

دەخشێم و هانکە هانک بەرەو بەرزی سەردەکەوم. جار جارە رووناکی هەورە برووسکەیەک بەر تاقە چاوەکەم بۆ ساتێک رووناک دەکاتەوە. دەخشێم و بە دوای خۆمدا و بە زنجیرێک، ئەو بووکەڵە بێ دەست و بێ قاچەی مۆرانە شیتاڵ و کنەی کردووە. ئەوەی سەلوا و پیرە پیاوە نابووتەکەی، بۆ پێڕابواردن و وەک مەخسەرە، لە بەردەم کونەکەمدا دایان نابوو، بە دوای خۆمدا کێش دەکەم. نوکی قولاپی زنجیرەکەم لە جێ چاڵی چاوەکەی گیر کردووە و لای خۆیشمەوە، توووند بە دەمە بێ ددانەکەم قەپاڵم بە زنجیرەکەدا گرتووە، خشەخش بە دوای خۆمدا، قورس و بە ئازار هەڵیدەکێشم.

لە سەرما هەڵدەلەرزم و قوڕاوی چەور بە هەموو جەستەمدا دادەچۆڕێت.

دەنگی دڵۆپە باران کە بەر شت دەکەوێت، لە دەنگی مارشی جەنگ دەچێت. هەر تەن و هەر میتاڵێک، ئیقاعێکی جیا و سەیر دەردەکات، دەڵێی هەزاران دەست، تەپڵی کۆتایی جیهان لێدەدەن. لە ئاسمانە پیسەکە، توند تر فرمێسک دەڕێژم، هەر دوو دڵۆپی باران و فرمێسک، ئاوێتە بە چڵم، بە سمێڵ و ریشی سپیمدا رۆدەچن. زنجیرە ژەنگنەکەی ناو دەمم، رێگرە لەوەی دەمی پڕ گریانم داچەقێنم و بە ناچاری لە قوڕگەوە وەک سەگە گەڕەکان دەقروسکێنم و دەنرکێنم. وەسوەسەی ناخ و هزرم ئاڵۆزە و بیرم لای سپڵەیی و بەدفەڕی سەلوایە، ئەو کچەی بڕیارم دابوو گەر شووم پێ بکات. وەک مشک، نا وەک کرم، بە هەموو ژێر سەرەنوێلکەکەدا بگەڕێم، هەرچی ئاڵتوون و گەوهەری نێوی هەیە بدۆزمەوە و لە رۆژی مارەبڕیندا، بە بەرچاوی هەموو دۆست و دوژمنانەوە بیکەمە دەست و گەردنییەوە. پەیمان و بەڵێنم بە خۆم دابوو، وەک هاوسەرێکی بە ئەمەک و بە وەفا، بەم دەستە ئاسنینەم، بە ئیسفەنج و لفکەی نەرمی ئاوریشمین، بە ئاوی گوڵاوی بۆندار بیشۆم، بە کۆڵۆنیای گران بەها و رۆنی زەنجەفیل بیشێلم، بە فلچەی لە پەڕی تاووس

باوەشـێنی بـکەم. دەگەمە لـووتکە و بە قەپـاڵی یەک دوای یەک لە زنجیـری نێـو دەمـم، سـەری پڕ قـژی زەرد و پەرشووبڵاوی بووکەڵە یەک چاوە خۆم ئاسا بێ پەلووپـۆکە، دەهێنمە تەنیشـت سـەرە کەچەڵەکەی خـۆمەوە. بە گریـانی بەکـوڵ، قـورت قـورت و بەرز دەڵێم:

"سـڵاو بووکەخـان، سـڵاو چەشـنی مـن چـارەڕەش و تـورڕدراو. بـڕوانە لەو پادشـا و لیبـوکەی ئەو فـیلمە دەچـین کە هەمـوو دنیـا پشـتی تێکـردن. ئەوەی رۆژگاری زوو لەگەڵ خاڵمدا بینیم. منیش وەک شالیر، بەسـەر ئەم چیـا پاشـەڕۆیەی مرۆڤـی پـیس و شەڕەنگێزەوە، پڕ بە گەرووم هاوار دەکەم:

دەی هەوری چـڕ، بە گـرمە و برووسـکەکانت، گشـت ئەو تۆوانەی مرۆڤی نمەک حەرام دێنن بۆ ئەم دنیایە، رابمـاڵن و بیـانفەوتێنن. دەی مـووی سـپیم بسـووتێنە، رەچەڵەکی ژن و پیاوە سپڵەکان بسڕەوە لە ژیاندا."

خۆم خستە سەر پشت و بووکە خانم خستە سەر سـنگم، قـووڵ تـاقە چـاوەکەم بـڕییە نێـو تـاقە چـاوە فسـفۆڕییەکەی، ئەوی لە تـاریکییەکەدا وەک چـاوی پشـیلە، گەش و بە بریسـکە بـوو. بووکەخان، من ناوم یاسرە، بە سکێک لەگەڵ ئاشتیدا لە دایک بووم. بەڵام ئەو تەنانەت هەناسەیەکیشی نەدا و مـرد. بڕوانە جەنگە یەک لە دوای یەکەکـان چییـان

لێکردووم، بڕوانە عەشقیش هەر وەک جەنگ وابوو بۆ من، هەردووکیان ئاسان هاتن و گران کۆتاییان هات. جەنگ جەستەی بردم وعەشقیش رۆحم. بەو حاڵەوە تەزووی حەز و چلێسیی تیامدا خرۆشا.

بزەیەک کەوتە سەر لێوە شەقار شەقارەکەم، لە دڵی خۆمدا وتم، مرۆڤ چ بوونەوەرێکی سەرسەخت و گوناه و بێ حەیایە.

خەیاڵ گەڕاندمییەوە بۆ رۆژانی زوو، بۆ زیندانی ئەبووغرێب، بۆ دیمەنی ئەو پیاوە رەقەڵەی کە لە سووچێکدا تاک و تەنها، کز و غەمبار تەسبیحاتی دەکرد. پچڕ پچڕ دەگریا و بە نیوە زمان و لاڵەپەتێ، لە ژێر لێوەوە وێردی دەخوێند. دیمەنی هێندە غەمگین و کاریگەر بوو، هەستی بەزەیی لە دڵ و ویژداندا دەورووژان. بە دڵنیاییەوە ئێستا بووەتە ئێسکوپرووسک، خاڵم وتی:

"فەرمانی لەسێدارەدانی گەیشتووە، هەر چەند رۆژێکی لەم دنیایەدا ماوە."

بە سەرسوڕمانەوە بە خاڵمم وت:

"جا ئەو داماوە ببێ بە ئاگریش چی دەسووتێنێ، ناشێ ئەویش بە تۆمەتی کوودەتا زیندانی بێت؟"

خاڵم بزەیەکی کرد و وتی:

"نا ئەمە پاسەوانی مردووخانە بووە، هەموو شەو درەنگانێک، تەرمی رەق و بەستووی کچ و ژنانی لە

سەلاجەکاندا دەرهێناوە. لەبەر هیتەردا گەرم و شلی کردوونەتەوە و سێکسی لەگەڵ کردوون. "

خۆزگە دەستێکی نەرمم هەبوایە و بە خەیاڵی ئەم بووکە جوانەوە، دەسپەڕێکم بکردایە.

بۆ پێم رازی نەبووی؟ بۆ لە خێروبێری خۆت بێ بەشت کردم؟! هەر هیچ نەبوایە بتکردمایە بە منداڵی خۆت، خۆ تەمەنی من تەنها ئەو چوار ساڵ و چەند مانگەیە کە تۆم تیا ناسی. دەبوو وەک ساوای خۆت لە باوەشت کردمایە سەلوا، هەر بە خاتری ئیفلیجییەکەم، کەمێک رەحمت بۆم هەبوایە، کەمێک سۆز و بەزەیی.

خودایە، بۆ هێشتت شۆفێری ئۆتۆمبیلی خۆڵەکە دڵی بدزێ. خۆ تەنانەت قاچیشم نەبوو تا مێروولەکانت بپلیشێنمەوە، تەنانەت دەستیشم نەبووە چەمۆڵەی عەبدێکت بدەم! ئەی لە پای چ تاوان و گوناهێکدا واسووک و ریسوای ئەم زبڵدانەت کردم؟ ئاخر بۆ خودایە؟ خۆ بینیت بەم دواییانە کە دەستی بە خۆیدا دەهێنا و جلی جوان و مکیاژی دەکرد. چەند بەختەوەر بووم، چەند ئەم دڵە کزەم ستایش و کڕنوشی بۆ دەبردی؟ چ غافڵگیر و کەر بووم کە پێموابوو هەموو ئەوە بۆ من دەکات. چۆن دڵت هات خودایە، بیەڵی دڵی ئەو شۆفێرە بیدزێ و لە دڵی منی

بکات؟ هەر لەبەر ئەوەی قووڵ خۆشمویست، وا قووڵ و بە ئازار سزات دام؟

ناتوانم بڕوات پێ بکەم، ئیتر خۆشم ناوێیت، بڕوات پێ ناکەم. با تا ئێرەت نەهێنامایە و وەک خودای فیلمە هیندییەکان، کە هەمیشە لە کۆتاییدا، عاشقەکانی پێکدەگەیاند و حەقی سەردەخست، تۆش منت سەرفراز بکردایە.

چی دەبوو، گەر لە نێوان ئەو هەموو "سین "ە دۆزەخییە، **س** سەلوات بۆ بکردمایەتە **س** سایە و سێبەر و سۆز و سەبووری. هەردووکمانت بکردایەتە رەگی دووجای هاوکێشەیەک، چیرۆکێکت لێ دروستکردینایە کە کۆتاییەکەی **س** سەلوا یەکسان بووایە بە **س** سەرکەوتن، نەک **س** سیاچارە.

یان هەر نەبوایە بۆ لای خۆتت ببردمایەتەوە، یا هەر هیچ نەبا، هێندەت ئازایەتی پێ ببەخشیمایە و رێگات بدایە من بگەڕێمەوە بۆ لای تۆ. ئەزانی لە کەیەوە، من تەمەننای مردن دەکەم و تۆ پێم نابەخشی؟ بریا منیشت وەک برا جمکەکەم، بە مردوویی دەهێنایە ئەم دنیایەوە.

واهەست ناکەم تۆ خودای من بیت؟ دڵنیام عەشقم بۆ تۆش، بە هەمان دەردی عەشقم بۆ سەلوا، دەچێت و دیسانەوە بێ موراد دەبم. ئیتر هەموو دڵ و رۆحم دەدەم بەم بووکەڵە پلاستیکییە، خۆم ئاوێتەی دەکەم.

من لەوە دەرچووم کە مرۆڤ بم. شتێکی تایبەتی و عەنتیکەم، پێویستیم بە هیچ نییە، نە یار و نە خودا و نە هاوڕێ. جگە لەم بووکەڵەیە، کە هەر هیچ نەبێت چەشنی خۆم کەنەفت و داماوە، وەکوو خۆم تێکشکاوی دەستی مرۆڤە، وەکو خۆم بێ کەس و بێ دەنگ و نیشتەجێی ئەم زبڵخانەیەیە. خۆ لە گەورەییت کەم نەدەبووەوە گەر تۆزێک رەحمت بەم دڵەی من بکردایە؟ گەر هەموو گەردوون خودای هەبێت، من نیمە، ئیتر دڵی منیش پلاستیکە، بێ خوێن و بێ هەستە، وەک پلاستیک پیس و خراپەکارە، رۆحم ئاوێتەی زبڵ و ئاسنی ژەنگ گرتووە. وەک دەبە و شووشەی بەتاڵ، رۆحم بەتاڵە، بەشێکە لە زبڵدان.

ئاخ، عەموو رەزوانی چاوچنۆک، لەگەڵ ئەوەی دڵم نایەت جنێوت پێ بدەم. بەڵام هەر بە خاتری بە دەستهێنانی زبڵی زیاتر و باشتر، کچەکەت فرۆشتە شۆفێری زبڵەکە، هەتا ماوم لێت خۆشنابم، نە لە خۆت و نە لە کچە خۆفرۆشەکەت. تا مردن ئەو رۆژەم لە یاد ناچێت سەلوا، کە پێم وتی. خۆشم ئەوێیت، عاشقتم، شووم پێ بکە، ببە بە هاوسەرم سەلوا گیان، بارتەقای هەموو دنیا دەتپەرستم. دەتکەمە شا بووکی ئەم سەرەنوێلکە و هەموو دنیا.

دەستە ئاسنینەکەم خستە سەر شانی بووکەڵە هاوشێوەکەم، بە گریە و فیغانەوە چیرۆکی ئەو

ڕۆژەم بۆ دەگێڕایەوە. ئەزانی چی پێ وتم؟ پێڵووە ڕەشە بە کلەکەی بەرزکردەوە و بزەیەکی سەیر کەوتە سەر لێوەکانی، دڵم داخورپا و بە خۆمم وت، ئۆخەی کە ڕازییە! کەچی لە پڕ لە قاقایەکی بەرز و شێوە گاڵتەجاڕیدا، زۆر بێ شەرمانە وتی. بۆ تۆش عەشق دەزانی؟ ناشێ خۆت بە بەشەر بزانی؟ تۆ جگە لە تووتکە سەگێکی نوقسانی بەر پێیەکانم کە شایەنی بەزەییت، هیچی تر نیت. چۆن زاتی ئەوە دەکەیت بە چاوی حەز و چڵێسییەوە لێم بڕوانی؟ چۆن ڕێگا بە خۆت دەدەیت خیانەت و ناپاکی لە خۆم و ئەو باوک و برایانەم بکەیت، کە چوار ساڵ زیاترە خزمەتت دەکەن؟ لاچۆ و وەلبە لە پێش چاوم تا بە باوکمم نەوتووە. سووک و چرووکی کردم، خەریک بوو بە قوولاپەکەی دەستی، وەک کیسەی پڕ پیسی هەڵمدڕێت.

ئای چەندم ناڵە و فیغان کرد. لە گێلێتی خۆمدا خۆم نقوم کرد. وەک نیمچە پیاوێک لە بۆگەناوی خۆمدا گینگڵمدا، پیاوێک کە هەرگیز ناتوانێت ببێتە خاوەنی ژنێک. چ گەمژە و خەڵەفاو بووم، کە پێم وابوو ئەم چەند مانگەی دوایی بۆ عەشقی من، لەبەر خۆیەوە نەرمە گۆرانی دەڵێ. بۆ من خۆی دەڕازێنێتەوە و بۆ من داوای دووعای خێر دەکات. کەچی هەمووی بۆ پیاوی شۆفێری خۆڵەعەمەلەکە

بــوو. ئەو پیــاوە پیــرە نــابووتەی ئەو نیــوەڕۆیە لە باوەشیدا دڵخۆش و بە کەیف بوو.

ئـای بووکەخـانی رەنـگ زەرد و تـاقە چاوشـین و گەش. کە نەتوانم بمرم و بگەڕێمەوە بۆ لای سەعیدی برا جمکەکەم، کە مەحکوم بم بەم ژیانە و نەشتوانم وەک ئەمیبیا دابەش ببم. ئەوە با پێکەوە ئاوێتە بین، دوور لە مــرۆڤ، وەک دەعبــایەکی بــێ وەی، وەک کرمی کەلاکی بۆگەن، وەک سەمەندەری، نەمریی نێو زبڵ، درێـژە بە ژیـان بـدەین. ئـاخ، خـۆزگە منـیش بە مردوویی دەهاتمە ئەم سیفۆنەوە، خۆزگە.

خۆزگە منیش، وەک تۆ بێ هەست و رۆح دەبووم. تۆ لە من بەختەوەر تری بووکەخان، هەر هـیچ نەبێ رۆحت نییە، تا ئازار بچێژیت.

بەســەر لــووتکەی زبـڵەوە کە هێنــدەی ئێڤرســت بەرزە، وەک سەگ دەحەپێنم، پڕ بە دنیا هاوار دەکەم:

" باخی ئێمە پڕ گوو بوو..."

لەژێر بارانی ئاوێتە بە قـوڕ، قـوڕی چەور، دەسـت لە ملی بـووکەڵەکەم، بە یەک چاوەوە قـووڵ دەڕوانـم بە تــاریکییەکەدا، گــوێم لە چەرخــی پیــر و رزیــوی زەوییە کە لەبەر ژەنگ و پیسیی، قورس دەخولێتەوە. سیمای نیشتیمانەکەم تەڵخ دەبینم.

بەم حاڵەشــەوە، هێشــتا هەر دەژیـم. بـا تەنهـا و ریسـوابم، بـا بێ پەلوپۆ و دەردەداربـم، بەڵام نـامرم،

دەژیم و پڕ بەم دنیایە هاوار دەکەم. هەموو سینەکانتان یەکسان بوو بە سەرشۆڕی و ستەم و سەفتەکردنی پارەیی دزی. لەم لووتکەیی چیا زبڵەوە، گەر هیچم پێ نەکرێ، خۆ دەتوانم تف لە خۆتان و مێژووتان بکەم. ئاخ فیراسەکان، ئێوە و سەرۆکەکانتا، چیتان لەم هەوارە نەکرد؟!

لەم بەرزاییەوە دەڕوانم، شارەکان لە بەردەم مووشەکی تانک و فرۆکەکاندا هاڕەیان دەکرد، دەبوونە زبڵ. نێرینەکان بە گرووپ سەر دەبڕدران و کیژ و ژنەکان دەکرانە کەنیزە. شەقامەکان پڕ بوون لە رەتڵی ماشێن و ئامێری سەربازیی و جەنگ. دەشتەکان پڕ پڕ بوون، لە خێمەی کەمپی ئاوارەی ماڵ وێران. جەنگ و مەرگ، وەک ئاگری بەر پووش، بە هەموو لایەکدا دەکشا و هەڵمەتی دەبرد.

هەرچی لاتوپووت و شەڕەنگێزی جیهان هەبوو، رژابوونە خاکی میزۆپۆتامیاوە. بەسەر دارتێل و درەختەکانەوە، بێ شوومار کوکوختی دەیانگمان."بیبیسوو... بیبیسوو... ئاو.... ئاو... ئاو..."

دایکم دەبینم، لە ژوورەکەیدا چرچەڵ دەبێت و وەک تۆپەڵە بەفرێک دەتوێتەوە، کز و بە ئاستەم نزا دەکات و لە ژێر لێوەوە دەڵێت:

"خودایە خالیدم بۆ بگێڕیتەوە، خودایە ئەمانەتی تۆ و یاسە... خودایە ئاوێ بکە بەم ئاگردا. ئاو... ئاو... ئاو... "

لە گۆڕەپانی مەشقی چەکدارە رەش پۆشەکانیشدا، ئەمیرێک دەبینم. توند و شەڕەنگێز، هاوار دەکات:

"التدریب... التدریب... ثم التدریب..."

بە دوایدا هەزاران گەروو، پێکەوە، بەرز و تووڕە، هاوار دەکەن:

"خوێن... خوێن... خوێن..."

لە هەموو لایەکەوە زبڵم دەبینی دەهات. لە سنورەکانەوە، لە دەریاوە، لە ئاسمانەوە، زبڵ دەهات. دەهات دەهات. زبڵ... زبڵ... زبڵ...